حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان/ سلێمانی

# بۆمب و ژەهر.. نەیبەزاندین

## کۆدیداری دەربازبوانی تراژیدیای کورد

دیمانەساز
عومەر محەمەد

هاوکاران
ئازاد حاجی
ژیلوان ئەحمەد سەید حەمەلاو
پێشڕەو محەمەد تۆفیق
ئاوات عەلی شەریف

سلێمانی
٢٠١٩

ناوی کتێب: بۆمب و ژەهر.. نەیبەزاندین
بابەت: کۆدیدار
دیمانەساز: عومەر محەمەد
پیتچنین: پێشڕەو محەمەد تۆفیق
هەڵەچنی: سامان حمە کەریم
نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم
شوێنی چاپ: سلێمانی
ساڵی چاپ: ٢٠١٩
دیزان: ئازاد حاجی
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانە: کارۆ

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (    )ی ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە.

## وتەیەک

بەڕێوبەرێتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان/ سلێمانی، بە شانازییەوە پێشوازی لەم هەوڵەگرنگ و بایەخدارەی دەستەیەک لە فەرمانبەرانی کارای بەڕێوەبەرێتیمان دەکات، بۆیە ئێمەش بەئەرکی خۆمان زانی هاوکاربین لە چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەم پەرتوکە، کەهەم خەم و مەینەتی رابوردوی میللەتەکەمان دەگێڕێتەوەو هەم نەبەزین و چۆکدانەدان، گرنگی کارەکتەرەکانی ناو ئەم کتێبە ئەوەیە هەر خەم و فرمێسکمان نیشان نادات بەڵکو ئەوەی خراوەتە ڕوو هەم دڵرەقی جەلادەو هەم نەبەزین و چۆکدانەدانی قوربانی.

بەهیواین ئەمە یەکەم هەنگاو و دوا هەنگاویان نەبێت و کاری گرنگتر و جوانتری بەدوادابێت و ئێمەش و ئەوانیش و کەسوکاری شەهیدان، ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسیش پێی دڵخۆش و روو سوربین.

بەڕێوەبەرێتی گشتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان/ سلێمانی

وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان

MINISTRY OF MARTYRS & ANFAL AFFAIRS

# پێشەکی

ئاستی تێگەیشتن و پێگەیشتنی کۆمەڵگە بەوەدا دیارە کە چەندە یادەوەری تیایدا باڵایە؟ هیچ میللەتێک بەجوانی ناچێتە مێژووەوە ئەگەر ڕێزی بۆیادەوەری خۆی نەبێت و ئیرادەی نوسینەوەی مێژووی نەبێت. بەڕێوەبەرێتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان/سلێمانی، بەئەرکی خۆی زانی ئەم کۆدیدارە چاپ و بڵاوبکاتەوە و چیرۆکەکانی دۆسێی جینۆساید و نوسراو و تۆماری ستەمکارییەکانی دەوڵەتی پێشوی عێراق و داعش دۆکیۆمێنت بکات، هەتا وەک ئاوێنە خۆمانی تێدا ببینینەوە و ئایندەیەکی باش و کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر و ژینگە دۆست بنیات بنێین.

هەموو دیدارو چاوپێکەوتنێکی شایەتحاڵەکان گرنگن، جا ئەوانە دەربازبووی کۆمەڵکوژیی کوردانی فەیلی، بارزانیەکان، کیمیاباران، ئەنفال، شەنگال بن یاخود قوربانیانی تری جەنگ وەک چیرۆکی ماڵی «ئایشێ لەکارێزە» بۆیە هەموو دۆکیۆمێنتێک دەربارەی جینۆساید لەلامان جێگەی بایەخ و بەدواداچون دەبێت.

ئەگەر نەبوونی یادوەری سەراسەری خاڵی لاوازی ئێمە بووبێ، ئەوا هەق نیە وابمێنینەوە، دەبێت ئازایانە لەخۆمان بپرسین بۆچی دۆسێی جینۆسایدی کورد فەرامۆشکراوو پەراوێزخراوەو دنیا لێی بێدەنگە، ئەمە تەواو مایەی تێڕامانە بەڵام بەشێکی ئەم بێدەنگیە کەمتەرخەمی خۆمانە لە نوسینەوەو بایەخنەدان بەکاری دۆکیومێنتاری.

لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابوردوودا کورد بەر پەلاماری جینۆساید دەکەوێت، کۆمەڵکوژی و وڵاتبەدەرکردنی کوردانی فەیلی و دەستبەسەرداگرتنی سامانی گوازراوەو نەگوازرەیان لە ساڵی (١٩٨٣) گرتن و کۆکردنەوەی نزیکەی ٨٠٠٠ هەشت هەزار پیاوی بارزانی لە کۆمەڵگاکانی قشتەپەو دیاناو هەریر و دواتر کۆمەڵکوژکردنیان، ساڵی ١٩٨٧ تاوانی گازبارانی بالیسان و شێخ وەسانان ئەنجامدراو کۆمەڵکوژی ساڵی دواتر لە ١٦ی ئازاری ١٩٨٨ تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە نزیکەی ٥٠٠٠ پێنج هەزار ئینسان بەگاز شەهیدبوون و ١٠ هەزاریش بریندداربوون و زۆریان هەتا ئێستاش بەدەم ئازارەکانیانەوە دەتلێنەوە، کەچی دنیا هەر تەماشاکاربوو، هەمان ساڵ لە ٢٢ی شوبات پەلامارەکانی ئەنفال دەستیان

پێکردو هەموو گوندەکانی کوردستانی وێرانکردو گوندنشینەکانیان گرت و بەسەدان هەزار ئینسان کوژران و بێ سەروشوێنکران، کەچی دنیا هەر بێدەنگ مایەوەو دەوڵەتە عەرەبیەکان و دەوڵەتە زلهێزەکان و بەناو دیموکراسییەکان دۆستایەتی بەعسیان نەپچراندو لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان چاویان لە ئاست گەورەترین تاوانەکانی سەدە (تاوانی دژی مرۆڤایەتی، تاوانی جەنگ،تاوانی کۆمەڵکوژی) نوقاند، بەپاساوی ئەوەی کێشەی نێوان دەوڵەتی عێراق و کورد کێشەیەکی ناوخۆییەو دەست ناخەنە نێوکێشەی وڵاتانەوە، لەکاتێکدا هەموو ئەو تاوانانە نێودەوڵەتی بوون و سنوری ناوخۆییان بەزاندبوو، تاوانی جێنۆساید کێشەیەکی نێودەوڵەتییە نەک ناوخۆیی!

لە سەدەی بیست و یەکەمیشدا لەکاتێکدا کوردەکان جێنۆساید کران کە گوایە دونیا سەردەمی دیکتاتۆرەکانی تێپەڕاندووەو چیدی ستەمکاری ناگاتە ئاستی جێنۆساید،کەچی بەپشتیوانی دەوڵەتێکی دراوسێ لە ٣ی ئابی ساڵی ٢٠١٤ پەلاماری پارێزگای موسڵدراو دیسانەوە کورد بووە ئامانجی ئەم گروپە سەرشێت و توندرەفتارەو لە قەزای شەنگال و ئاواییەکانی دەوروبەری گەورەترین تاوانی کۆمەڵکوژی و دەستدرێژی سێکسیان لەدژی کوردانی ئێزدی ئەنجامدا.

ئەوەی لەم پەرتوکەدا دەیخەینە بەردیدەتان شەش دیداری جیاواز و سەربەخۆن، چیرۆکی عائیشەو کوڕو کچەکانی لەنێو پرۆسەی ئەنفالدا نەبوون، تەنانەت ئەنجامدەری تاوانەکە حزبی بەعس و دەوڵەتی عێراق نییە، چیرۆکی بەندین و ئاسکە پێکەوە گرێدراون، کوڕو دایکن ! چیرۆکی سەید ئەحمەد حەمەلاو کە ئەو سەروەختە پێشمەرگەو فەرماندە بووە، دیوێکی تری چیرۆکی کوردمان نیشان دەدات، بەلای کەمەوە پێماندەڵێت ئازاری ئەنفال هەم لەبیابان بوو هەم لەبناری چیاکانیش هەم لە گەرمیان بوو هەم لە کوێستانیش، خاڵی هاوبەش ئەو ئیرادە بەهێزەیە کە هەیانە، دەبینین چۆن روبەروی بەعس و ستەمکاری دەبنەوەو چۆن ئاڵنگاری دەبێتە بەشێک لە کەسایەتیان؟ ئیرادەی سەید ئەحمەد نەک هەر کیمیایی دەبەزێنێ بەڵکو دەبێتە چارەسەری برینەکانیشی، ئاسکە کەریم بە نانکردن و جل شۆرینی ماڵان بژێوی منداڵەکانی دابین دەکات و بەرەنگاری بەعس و جیهانی مۆدێرن دەبێتەوەو نیشانەیەکی پرسیاریش لەسەر رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دادەنێت!

چیرۆکی کورد بەئازارە بەڵام دەبێت بەباشی بگێڕدرێنەوەو زەلیلی نەکاتە پێناسەی، ئەم کۆدیدارە، لەلای ئێمە ئەو تێگەیشتنە باوە نییە کە دەڵێت: (بۆ ئەوەی لەبیرمان نەچێتەوە) بەڵکو بۆ ئەوەیە رێگە لەدوبارەبوونەوەی بگرین، ئازاری ئەنفال ئەگەر هاوشانی هۆڵۆکۆست نەبێت ئەوا لەو کەمتر نییە، بەڵام جووەکان توانییان بەجۆرێک چیرۆکەکانیان بگێڕنەوەو بنوسنەوە کە دنیا سەرسام بکەن و بیانکەن بەهاوسۆزی خۆیان، ئێمەش دەبێت وابکەین. ئەنفال هەر پرۆسەیەکی سەربازی نەبوو بۆ کۆمەڵکوژیی کوردان، بەڵکو پرۆژەیەکی سیاسی دورمەوداو لەسەرخۆی وێرانکردن و سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیش بوو. بێ جیاوازی هۆزو عەشیرەت و حزبەکان بێ جیاوازی ڕەگەز و تەمەنی مرۆڤە دەستنیشانکراوەکان، ماشێنێکی گەورەی هاڕین و مەرگی دەستەجەمعی کوردبوو، تاوانی ئەو خەڵکە هەر ئەوەبوو لەزێدی خۆیاندا دەژیان. ئەو زیندەوەرانەشی هاڕی کە لە کوردستان دەژیان، بەهەزاران مەل و باڵندەو ئاژەڵی کێوی و ماڵی بەگاز کوژران و مرداربوونەوە، بەسەدان هەزار سەر مەڕ و بزن و ئاژەڵ و پەلەوەری ماڵیی گوندنشینەکان بەتاڵان بران و لە بازارەکاندا هەرزان فرۆشکران، بەسەدان ئەسپ و ماین و گوێدرێژ کوژران یان بەرەو خوارووی عێراق بران. ئەم مێژووە دەبێت بنوسرێتەوەو بۆ نەوەکان بگێڕدرێتەوەو لە سیستمی پەروەردەو فێرکردندا جێگەی بۆ بکرێتەوە، پێویستە ببنە ئایدیاو پرۆژەی فیلمسازانی کوردو بیانی و بگەنە دونیای دەرەوە، ئەمڕۆ بێت یان سبەی پێویستە کۆمەڵگەی کوردی خۆی لەسەر بنیاتبنێتەوەو کۆمەڵگەیەکی ژیاندۆست و ژینگەدۆست و دادپەروەر بەرهەمبهێنێت و بەکردەوە یادی قوربانیەکانی بکاتەوە، بیرمان نەچێت باشترین رێزگرتن لە شەهیدەکان و قوربانییەکانی ئەنفال و گازباران شکۆداری زیندووەکانە.

ئێمە شانمان داوەتە بەرو چاوەڕوانی هاوکاری ئێوەین.

عومەر محەمەد

٢٢ی شوباتی ٢٠١٩ – سلێمانی

## دیمانەی ژمارە ١

تراژیدیاو بەسەرهاتی خانەوادەیەکی گوندی زەروون



لەوان پێنجان چنگە گۆشتێکیشم نەدیتەوە

ئایشێ عەبدوڵا محێدین
گوندی گەڵاڵە – ماوەت:
دیمانەساز: عومەر محەمەد
دیمانە لەگەڵکراو : ئایشێ عەبدوڵا محێدین.
وێنەگر : ئاوات عەلی شەریف
ڕێکەوتی ٢٠١٤/١٢/٢٩
کات : ١١ی سەرلەبەیانی
شوێن : کۆمەڵگەی بازیان.

له درێژەی دیداری ئەندامانی ئەم خانەوادەیە تیبینی ئەوە دەکەیت کە وا دۆسێی ئەمان جیاوازە لە دۆسێکانی ئەنفال و کیمیاباران، گومان هەڵنەگرە هەر ناوچەیەکی کوردستان، بگرە هەر گوندێکی ئەم وڵاتە ئەگەر دەیان چیرۆکی ستەمکاری دەوڵەتە داگیرکارەکانی کوردستانی لێ نەدۆزینەوە ئەوا بێگومان بەلای کەمەوە لە چیرۆک بەدەرنییە، روداوی تراژیدیای ئەم خانەوادەیە و ئەوتاوانەی دەرهەقیانکراوە لە دەڤەرێکی تری کوردستاندایە، کارێزە شارەدێیەکی ناسراوە و کەمترین چاوی ڕاگەیاندنی لەسەرە، بەڵام ئەویش خاڵی نیە لە چیرۆکی تراژیدی، چیرۆکی ئەم خانەوادەیە، سەرەداوی چیرۆکی چەند خانەوادەیەکی تر بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێ.

جەنگی ئێران عێراق هەڵایسا بەبێ ئەوەی خەڵکی عێراق و ئێران هیچ رۆڵێکیان هەبووبێت لەهەڵایسانیدا، بەڵام کەجەنگ هەڵایسا ئیدی هاوڵاتیان تێوەدەگلێن و دەبنە سوتەمەنی و قوربانی جەنگ، پێنج ساڵ بوو جەنگ هەڵایسابوو، خەڵکی کوردستان هیچ گایەکیان لەگێرەی نێوان داگیرکەراندا نەدەگەڕا بەڵام ئەوان هەر دەگەڕان بۆ پاساوی ئەوەی خەڵکی کوردستان لەم جەنگە نەگریس و وێرانکارە بگلێنن.

رۆژی ١٩٨٥/١٢/٣٠ فڕۆکەکانی ئێران شارەدێی کارێزەیان بۆردومان کرد، بەهۆیەوە ٢٩ کەس گیانیان لەدەستدا، لەناو ئەوانەی گیانیان لەدەستدا ٥ کەسیان ئەندامی خانەوادەیەک بوون، کە لەبنەڕەتەوە خەڵکی گوندی گەڵاڵە بوون. ئاوڕدانەوە لەوەها کۆمەڵکوژییەک نەک هەر پێویستە بەڵکو ئەرکێکی ئەخلاقی و سیاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤە، بەلای کەمەوە ناوی قوربانییەکانی ئەو تاوانە دۆکیۆمێنت بکات و لەناو ئەو تاوانانەدا پۆلێنی بکات کە دەرهەق بە کورد کراون.

بەبڕوای ئێمە ئەو کۆمەڵکوژییەی رۆژی ١٩٨٥/١٢/٣٠ لەکارێزە بەبۆردومانی فڕۆکە ئەنجامدراوە بە هەموو پێوانەیەک دەچێتە خانەی تاوانی جەنگەوە، بیانوی کۆماری ئیسلامی هەر چییەک بووبێت ناتوانێ پاساوێکی گونجاوبێت بۆئەوەی لەجەنگێکی بێ ئاماندا رەوایەتی بە بۆردومانی خەڵکی مەدەنی بدات و ماڵوحاڵیان وێران بکات و خەڵکێکی مەدەنی بکوژێت، کە هیچ پشک و دەسەڵاتێکیان لەهەڵایسانی جەنگ و راوەستانیدا نییە. بێگومان حکومەتی

عێراقیش بەرپرسیارە لەهەر تاوان و پێشێلکارییەک کە سوپاو هێزە ئاسمانیەکانی لە میانەی جەنگدا دەرهەق بەخەڵکی مەدەنی و هاوڵاتی ئێرانی کردویانە. لێرەدا دەبێ مرۆڤ بەتایبەتی سیاسیەکان ئەو پرسیارە لە خۆیان بکەن چ دەبوو ئەگەر ئایشێ لەبری ئەوەی بە سویێی مەرگی بەکۆمەڵی هاوسەرو منداڵەکانییەوە، هەڵپڕوکێ هەر خەریکی حەیران و هەڵپەڕکێ بێت؟! هەروەک لەوەڵامی پرسیارێکمدا ئایشێ دەڵێت: «هەتا دنیا بەدنیا دەبێ هەر هەڵپەڕیووم» بەڵام دوایی کەدێینەسەر باسی تراژیدیای بۆردومانی فڕۆکە دەڵێت «مەیتم چنگ نەکەوتنەوە بەخودای لە پێنجان پارچە گۆشتێکیشم چنگ نەکەوتەوە.» ناڵەی ئەم پیرەژنە دەگاتە ئاسمان کەچی بڕیاربەدەستانی جەنگ لەسەر زەوی گوێیان لێی نیە؟!

ئەم دیدارەی بەردەستتان لەم سۆنگەیەوە ئەنجامدراوە و ئامانج لێی دۆکیۆمێنتکردنی چیرۆکی یەکێک لەو خانەوادانەی کۆمەڵگەی کارێزەی قەزای ماوەتە کە ئەو سەروەختە ناحیە بووە، ئێمە لە دیدارەکەماندا تەنها بە دواندنی تاقە کەسێکی خانەوادەکە نەوەستاوین، بەڵکو ئایشی عەبدوڵا و هەردوو کوڕەکەی (ئەحمەدو یوسف)یشمان دواندووەو هەریەکەیان بەپێی توانای یادەوەری خۆی قسەیان بۆ کردوین و بەکامێرای ڤیدیۆ لە ماڵەکەی خۆیاندا لە ناحێی بازیان تۆمارمان کردووە. بازیان کۆمەڵگەیەکی زۆرەملێی دوای ئەنفالەو هەتا ئێستا شوێنی نیشتەجێی هەزاران خانەوادەیە کە لەسەروەختی ئەنفالدا بە تۆپزی لە زێدی خۆیاندا دەرکراون و بەناچاری کۆمەڵگەیەک بووەتە شوێنی نیشتەجێ بوونیان. هەر زوو کۆمەڵگەکان کرانە ناحیە و کاروباری کارگێڕی و فەرمانگەکانی باری شارستانی و تەندروستی و هەندێک فەرمانگەی خزمەتگوزارییان بۆ برد. بەڵام چەندین رەبیەی جاش و سوپاو بنکەی پۆلیس و ئاسایش و بارەگای حزبیان لەدەوروبەری و لەناوەوە بۆ قوتکردنەوە.

ماوەی دیدارەکە ٣ کاتژمێری تەواوی خایاند، ئێمە لێرەدا وردودرشتی قسەی شایەتحاڵەکان دەنوسینەوەو مەگەر قسەیەکی دوبارەوەبوو، دەنا هەرچی لەزاری شایەتحاڵەکانەوە هاتبێت و ریکۆرد کرابێت نوسیومانەتەوە. دەبێت ئەوەش بڵێین هەوڵماندواە دیدارەکان بە شێوەزاری خۆیان بینوسینەوە. تەنها لەوەدا رەچاوی شێوەزارمان نەکردووە کە(ع و ح)یان تێکەڵکردووە، بۆ نمونە بە

عومەر دەڵێن: حومەر یان بە محەمەدیان دەگوت: موعەمەد، ئامانجمان لە دانانی شێوەزاری ناوچەیی ئەوەیە خەسڵەتی دابونەریت و زمانی قوربانیەکان بپارێزین و ئەوانەشی ئەم دیدارە دەخوێننەوە ئاشنابن بەشێوەزارێکی تری باشوری کوردستان.

بەهیواین توانیبێتمان لەئەرکەکەمان سەرکەوتوو بووبین و دیدارێکی شایستەمان ئەنجامدابێت بفەرموون لەگەڵ دەقی دیدارەکە.

**با لەناوی سیانی خۆتەوە دەست پێبکەین.**

من نێوم ئایشێ عەبدوڵا محێدینە خەڵکی گوندی گەڵاڵێم.

**تەمەنت چەندە؟**

بەقسێ برایەکەم بێت دەڵێ هەشتا ساڵ دەبیت.

**براکەت ناڵێ چ ساڵێک لە دایکبووی؟**

جاوەڵا هەمووشتێکم دیارە دوێنێ کە هاتم تەسکەرەکەشم هێنابوو.

**باشە دوایی تەسکەرەکەت تەماشا دەکەین بەوەدا دەزانین ساڵی چەند لە دایک بووی.**

ئینشاالله.

**تۆ بە منداڵی لەکوێ بوویت؟ مەبەستم ئەوەیە لەچ گوندێک لەدایک بوویت.**

من لەگەڵاڵێ لە عەینی گەڵاڵێ لە داکی خۆم بووم.

**دوای ئەوەی هاوسەرگیریت کرد.**

بەڵێ ژنبەژنەمان پێکراوە. دوایی چومە زەرونێ.

**ئەوەت باش بەبیردێت کە چۆن ئاهەنگی هاوسەرگیریتان کرد؟**

بەڵێ بەبیرم دێ.

**لەلادێ زۆرجار کچ بەمنداڵی بەمێرد دراوە؟**

ئەی چۆن بەڵێ بەبیرمدێ وەک ئێستا، تەمەنم هەبوو، منیان دایە حاجی محەمەدی و خوشکی ئەویشیان هێنا بۆ برایەکەم. برایەکەم لە مێژبوو منداڵی نەدەبوو، بەڵام کە ژن بەژنەمان پێکرا بە عەمرێ خوای هەرکە ئەو ژنەمان

لەزەرونێوە بۆهێنا براژنەکەم منداڵی بوو.

**تۆ تەمەنت چەند دەبوو؟**

بەخوای نازانم

**دێی زەروون چەندە لە دێیەکەی ئێوەوە دوربوو؟**

کورە بەخوای نازانم دوربوو. (لەوکاتەدا ڕویی کردە ئەحمەدی کوڕی وتی جا ئەوە ئەحمەد باشتر دەزانێ، ئەحمەدیش وتی: بەپێیان سەعاتە ڕێیەک دەبوو نەدەبوو هەر ئەوەندە).

**ئەو پیاوەی بووە هاوسەرت خزمت بوو یان بێگانە بوو؟**

ناوەڵا هەر نەمناسیووە.

**تەبابوون پێکەوە یان ناکۆکیتان هەبوو؟**

وەڵا تەبابووین، هەمووتان لەجێی حاجی سالْحی برامن قەت بێدڵی هیچ شتێکم لەگەڵ نەکردووە.

**پورە ئایشێ هیچی سەردەمی منداڵی خۆتت بیرماوە؟**

وەڵاهی لەگوندێ کەنسیبم چۆتە کن حەمەی کوێخا مەحمودی گەسکم کردووە، جەوتم کردووە، قەزوانم کردووە، چوالەم کردووە، ئاژنەم کردووە بەرەکە نێرم کردووە، تەشی ڕێسیم کردووە، رانکوچۆغە درووم کردووە، رانکو چۆغەم چنیوە، لەدنیایەدا هەرچی بووە کردوومە. کۆڵە گەڵام هێناوە، کۆڵە دارم هێناوە حاجی محەمەد بۆخۆی تۆزێک تەمبەڵ بوو.

**پێش ئەوەی بچییە لای حاجی محەمەدی ئەوانە هی سەردەمی گەنجی و ماڵداری بوون.**

بەگەنجیش ئەوانەم کردووە.

**من دەڵێم بە منداڵی، چی منداڵیت لەبیرە دەستەخوشکەکانت کێ بوون چ یارییەکی منداڵانەتان دەکرد، چی زۆر خۆش بوو کەقەت لەبیرت ناچێتەوە؟**

وەڵا دەستەخوشک و خزمم زۆربوون، بابم زۆر دەوڵەمەند بوو، منداڵ بووم جارێکیان هاتمەوە لەکۆڵەدارێ بابم هەزار رەحمەت لە گۆڕەکەی بێت، وتی داوەرە

کچی بابی خۆی  بزانم داخۆ ئەمڕۆ چ حەیرانێکی خۆشت گوتووە بۆم دەڵێی؟ ئەمنیش گووتم ژنێکم دیوە پێیگوتووم بڵێ: (عەلێیکە سەلام، جحێڵە زەردە، دۆخینێ وەکەو مەترەقێ بەردە) بابم کەگوێی لێم بوو لە پڕمەی پێکەنینێی دا، داکمی بانگ کرد گوتی وەرە وەرە سێوە داکم نێوی سێوێ بوو، گوتی وەرە بزانە کچەکەت ئایشە ڕەشێ کچی بابی خۆی چ بەیت و حەیرانێکی بۆ هێناوییەوە.

**کەواتە تۆ حەیرانیشت گوتووە؟**

ئەرێوەڵا هەموو شتێکم کردووە. هەتا دنیا بەدنیا دەبێ هەر هەڵپەڕیووم. دەچوینە کنگرو کاردوی دەچوینە کۆڵێ دارێ.

**ئەو کاتەی تۆ منداڵ بووی ئەگەر یەکێک هاوسەرگیری کردبا شایی و زەماوەندیان چۆن بۆ دەکرد؟**

شایی و زەماوەندمان نەکرد، هەر بەسواری ماین بردویانین بۆ دۆڵی سەفرە و زەرونان ئەوشیان هێناوە گۆڕیویانینەوە، ئەویان هێناوە بۆ گەڵاڵێ بۆ کن برای من و ئەمنیشیان برد بۆ زەرونێ بۆ کن برای وی، شایی و شتیان نەکرد.

**هەر ئێوە شایی و زەماوەندتان نەکرد، یان هەرکەس بۆی نەدەکرد؟**

بابا خەڵکی کە دەیانکرد، تەقەیان دەکرد و شاییان دەکرد.

**پورە ئایشێ ئێوە بەچی ژیانی خۆتان بەڕێوەدەبرد کارو کاسبیتان چی بوو؟**

وەڵا بەبنێشتی.

**هەر خەریکی بنێشت کردن بوون یان کاسبی تریشتان دەکرد؟**

بەرێوەڵا بەڵام دارەبەنێکمان هەبوو، بنێشتمان لێدەکرد و دەمانفرۆشت، پیاوەکە دەچوو بۆ مەنگوڕان و دەچوو بۆ دەشتی کۆیە، بەخوای ئەگەر سوێندێت بۆ بخۆم لێم ناکەوێ ئەوەندەی کە ژنی حەمەی کوێخا مەحمودی بووم لەساڵێکیدا مانگێک مێردم نەبووە، هەر لەکاروانێ بووە.

**گوندەکەی ئێوە گەڵاڵێ چەند ماڵ دەبوون؟**

لەخودای بەزیادبێ پێنج برابوون هەر بۆخۆیان ئەوەندە ماڵ بووین.

**هەرماڵێ  ئێوە نا هەموو ماڵەکانی گوندی گەڵاڵێ چەند ماڵ دەبوون؟**

وەڵا ئینجا بڵێم چەند ماڵ دەبوون، ئەوە ئەحمەد بۆ خۆی دانیشتووە بۆ خۆی دەزانێت چەند ماڵ بوون (ئەحمەد جەختی کردەوە) وتی گوندی گەڵاڵە پێش ئەوەی دامانبگرن و بمانبەنە کارێزە (٧٥) ماڵ دەبوون.

**خەڵکی گوندی گەڵاڵە هەمووی هەر خەریکی بنێشتکردن بوون یان کاسبی تریشتان دەکرد؟**

ناوەڵا هەمووی باخ و باخاتی هەبوو، ماڵاتی هەبوو، بنێشتی دەکرد. ئەوە نەک هەر خەڵکی گەڵاڵی هەموو ئەو گوندانەی دەوروبەری حەوت دێ بوون هەموو خەریکی بنێشت و ماڵات و باخداری بوون.

**کاک ئەحمەد کاری هەرەوەزی لەنێوانتاندا هەبوو؟ بۆ نمونە لەهەندێک ناوچەدا کاری هەرەوەزی لەنێوان گوندنشینەکاندا باو بوو.**

ئائا ئەی چۆن نەبوو، کرێکاری هەر نەبوو، عەیب بوو، هەموو هاوکاری یەکترمان دەکرد، جاری واهەبوو خەڵک دەهات یارمەتی ئێمەی دەداو ئێمەش دەچووین هاوکاری ئەوانی ترمان دەکرد. بەخوا خانوومان دەکرد سێ قات و چوار قات هەمووی بەکاری هەرەوەزی بوو کەس دینارێکی لەکەس وەرنەدەگرت. لەوکاتەدا پور ئایش کە گوێبیستی خانوو کردن بوو هەڵیدایەو وتی (ئەی خانوەکانیشمانیان سوتاند لە زەرونێ).

**بۆچی سوتان؟**

ئەی حکومەت سوتاندنی. هیچمان بۆ دەرنەچوو.

**پورە ئایشێ پەلەمەکە دوایە دێینە سەرماڵ سوتاندن و ناخۆشیەکانیشتان.**

بەڵێ فەرموو بەکەیفێ خۆت.

**کاک ئەحمەد دوای ئەوەی بنێشتەکەتان دەهاتە بەرهەم چۆن ولەکوێ ساغتان دەکردەوە؟**

وەڵا وەکو کاروانچی دەمانبرد بۆ سلێمانی یان دەمانبرد بۆ دەشتی کۆیە، دەشتی هەولێر و دەچوینە قادر کەرەم، جاری وابوو مێوژمان دەبردو دەمانفرۆشت یان بە گەنم ئاڵوگۆڕمان پێدەکرد و شتمان پێدەکڕی و دەهاتینەوە.

**پورە ئایشێ؟**

بەڵێ.

**گوندەکەتان سەر بەچ ناحیەیەک بوو؟**

وەڵا سەر بە ناحیەی زەرونێ بوو.

**کوا زەرون ناحیە نەبوو؟!**

(ئەحمەد وەڵامی دایەوە) بەڵێ تۆ راست دەکەی ئەو سەروەختە ماوەت ناحیە بوو، زەرون سەر بە ناحیەی ماوەت بوو.

**گەڵاڵێ و زەرون چەند لە ئێرانەوە دورن؟**

کورە دور نین، زۆر نزیک بووین لەیەکەوە لەماڵێ کاکەوڵای[1] شوبرای گەورەم دادەنیشتین چاومان لێیان بوو کە ژن دەچوون بۆ مەڕ دۆشینێ، سنورمان پێکەوە بوو، زۆر جاران گۆلک و بزنمان پێکەوە دەگەڕان.

**تۆ قەت پەڕیویتەوە بچیتە ئێرانێ؟**

ئەرێوەڵا ئەدی ئەوێ ساڵێ هەڵاتین ڕامان نەکرد، لە کۆڕەوەکەی هەموو نەچوینە ئێرانێ خۆ ئێرە کەسی تێدانەما.

**ئەوەی ساڵی نەوەد و یەک ناڵێم کە هەمووومان هەڵاتین بۆ ئێران، باسی زووت لەگەڵ دەکەم، کە لە گەڵاڵێ و زەرون بوون قەت پەڕیویتەوە بۆ ئێرانێ؟**

ناوەڵا من نەچوم خزمیشمان هەبوون نەدەچوم، حاجی محەمەد دەچوو بەڵام من هەر نەچوم.

**پورە ئایشێ کە مێردت بەحاجی محەمەدی کرد، ئینجا چوییە زەرونێ و هەرلەوێ ژیایت؟**

بەڵێ ماڵمان هەر لەزەرونێ بوو.

**ئەی لەوێ ژیانتان چۆن بوو؟**

باش بوو، دارونەدار.

**لەوێش هەر خەریکی بنێشتکردن و باخداری بوون؟**

---

١. لەهەندێک ناوچە بە عەبدوڵا دەڵێن ئەوڵا، ئایشێ کە دەڵێت کاکەوڵا دەیەوێت بڵێت کاکە عەبدوڵا.

ئا ئەرێوەڵا عەینەن شت بوو، ناڵێم ئەو دەچوو بارێک جەوتی دەبرد لەگەرمێنێ ساغی دەکردەوە هەتا دەهاتەوە من بارە جەوتێکی کەم بۆ حازر دەکردەوە، بەخوای سکیشم هەبووە، بەو حاڵەمەوە جەوتەکەم دەکردو وشکیشم دەکردەوە.

**وتت جاری واهەبووە حاجی محەمەد بەمانگیش نەکەوتووەتەوە ماڵێ مەبەستت چی بوو؟**

ئەرێ بەخودای جاری وابووە ڕۆیشتووە بۆ کاروانێ ١٥ هەتا ١٦ شەوی پێ چووە.

**هەر حاجی محەمەد وابووە یان پیاوی گوند هەموویان دەچون بۆ کاروانێ؟**

ئیدیش وابوون هەرئەو نەبوو. ژیانی ئەو کاتەی هەموو هەر وابووە بەڵام حاجی محەمەد خێزانی زۆر بوو، شەش منداڵم هەبوون، چوارم بەتەیارەی کوژراون و دووشم ماون، شەش کچ بوون چواریانم لەگەڵ بابیان تەیارە کوشتوونی، دووشم ماون، شوکور پێنج کوڕیشم ماون.

**با پەلە نەکەین جارێ هەر باسی خۆشییەکانی ئەو سەروەختەم بۆ باس بکە. دەمەوێ بزانم لەگەڵ حاجی پێشئەوەی منداڵتان هەبێ پێشئەوەی بچێتە حەجێ و ببێتە حاجی ژیانتان چۆن بوو، ئەو کاتەی گەنج بوون چ خۆشییەکتان هەبوو ئەوەم بۆ باس بکە.**

بەڵێ بەخوای باش بووین دارونەدار ئیدارەمان دەکرد، بەخوای کوێخا ئەوڵای شوبرای گەورەم برا گەورەیان بوو، چووم بۆ ئاردی داوام لێکرد کەمێک ئاردم بدەنێ بۆ منداڵەکانی دەکەم بە پەڵو[2] گوتی: ئینجا توخوا ئەگەر محەمەدی برام منداڵی پێ بەخێو نەدەکران بۆچی ژنی دێنا. وەڵاهی ئەوەندە ئاردە چییە نەیاندامێ بیکەم بەپەڵو لەپێش دەمی منداڵەکانمی نێم. ژنێکی کە جیرانمان بوو بانگی کردم گوتی وەرە ئاردت دەدەمێ.

**ئەی چی شتێکی زۆر خۆش هەیە لەیادەوەریتدا، لەگوندی زەرونێ، بۆ نمونە لەگەڵ حاجی محەمەدی مێردت؟**

وەڵاهی شوکور هەر باش بووین، نێوانمان هەر خۆش بووە قەت لەگەڵ یەک

---

٢. پەڵو جۆرە خواردنێکە هەویرو شەکر تێکەڵ دەکرێت و بەگەرمی دەخورێت. لەهەندێک شوێنیش ساوەری هاڕاو دەکوڵێنن و بەشلی لێدەنرێت پێی دەڵێن پەڵوڵە

خراپ نەبووین. هەر تۆزێک تەمبەڵ بوو لەئیشێدا، دەنا حاجی محەمەد هیچ عەیبێکی نەبوو.

**ساڵێ چەند بوو تۆو حاجی محەمەدماڵتان پێکەوەناو بوونە هاوسەری یەکتری؟**

جا وەڵا نازانم ساڵی چەند بوو.

**چەند منداڵتان هەبوو؟**

وەڵا بەسەری تۆش و بەسەری ئەحمەدیش ١٨ سکم کردون. سێ کوڕم مردوون، چوار کچم بەتەیارەی کوژراون. پێنجیشم ماون،تەمەن درێژبن ئەوانەی ماون کچۆڵەش دووم مردوون شەشم ماون.

**ئەوانەی مردوون، هەر بەمردنی خوایی بوو یان شەهیدبوون چونکە تۆ گوتت چوار کچم بە بۆردومانی تەیارەی مردوون؟**

چوارەکەم شەهید بوون بە بۆردومانی تەیارەی.

**یەکەم منداڵت کوڕ بوو یان کچ؟**

کچ بوو.

**ناوی چییە؟**

نێوی نازدار بوو ئەوە مردووە نەماوە.

**نازدار لەو چوار کچەیە کەبە بۆردومانی تەیارەی شەهید بوو؟**

ناوەڵا دوو مانگان بوو، کە مرد ئەو بەتەیارەی نەمرد.

**ئەی بەچی نەخۆش بوو؟**

بەڵێ ئەو مەمکی نەدەگرت.

**ئەی ئەوانی دی؟ لەدوای نازدار کام منداڵت بوو؟**

لەدوای نازداری مەحمود بوو.

**ئەی سێهەم؟**

خوایە تۆبە، لەدوای نازداری خوا کچێکی کەی دا.

**ئەو کچەیانت ناوی چییە؟**

نێوی ئامانە ئەوە ئێستا لە شارییە (مەبەست شاری سلێمانییە)

**کەواتە دوای ئامانیش مەحمود لە دایکبووە؟**

بەڵێ لەدوای ئامانێ مەحمود خوا داوێتی.

**ئەحمەد نانا دایە ئەی حەلیم؟**

وەی خوایە تۆبە، یەکەم نازادار بووە، دوایە حەلیم بووە، دوای حەلیمی ئامان بووە، ئینجا کوڕەکان لەدایک بوون. چوارەم ئەحمەد بوو، دوو کوڕبوون یەکیان ئەحمەد بوو، ئەوە شوکور ماوە، ئەوی دی نەما هەر بە منداڵی مرد.

**ئەی دوای ئەحمەدی کامیانت بووە؟**

پاشی ئەحمەدی مەحمودم بووە.

**دوای مەحمودی کامیان لەدایکبوون؟**

دوای مەحمودی فاتمەم بووە.

**ئەی دوای فاتمی؟**

دوای فاتمی غەریبم بووە. خوایە تۆبە، عومەرم بووە.

**کەواتە دوای عومەریش  غەریب بووە؟ دوای غەریب کامیانت بووە؟**

دوای غەریب مریبەمم بووە.

**ئەمە نۆ، ئەی دەیەمت ناوی چی بوو؟**

دوای مرێمیش خەدیجەم بووە. دوای خەدیجەش شوکریم بووە

**ئەوە بوون بەدوازدە ئەی دوای ئەوی کێی کەت بووە؟**

دوای شوکریش (وێسپ)[٣] یوسفم بووە

**ئەوە بوون بە سیانزە کاک یوسف تەمەن درێژ بێت لەگەڵ کاک ئەحمەد.**

بەقوربانتبم رەبی بەخێربێن سەرچاوان ماڵوئاوەدان کردمەوە.

٣. لەهەندێک ناوچەی شاربازێرو ناوچەی سورداش و پشدەرو خۆشناوەتی و دەشتی هەولێر گوندنشینەکان ناتوانن ناوە عەرەبییەکان وەک خۆی بڵێنەوە بگرە هەرنازانن واتای ئەو ناوانە چییە بۆ نمونە کوردی ئەو ناوچانە وەک پورە ئایشێ بە یوسف دەڵێن وێسپ یاخود بە مقدید دەڵێن مەغدیر ئەوەش تەنها کێشەی زمان نییە بەڵکو نیشانەی ستەمکارییەکی مەترسیدارە یاخو تەعریبێکی ترسناکە کەلەمێژوودا دەرهەق بە کورد کراوەو لەسیاسەتی کوردیشدا ئەم ستەمکارییە وەک خۆی لەبەرچاونەگیراوە.

**سەلامەت بیت بەڵام ماومانە تۆ گوتت هەژدەن جارێک وازت لێناهێنم.**

جا ئاخر ناڵێم سێم مردوون، یەکم (جوجلانە)[4] دوانە بوو مرد، کوڕێکم لە کارێزەی دووشم لەزەرونێ مردوون.

**راوەستێ هەتا یوسف بوونە سیانزە سێیەکەی ترلەبارچوون یان گەورەبوون و مردوون یان شەهیدبوون؟**

نازدارم لە بەرمەمکان بوو بەئەمری خوای تەباراو تەعالا مرد.

**نازدارمان باسکرد، ئەوی ناڵێم.**

یەکم لەسکیدا بوو مرد، ئەوەیان خودا بەزیندوویی نەیدا. یەکێکیشم لەکارێزەی مردووە.

**ئەوەی لەکارێزەی مرد ناوی چی بوو؟**

وەڵا نازانم نێوی چ بوو (ئەحمەد هاوکاری کرد وتی ناوی رزگار بوو) ئا دەم خۆش نێوی رزگار بوو.

**ئەوە بوون بە شانزە.**

بەجوجلانەکەیەوە دەبن بە هەژدە ئەی نەمگوت ئەحمەد جوجلانەیە ئەم ماو ئەوی کەیان مرد.

**پورە ئایشێ داوای لێبوردنت لێ دەکەم کە برینت دەکولێنمەوە.**

نانا کورە تۆ یەکێکی لەجێی هەموو کوڕەکانم.

**سوپاست دەکەم مادام وایە ئەوانەی کە بەمردنی خوایی مردوون. کێ وکێ بوون؟ ئەوانەم پێ مەڵێ کە شەهیدبوون.**

کورێکمان بوو لە کارێزەی بەخودای نازانم حاجی محەمەدی نێوی چی لێنا، ئەرێ ئەحمەد، بابت نێوی چی لێنابوو؟ (ئەحمەد وەڵام دەداتەوە ناوی نا ڕزگار، ئەوەیان بەبیری ئێمە بوو). بەڵێ نێوی رزگار بوو، نا بابە رزگارمان هەبوو ، ئائا راست دەکەی رزگار بوو. تۆ رزگاری خۆت بەنێوکردووەتەوە.

---

٤. مەبەستی ئایشێ منداڵی دوانەیە. ئەوانەی بەسکێک دومنداڵیان دەبێت.

**کەواتە کاک ئەحمەد منداڵێکی بەناوی رزگارەوە ناوناوەتەوە؟**

(ئایشێ و ئەحمەد هەردوکیان پێکەوە) بەڵێ بەنێومان کردووەتەوە. ئەوێ دیشمان گوتی بانێوی قادر بێت.

**قادریشتان هەبوو؟**

بەڵێ هەمان بوو.

**ئەی کەوایە ئەوە بوون بە حەڤدە.**

بەڵێ ئەوە حەڤدەم مردوون.

**حەڤدەت نەمردوون حەڤدەت بوون.**

بەڵێ یەکیشم لەپشتی بووەتەوە. نازداریشم لەبەر ئەوەی مەمکی نەدەگرت، هی خەڵکی دەگرت هی منی نەدەگرت.

**پورە ئایشێ من بیستومە فڕۆکە هاتووەتە سەرتان و بۆردومانی کردوون و زیانی گەورەتان بەرکەوتووە؟**

بەڵێ.

**چەند کەستان شەهید بوون لەو بۆردومانەیدا؟**

پێنجمان شەهید بوون، حاجی محەمەد بابیان و چوارکچم شەهید بوون.

**ئەو کاتە لەکوێ بوون؟**

لەکارێزەی بووین.

**ساڵی چەند بوو؟**

بەخوای نازانم دەستی بۆ ئەحمەدی کوڕی ڕاکێشاو وتی ئەمە دەزانێ.

**کاک ئەحمەد ساڵێ چەند بۆردومان کران؟**

رووی دەمی کردە دایکی و وتی: بۆتۆ نایزانی لەکارێزەی بوو، رۆژی ١٩٨٥/١٢/٣٠ کاتژمێر ١١:٣٠ی پێش نیوەڕۆ بوو.

**فڕۆکەکان عێراقی بوون؟**

نەخێر ئێرانی بوون.

**تۆ دڵنیایت فڕۆکەی ئێرانی بوو؟**

بەڵێ بەڵێ دڵنیاین. پورە ئایشێ هەڵیدایە گوتیان ئێرانەو ئینجا بەخوای نازانین.

**بۆچی فڕۆکەی ئێران هاتە سەرتان؟**

ناوچەکە موجاهیدی ئێرانی لێبوو، بارەگایان لەوێ هەبوو، شەڕی پێشمەرگەی لێبوو، ناوچەکە جێگەی شەڕ بوو.

**چەند کەس کوژران بەو بۆردومانە؟**

٣٠ کەسی کوشت. پێنجیان هیماڵی ئێمە بوون.

**لەو ٣٠ کەسەی کە کوژران ناوی چەندیان دەزانی؟**

ناوی کۆمەڵێکیان دەزانم ماڵی شێخ برایمی قەیوانی تێدابوو، سابیر سەفرەیی تێدابوو، حاجی مەحمودی قامیشی تێدابوو، بابم و چوار خوشکمی تێدابوو، ئەوانەی تر هەر ئەوکاتەش ناوەکانیانم نەدەزانی. من ئەوکاتە سەربازی هەڵاتوو بووم، لەلادێ بووم. پورە ئایشێ پشتراستی دەکاتەوەو دەڵێ لە زەرونێ بوو.

**کەواتە تۆ لەنزیکەوە ئاگاداری ڕۆژی بۆردومانەکە نەبووی؟**

نەخێر من ئەوکاتە خانووم لە زەرونێ کردبووەوە سەربازی هەڵاتووبوم، لەوێ دەژیام.

**نەتانزانی هۆکاری بۆردومانەکە چی بوو؟ بۆردومانی مەدەنی بوو یان سەربازگەیەک لەنزیکتانەوە بوو؟**

ڕاستیەکەی نازانین لەبەرچی بوو ئایا لەموجاهیدنی دا بۆ ئێمە ڕێککەوت یان چ بوو هۆیەکەمان نەزانی.

**بۆچی بارەگاکانی موجاهیدین لە ماڵەکەتانەوە نزیک بوو؟**

ماڵێ ئێمە نزیکەی کیلۆمەترێک لە بارەگاکانی موجاهیدەوە دوربوو. بەڵام شوێنێکی تر هەبوو کۆلکە ڕەشیان پێدەگووت، ڕەنگە هەروا ٢٠٠ مەترێک لە موجاهیدەکانەوە دور بوو. کاتی خۆی لەکارێزەی جێگەیان نەبوو بردبوویاننە ئەوێ. بەڵام هەر لە کارێزەبوو جیا نەبوو.

(پورە ئایشێ پریشکە گۆشتیشمان نەدیتنەوە) ناوەڵا لەوان پێنج کەسان ئەوەندە گۆشتەمان چنگ نەکەوتنەوە.

**ئەوە یەکەمجار بوو کارێزە بۆردومان بکرێت یان پێشتر بۆردومان کرابوو؟**

یەکەمجار بوو.

**مەبەستم ئەوەیە خەڵک هیچ ئامادەکارییەکی کردبوو وەکو ژێر زەمین ئەوەی لە کوردەواری خۆماندا پێی دەڵێین (کونەتەیارە) بۆ ئەوەی خۆی لە بۆردومان بشارێتەوە؟**

ئەوە یەکەم جار بوو لەکارێزە تەیارە بۆردومان بکات بەڵام خەڵک کونەتەیارەی هەر کردبوو. ئێمە بۆ خۆمان کردبوومان بۆ تەیارەو بۆ خۆشاردنەوەی سەربازی هەڵاتوو، بەڵام کەس فریای ئەوە نەکەوتبوو. لەم کاتەدا دەنگی ئایشێ دێتە ناو باسەکەوەو دەڵێت: (سێیان نانیان دەکرد) مەبەستی ئەوەیە سێ لەکچەکانی سەرقاڵی نانکردن و نانبرژاندن بوون.

کاک ئەحمەدە ئەگەر ناوی شەهیدەکانی ماڵی خۆتانم پێ بڵێیت:

یەکەمیان باوکم بوو دووهەمیان چوارەکەی تریش خوشکەکانم.

**بورە کاک ئەحمەد ئەگەر بەناوی سیانی پێم بڵێیت؟**

باوکم ناوی محەمەد مەحمود عەبدوڵایە و خوشکەکانیشم فاتم و مریەم و خەدیجەو شوکریە.

**وەک بزانیت باوکت لەدایکبووی ساڵی چەندبوو؟**

باوکم لە دایکبوی ساڵی ١٩١٨.

**ئەی لەدایکبونی خوشکەکانت؟**

راستیەکەی خوشکەکانم نازانم، .بەڵام بیرمدێ تازە تەسکەرەمان بۆ دەرکردبوون؟

**باشە بەپێی تەمەن پێمبڵێ لەگەورەوە بۆ بچوک.**

فاتم گەورەکەیانە، لەوی گچکەتر مرێم بوو، لەمریەمیش گچکەتر خەدیج بوو ئەوەی هەرە گچکە شوکریە بوو.

**هیچیان هاوسەرگیریان نەکردبوو؟**

ئایشێ و ئەحمەد هەردوکیان پێکەوە ناوەڵا، هیچیان مێردیان نەکردبوو.

فاتم ومرێم عازەب بوون، هەردوکیان وەختی مێردیان بوو .بەڵام ئەوانی دی گچکە بوون.

**ئینجا دوای ئەو تاوانەی بەرانبەرتان کراو توشی ئەو تراژیدیایە هاتن هەر لەکارێزە مانەوە یان ڕۆیشتن بۆ شوێنێکی تر؟**

ماوەیەک لەوێ ماینەوە. چونکە خانوەکەمان تەخت بوو، بڕوابکە ئێستاش نەچوینەوە بەلایدا، بڕوا بکە هەژدە تەنەکە هەنگوینمان هەبوو، مێشی ئەو ساڵەمان تازە بڕی بوو تۆزقاڵێک چییە دەستمان نەکەوتەوە هیچ شتێک لەو ماڵەی ئێمەدا نەمابوو هەرچی تێدابوو هەلاهەلا ببوو خانوەکەی لەشوێنی خۆی نەهێشتبوو. تەرمی کەسەکانیشمان نەدۆزییەوە، هەر پار چەگۆشتبوو خڕ کرابوونەوە لە تورەکەی کرابوون بڕوا بکە سەری شەهیدێکمان دوو گەڕەک لەولاتر دۆزییەوە.

**وتت من لە زەرونێ بووم لەماڵ نەبووم، ئەی پورە ئایشێ لە کوێ بوو؟ چۆن دەربازی بوو؟**

عەیب نەبێ ئەوکاتە خزمێکمان ژنی هێنابوو ماڵی هەر لە کارێزەی بوو، پێیانەوە چووبوو، رۆیشتبوو بۆ سەردانی ئەو ماڵەی.

**ئەی کاک یوسف؟**

ئەویش لە قوتابخانە بووە، کە هاتبووەوە، خوشکەکانم بە پەرەمێزی نانیان کردبوو (دیارە هەر لەبەر فڕو هوڕی پەرەمێزیش ئاگایان لە دەنگی تەیارەکان نەبوو) داوای نانی گەرمی لێکرد بوون ئەوانیش گوتبوویان ئێستا لێدەبینەوەو دایەنان حازردەبێت، ئەویش ڕۆیشتبووە دەرێ. ئەگەر نان حازربوایەو لەماڵێ بمایە ئەویش هەر بەردەکەوت. برایەکی تریشمان هەبوو ناوی غەریبە ئەویش هەر تەلەبە بوو لەو کاتەیدا لەمەکتەبێ بوو. دەنا ئەویش هەر بەردەکەوت.

**کەواتە ئەوانیش بەڕێکەوت دەربازبوون؟**

ئەی چۆن ئەرێوەڵا ئەگەر دایکم نەچوایە بۆ ئەو ماڵەو براکانم لەمەکتەب نەبوونایە ئەوانیش تێدا دەچون.

**دوای ئەوە مامەڵەی مردنیانتان کرد بەڵگەنامەی مردن و ڕێکارە یاساییەکانتان بۆ کردن؟**

بەڵێ بەڵگەنامەی مردنیانمان دەرکرد.

**وەک شەهیدی جەنگی ئێران عێراق مامەڵەیان لەگەڵ کرا یان نا؟**

وەڵاهی حسابێکیان بۆ کردین، شتێکیان داینێ بەڵام شتێکی وانەبوو. لەچاو ئەو تاوانە گەورەیەدا.

**مەبەستەکەم ئەوەیە ئیمتیازی شەهیدێکی جەنگ نەیدەگرتنەوە؟**

نانا نەیگرتینەوە.

**ئەی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئەویش هەر وەک شەهید مامەڵەی لەگەڵ نەکردن؟**

ڕاستیەکەی دوای ساڵی ١٩٩١ کە ڕاپەڕینەکە کرا، کە ئاوارە بووین و دواتر لە ئێران گەڕاینەوەو دەزگای شەهیدانی گەلی کوردستان دامەزرا، بەدەنگییەوە چوین .بەڵام بۆیان نەکردین بەشەهید. بەڵام مامۆستا سەعید هەیە کاتی خۆی چاپەشرێکی پێبوو لەزەرونێ لەماڵی ئێمە بوو، جا با ئەوەش بڵێم یەکێتی ئەوکاتە هەر ئەو بچاپەی هەبوو، مامۆستا سەعید زۆر خزمەتکرابوو لەماڵی ئێمە وتیان ئێستا مامۆستا سەعید لەفەرماندەیی گشتییە لەگەڵ مەحمودی برام چوین گەڕاین دۆزیمانەوە، وتمان تۆ کاتی خۆی لەگەڵ باوکمان پێشمەرگە بوویت و لەماڵمان بوویت، هەرپێمان خۆش بوو، سەردانێکت بکەین، ئێمە هیچمان پێنەگووت .بەڵام ئەو هەر بۆخۆی گوتی ، کاکە ئێوە ئەو هەموو خزمەتەتان کردووە وەکو شەهیدانە یەکێتی هیچی بۆ کردوون؟ پێمانگوت ڕاستی ئێمە بۆ ئەوە نەهاتووین هەرپێمان خۆش بوو سەردانێکت بکەین، .بەڵام ناوەڵا هیچی بۆ نەکردووین. وەرەقەیەکی لەبەردمی خۆی ڕاکێشاو هەندێک شتی بۆ نوسین و دایە دەستمان و وتی کاکە بیبەن بۆ دەزگای شەهیدان، ئەوکاتە کاک سەعدون فەیلی بەرپرسی بوو، وتی کاکە گیان بەنیازین بیناکەمان چاک بکەینەوە بڕۆنەوە هەتا دەڕۆژی تر مەیەنەوە، لەبەرئەوەی ئێستا کتاب و شتمان هەمووی پێچاوەتەوە، دوای ئەوە من نەچومەوە بەڵام مەحمودی برام چوو بووەوە بۆلای کاغەزەکەی مامۆستا سەعیدی دابویەو کاک سەعدون پێی گوتبوو وەلا ئەگەر یەکێتی کار بۆ

ئێوە نەکات هەقوایە بۆ شەهید ئارام و عەلی عەسکەریشی نەکات. بە هەرحاڵ شەهیدانەیەکی بۆ کردبووین بەڵام نوسیبویان شەهیدی تایبەت.

**بۆ هەمویان، یان هەر بۆ باوکتان ئەو شەهیدانەیە کرا؟**

نانا هەر بۆ باوکم و خوشکێکم کرابوو.

**بۆ کامیان بوو؟**

(پورە ئایشێ وەڵام دەداتەوە) هەر بۆ حاجی محەمەدو بۆ مریەمێ کرابوو. بەڵام دوایە ئەویش نەما.

**بۆچێ نەما؟**

نازانم دایکم وەری دەگرت وابزانم سەد دیناری ئەوکاتە بوو، درۆم نەکردبێ سەدو پەنجا دیناربوو، چونکە ئەو کاتە پارە سویسرییەکە بوو، دوایە ئەویش نەما نازانم هۆکاری چی بوو بڕییان. چونکە کەچوم پرسیارم کرد وتیان کاکە ئەوانەی شەهیدی تایبەتن موچەکەیان بڕاوە ئەوەی راستی بێت ئێستاشی لەگەڵ بێت نەمزانی چۆن چۆنی کراوەو چۆن چۆنی بڕاوە.

**با مەبەستەکەم ڕونتر بکەمەوە ئەوە ڕونە کە ئێوە لەبەرەی رژێمی سەدام حسێندا نەبوون، بەڵام کەسوکارتان بە بۆردومانی ئێران تێداچوون و بوونە قوربانی جەنگ، مەبەستم ئەوەیە وەک حکومەتی عێراق بەشەهید حسابی نەکردن حکومەتی هەرێمیش هەر بە شەهید تۆماری نەکردن؟**

ناوەڵا هەر ئەوە بوو کە بۆم باسکردی.

**پور ئایشێ ویستت قسەم بۆ بکەی؟**

ئا گوتم ئی مرێمی وەردەگرین موچەکەی ٢٠٠ هەزار دینارە.

**کەواتە مرێم کراوەتە شەهیدی هاوڵاتی؟ بەڵام تۆ باسی ئەوەت کرد کە باوکتان پێشمەرگە بووە ساڵی چەند بووەتە پێشمەرگە.**

ساڵی ١٩٧٦ کە شۆڕش هەڵگیرسایەوە شەهید ئارام و عەلی عەسکەری و سالار عەزیز هاتن بۆ ماڵی ئێمە، لەوێ بارەگایان دانا، شەهید عەلی عەسکەری بە باوکمی گوت شۆڕش دەست پێدەکەینەوە، بەڕابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دەبێت هەر کەسەو لەتایەفەی خۆی کۆمەڵێک پێشمەرگەمان بۆ

دروست بکەن، مامیشم کە ریش سپی و برا گەورەیان بوو بە بابمی گوت، لەتۆمان زیرەکترو باشتر تێدا نییە ئێستا بچم تەکلیف لەخزمێکی خۆشم بکەم پێمدەڵێ بۆچی براکەی خۆت ناکەیە پێشمەرگە، لەناو براکانیشمدا هەر تۆ بەکەڵکی ئەوەی دێی، ئەوانی کە بەکەڵکی ئەوەی نایەن هەستە بڕۆ لەگەڵیاندا ببە بە پێشمەرگە، باوکم ئاوا بووە بە پێشمەرگە چوار کەسی تریشی لەگەڵ کەوتن، بابمیان کرد بە فەرماندەی مەفرەزە.

**چوارکەسەکەی تر کێ بوون، ناویان چییە؟**

یەکیان ناوی عەلی ئەحمەد عەزیز بوو، یەکێکی تریان ناوی عومەر خدر عەبدوڵا بوو، یەکێکی تریان ناوی کاک قادر بوو هەرچواریان خزمی خۆمان بوون. کە بابم بووە پێشمەرگە شەڕێکیشیان کرد لەکەڵکی قامیش سێ چوار سەربازیان کوشتن و سێ چوارێکیشیان بەدیل گرتن. ئەو شەڕە زستان بوو. بەڵام بۆ بەهارێ سوپا هات و هێرشی کرد بۆ ناوچەی زەرون ئەو کاتە ئێمە لەترسان ڕامانکرد ماڵەکەمان بردە شاخی ئاسۆس لە ئەشکەوتێکیدا بووین خانووەکەی زەرونێشمانیان سوتاند لەبەر ئەوەی باوکم پێشمەرگە بوو.

**هەر ئێوە ڕاتان کرد یان خەڵکی تریش رای کرد؟**

نا هەر ئێمە نەبووین ماڵی تریشمان لەگەڵ بوون.

**هەر ماڵی ئێوەیان سوتاند یان ئەوانەی تریش؟**

نا هەر لەزرونێ سێ ئامر مەفرەزەی تێدابووە، لەپێشەوە خانووەکەی ئێمەیان سوتاند دوانەکەی تریش خەریک بوون بیان سوتێنن لەوە دەچێ ئامر لیواکە فەرمانی پێکردبوون نەیانسوتێنن. ئەوانەی ئەوان نەسوتان. دوایە لە زەروون نزیکەی ٣٠ کەسیان گرت و بردیانن. هێنابویانن بۆ حامییەی سلێمانی کە ئێستاکراوەتە پارکی ئازادی لەوێ زۆر ئەشکەنجەیان دابوون تەنانەت یەکێکیان لەژێر ئەشکەنجەدا مردو هەر نەهاتەوە.

**ناوی چی بوو؟**

ناوی محەمەد ئیسماعیل بوو.

**کەواتە باوکت هەتاکەی پێشمەرگە بوو؟**

دوای ئەوە شەهید عەلی عەسکەری هات، گوتی دەبێت بڕۆین بۆ قەندیل تازە لێرە شوێنمان نەماوە، لەو کاتەشدا حکومەت خەڵکی ناردبوو پێیانگوتبوو ئەگەر ئەوانەی پێشمەرگەن بێنەوە خۆیان رادەست بکەنەوە ئینجا ئێمە ئەو خزمانەیان بەردەدەین. خزمەکانیشمان وتیان بابێنەوە خۆیان تەسلیم بکەنەوەو نەبنە باعیسی گوللەبارانکردنی ئەو ٣٠ کەسەی ئەگەر راست دەکەن بابێنەوە خۆیان رادەست بکەن و خزمەکانمان بەربن دوایی بابڕۆنەوە بۆ شاخی ببنەوە بە پێشمەرگە. باوکیشم گوتی من ئێستا بە تفەنگ و فیشەکی خۆم پێشمەرگەم، تازەماڵم وێران بووە، بچم خۆم رادەست بکەمەوە؟ راستییەکەی بەقسەی نەکردن، بەڵام کاک عەلی عەسکەری و بەرپرسەکانی تر پێیانگوتبوو کاکە حەمە ئێمە دەڕۆین بۆ قەندیل تۆش ماڵ ومنداڵێکی زۆرت هەیە، خۆشت بێی ئەی ماڵ و منداڵەکەت چی لێدەکەیت؟ باشترە تۆ لێرە بمێنیتەوە بچۆ خۆت تەسلیم بکەو خزمەکانت بەر بن باشترە بابزانین چی ڕودەدات. باوکیشم بەناچاری هاتن تەسلیم بوونەوە وابزانم لەبری هەر تفەنگێکیش حکومەت ٢٠٠ دیناری دابوونێ. ئیتر ئاوا هاتنەوەو خزمەکانیشمان بەربوون. ئەوە بەسەرهاتی ئێمەبوو.

**پورە ئایشێ کە تۆ چوبوویە دەرێ بۆ پیرۆزبایی هەر لەکارێزە بووی یان لەدەرەوەی کارێزە؟**

کە تەیارەکە رەمی کرد من بۆ ماڵی ئەو کچەی کە ماوە دەگریام دەمگوت ئەوێ بەرکەوتووە، بەڵام کەهاتمەوە نەمدەناسیەوە کە ماڵی خۆمانە سەقفەکەی کەوتبوە بنی گڵەکەو بە شۆفڵ تەرمەکانیان دەریانهێنانەوە چاوم بەهیچیان نەکەوتەوە.

**چاوت بەکەسیان نەکەوتەوە؟**

نەخێر هەر نەیانهێشت بیانبینم.

**خەون بە شەهیدەکانتەوە دەبینیت؟**

ئەرێوەڵابەقوربانت بم.

**لەخەونەکانتدا داوای چیت لێدەکەن؟**

دەڵێن دایە شوكری خوا بكە ئێمە شەهیدین. حاجی محەمەمەد لەو كاتەدا لە دوكانێك بوە وتویەتی دەڕۆمەوە كچەكان نان دەكەن، دەچم كولێرەیەكیان پێدەكەم كولێرەی (خەرواى قەدیم) كەلە بنێشتی كردوە پێیان دەبرژێنم ، فریا دەكەوێت یەك پێڵاوی داكەنێت كە تەیارەكە ڕەمی دەكات، بەڵام من هیچیانم نەدی ئەو ماڵە ئێرانیەی دراوسێمان تەرمەكانیان بردە ماڵی خۆیان پاشان براو برازاكانم هاتوون بەڵام من ئاگام لەهیچ نەبوو وە برازایەكم دەڵێت تا سبەینێ سەرت لەباوەشی من بووە ئاگات لەهیچ نەبوە شەكور ئەو ماوە.

**ناوی چی بوو برازاكات؟**

عەبدوڵای ناوە شوكر ئەو ماوەو كوڕی گەورەیەی هەیە.

**پاش ئەو كارەساتەی بەسەرتاندا هات ژیانتان چۆن بوو؟**

ئەبوایە زوو زوو بمفرێنن بۆلای دكتۆر بەحەوت شەو لەوێ دەیانخەواندم هەر شێت ببوم بەكەس نەدەگیرام، بە حەبی خەویش نەبێت حەزدەكەیت بەچل شەو دادەنیشم خەوم لێناكەوێت.

**بیر لەمنداڵەكان دەكەیتەوە؟**

هێندەش بیریان لێناكەمەوە بەڵام ئەو خەوەی كەڕۆی ئیتر ڕۆی هەر نەهاتەوە

**تۆ تۆزێك پشوو بدە ئێمە هەندێك پرسیار لە كاك یوسف دەكەین؟**

باشە بەكەیفی خۆتان

**دیدار لەگەڵ یوسف**

پاشئەوەی لەگەڵ پورەئایش و كاك ئەحمەدی كوڕی دیدارەكەمان كۆتایی هات لەگەڵ یوسف قسەمان دامەزراند، ئەڵبەتە دەبێت ئەوە بڵێین كە پێش ئەوەی بچینە ناو دیدارەكەمانەوە یوسف كە دایكی بە وێسپ بانگی دەكرد، زۆر قسەی بۆ كردبووین و زوو ئەوەی دوپات دەكردەوە كەدایكم یادەوەری نەماوەو ناتوانێت هەموو شتێک باس بكات، بۆیە یان دەبێت من قسەتان بۆبكەم یان كاكم. من گوێم بۆ قسەكانی شل كردبوو بەڵام بە ویست و ئارەزووی ئەوم نەكردو پورەئایشمان فەرامۆش نەكرد بەڵكو پێش ئەوەی بچینە ناو دیدارەكەمانەوە كاك یوسف و كاك ئەحمەدم لەوە ئاگاداركردەوە كە خۆیان لەقسەكانی دایكیان

هەڵنەقورتێنن، چونکە دواجار قسە لەوانیش وەردەگرین. ماڵم هەقە یوسف پابەندییەکی تەواوی هەبوو هەتا سەرە نەگەیشتە سەرخۆی زاری نەکردەوەو خۆی نەهاویشتە ناو قسەکانمانەوە، کەخۆشی قسەی بۆ کردین زۆرجوان قسەی دەکرد بەبێ ئەوەی کامێراکان بیترسێنن لەسەرخۆو تاوان و بەسەرهاتی ماڵی خۆیانی بۆ دەگێراینەوەو جارجاریش گریان بەربینی دەگرت و بۆماوەیەک بە بێدەنگی دەمایەوەو فرمێسک بەچاوەکانیدا دەهاتنە خوارەوە ئەو کوڕەی لەبەرەی جەنگ زیاتر وەک شێرێک دەردەکەوێت لێرە وەک دڵنەرمترین بونەوەر لەبەردەم زوومی کامێراکانماندا دەبیندرێت .

**کاك یوسف پێش ئەوەی بچینە ناو چاوپێکەوتنەکەوە لەگەڵ دایکت هەندێ شتت باس کرد کە دایکت ئاماژەی پێنەدا، ئەوەی کە بەبیری تۆ بێت یان تۆ بە گرنگی بزانیت دۆکیۆمێنتی بکەین چییە؟**

ئەوەی من دەمەوێت بیڵێم ئەو برایەشم ئاماژەی پێنەدا، ئێمە ئەوکاتەی باوکم و ئەوان شەهید بوون ڕژێمی پێشوو ئەوەی بەو جۆرە شەهید بوایە ئیشی زۆری بۆدەکرد، بەڵام کاتێك هاتە سەر ئەوەی ئیشیش بۆ ئێمە بکرێت ڕاپۆرتێکمان لەسەر هاتبوو کەباوکم پێشمەرگەبووە و لەڕاپۆرتی ئیستخباراتەکەدا نوسرابوو کە ئەو پیاوە ئەو شەوە هاتۆتەوە بۆ لای منداڵەکانی ئەگەر نا ئەو شەوەش نەدەهاتەوە بە هۆی ئەو ڕاپۆرتەوە  هیچیان بۆ نەکردین و پێیان ووتین بڕۆن با جەلال تاڵەبانی ئیشتان بۆ بکات ئێوە بەسوتفە بەرئەو تەیارەیە کەوتون ئەگەر ئەوە نەبوایە ئێوە هەموو پێشمەرگە دەبون، بەهۆی ئەوانەوە هیچ نەکراو ئێمەش لەترسی ئەو ڕاپۆرتە نەماندەوێرا بەدوای بچین، چونکە لەوکاتەدا حکومەتی بەعس لەهەلێك دەگەڕا بۆ گرتنی نەك پێشمەرگەو کەسوکاری بەڵکو هەر یەکێك پێشمەرگەی خۆشبوێت. کارەکە نەکرا تا کاتی ڕاپەرینەکە دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٩٨ من بووم بە پێشمەرگە لەوێ کۆمەڵێك خەڵکم ناسی کەکاتی خۆی پێشمەرگەبوون لەزەرون بەرپرس بوون هەوڵم دا لەرێگەی ئەوانەوە ئیش بۆ شەهیدەکانمان بکەم ئیشکردنەکەش وابوو کەدەستم پێکرد ووتیان ماڵی یەك شەهید تۆمار دەکرێ پاشان کتاب هات، وتیان دەتوانن دوو شەهید تۆمار بکەن پاشان  وتیان ناتوانن کچەکان بکەن بەشەهید لەمەوە من زۆر مناقەشەم کرد لەگەڵ دەزگای شەهیدان و هەندێکجار گرژیش دروستبوە لەنێوان من و دەزگاکەتان.

**هەر گلەییەك و رەخنەیەكت هەیە دەتوانیت باسی بكەیت ئێمە هاتووین چیرۆكی ژیانی ئێوە تۆمار بكەین ئەگەر ڕەخنەكە لەئێمە بێت ئێمە بەشانازیەوە قبوڵی دەكەین؟**

من باسی ٢٠٠١ بە دواوە دەكەم بێگومان هەندێك لە بەڕێوەبەرەكان لەئێستادا گۆڕاون بەدڵنیایەوە خەڵكی باشیشی زۆر تێدابووە وەك كاك بەیان ئەگەر كارەكەشی بۆ نەكردبم زۆر ڕێزی گرتووم، بەڵام خەڵك هەبووە شەهیدانەی بۆ كراوەو مستەحەق نیە !!

**كەست پێ شك دێت وابێت؟**

ئەوەی ئێستا من دەیبینم ئەو هەموو شەهیدەی یەكێتی كە هەیە بەبەراورد لەوانەی پێشمەرگەبوون زۆرترە، ئێستا من پێشمەرگەم دەزانم كێم لەگەڵەو كێ شەهید دەبێت ئێستا كۆمەڵێك لەشەهیدەكان پۆلێن كراون بەڵام كەهاتە سەر ئەوانەی ئێمە ووتیان ئەوانەی ئێوە شەهید نین.

**بەڵام دەبێ ئەوە بزانیت كەسێك شەهیدی سەنگەر بێت كەس ناتوانێت بڵێ شەهید نیە.**

بەڵێ ئێمە هەرگیز ناڵێین ئەوانەی ئێمە بكرێت بەشەهیدی سەنگەر

**لەكاتی رژێمی پێشوو خەڵكی تر هەبوو كاری بۆ بكرێت و ئیمتیازی بدرێتێ وەك شەهیدەكانی ئێوە وابن؟**

بەڵێ هەندێكیان ئیشی باشیان بۆ كرا لە مووچەو خانو بەڵام بەهۆی ئەوەی ئێمە باوكم پێشمەرگە بوو كاریان بۆ نەكردین. ئەگەر بێمە سەر كارەساتەكەو بۆت باسبكەم ئەو كات من خوێندكاری دووی سەرەتای بووم كاتێك گەڕامەوەماڵەوە خوشكەكانم نانیان دەكرد، بەڵام ئەوكات باوكم نەهاتبۆوە خوشكەكانم پرسیاریان كرد بۆ وا زوو گەڕایتەوە؟ منیش وتم دەرسمان نەخوێندوەو زۆریشم برسیە، ئەوانیش وتیان هیچمان حازر نیە، وتم باشە كولێرەیەكم بۆبكەن، وتیان بچۆ خۆت بگۆرە باجلی خوێندنگەت پیس نەبێ، هەتا من چووم خۆم گۆڕی ئەوان كولێرەكەیان بۆ كردم منیش بەپەیژەكەدا سەركەوتم بچم بۆ سەربان ئەوان لەپەنجەرەكەوە بانگیان كردم مەچۆرە سەربان لەبەر ئەوەی نانیان هەڵدەخست بۆیە وشك بێتەوەو رق بێت و كەڕو نەهێنێت، ئەوكات خانوەكان گڵ بوو گەر

تەپەتەپت بکردایە لەسەری خۆڵ دەهاتە خوارەوە بەسەر نانەکەدا بەڵام من تۆزێك عەجول بووم بەقسەم نەکردنو چومە سەربان ئەوانیش هاتنە دەرەوە ووتیان وەرە خوارەوە، منیش ووتم باشە ئەچمە خانوەکانی خوار ماڵی خۆمانەوە چونکە خانوەکان لێك نزیکبوون هەشتا سانتیمیان بەین بوو هەر بەباز چومە شەش ماڵ خوار خۆمانەوە لەویَ لەگەڵ هاورێکانم یاریمان دەکرد کە عوسمان و ئەحمەدیان ناوە، سوپاس بۆخوا ئەوانیش لەژیاندا ماون خەریکی یاریکردن بووین کە دەوری کاتژمێر ١١,٣٠ بۆ١١,٣٥ بوو لەئاراستەی قەیوان لەسلێمانیەوە لەوێوە گوێمان لەسەوتێك بوو کە سەیرمان کرد کۆمەڵێك تەیارە نازانم چەند بوون و چەند ساروخیان فڕێدابوو، هەتا کاك عوسمان ووتی ئەو تەیارانە بەچکەیان بوو بە ساروخەکانی دەگوت، چونکە ئێمە نەماندەزانی تەنانەت من یەکەم جارم بوو کەتەیارە ببینم، بەڵام کەبینیم ساروخەکان هەرنزم دەبۆوە ووتم ئەمە شتێکەو لەوانەیە بکەوێتە خوارەوە بۆیە خۆم فرێدایە خوارەوەو کەوتم فریاکەوتم هەستمەوەو خۆم کرد بەو ماڵەی لەساربانیان بووم ویستم بچمە ژورەوەو تەقینەوەکە دروست بوو، هەر ئەوەندەم هەستپێکرد کەوتم کە هەستامەوە کچی ئەو ماڵەم بینی بەداخەوە ناویم بیرنەماوە.

**هەوڵبدە ناوەکەیت بیر بکەوێتەوە؟**

هاوتەمەنی خۆمان بوو کچی کاك ئەحمەد سەفرەیی بوو، کە سەیرم کرد ئەو سەری خوێنی پێدا دەهاتە خوارەوە، زۆر بەڵامەوە سەیربوو ووتم ئەو ئاوای لێهاتبێت! من لەوانەیە هەمو گیانم بریندارببێت، چونکە من لەدەرەوەبوم و ئەو لەژورەوە بەڵام کەسەیری خۆم کرد هیچ خوێن نەبوو یەك دوو دەقە وەستام و هاتمە دەرەوە، بەڵام لەبەر تەپوتۆز هیچ دیار نەبوو بۆیە نەمزانی بەکام ئیتیجا بڕۆم بۆ ئەوەی بچمە ماڵی خۆمان، بۆیە ویستم بچمە سەر جادە رەئیسەکە لەویَ کۆمەڵێ جەنازەو خەڵکی بریندارم بینی کەهاواریان دەکرد دەست و قاچیان پەڕیبو، کە لەویَ رۆیشتم گوێدرێژێکم بینی سەری پەڕی بوو لەولاوە مانگام بینی کە مردبوو لەسەر ئەو شەقامە.

پاش ئەوە هەوڵمدا کۆڵانەکە بدۆزمەوە بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ ماڵی خۆمان.

**پێش ئەوەی هەوڵبدەیت بگەڕێیتەوە گیانداری ترت نەبینی بەو شێوەیە؟**

لەبەر تەپو تۆز و لە ترسا ئاگام لە هیچ نەبوو ڕەنگە لەو بیست و نۆ کەسە بیست و پێنج کەسیانم بینیبێ، بەڵام من هەر ڕامدەکرد، ماڵمان لە کۆڵانەکەی ئەو دیو بوو چوارەم ماڵ بوین ڕوی لە کەرکوك بوو کە گەشتمە کۆڵانەکە بینیم خەڵك دەگریا منیش تاسام دەمپرسی ئەم خەڵکە بۆچی دەگری، سەیرم کرد خانویەك تەخت ببو، بەڵام نەمدەزانی ماڵی خۆمانە، هەوڵمدا کەسێکی نزیك لەخێزانەکەی خۆمان بدۆزمەوە تا بزانم ئەمە ماڵی خۆمانە یان نا، دایکمم بینی بەدەست خەڵەکەوە بوو ئەگریا، خەڵك هەموی دەگریان هەمویان تاسابوون لە ترسا ئێمەش کەسوکاری زۆرمان هەبوو لەوێ، ئێمە لە حەوشەکەماندا دار تویەکمان هەبوو قەدەکەی پەنجا سانتیم دەبوو، بەڵام دار تووەکە نەمابوو، هەوڵمدا براکانم ببینم، برایەکم هەبوو ئێستە (معاون طبی)یە لە سلێمانی ئەو دەرسەکانی تەواو کردبوو دوای سەعات دوانزە بوو نەهاتبویەوە دوای ئەوە چومە لای دایکم و براکانی ترم دۆزیەوە، شتی زۆرم بینی جەنازەیان دەردەهێنا پارچەی لێبوبویەوە پارچە گۆشتیان دەهێنا دەیان گوت ئەمە دەستیەتی یاخود شوێنێکی تری، شۆفلّیان هێنا بیدەن لەخانوەکان، بەڵام خەڵکەکە وتیان لێی مەدەن چونکە ئەو خانوانە جەنازەیان تێدایە، دواتر هەوڵمدا قەناعەت بە خۆم بکەم کە ئەمە ماڵی ئێمە نیە پاشان کەسێکی دڵسۆز هاتن ئێمەیان برد بۆئەوەی زیاتر لەناو ئەو کارەساتەدا نەبین، پیاوێك هەبوو ناوی سەید ئیبراهیم بوو لەناو حیزبی دیموکراتدا بوو وەك ئەندامی سەرکردایەتی وابوو ئێستە لە سوید دەژی ئەوکات ئێمەی بردە ماڵی خۆیان، سەعات پێنجی ئێوارە دایکم و ئەوانیان برد بۆ مەرکەزەکە وتیان ئێوە چەند کەستان لەماڵەوە بوون، چونکە ئێمە ئەو کات خۆشمان نەماندەزانی چەند کەسمان لەماڵەوە بوین و چەندمان لەدەرەوە، لەمەرکەز پێیان وتین ئەمە چوار جەنازەیە ئێمە وتمان پێنج کەسمان دیار نییە، یەکێك وتی دانەیەك لەو تورەکانە دوو جەنازەی تێدایە ئەوکاتە کفنی لێنەبوو، دوای ئەوەی بەخاکیان سپاردن بە پانزە ڕۆژ وتیان دەستێکیان دۆزیوەتەوە بازنی لەدەستدایە دایکم لەوکاتەوە بەتەواوەتی حاڵەتی تێکچوو، ئەو دەستە هی مریەمی خوشکم بوو.

(پاش هەڵوێستەیەك یوسف نەیتوانی وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە لەبەر گریان بۆیە ئەحمەدی برای وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە).

**چەند ماڵی تر بەتەنیشتماڵەکەی ئێوەوە ڕوخابوون؟**

یەك ماڵی تەنیشتمان ئەوان کەسیان شەهید نەبوون تەنها برینداریان هەبوو.

**بە مەزەندەی تۆ چەند ساروخ بەرماڵەکەتان کەوتبوو؟**

دوو دانە، یەکێکیان لەژوری میوان و ئەوی تر لەهەیوانەکە.

**هیچ پارچەیەکی ئەو موشەکانە نەماون؟**

نەخێر بڵاوبوبویەوە و حکومەت هەموی کۆکردەوە، ئێرانیەکانیش هاتن ڕەسمی خانوەکان بگرن بەڵام حکومەت نەیهێشت و چوو بە گژیاندا، چونکە ئەوکات کۆمەڵە و موجاهیدینی لێبوو وە زیاتر لەبەر موجاهیدین پێیان ناخۆش بوو

**کاك ئەحمەد ئەو بیست و نۆ شەهیدە هەمویان نزیکی ماڵی ئێوەبوون؟**

جادەیەك هەبوو ئەو کۆڵانەی ئێمەی تێدا بووین لەمبەری جادەکەوە بوو، لەمبەری جادەکەوە تەنها ماڵی ئێمە بەرکەوتبوو ئەوەی تر هەمووی لەوبەری جادەکەوە بوو وە زۆربەیان گەلاڵی بوون تەنها شێخ ئیبراهیمی قەیوان نەبێت خەڵکی دەرەوە بوو

**چەند ماڵ هەیە وەك ئێوە زیاد لە کەسێکی شەهید بوبێت؟**

حاجی حەسەن خۆی و کوڕەکەی، حاجی محمدی حەمەی مەلا لەگەڵ ژنەکەی، حاجی سەعید لەگەڵ برایەك و ژنێکیان، چەند کەسێکی تریش هەبوو.

**کاك یوسف دوای ئەوەی ئەم تاوانەتان بەرامبەر کرا چۆن لەخوێندن بەردەوام بویت؟**

ئەو ساڵەمان لە کیس چوو بەڵام ساڵی دوای ئەوە مامۆستاکان زۆر یارمەتیان دەداین بۆئەوەی بەردەوام بین، چونکە دەیانزانی ئەوەمان بەسەرهاتووە و هەندێ جار دەیانبردمەوە بۆ ماڵی خۆیان و لەوێ دەمامەوە چونکە من لەناو ڕوداوەکەشدابووم زۆر ناخۆش بوو وەك ئەوە نیە بۆت بگێڕنەوە یان سەیری فیلمێکی دیکۆمێنتی بکەیت، ئێمە کە هاتینە سلێمانی ساڵی ١٩٨٨ ئەنفال و کیمیاباران ڕویاندا بینیمان خەڵك هەیە شەش کەس یاخود زیاتری شەهید بوون وە خەڵك هەیە کەمئەندامی بۆ جێماوە، بۆیە ئەوانە دڵنەوایی ئێمەی کردەوە، ئەوەی ئێمە یەکەم کارەسات بوو لە ساڵی هەشتاکاندا چونکە لەوکاتەدا جەنگی

ئێران عێراق ئەوەندە گەرم نەبووبوو وە خەڵك ئەوەندە ببێتە قوربانی، پاش کارەساتەکەی ئێمە تۆپێك بەر ماڵێك کەوت پێنج کەسی ئەو ماڵەی شەهید کرد، ئەوان چوبونە ناو کونە دارەوە تۆپەکەش دابوی لە بەرمیلی نەوت و قلْپ بوبویەوە بۆناو کونەکە (تۆپی خۆشمان بوو هی یەکێتی بوو شەریفی قورعانی ڕەسەد بوو بەهەڵە بەر ئەو ماڵە کەوتبوو ویستبویان بیدەن لە معسکەرەکە)، من قەناعەتم وەهایە هەرچی بکەیت بۆ شەهید هیچ قیمەتێکی نیە، دوای ئەوەی ماڵەوەمان وەهایان لێهات من ئێستە خانو عەرزە و سەیارەم هەیە لە فەرماندەیش دەسەڵاتێکم هەیە، چەندین سەرکردەش دەناسم بەڵام هیچی بەوە نابێت لە دەزگاکاندا ڕێزت لێبگرن، سەروەتی دنیا هیچ مانایەکی نیە ڕۆحی یەکێك لەکەسوکارەکەم هەموو شتێك بوو بۆ ئێمە ئەوەتا دایکم لەو کارەساتەوە توشی نەخۆشی دەرونی بووە ژیان هیچ مانایەکی نیە بۆ ئەو و بۆ ئێمە، ئێستا دایکم لەمن زیاتر جەرگی سوتاوە، بەڵام چونکە من بەچاوی خۆم کارەساتەکەم بینیوە زۆر قورسە بۆ من.

**بەڵام گێڕانەوەی پێویستە؟**

منیش دەڵێم پێویستە بنوسرێتەوە بۆئەوەی نەوەی تازە بزانن ئەم ئازادیە بەخوێنی شەهیدان هاتۆتەدی و خەڵکێکی زۆریش بوە بەسوتەمەنی جەنگ، من ئازادیەکەی ئێستا ناگۆڕمەوە بەهەموو سەروەتەکانی یەکێتی و پارتی و هەموو حزبەکانی تریش، من تەنها ئەوەم داواکرد کەئەم حزبانە درێژە بەو ئازادیە بەن کە کەسوکاری ئێمەو شەهیدان لەرێگایدا گیانی خۆیان بەخت کردوە.

**دوای ئەوەی ئێوە توشی ئەو کارەساتە ناخۆشەبوون هەست و سۆزی هاورێیانی ئەو کاتی خوێندنگە چۆن بوون بەرامبەرت؟**

هەست و سۆزی ئەو کاتی خەڵك زۆر جیاواز بوو لەگەڵ ئێستادا، ئەوکات هاورێ وەك برا وابوو، خەڵك و ژیان زۆر سادەبوون، برادەرانی ئەوکاتە ئێستاش کەدەیان بینم زۆر رێزم دەگرن.

**چەندیان ئێستاش هاوڕێی نزیکتن؟**

ئێستا کاك عوسمان زۆر هاوڕێمەو زوو زوو دەیبینم لەگەڵ کاك ئەحمەد زۆر خۆشەویستن.

**ئەی مامۆستاکانت؟**

بەداخەوە زۆریانم بیرنەماوە تەنها مامۆستایەك نەبێ کەناوی ڕوناك بوو ئەو زۆر منی خۆش دەویست تەنانەت زۆربەی شەو لای ئەو دەنوستم ، مامۆستاکان بەگشتی ئەو دوو سێ ساڵە زۆر باشبوون لەگەڵم ئەوان وایانکرد زوو شتەکانم بیر بچێتەوە، پاش ماوەیەك نەقڵ بووم بۆ مەکتەبەکەی ئەوبەر ڕۆژێکیان مودیری مەکتەبەکە دەریهێنام وتی دەبێت گۆرانیەك بڵێیت منیش وتم نایڵێم، بەڵام ئەو هات ویستی لێمبدات دەستی هێنا زلەیەکم لێبدات مامۆستایەك ووتی نەکەی، ئیتر نازانم مودیرەکە دەیزانی کوڕی ئەو ماڵەم و ئەو کارەساتەمان بەسەر هاتوە یان نا، بەڵام دوایی پێیزانی و داوای لێبوردنی کرد ئاخر ئەگەر تۆ ئەوەت لێبەسەرهاتبێت ئیتر چۆن دەتوانی گۆرانی بڵێیت!!

**هەرگیز بیرت کردۆتەوە ئەوەی کەبەسەرتان هاتووە بینوسیتەوە؟**

هەوڵمداوە لەگەڵ برادەرێکم کەئەویش مێژویەکی تاڵیان هەیە ویستوشمە بینوسم، من بیرم لەوەش کردۆتەوە کە بۆ ئەو مێژوە کاری لەسەرناکرێت و بکرێتە فلیم و دۆکیۆمێنت بکرێت.

**داواکریت لەحکومەتی هەرێم و وەزارەتی شەهیدان چییە؟**

داواکارم کەئەو مێژوە بپارێزن و بکرێتە چیرۆك بۆ ئەوەی نەوەکانی ئێمە بزانن چۆن خەبات کراوە بۆ نمونە ئەو منداڵانەی من، ئێستا هیچ لەو مێژوە نازانن ئەوەی جەنابت دەینوسیتەوەو تۆماری دەکەیت ئەوان سبەینێ ئەگەر منیش نەمێنم دەتوانن بێن لەفەرمانگەکەی ئێوە دەستیان بکەوێت.

**گلەیی تۆ چیە لەوەزارەتی شەهیدان؟**

گلەی من ئەوەیە کە پێنج شەهیدمان هەیە تەنها دوانیان بۆ تۆمار کردوین.

**کاك ئەحمەد ئەی داواکاری تۆ چیە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان؟**

من داواکاریم ئەوەیە کە ڕێزی شەهیدان و کەسوکاریان بگرن و کاریان بۆ بکەن، هاوکاریان بکەن لەهەموو ڕویەکەوە.

ئەوەی لەم دیدارەدا تێبینی هەڵگرەو نەمانتوانی فەرامۆشی بکەین دوا وتەی یوسفە کە لەکۆتایی چاوپێکەوتنەکە باسی بۆردۆمانەکەی ساڵی ١٩٨٥ی کارێزەی

هێنایەوە پێشێ و گوتی: «بەتەواوی نازانین ئەو تەیارانە سەر بەدەوڵەتی عێراق بوون یان ئێران، چونکە لەو کاتەدا هەردو ووڵات وتویانە کەئێمە نین ئێمەش هەتا ئێستا بۆمان پیشتڕاست نەبۆتەوە».

دیمانەی ژمارە ٢

لەگەڵ پێشمەرگەی دێرین و برینداری چەکی کیمیاوی



هەست دەکەم من زاڵبووم بەسەر چەکی کیمیاییدا، من ئەوم بەزاند. نەمهێشت ئەو تێکم بشکێنێ.

دیمانە لەگەڵدا کراو: سەید ئەحمەد سەید حمەلاو

دیمانەساز: عومەر محەمەد قادر

رێکەوتی : ٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٤

کات: ١١ی پێشنیوەڕۆ

شوێن : سلێمانی ماڵی سەید ئەحمەد

وێنەگر : ئاوات عەلی شەریف

هاوکار : ژیلوان ئەحمەد سەید حەمەلاو

سەید ئەحمەد سەید حمەلاو :

بەرلەوەی بچینە ناو دیمانەکەوە ئەوەمان بەکاک سەید ئەحمەد ڕاگەیاند، کە ئەم دیدارە تەنها بۆ کاری دۆکیۆمێنتاری و هەڵگرتنێتی بۆ مێژوو، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە دیمانە لەگەڵ کراو پێشوەخت ئەوەی لەلا روون بێت کە خۆی لەبەرانبەر کامێرای کەناڵێکی تیڤی دانەنیشتووە، لەدیدارەکانی ئێمە هەندێک جوڵەی پێویست قەدەغەنین تەنانەت چا خواردنەوەشی تێدا ئاساییە، ئەمە بۆ هەموو دیمانە لەگەڵ کراوێک ڕوندەکەینەوە، کە ئامانج لەم تۆمارکردنە هێشتنەوەی چیرۆکی تاکە کەسێک و مێژووی میللەتێکە، بەڵام ڕێگریش نین لەوەی سبەینێ کەناڵێکی تەلەفزیونی یان سینەماکارێک یاخود هەر کەسولایەنێك بۆ کاری دۆکیۆمێنتاری سودی لێوەربگرێت، بێگومان ڕەزامەندی خۆشیان وەردەگرین. ئەوەی لەم پێشەکییەدا بەکاک سەید ئەحمەد حەمەلاوم وت: ئەم دیدارە بۆ بەشی دۆکیۆمێنتاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی سلێمانیە بەو هیوایەی بتوانین لەلای خۆمان بیپارێزین یاخود ئەگەر سبەی ئەرشیفێکی نەتەوەیی یاخود ئەرشیفێکی نیشتمانی دروست بوو کۆپی کارەکەی خۆمان و تێکۆشان و قوربانیدانی بەڕێزت بیبەخشینە ئەو ئەرشیفە، بەو مەبەستەی هەم چیرۆکی تاکە کەسێک و هەم مێژوی میللەتێکیش نەفەوتێ. ئێمە ئەمڕۆ بەرێزتان هەم وەک پێشمەرگەیەک کە لەدژی دەوڵەتی ستەمکار جەنگاویت و هەم وەک بەرکەوتوویەکی چەکی کیمایی دەدوێنین و دەرفەت دەدەینە بەرێزتان چیرۆکی خۆتان بگێڕنەوە لەکۆی دیدارەکەمان بەرێزتان وەک سێ کارەکتەر دەدوێنین یەکیان وەک هاوڵاتییەکی کورد کە پێش تاوانی جینۆساید واتە پێش ئەنفال و کیمیاباران چۆن ژیاون و دوای ئەنفال و کیمیاباران چۆن دەژین، دووهەم وەک پێشمەرگەیەک و سێهەم وەک کەسێک کە بەر چەکی کیمیایی کەوتویت. دیدارەکەمان بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئەم سێ تەوەرە دەخولێتەوە.

بەرلەوەی یەکەم پرسیاری دەربارەی ناوی خۆی و خۆناساندنی لێبکەین سەید ئەحمەد بەشەوقەقەوە سوپاسی کردین، ئەو هەرچەندە پیاوێکە لە ناوەڕاستی سەدەی رابوردووەوە لە تێکۆشاندابووەو باوکی ٩ منداڵەو ئێستا هەموویان پێگەیشتوون، سەرباری ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی ئەرکی بەخێوکردنی منداڵەکانیشی لە ئەستۆبووە خۆشبەختانە هەمویانی بە سەرکەوتوویی

پێگەیاندوە و ئێستا هەموویان خوێندنیان تەواوکردووەو هەریەکەشیان ئەرکێکی نیشتمانی گرنگی لە ئەستۆیە. سەرباری ماندووبوونیشی هێشتا وەک کادرێکی چالاک و بەئەزموون لە کۆڕی تێکۆشاندا دەردەکەوێ و بە نەغمەیەک قسەی بۆ دەکردین کە هێشتا لە هەرەتی لاوی خۆیدایە.

پاشئەوەی خۆمان ناساندو پێمان ڕاگەیاند کە وەک کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان ئەم دیدارەی لەگەڵدا ساز دەکەین کاک سەید ئەحمەد: سوپاس و پێزانینی خۆی دەربڕی و گوتی ئەرکێکی قورستان گرتووەتە ئەستۆ شانازییەکە بۆ بەرێزتان و بۆ ستافەکەتان و بۆ ئەوبەشەش کەکاری تێدادەکەن، هەروەها شانازییە بۆمیللەتەکەشمان. کە ناهێڵن مێژووی نەتەوەیەک و خەباتی نەتەوەیەک و مێژوی خەباتی کەسایەتیەکانی نەتەوەیەکیش ونبێت، کەبەدرێژایی چەندین سەدە لەژێر هەرەشەی لە ناوبردن و کوشتن و نیری چەوسانەوەو زۆرداریدا نالاندویەتی، دەتوانم بڵێم خەباتی ئێوە زۆر قورسترە لەخەباتی ئێمە کە لەپشتی چیاکانەوە کردومانە کە ئەوکاتە ئەم پێشکەوتن و تەکنەلۆژیایە نەبووە، ئەگەر کەسێکی دڵسۆزی وەک ئێوە نەبێت ئەوەی ئێمەش لەپشتی کێوەکان و لە شاخەکان کردوومانە ڕۆژێک دێت دەفەوتێ و لەبیر دەچێتەوەو نەوەی داهاتوو هیچی لەبارەوە نازانن. وەک بەرێزتان وتان پێموایە وەک بەڵگەیەکی مێژوویی کە لەئەرشیفدا بمێنێتەوە ئەوە ئەرکێکی گەورەو مێژووییەو سوپاسیشتان دەکەم.

سوپاس بۆ بەرێزتان کەواتە با دەست پێبکەین و سەرەتا لە ناوی سیانی خۆتەوە دەست پێدەکەین.

بەڵێ من ناوم ئەحمەد سەید حەمەلاو مستەفا فەقێ ئەحمەد مەلابەکری ناسراوم بەسەید ئەحمەد، ئەگەر پێم نەڵێن سەید ئەحمەد هیچ کەسێک نامناسێت. تەنانەت خزمە نزیکەکانی خۆشم.

**زیاتریش بە سەید ئەحمەدی ماوەت ناسراویت؟**

بەڵێ ڕاستت فەرموو.

**ساڵی چەند لە دایک بوویت؟**

لە دایک بووی ١٩٤٩م.

**به وردی دەزانی یان وەک دابونەریتێکی لادێ نشین، هەرخەمڵە و دەڵێن کەوا لەو ساڵەدا لە دایکبوویت؟**

نەخێر ڕێک وتەواو لە ساڵی ١٩٤٩ لەدایک بووم. بەڵام ئەوەیان کە دەڵێن پایز بووە یان زستان زۆر روون نییە، دەنا لە دایکبوونەکەم تەواوەو ڕێک لەوساڵەدایە.

**ئەوکاتەی تۆ لە دایک بوویت ماڵی باوکت لە کوێ بوون؟ یان بابڵێم تۆ لەکوێ لەدایک بوویت؟**

لە ماوەت.

**چەند خوشک وبرات هەبوون؟**

نۆ براو حەوت خوشک بوون.

**ئەگەر زەحمەت نییە ناوەکانیانم پێبڵێیت؟**

بەڵێ (حاجی سەید حەمەئەمینی برام ئەوە براگەورەمان بوو. شێخ عەبدولرەحیم، شێخ ئەبوبەکر، شێخ نوری ، سەید ئەحمەد خۆمم، مەلاسەید گوڵ، شێخ تەها، شێخ عەتا، شێخ کەریم.)

**ئەی خوشکەکانتان؟**

خوشکەکانیش ئایشە، خەدیجە، ڕەحمە، فەیمە، سەبری و نەسرین، سەبرییەک و یەکێکی تریش وەفاتیان کردووە.

**وەک گوێم لێ بوو، زۆربەی براکانت نازناوی شێخیان پیوەیە بەڵام خۆت سەیدت پێوەیە بوچی براکانت شێخن و خۆت سەید؟**

تێکەڵێن لەبەرئەوەی ئێمە سەجەرەیەکمان هەیە، زۆربەی کەسایەتیە ئاینیەکان ئەو سەجەرەیان مۆرکردووە ئیستا لەلای کاک شێخ تاهیری برازامە. بەوپێەی ئەو کوڕی براگەورەیە. بەپێی ئەو سەجەرەیە ئێمە دەچینەوە سەر پیرخدری شاهۆ، دەڵێن ئێمە سەیدین.

**ئەوکاتە ماوەت ناحیە بووە یان هەرگوند بووە؟**

ئەو کاتەی من لەدایک بووم ماوەت ناحیە بووە. ماوەت زۆر پێش لە دایکبوونی منیش هەر ناحیە بووە، تەنانەت لەپێش بابانەکانەوە ئیدارەیەکی تێدا بووە کە

سەر بە ئەمارەتێک بووە لە بانە بووە. لە سەردەمی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەوە کە ئەمارەتی بابان دروستبووە لە ماوەت بووە، کە دواتر ناو نرا ئەمارەتی بابان مەبەستم ئەوەیە بڵێم پێش ئەوەی پایتەختی ئەمارەتی بابان بچێتە قەڵاچوالان لە ماوەت بووە واتا یەکەمجار پایتەختی بابان لە ماوەت بووە. حسێن نازم بەگی بابان لە کتێبەکەیدا (مێژووی میرایەتی بابان) ئاوا لە ماوەت دەدوێ: (ماوەت لەپێش ساڵی ١٦٦٤ میلادیدا جۆرێک لە حوکمداری تێدابووە، حوکمدار «ئەسکەندەر بەگی کوڕی خان، واتا خان ئیسماعیلی سوڵتان» حوکمی ماوەتی کردووە ماوەتیش سەر بە حوکمدارێتی بانە بووە) سالی ١٦٦٤ – ١٦٦٥ لەلایەن «خان بوداق کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارشمانە» کۆتایی بە دەسەڵاتدارێتی ئەسکەندەر بەگ هێناو ماوەتی کردووە بە جێنشینگەی خۆی هەتا ساڵی ١٦٧٠) واتا ماوەت لە ساڵی ١٦٦٤ تا ساڵی ١٦٧٠ پایتەختی ئەمارەتی بابان بووە و لە ساڵی ١٦٧٠ وە گواستراوەتەوە بۆ قەڵاچوالان.

هەرچەندە پرسیارەکەی من هی شوێنی لە دایکبوونت بوو بەڵام باتا زە ئەوپرسیارەش بکەم بەبیری منداڵی تۆ ئەوکاتە ماوەت چەند ماڵ دەبوون؟

نزیکەی ٢٠٠ ماڵ دەبوون لەوە تێپەڕی نەدەکرد. ڕۆژنامەی پێشکەوتن لە ژمارە (١٨)ی ١٩٢٠/٨/٢٨ نوسیوێتی فەخری بەگ مامور مالییەی ماوەت بووە. کەواتە بەم پێیە دەردەکەوێت کە لە پێش ساڵی ١٩٢٠ وە قوتابخانەی تێدابووەو ناحێش بووە.

**خانوەکانی ئەوسای ماوەت چۆن بوون؟**

سەرجەمی خانووەکان دوو نهۆم بوون پێیان دەگوت سەرخان وژێرخان، سەرخان ماڵەکانی تێدا بوون وژێرخانیش بۆ ئاژەڵ و زەخیرەو هەندێک جار کادێنیشی تێدابوو.

**لە کاتی منداڵی تۆدا چەند ماڵ دەبوون؟**

ئەها کاتی منداڵی من دەڵیی؟ ئەوکاتە نزیکەی ٢٠٠ ماڵ دەبوون.

**هەرلە ماوەت چویتە قوتابخانە؟**

بەڵێ هەرلەوێ چومە قوتابخانە.

کەواتە لە سەردەمی منداڵی هاوتەمەنی تۆوە، ماوەت قوتابخانەی تێدابووە؟

بەڵێ زۆر لەپێش سەردەمی منیشەوە ماوەت خوێندنگای تێدابووە. لەسەروەختی برا گەورەکانیشمەوە کە لەدایکبووی ساڵانی ١٩٣٢ و ١٩٣٤ بوون چونەتە بەرخوێندن بەڵام بە رێکی ناتوانم بڵێم لە چ ساڵێکەوە خوێندنگای تێداکراوەتەوە. بەڵام دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٢٠.

**لەسەردەمی منداڵی ئێوەشدا هەر بەشەش ساڵی دەخرانە بەرخوێندن یان زیاتر؟**

نا لەتەمەنی حەوت ساڵیدا دەخراینە بەر خوێندن.

**هەر تۆخرایتە بەر خوێندن یان هەموو خوشک وبراکانیشت چوونە بەرخوێندن.**

وەکو ماڵی خۆمان هەموویان چونە بەر خوێندن جگەلە کچەکان.

**هۆکاری نەچونی خوشکەکانت بۆ بەرخوێندن چی بوو؟**

لەبەر ئەوەی ئەو کاتە عورفی کۆمەڵایەتی دابونەریت زۆر رێگەی نەدەدات کچ بچیتە بەر خوێندن. ژیان و کاروباری کشتوکاڵیش هۆکار بووە، کاری کشتوکاڵیش هەمەلایەن و گشتگیرە ئیتر ژن و پیاو و منداڵ دەبێت پێیەوە خەریک بن. هۆکارەکەی کاری کشتوکاڵی بووە دەنا براکانم هەموویان چونە بەرخوێندن.

**چەندیان بەهۆی خوێندنەوە پێگەیشتوون و بوونە خاوەنی وەزیفەو ناوێکی دیار؟ بۆنمونە مامۆستایەکی بەناوبانگ یاخود کارمەندێکی بەناوبانگی دەوڵەت؟**

کەسیان بەڵام هەموویان خوێندویانە براگەورەکەم سەید حمەئەمین هەم لە مەکتەب خوێندبووی و هەم لەحوجرە خوێندبووی پێش نویژی دەکرد، بەڵام بەبێ بەرانبەر. پیاوێک بوو لەبواری ئەدەبیاتیشدا زۆر شارەزا بوو، بەتایبەتی شیعری کلاسیکی حافزو سەعدی و خیام و شاعیرە کلاسیکیەکانی خۆشمان وەکو نالی ومەحوی وئەوانە شارەزاییەکی باشی هەبوو . شێخ رەحیمی برام پۆلیس بوو، شێخ بەکری برام کادیرو پیاوێکی شۆڕش گیربوو، بەدرێژایی تەمەنی هەر پێشمەرگە بوو، سالی ١٩٦٧ هەتا ١٩٧٠ لەسەردەمی جەلالییەکاندا بەرپرسی

سەندیکای کرێکارانی جگەرەبوو لەکارگەی توتن پاککردنەوە لە سلێمانی. ئێستا کۆچی دوایی کردووەو لەژیاندا نەماوە . براکانی تریشم هەریەکەیان بە ئیشێکەوە سەرقاڵ بوون . مەلاسەی گوڵ ئێستا ئیمامە لەمزگەوتی قازی محەمەدە، ئێ منیش ئەوە دەمناسیت پێشمەرگە بووم.

**بێگومان تۆ ناوێکی دیارو پێشمەرگەو خەباتکارێکی دێرینیت ئێمەش قسەمان لەسەر رابوردوخەبات وقوربانیدانتە. کاک سەید ئەوسا کەتۆ لەقوتابخانەی ماوەت بویت هەتا شەشی سەرەتایی لەوێ بوویت؟**

بەڵێ

**ئەوکاتە ژمارەی خوێندکارەکانی ماوەت چەند دەبوون؟**

بەتەواوی نازانم بەڵام من پۆلی پێنج بەنمونە دەهێنمەوە، باش لەبیرمە ئێمە (٩) قوتابی بووین، بەهەر شەش پۆلەکە رەنگە بگەیشتایەتە شەست قوتابی، تاقەتاقە کچیشمان لەگەڵدا بوو.

**زۆر باشە ویستم ئەو پرسیارەت لێبکەم داخۆ کچتان هەر لەگەڵ نەبوون، یان بەس ماڵی ئێوە کچیان نەناردووەتە بەرخوێندن، بەڵام بۆ خۆت پێشمکەوتیت دەستت خۆش بێت.**

ئێ زانیم ئەو پرسیارەم لێدەکەی گوتم باخۆم وەڵامت بدەمەوە.

**ماملۆستاکانی ئەوکات تاچەند گرنگییان بەباری رۆشنبیری خوێندکار دەدا، بەدەر لەو رۆشنبیرییە گشتی لەسیستمی پەروەردەدا هەبوو؟ بۆ نمونە من هەمیشە خۆم بە قەرزداری مامۆستای کوردیمان مامۆستا (مژدە) دەزانم کە هاندەرم بوو بۆ خۆێندنەوەو ئەو وای کرد من بەرچاوڕون بم، تۆ مامۆستایەکت هەیە خۆت بەقەرزداری بزانی؟**

ئەوکاتە ڕۆشنبیری زۆر سنوردار بوو، لەبەرئەوەی چاپخانە کەم بوو کتێب کەم بوو، زیاتر ئەو مامۆستایانە رۆشنبیریان هەبوو کە شارەزابوون لەزمانی عەرەبیدا، ژمارەیەکی باشیشیان رۆشنبیرییان هەبوو بەدەر لەو ڕۆشنبیرییە گشتییەی کە لە سیستمی پەروەردە و خوێندندا هەبوو، دەبێت ئەوەش بڵێم کە زۆربەی ئەو مامۆستایانە خەڵکی شۆرشگێر خەڵکی دڵسۆزی وڵاتی خۆیان بوون.

**بێگومانم چ لەکۆنداو ئێستاش مامۆستا بەچاوی ڕێزەوە تەماشاکراوە، بەڵام خۆشەویستترین مامۆستا کەهەتا ئێستا لەیادەوەری تۆدا ماوەتەوە کامیانە؟**

بروا بکە هەر هەموویان ناتوانم بڵێم کامیان زیاتر لەکامیان، مامۆستایەکمان هەبوو ناوی مامۆستا ئەبوبەکر بوو، ئەبوبەکری خاڵەباس[٥] ئێستاش ماوە تەمەنی هەزارساڵ بێت، ئەمەت وەک نمونە بۆ دەگێرمەوە، برادەرێکم هەبوو ئیستا مردووە، لەخواروی عێراقەوە هاتبوونەوە ئەو کوردی باش نەدەزانی، مێژوو جوگرافیاکەی لەبەر من نوسیبووەوە من چۆن نوسیبووم ئەویش ئاوا نوسیبوویەوە، مامۆستا بەکر سەیری کردبوو گوتبووی ئەوە قۆپێتان[٦] کردووە، بانگی کردین یەکی ٤٥ داری لەپشتی دەستماندا. مامۆستا ئەبوبەکر رەنگە بڵێم لەهەموان خۆشەویستترە، رۆژێک داوەتم کرد وتم ئەگەر دەستم بکەوی بزانە چت لیدەکەم؟ کەهات وتی فەرموو بزانە چم لێدەکەی پێم گووت تۆ بەو گەورەییەو من بەم بچوکییە چم لەدەست دێت. مامۆستا قادریشمان هەیە ئەو مودیرمان بوو، زۆرجار بەگژماندا دەهات، بەڵام ئێستاش کەم رۆژهەیە نەیبینم و ئەگەر لەگەڵ خۆم نەیبەم بۆ ماوەت بێتاقەت دەبم. مامۆستا عەباسیشمان هەیە ئەو مامۆستای بیرکاریمان بوو، زۆر زرنگ بوو لەبیرکاریدا، زرنگییەکەی لە سنور بەدەر بوو لەبیرکاریدا، خۆشم زیرەک بووم نەڵێم خۆم هەڵدەکێشم هەمیشە لەسەد نەوەدم دەهێناو وەک نمونە دەیهێنامە دەرێ. پێرێ لەگەڵم بوو هات بۆ ماوەت بەو دەستە جوانانەی خۆی مێوی لەگەڵ دەبڕیم.

**جوانە پێزانینێکی جوان و هەستێکی بەرزت هەیە، کاک سەید مادام وایە با ئەو پرسیارەش بکەم ئەو مامۆستایەی زۆر لێی دەترسایت لە قۆناغی سەرەتاییدا کامیان بوو؟**

مامۆستا غەفورێکمان هەبوو لەبازاڕیش بیبینیمایە لێیدەدام. باوکم پیاوێک بوو ریش سپی ماوەت و هی بنەماڵەکەی خۆشمان و ناوچەکەش بوو، دەچووە هەر دائیرەیەک رێزیان لێدەگرت، تەنانەت مدیر ناحیە کەکەسێکیان دەگرت

---

٥. خاڵە باس مەبەست لە خاڵە عەباس یان خاڵە هەباسە. بەناوی گوندەکەیانەوە ناو دێرکراوە گوندەکەیان سەربەناحێی ماوەتەو ناوی خاڵەباسە.

٦. (قۆپی) لە ناوکوردا لە زۆر کۆنەوە بەکاردێت کە بەواتای ساختەکردن دێت بەتایبەتی بۆئەوخوێندکارانەی زیرەک نین و بەفێڵ وساختەکردن خۆیان لە تاقیکردنەوەکانیان دەربازدەکەن، بەڵام بنەرەتی وشەکە لە کۆپی (copy) ئنگلیزییەوە هاتووە، بەواتای لەبەرگرتنەوە دێت. کۆپی لەفۆنەتیکی کوردییەکەیدا گۆراوە بۆ قۆپی.

لەپێشەوە دەیانگووت بابزانین سەید حەمەلاو چی دەڵێت، بەڵام مامۆستا غەفور جارێکیان لەچایخانەیەک لەگەڵ باوکم بینیمی بەپێشچاوی ئەوەوە گوێی گرتم بایداو زللەیەکی لێدام.

**لە ناو هاو پۆلەکانتدا لەقۆناغی سەرەتاییەوە کامیان هەتا ئێستا بەهاوڕێی ماونەتەوەو لێکدانەبڕاون؟**

ئەوەی لەگەڵم ماوەتەوە غەریبی کوێخا کەریم، هەرچەندە ئەو لەچواری سەرەتایی وازی لە خوێندن هێنا بەڵام مادام تۆ باسی سەرەتاییم لێدەپرسی دەبێت باسی بکەم، هەر لە منداڵییەوە پێکەوە بووین، خزمیش بووین و دراوسێش بووین، هاوسێ ماڵ بووین، بەشێکی بیرەوەرییەکانم غەریبە ئێستاش لە ژیاندا ماوە، ئەوانی تریش حەمەرەشید ئەوڕەحمانە، ئێستا ئەویش خانەنشینە، کاک حمە عەزیزە، عەبدوڵا حاجی فەتاح، عوسمانی عەریف حەسەن ئەوەی کە عەرزم کردی لەبەر دەفتەرەکەی من نوسیبویەوە لێدانم لەسەری خوارد، ئەوانە هاوڕێی منداڵیمن، کاک حمەرەشید ماڵی لەشارە ئەگەر بڕۆین بۆبازار بەیەکەوە نەڕۆین ناڕۆین ئەگەر من نەڕۆم بۆ بازار ئەویش ناڕوات ئەگەر ئەویش نەروات منیش ناڕۆم بەبێ یەک هەڵناکەین. برادەری تریشم زۆرن هەموو خۆشەویست و ریزدارن، بەڵام ئەوانەی باسم کردن واتێکەڵبووین وەک جومگەیەک کە لەیەک جیا نابینەوە، جەلال ماوەتی و محەمەد ئیسماعیل ماوەتیش بوون ئەوان دوو پێشمەرگەی دیاربوون.

**چەند لەو قوتابیانە لەگەڵ تۆدا هاتنە کۆڕی تێکۆشان و بوون بەپێشمەرگەو دەرکەوتن؟**

کەسیان.

**باسی ئەوەت کرد باوکت ناسراوی نابنەماڵەکەتان و ناسراوی ناوچەکەش بوو، ماڵی باوکت بەکێ ناسرابوون؟**

بەحاجی حەمەلاو زادە. شێخ حەمەئەمینی براشم کەنامەی دەنوسی دەبوو بنوسێ شێخ حەمەئەمین حەمەلاوزادە، ئیستاش لە فەیسبوکدا پەیجەکەمان بەناوی حەمەلاوە.

**بەڵێ بەچی ژیانتان دابین دەکرد؟ هەر بەکشتوکاڵ و باخداری یان کارێکی تریشتان دەکرد؟**

باوکم لەگەڵ حاجی فەقێ ڕەشیدی قەشان، باپیری کاک بەهرۆزی پارێزگار هەم خزمیش بوون بەهۆی ژن و ژن خوازییەوە پێکەوە بازرگانییان دەکرد و بەزۆری ئاڵوگۆڕی توتنیان دەکرد، باوکم لەدەڤەری ئالان و ماوەت و تەنانەت لە سەردەشت و بانەش توتنی دەکڕی و حاجی فەقێ ڕەشیدیش لەسلێمانی ساغی دەکردەوە. بۆخۆشمان لەلایەک ئاشمان هەبوو، لەلایەکی تریش زەوی و زارێکی زۆرمان هەبوو، مەر و بزن و گاگەلیشمان هەبوو، لەبەرئەوە ئیشەکانمان زۆر بوو لەبەرئەوە هەندێکیمان دەدا بەسەپان[٧]، ڕەنجبەریشمان رادەگرت[٨] و هەندێکیشی بۆ خۆمان دەماندەکردو ڕەنجمان دەدا. چونکە پێرا نەدەگەیشتین باوکم هەمیشە دوو ژنی هەبوو، بەڵام باوکم پیاوێکی ناسراو بوو یەکەم کەس بووە لەماوەت کەدژی نیزامی دەرەبەگایەتی ڕاپەڕی.

**کەواتە ئەو نۆبراو شەش خوشکە لەبەرەی دوو ژن بوون؟**

لەبەرەی سێ ژن بووین، بەڵام باوکم چوار ژنی هێناوە، ژنی یەکەمیان لەگەڵی نەگونجاوە.

**لەوەیان منداڵی هەبوو؟**

نەخێر لەوەیان منداڵی نەبوو، بەڵام ژنی سێهەمیان حاجی حەمەمینی برام و خوشکێکمی لێبووە، ژنی دووهەمی شێخ رەحیمی برام وسێ خوشکی ترمی لێبووە، دایکی منیش حەوت کوڕو سێ کچی لێ بووە.

**پەیوەندیشتان ئاساییە؟**

کەس نازانێت کاممان لەچ دایکێکین. هەمیشە نێوانمان باش بووە.

---

٧. سەپان بەزۆری بەو کەسانە دەوترا کەسەرپەرشتی کاروباری کشتوکاڵیان بۆ ئاغاکان وکوێخاکان دەکرد یاخود ئەو کەسانەی زەوی وزاریان زۆر بوو خۆیان دەرەقەتی نەدەهاتن سەپانێکیان بۆ دەگرت، بەزۆری بەسەرپرشتیاری مەرەزە دەگوترا قۆغڵ یان سەپان، ئەوان بەبەردەوامی لەناو زەوییە کشتوکاڵییەکان رەنجیان دەکێشا بەبێ ئەوەی هیچ کرێیەکی رۆژانە وەربگرن ئەوپەرییەکەی دەستێک جلیان بۆ دەکردراو نان وشوێنی خەویان بۆ دابین دەکراو لەکۆتایی هەڵگرتنەوەی دانەوێڵەکەشدا بەشێکی زۆر کەمیان دەدایە سەپانەکان،

٨. رەنجبەر بەوکەسانە دەوترا کە لەماڵی ئاغاکان وکوێخاو دەسترۆیشتووەکان رەنجیان دەداو هەرلەوێش نانیان دەخواردو دەخەوتن، بەڵام هیچ کرێیەکیان لەبەرامبەر رەنجەکەیان وەرنەدەگرت تەنها جلوبەرگ وشوێنی حەوانەوەیان بۆدابین دەکرا.

من سەرباری ئەوەی نزیکایەتییەکم هەیە لەگەڵتاندا ئەوە یەکەم جارە بیزانم ڕەنگە ئەم دیدارە نەبوایە هەر نەمزانیبایە، باپیری منیش ٥ ژنی هەبووە تارادەیەک حاڵەتەکان وەک یەک وان. ئەوەش لەدابونەریتی ئەوکاتەی کوردەواریدا ئاسایی بووە.

**کەواتە ئێوە لەبەرئەوە ڕەنجبەرتان هەبوو کە زەوی و زارو ماڵاتتان زۆر بوو، نەک لەبەرئەوەی سەید بوون و کارتان نەکردووە؟**

بەڵێ لەبەرئەوەی زەوی و زارێکی زۆرمان هەبوو لەماڵەوەش وەرگێرکەمان[٩] کەم بوو باوکیشم هەمیشە سەرقاڵ بوو، ناچاربووین ڕەنجبەر بگرین، ڕەنجبەر لەماڵەوە هەموو ئیشیک دەکات و ساڵانە بڕێک پارەو جل و پێڵاو هەندێک خواردن و شتیان پیدەداو لەوماڵە دەمایەوە ئێمە ڕەنجبەرێکمان هەبوو حەمە شابانیان پیدەگوت، هەموو جارێک بەباوکمی دەگووت من گەورەی ئەم ماڵەم. باوکم پیاوێکی زۆر هێمن ولەسەرخۆبوو، قەت توڕە نەدەبوو. حمەشابان پیاوێکی شێتۆکە بوو بە باوکمی نە دەگووت حاجی حەمەلاو هەر دەیگوت حەمەلاو، دەیگوت (ئەگەر حمەلاو لێرەنەبێ منم) واتا من گەورەو پیاوی ئەم ماڵەم. کەمیوانمان هەبوایە دەبوایە لەپێش هەرهەمووانەوە قاپەکە بۆ ئەو پڕبێت، جاقاپێکی زۆر گەورەی هەبوو، دەیگوت پیاوی گەورە ئەگەر میوانی هەبێت نابێت بۆخۆی نان بخوات هەتا ئەخیر کەس، نەیدەخوارد هەتا هەموو میوانەکان نانیان نەخواردایە، ئەو نەیدەخوارد، کە میوان تەواو دەبوون ئینجا ئەونانەکەی دەخوارد بەڵام هەرکەسێک دەستی بۆ قاپەکەی ببردایە دەیکرد بەفەرتەنە. دۆودۆشاوی تێکەڵ دەکرد.

**ماوەت بەچ کشتوکاڵێک بەناوبانگ بوو بەرەزوباخ یان بنێشت؟**

خەڵکی ماوەت بەزۆری بەتوتنەوە سەرقاڵ بوون.

**هەرماوەت توتنی دەکرد یان دەوروبەریشی؟**

ناوچەی شینکایەتی بەئاژەڵداری و ترش و ڕەزو ئاڵوگۆڕ، لەبەرئەوەی ناوچەی شینکایەتی ئەرز و ئاویان کەم بوو، لەبەرئەوە ترێ و دۆشاویان دەبرد بۆ گەرمیان و

---

٩. مەبەست لە وەرگێرکە ئەوەیە کە ماڵێک منداڵێکی هەراشیان هەبووبێ چاودێری ئاژەڵەکانیان بکات پێیانگوتووە وەرگێڕکە، بەواتای ئەوەی مەڕوماڵاتەکانیان بۆ بگێڕێتەوە.

دەیانگۆڕییەوە بەگەنم. هەرلەم ئالۆگۆڕەشەوە فێری ئالۆگۆڕی چەک و ئەسڵەحەش بوون بۆیە ئیستاش خەلکی ئەو دەڤەرە گەلاَلەو سەفرەو زەرون و قامیش دەولەمەندن، هەرچی ناوچەی ئالانیشە، کەلە گوێزەلێوە دەچێ بۆ مەروێ و بۆ شاناخسێ لەوێشەوە دەچێتەوە بۆ ناوچەی سیوەیل ئەوانەش هەموویان بە توتن و گوێز و ئاژەلدارییەوە خەریک بوون. ناوچەی سەرشیو هەروا بە توتن و گوێزو ئاژەلدارییەوە خەریک بوون، ناوچەکەی ئێمەش ماوەت جگەلە توتن بەکاری هەمە لایەنەوە خەریک بوون، هەندێکم لەبیرەوەرییەکانی خۆمدا نوسیوەتەوە برادەرێکم هەیە ئاوات ئەحمەد سولتان، ئەگەر بیناسیت وەرگێرێکی باشە بیرەوەرییەکانمی دیوە زۆر سەرسامە بەنوسینەوەی هەندێک لەوانەی باسم کردوون.

**چین ئەوانەی باست کردوون؟**

گوندنشینێک دەبوایە مەڕی هەبوایە، بزنی هەبوایە، گای هەبوایە بۆ جووت کردن و زەوی کێلان، کەری هەبوایە بۆ بارکردن، لەولاشەوە دەبوایە زەوییەکەی رەنێوبهێنایە.

**پاشئەوەی قۆناغی سەرەتایت لەماوەت بڕی ئیتر بۆ تەواوکردنی خوێندن چویتە کوێ؟**

باجارێ ئەوەت بۆ باس بکەم من لەقۆناغی سەرەتایی پێش نیوەرۆ دەبوو لەمەکتەب بخوێنم دوای نیوەڕۆ دەبوو لە حوجرە بخوێنم، لەبەرئەوەی باوکم بەهیوای ئەوە بوو من ببم بەمەلایەکی بەناوبانگ، دەیگوت تۆ دەبێت ببیت بەحاجی مەلا سەید ئەحمەد. ببورە باشتێکی ترت بۆباس بکەم.

**بەلێ فەرموو.**

مادام باسی ماوت دەکەین وا چاکە بلێین بنەرەتی ماوەت لەچەند بنەماڵەیەک پێکهاتووە، تایەفەی حاجی سالحی، تایەفەی وسو، تایەفەی مەلا ئەحمەد، تایەفەی سمایل، تایفەی یەحیا، تایەفەی مەلایان، تایەفەی ئێمەین و سەیدی پیر خدرین و بەناوبانگی تێدا بوون، بنەماڵەیەکیان ئێمەین کە بە مەلا بەکری بەناوبانگین، مەلا بەکر شەش کوڕی هەبووە، ئێمە لە کوڕێکیانین، لە کوڕە گچکەکەی مەلابەکرین، هەرچی ملکە زۆرەکانە هی ئێمەیە، تایەفەیەکی تر لەماوەت هەیە پێیاندەلێن تایەفەی حاجی سالح، ئەوانیش کەوتوونە ئەوبەری ماوەت و هەندێکیشیان

لەخوار ماوەتەوەن، تایەفەیەکی تریش هەن ماڵی وسویان پێدەڵێن، ماڵی حاجی فەتاح ئەوانە زیاتر کەوتوونەتە سەروی ماوەتەوە. بنەرەتی ماوەتیەکان ئەوانن ماڵی وسوەکانن. هەرچی ماڵی حاجی ساڵحە زیاتر بازرگانی کردووە، ئەو لەبنەرەتەوە لەکەرکوکەوە هاتووە. پیاوێکی زۆر جوان و پاک و ناودار بووە، باپیرە گەورەی ئێمە مەلا بەکر زۆر خۆشی ویستووە. مەلا بەکر کچێکی خۆی داوەتێ و تەنانەت مڵکەکانیشی هەر مەلا بەکر بۆی کڕیوە. هەرچی ئێمەشین لەبنەرەتەوە لەبەرەبابی مەلاموساین، لە سەقزەوە هاتووین. هەروا بێتەوە چەندین بنەماڵەی تریشی تێدان وەکو بنەماڵەی حسێن خاڵە بەکرو حاجی محەمەد زێوکەیی و عەزیزی کاکەلی ماڵی خاڵوانم مەلا ئەحمەد.

**ببورە کاک سەید ئەوکچەی کە باپیرە گەورەی ئێوە داوێتی بە حاجی ساڵح ناوی نازانی؟**

نەبەخوای ناوی نازانم ئەوەهی چەند پشت پێش ئێمە بووە.

**بەڵێ فەرموو باسی مەلا موسات دەکرد.**

بەڵێ مەلا موسای تەوەکەلی لە سەقزەوە هاتووە، کە ئێستا مەرقەدەکەی لە خوار ماوەتەوەیە، یەکێک بووە لەو کەسە بەناوبانگانەی کە قوتابخانەیەکی عیلمی و فەلسەفی و ئاینی هەبووە، دکتۆرێکی عەرەب بەناوی دکتۆر عماد عبدالسلام ڕؤوف[١٠] لەنامەی دکتۆراکەیدا باسی دەکات بەناوی (المراکز ثقافیه المغمور فی کوردستان) کە لە عێراقدا شەش حەوزەی عیلمی ئاینی بەناوبانگ هەبوون، یەکێکیان هی مەلاموسای تەوەکەلییە کە ئێستا مەرقەدەکەی لەماوەتە، بەڵام دکتۆر عیماد لەبارەی مەلا موساوە لە لاپەڕە ١٥٥ دا نوسیوێتی: (العلامە ملا موسی الماوتي، الذي درس في مدرسته مدة طويلة، کتب فی خلالها حواش و تعليقات شتی لاسيما في المنطق والفلسفه والکلام کانت هذه المدرسه مکتظفه بالطلاب عمصدة وقد اصبح قبره مزاراً بعده).

ومن المحفوطات التي وصلتنا منها (حاشية الخيالي على شرح العقائد النفسيه) نسخها احمد بن محمود بن حمزه من محمد الإيساوئي في قرية ماوت. (عندما کان طالباً في مدرسة مولانا موسی سنة ١٠٨٩ هجري ١٦٧٨ م) وهي نسخة عليها حواشی بخط العلامة المذکور.

١٠. مەلا موسای تەوەکەلی–دکتۆر عماد عبدالسلام ڕؤوف–استاذ تاریخ المدارس جامعە بغداد١٩٩٧.

بەداخەوە ئێستا کتێبەکەیم لەلا نییە لەلای د. عەبدولقادر ماوەتییە ئوستازی زانکۆیە لەکۆلیژی ئاداب. ئەو مەلا موسایە نەوەی لێکەوتوونەوە یەکێکیان مەلا بەکری باپیرە گەورەی ئێمەیە، لەماوەت جێگیر بووە، یەکێکیان شێخ سمایلی عەوالانە کە ئەو سەروەختە چووەتە عەوالان[١١] مەلا برایمیش چووەتە ئەزمەک. ئیستا کاتمان نییە دەنا شتی تریشم باس دەکرد.

**باسی بکەو کاتمان بۆ بەرێزت کراوەیە.**

باسی کەم؟

**بەڵێ بەئارەزووی خۆت.**

باشە لە ماوەت باخێکم کرد، لە ناوباخەکەمدا شوتی گەورە ڕوابوون، مەگەر هەر لە شارەزوور[١٢] ئەو شوتیە گەورانە هەڵبکەون، کوێخا کەریم و عەلی پاشا دوو پیاوی هەڵکەوتووی دەڤەری شارباژێڕن، کوێخا کەریم براگەورەو ریش سپی و ئامۆزای گەورەمانە، عەلی پاشاش خەڵکی ئاو کورتێ و پیاوێکی خەباتگێڕە ئەو دوو پیاوە لەوەدا جوانن کە هەرگیز سەریان بۆ ڕژێمی بەعس دانەنەواندووەو هەرچی کێشەیەکیش لە شارباژێردا هەبووبێ چارەسەریان کردووە.[١٣] کەهاتن بۆ میوانیم شوتیم بۆ قاشکردن و دامنا عەلی پاشا گووتی: سەید ئەحمەد ئەوە چییە؟ گوتم ئەی نازانی شوتیە؟ گوتی دەزانم بەڵام ئەم شوتییە هی کوێیە؟ گوتم هی باخەکەی خۆمە، وتی کورە دەلاچۆ کەی لەماوەت شوتی واهەڵدەکەوێ وتم ساوەلا ئەوە سەرو شوتیم بۆخۆشتان داناوە بیبەنەوە بۆماڵێ، عەلی پاشا گوتی کورە بزانە لەکوێت هێناوە دەنا لەماوەت کەی شوتی واهەڵدەکەوێ؟ وتم ئێمە سەیدین شوتی دەڕوێنین و دوعایەکی بەسەردا دەخوێنین ئاوا گەورە

١١. عەوالان مەبەست لە گوندی (عەودالان)ە لە ناوچەی سورداش و قەزای دوکان بەزۆری شێخەکانی لێنیشتەجێ بوون و بەشێخەکانی عەودالان بەناوبانگن، ناوی راستی گوندەکە عەودالانە بەڵام زۆر کەس پێی دەڵێن عەوالان لە بناری چیای گەورەدێ یەو دەکەوێتە ڕۆژئاوای تابین و ڕۆژهەڵاتی چەمی رەزان. شێخ سمایل وەک شەخسێکی پیرۆز خەڵکی سادەوساکاری گوندە هەژارنشینەکان دەچونە سەرگۆڕەکەی و لێی دەپارانەوە بۆئەوەی ئاواتەکانیان بێتە دی، لەمبارەیەوە شیعرێکی میللی هەیە کە لەکاتی شەڕی شێخ مەحمودو ئینگلیزەکاندا وتراوە کاتێک ئینگلیز فڕۆکەی جەنگی بەکارهێناوەو کوردیش بەساچمەزەن شەری کردووە، شیعرە فۆلکلۆرییەکە بەم شێوەیە دەڵێت یاشێخ سمایلی عەودالانی لینگم درێژکەی بۆ غاردانێ شەڕم پێناکرێت لەگەڵ ئاسمانێ.

١٢. دەشتی شارەزوور بەپیترین دەشتی کوردستانی باشورە بۆ کشتوکاڵ لەشارەزوور شوتی زۆر دەکرێت وبەزۆری شوتیەکانی شارەزور گەورەو بەتامن.

١٣. لەدەیدارەکەدا کاک سەید ئەحمەد ئاماژە بەمردنی ئەو دوکەسایەتیە دەکات کە کوێخا کەریم ساڵی ڕابوردوو (٢٠١٣) لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا مردووە. ئەمسالیش عەزیز پاشا مردووە، کە تەمەنی گەیشتبووە سەرووی سەد ساڵ.

دەبێت. گوتی کورە سەیدی چی بەدرۆ سەجرەیەکتان بۆخۆتان پێکەوەناوە دەڵێن سەیدین، سەیدی چین وەلا هیچ نین. منیش گوتم دەباشە کەمردین مەیەنە سەر گۆڕەکەمان بۆ پارانەوە. پێکەنی وتی وەڵاهی سەید ئەحمەد راست دەکەی. ئینجا بۆ خۆی چیرۆکێکی بۆ گێڕامەوە عەلی پاشا گوتی کابرایەکی سەرگەڵوویی ئاژەڵەکەی توشی (پەتایەک)دەرێک دەبێت و خەریکە هەموو دەمرن، بەیتەرێیان هێنابووە سەری بێ سود بوو، تەقەیان بەسەردا کردبوون بێسود بوو، چەندی هەوڵیاندا بوو مەڕەکان چاک نەبووبون کابرایەکیش گوتبوو جا بۆنایانبەن بۆسەر مەرقەدی مەلابرایمی[14]؟ ئێوە بیانبەن هەرچی نەچووە ژورێ ئەوە سەری بڕن و بۆیان بکەن بەخێر، وتی بردیان لە ناویاندا دوو مەڕ بە ئامان وزەمان نەدەچونە ژورێ جیایان کردنەوەو سەریان بڕین. گوتم ئەی دوایی؟ گوتی وەڵا مەڕەکان عەلەمیان لێبڕاو چاک بوون، منیش پێمگوت چاوت لێیە ماڵت بەقورێ نەگیرێ ئێمە بەمردوییی مەڕی نەخۆش چاکبکەینەوە بەزیندوویی ناتوانین شوتی گەورە کەین. (بەپێکەنینەوە ئەوە هەر بۆ خۆشی بوو).

**کاک سەید شتێکی گرنگت وروژاند دەتوانی پێم بڵێت کە ئاژەڵ توشی نەخۆشی بووە بۆچی تەقەیان بەسەردا کردووە ؟**

دەڵێن لەهەر شوێنێک کە زەبەند و چڕ و دارستان بێت، ناوچەکە گورگ و دڕندەی کێوی تێدابێ و ئاژەڵەکان گوێیان لەدەنگی لورەی گورگ و دڕندەی کێوی بێت ڕادەچڵەکن، ئەو ئاژەڵانە کەمتر توشی نەخۆشی دەبن لەوانەی بەدەنگی ترسناک رانەچلەکیون، بۆیە تەقەیان بەسەردا دەکەن بۆ ئەوەی رابچڵەکن و بسڵەمنەوە ئەوە وەکو چارەسەرێکی کوردەواری بووە لەو سەردەمەدا. بەڵام بەبڕوای من مەسەلەکە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئاژەڵی ناوچە عاسێکان لەژینگەیەکی پاکترو دور لەشار کەمتر توشی نەخۆشی دەبن.

**وتت من بێجگەلەوەی قوتابی بووم دوانیوەڕۆیان دەچومە حوجرەش ؟**

بەڵێ من لە پۆلی پێنج بووم ئەو کاتە لە حوجرەش بووم بەڵام کە شۆڕشی ئەیلول دەستی پێکرد، ئیتر مەکتەب داخراو ئەو ساڵەی خوێندنم فەوتا، ساڵی دوایی هاتم لە سلێمانی خوێندم ، بەڵام بۆ شەش هەر لە ماوەت مەکتەب دانرایەوە،

---

١٤. گۆڕی مەلابرایمی ئەزمەک ئێستاش لە ئەزمەک ماوە، گۆڕێکی کۆنەو بە وشکە کەڵەک دەورەی گیراوەو پەرژینی بۆکراوە.

ئیتر شۆڕشی ئەیلول ئاوابوو ساڵێک گفتوگۆو ساڵێک شەڕبوو، مەکتەبیش دادەخراو دەکرایەوە ئاوا بوو، کەشەش کرایەوە ئیتر داخڵی بەکەلۆری بووم، بائەوەش باس بکەم ئەوانەی لەدەرەوەی شار داخڵی تاقیکردنەوەکانی بەکالۆری ببوون پارێزگاری ئەوسای سلێمانی داوەتیکی بۆ کردین لەم نادی فەرمانبەرانەی کە ئێستاش ماوە، یەکەم جارم بوو شتی وابیبنم، خواردنێکی زۆر دانرابوو، مەڕیان هێنابوو ناو سکەکەیان دەرهێنابوو پڕیان کردبوو لەبرنج و کردبوویان بە بریانی مەڕەکە بەساغی دانرابوو تەنها ملیان لێکردبووەوە، ئینجا ساردی دانرابوو ئەوسا زۆرمان پێخۆش بوو کە جەنابی پارێزگار ئەو دەعوەتەی بۆ کردبووین.

**ئەودەعوەتە تەنها بۆ خوێندکارانی گوند نشین بوو ؟**

بەڵێ تەنها بۆ ئەو خوێندکارانە بوو کە لە لادێکانەوە هاتبوون بۆ تاقیکردنەوەی بەکالۆری.

**لەهەموو لادێکانەوە یان تەنها بۆ لادێکانی ناوچەی ماوەت بوو ؟**

نانا، بۆ هەموو لادێکان بووم ئەو ڕاڕەوەی نادی فەرمانبەران مێزی درێژ دانرابوو رازاێنرابووەوە پڕپڕ بوو.

**بورە بابێینەوە سەرحوجرەکە لەوەیاندا گەیشتیتە کوێ ؟ سەرئەنجام هەرنەبووی بەمەلا ؟**

(بەپێکەنینەوە) نانا نەبووم بەمەلا. بەڵام قورئانم خەتم کردووە لەسەردەستی مامۆستا مەلا حسێن کە مامی دایکم بوو، پیاوێکی خۆش مەشرەف بوو، دەنگ خۆش و پاک و خاوێن، هێدی و هێمن و لەسەرخۆ بوو، نەوەیەکی جوانی لێکەوتووەتەوە. مامۆستا مەلا عەبدولرەزاق لەشوێنی خۆی بەجێماو ئەو بوو بە مامۆستای ماوەت، لەسەر رەنجی خۆی دەژیا دەچوو ئیشیشی دەکردو دەهات پێشنوێژیشی دەکرد، عالمیش بوو. چەندین فەقێ لەسەر دەستی ئەو بوون بەمەلا، هەروەها مامۆستا مەلا زاهیر ئەویش هەر کوڕی مامۆستا عەبدولرەزاقەو ئێستا دکتۆرا دەخوێنێ لە شەریعەتدا، مامۆستا عەبدول مەجیدی کوڕی مامۆستا مەلا حسێن چیرۆکنوسە، رۆماننوسە، ڕۆمانێکی هەیە بەناوی گەردەلول، بەداخەوە کۆچی دوایی کرد، مامۆستا حەمیدیشی هەیە. محەمەد عەزیز یەکێک بوو لە هاوڕێکانی سەردەمی حوجرەم هەتا نەڵیی محەمەدی عەزیزی مریەم نایناسنەوە.

ئەویش یەکێک بوو لەو تەلەبانەی[١٥] لە حوجرە بوو دوای نیوەڕوان، ڕۆژێکیان مامۆستا مەلا حسێن جا من لەزمانی دایکمەوە هەر پێم دەگوت مامە چونکە مامی دایکم بوو، پێی گوتم سەید گوتم بەڵێ، مامە گوتی بڕۆ بە فاتمێ (دایکت) بڵێ گەیشتووینە مریشکە ڕەشەی. کەچومەوە گوتم مامۆستا وای پێگوتووم، باوکم یەکسەر تێگەیشت، گووتی فاتم دوو مریشکان سەربڕە ئەوە دەڵێ ئێوارێ دێم.

**دوای تاقیکردنەوەی بەکالۆری ئینجا ناوەندیشت تەواوکرد ؟**

ناوەندیم تەواو نەکرد هەتا سێی ناوەندیم خوێند، دووم تەواوکرد لە پۆلی سێی ناوەندیش خوێندم، ئیتر توشی کاری سیاسی بووم، بەوپێیەی شێخ بەکری برام لەگەڵ باڵی جەلالیەکان کاری دەکرد کادری ئەوان بوو، منیش چوومە باڵی جەلالیەکانەوە، بۆ نەگبەتیشم لەبەرئەوەی من لەهەموان زیتەڵەتر بووم لێپرسراوی ڕێکخستنی سێ قوتابخانە بووم، قوتابخانەکانی شۆڕش و جموری و ئەزمڕ، لێپرسراوی هەمووشمان لەگەڵ شێخ محەمەدی سەرگەڵو یەکێکی تریش بوو فاروقی زەڕەنگەر کە ئێستا دوکانی زەڕەنگەری هەیە لە جادەی کاوە، ئەو لێپرسراومان بوو، کۆبوونەوەو کاری سیاسی وای لێکردم نەپەڕژێمە سەر دەرس و وانەکانم و بەو هۆیەوە لەسێی ناوەندی دەرنەچووم، ئەوکاتە وابیرم دەکردەوە کە ئەمە جۆرێکە لەبەرەی دژ بەگەل بۆیە وازم لەخوێندن هێنا، بەڵام پەیمانگایەکی مامۆستایان کرابووەوە لە ناوپردان (بەپێکەنینەوە وازم لە جەلالیەکان هێنا چومە ناومەلاییەکانەوەو چومە ئەو پەیمانگای مامۆستایانە). ئەمە لە ساڵی ١٩٦٨ – ١٩٦٩ ئیتر کە ئەوەم تەواو کرد هاتمەوە بووم بەمامۆستا لە گوندی گەڵاڵێ.

**دوای ئەوە بروانامەکەی ئەو پەیمانگایە بەفەرمی مامەڵەی لەگەڵ دەکرا ؟**

دوای ئەوە (دەورە) خولی تر کرایەوە، خولی مامۆستایی و خولێکی تریش کرایەوە ئێمەیان نارد بۆ خولی برینپێچی ئاژەڵ لە بەغدا. ئەوە دوای بەیانی ١١ی ئازار بوو، دوای ئەوەی ئەو خولەم تەواوکرد ناردیانم بۆ قەرەداغ، لەوێ دامەزرام ماوەی چوار ساڵ لە قەرەداغ بووم. ساڵی ١٩٧٣ لەگەڵ مامۆستا ئەحمەدێک و مامۆستا ئەبوبەکرو مامۆستایەکی تریش بوو عەرەب بوو ناوی نزار بوو، لەگەل

---

١٥. لەسەردەمانێکی زووە لە ناوچەجیاجیاکانی کوردستانی باشور بەخوێندکار وتراوە تەلەبە کەلەوشەی «گالب»ی عەرەبییەوە هاتووەو هەتا ئێستاش کە کوردستانی باشور کورد خۆی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، هەر بەخێندکار دەڵێن تەلەبە.

مامۆستا حمەئەمین شێخ عەلی، هەروا بێتەوە مامۆستا سەرچڵ بەرێوەبەری ناوەندییەکەی قەرەداغ بوو، من خانوویەکم هەبوو هەموومان پێکەوە بووین لە قەرەداغ لەخانووەکەی خۆمدا جێگەم کردبوونەوە لەوێ لەسەر دەستی مامۆستا ئەمین پۆلا بووم بەکۆمەڵە، من ئەندامی رێکخراو بووم ئەوکاتە باڵی مەلایی و جەلالییەکان یەکیان گرتبووەوە، کە دەچوینەوە سلێمانی مامۆستا حەمەمین کۆبوونەوەی پێدەکردین وەک بەرپرسی رێکخستنی کۆمەڵە، کە دەشچوینەوە بۆ قەرداغ من کۆبوونەوەم پێدەکردن وەک بەرپرسی شانەی سەرەکی رێکخراوی قەرەداخی پارتی دیموکراتی کوردستان.

**جا ئەوە چۆن دەگونجا؟ ئەگەر ڕونتری بکەیتەوە؟**

رێکخستن لە ناو رێکخستن بوو، کەباڵی مەکتەب سیاسی و باڵی پارتی یەکیان گرتەوە، کۆمەڵە لەناو هەناوی باڵی مەکتەب سیاسی پێکهات، بەتێکەڵبونیان کۆمەڵە لەناو ریزەکانی پارتی و لەژێرچەتری پارتیدا وەک رێکخستنی ژێر زەمینی کاری دەکرد.

**بێگومان راستە ئەگەر رێکەوتننامەی جەزائیرو شکستی پارتی نەبوایە لە ساڵی ١٩٧٥ رەنگە کۆمەڵە وازوو خۆی ئاشکرا نەکردایە.**

ئەو شوێنانەی رێکستنی کۆمەڵەم لێکردوون و کارم تێداکردوون لە قەرەداغدا ئالیاوا، تافان، قەرەداغ تازەدێ، باخان، هەر لەسەر داوای کۆمەڵە کارێکیان کرد کارەکەم بگوازرێتەوە بۆ ماوەت، ئەوکاتە دکتۆر خەسرەو پزیشکی بەیتەری بوو لە رێگەی ئەوەوە وەزیفەکەیان گواستمەوە بۆ ماوەت و لەوێ هەم فەرمانبەر بووم و هەم کاری رێکخستنیشم دەکرد، لەماوەتیش کەرتی شەهید ئاشتیمان دروست کردو من بوومە لێپرسراوی کەرتی رێکخستنی شەهید ئاشتی، رێکخستنەکانی کۆمەڵە زۆر چاودێری دەکران بەراستیش کۆمەڵە مەترسییەکی زۆری لەسەر حکومەتی عێراقی دروستکردبوو، پەیوەندیەکان بەشێوەیەک ڕێکخرابوون تاک بۆ تاک بوون[١٦] سەید تاهیری برازام لەمن بچوکتر بوو لە تەمەندا، بەڵام بەحوکمی چالاکییەکانی ئەو لەمن لەپێشتر بوو، ئەو هێڵی پەیوەندی نێوان کەرتی رێکخستنی شەهید ئاشتی و کۆمیتەی هەڵمەت بوو.

١٦.مەبەستی دیمانەلەگەڵ کراو ئەوەیە کە هەموو رێکخستنەکان یەکتریان نەدەناسی تەنها بەرپرسی شانە سەرەکییەکان و پۆل وکەرت وکۆمیتەکان یەکتریان دەناسی نەک هەموو ئەندامانی ڕیکخستن .

ساڵی چەند هاوسەرگیریت کرد؟

ئای بۆ بەماڵێ نەڵێم؟ (پێکەنین) ساڵی ١٩٧٢.

هەروا قسمەت و نسیب بوو یان بەخۆشەویستی هاوسەرگیریتان کرد؟

(پێکەنین) جا بۆ دەرگاکەی ناکەیەوە بۆ بەپێچ و پەنا بۆم دێی؟ من لەژیانمدا دڵداریم نەکردووە، بەراستیش حەزم لەنزیک بوونەوەی ژن نەکردووە، بەڵام لەگەڵ باجی مەلیحدا بەخۆشەویستی بەنسیبی یەکتری بووین.

**خزمی خۆتە؟**

بەڵێ خزممە ئامۆزامە.

**ببورە ئەگەر ناوی سیانی مەلیحەخانم پێبڵێیت؟**

مەلیحە عەزیز ئەحمەد ساڵح.

**ئەو ئاستی خوێندەواری چۆن بوو؟**

ئەویش هەتا پۆلی شەشی سەرەتایی خوێندووە.

**دوای ئەوەی ژیانی هاوسەرگیریت دەستی پێکرد، پرۆسەکە نەبووە مایەی ساردبوونەوە یان کۆسپ بۆ کاری سیاسیت دروست بکات؟**

سیاسەت ئەوەندە چووبووە ژیانمەوە ئەوەندە ببوو بەخولیام نەمدەتوانی دەستبەرداری بم، من دوو شت لەژیانمدا زۆر ئاوێتەم بوون سیاسەت و ڕاو.

**ئیتر چی هۆکارێک بوو کەوای کرد کاری ژێرزەمینی بگوازیتەوە بۆ پێشمەرگایەتی و خەباتی ئاشکرا؟**

من حەزم نەدەکرد ببم بەپێشمەرگە حەزم دەکرد لە هەناوی داگیرکەری وڵاتەکەمدا خەبات بکەم، کاری ڕێکخستن بکەم چونکە هەر ڕێکخستنە کە سەرئەنجام سەرکەوتن بەدەست دەهێنێ، هەڵبەتە ئەویش پێویستی بەهەلومەرجی گونجاوی خۆی هەیە، پەیوەندی ناوچەیی و نێودەوڵەتیش ڕۆڵی خۆیان هەیە، قسەیەک هەیە دەڵێت: کەی ویستت بەسەر دوژمنەکەتدا سەربکەویت هەمیشە لێی نزیکبە، ڕێکخستن دەتوانێ لایەنە لاوازەکانی دوژمنت بخاتە بەردەست. بەڵام ساڵی ١٩٧٦ ئەوکاتە من لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی

شەهید ئاشتی بووم، من دوو جۆر ڕێکخستنم ئەنجام دەدا، یەکێکیان ڕێکخراوی شەهید ئاشتی ماوەت بوو وەکو کۆمەڵە. ئەوی تریشیان ڕێکخراوی ماوەتمان هەبوو وەکو یەکێتی نیشتمانی کوردستان، شێخ بەکری برام لەدەرەوە پێشمەرگە بوو ئەو هەم ڕێکخستنی کۆمەڵەی لەئەستۆ بوو هەم لێپرسراوی ڕێکخراوی ماوەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش بوو، وتم من کۆمەڵەبووم شەهید مامۆستا غەفور ژاژڵەیی لێپرسراوی ڕێکخستنی شۆرشگێران بوو، ئەوکاتە کاک جەمالی عەلی باپیر ناوبانگی هەبوو ئەویش کۆمەڵە بوو بە ناراستەوخۆ پەیوەندیمان بەویشەوە هەبوو، ئەوکاتەی کە ڕێکخراوی ماوەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیان دروست کرد، کاک شێخ بەکر بەرپرسی ڕێکخراوی ماوەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، مامۆستا غەفور جێگری بوو بەو پێیەی کە شۆڕشگێران بوو. منیش وەک لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی شەهید ئاشتی کۆمەڵە، ئەندامی ڕێکخراوی ماوەتی یەکێتی بووم، دووجۆر ڕێکخستنمان هەبوو، خوێندکاران و لاوان، وەک کۆمەڵە ڕێکمان دەخستن، بەتەمەنەکانیش بۆیەکێتی.

**با زنجیرەی بیرت نەپچڕێ ئەوانەی باسیان دەکەیت وەک یەکێتی ڕێکتدەخستن پێیان دەگوتن خەتی گشتی بەزۆریش لاسەنگ بوون بەلای یەکێتی شۆڕشگێران و باڵێ مام جەلالدا، ئەوەش داوی ئەوە برەوی سەند کە بزوتنەوەی سوسیالست لەیەکێتی نیشتمانی کوردستان جیابوونەوەو حزبی سوسیالستی کوردستانیان دروست کرد. دوایی خەتی گشتیش ناوی نەماو بوو بەیەکێتی شۆڕشگێران.**

نا یەکێتی شۆڕشگێڕان لەدوای کەرتبوونی بزوتنەوەی سوسیالستی کوردستانەوە باڵێک بەناوی یەکێتی شۆڕشگێڕانەوە لەناو یەکێتیدا مانەوە، دەنا سەردەمێک کەمن لێی دەدوێم ناوی سوسیالستی کوردستان بوو، هێڵی گشتی باڵێکی لاوازی ناو یەکێتی بوو، ئێمە لەماوەت ئاوا ئیشمان دەکرد .ئیتر من ئەوکاتە ساڵێ ١٩٨١ ناوم هاتەوە بۆ خزمەتی سەربازی ڕۆیشتم بووم بەسەرباز لەنەهلە ئیتر ڕێکخستنی ناوشار وتیان بۆچی لەسەربازی بکوژرێت و تێدابچیت باشتروایە ببیت بەپێشمەرگە. منیش لەنەهلە مۆڵەتێکم وەرگرت و هاتمەوە ماڵەکەمم هێنا بۆ سلێمانی و خۆشم ڕۆیشتم بووم بە پێشمەرگە.

**چوویت بۆ کام گوند ئەوکاتە پێشمەرگە بارەگایان لەکوێ بوو؟**

ڕاستەوخۆ هەتا سەرکردایەتی بەند نەبووم، نەوەستام چومە ناوەندی کۆمەڵە خێمەیەکیان هەبوو، ئەوکاتە کاک فەرەیدون عەبدولقادر لێپرسراوی یەکەمی ناوەندی کۆمەڵە بوو، خێمەکە لەسەرکانییەک بوو لەبن دارگوێزێکدا بەلاپاڵێکەوە بوو، یەک دوو خێمە بوون یەکێکیان هی کۆمەڵە بوو، یەکێکیشیان هی کاک فەرەیدون وماڵەوەیان بوو، ماوەیەک لەوێ بووین دواتر بۆ هاوینەکەی لە توژەڵێ خانوومان دروست کرد، ئەوسا گەیشتبووینە نزیکە ٧٠ هەتا ٨٠ پێشمەرگە، هەموو ڕۆژێک ١٠ سەعات ئیشمان دەکرد، توانای دارایی شۆڕش لاواز بوو، نانمان کەمبوو بەیانی نانێک و نیوەڕۆ نانێک و ئێوارە نانێکمان هەبوو بەچای شیرینەوە، ئەگەر ئەمرۆ نیسکێنەمان هەبوایە سبەی نوکاو بوو، ساوەرێکیشمان هەبوو، هەفتەی جارێک برنج و مانگی جارێک گۆشتمان هەبوو، زۆر ماندوو دەبووین سەرباری ئەوە دەورەیەکیشمان هەبوو لە ناوەندی کۆمەڵە ئەوکاتە هۆڵێکی زۆر گەورەمان دروست کرد ١٢ مەتر بە ١١م بوو، ناویان نا هۆڵی شەهید شەهاب ئەو هۆڵە بۆ کۆڕ و سیمینارو کۆبوونەوە بوو، ریزێک خانوویەکیشمان بۆ پێشمەرگە دروست کرد، خانوو بۆ وڵاخ و سەر تەندورو ئەوانەمان دروست کرد، خانویەکیشمان بۆ دەزگای چاپ و ڕاگەیاندن. با ئەوەشم بیر نەچێت ڕۆژێک مانمان گرت وتمان ئەگەر نانمان بۆ زیاد نەکەن ئیش ناکەین داوامان کرد ڕۆژی بۆمان بکەن بەنان و لەتێک. کارمان بۆ نەدەکرا تۆ ڕۆژ هەتا ئێوارە ئیشی قوڕوبەرد بەکەیت بەنانێک چۆن ئیدارە دەکەیت؟

**کێ بەرپرسی نان و ئازوقە بوو؟**

کێ بەرپرس بوو؟ کاک جەبار یاوەر بەرپرسی (ئیداری) کارگێڕی بوو، با ئەوەش بڵێم، من بەرپرسی کار دابەشکردن بووم، مامۆستا جەمالی حاجی محەمەدی هەڵەبجەیی بەرپرسی باخێکمان هەبوو هی تەماتەو خەیار و ئەوانە ئەو بەرپرسی بوو، کەمال شێخە بەرپرسی عەسکەریمان بوو، کاک جەبار یاوەر هات وتی باشە لەگەڵ کاک فەرەیدون قسەدەکەم و بێنەوبەرە ئەمە لەسەر لەتێک نان، دوایی گوتی باشە بۆتان زیاد دەکەم بەڵام بەو مەرجەی هەر کەسێک قەراغەکەی فرێبدات نایدەمێ. جا ئەو دەیگوت ڕۆخەکەی هەرچی ڕۆخەکەی نەخوات ئەو لەتە نانە زیادەی نادەمێ، جا هەر کەسێک بهاتایە دەورەمان بۆ دەکردەوە فێری

نانکردنیشمان دەکرد.

**جا کەس هەبوو لەو برسێتی و هیلاکەتیەدا ڕۆخەکەی بهێڵیتەوەو نەیخوات؟**

نا کەس نەبوو.

**ئەوکاتە پێشمەرگە هەر خۆی کاری خانوو دروستکردنی دەکرد؟ بۆ نمونە دیلتان نەبوو کاری پێبکەن؟**

نانا هەمووی خۆمان دروستمان دەکرد، ئێمە دیلمان نەبوو ئەگەر هەشبووبێت ڕەنگە لە خوارێ بووبن، ئەوکاتە شۆڕش وەک ئێستا نەبوو ئەندامی مەکتەبی سیاسیش وەک ئێمە کاری دەکرد، وەک ئێستا نەبوو نەیگەیتێ، ئێستا کاک ئەحمەدی شێخ ناگاتە لای هەندێکیان لەمەکتەب سیاسی، هەمویان نا، بەڵکو هەندێکیان من ئەم قسەیە بۆ مێژوو دەکەم، ڕەنگە هەندێکیان ئاسانتر بیانگەیتێ، ئەوکاتە مەکتەب سیاسی ئاوا بوو، شەڕە کەوچکمان دەکرد پێکەوە تاوڵەمان دەکرد، ئیشیان لەگەڵدا دەکردین.

**ئەوانەی ئەوسا لەوێ بوون کێ بوون لەکەسە دیارەکانی ئەمڕۆ؟**

ئەوانەی بیرم مابێ لە کۆمەڵەکان ئاسۆی شێخ نوری بوو، مامۆستا جەمالی حاجی محەمەد بوو، جەبار یاوەر بوو، جەلال جەوهەر بوو، خولە کۆمەڵە بوو ئێستا لەسویدە، منیش. ماوەیەک حەمەسەعید حەسەنیش هات، بەڵام زۆر نەمایەوە، ئەم جەلال جەوهەرە هات کاوبۆیەکی لە پێدابوو، ئەوسا لە نێوان پێشمەرگەدا ململانێی نێوان شارو لادێش هەبوو، لادێیەکان گورج وگۆڵ و شارەزا بوون، گاڵتەیان بە شارییەکان دەکرد. کە جەلال جەوهەر هات پانتۆڵێکی کابۆی لە پێدابوو کوڕێکی گەنجی جوان بوو، ئەوەندە بێتاقەتیان کردبوو وای لێهاتبوو بڕوات، بەڵام خۆشی زۆر دەست ڕەنگین بوو، وەستای دیواری دەزانی و گەچکاری دەزانی ڕاهات لەگەڵماندا و بووبە وەستا ئیتر ئەو هانی هانییەی لەسەر نەما، ئەم وەستا شیروانەش هەر لەوێ بوو، وەستاییشی دەکرد من لەبەرئەوەی کە بەرپرسی کار دابەشکرن بووم خولە کۆمەڵەش لەوێ بوو، وتیان کاری پێبسپیرە، منیش دەستەبەرەیەکم دایە قوڕ بکێشێ زۆر ماندوو دەبوو، بۆ خۆشی لەڕوخساردا زۆر خۆشەویست نەبوو، بەڵام هەتا بڵێی پیاوێکی باش بوو، زۆر جار ڕوخسار دەبێتە هۆی ئەوەی زوڵم لەکەسێک بکریت، ڕۆژێک خولە کۆمەڵە پێیگوتم: کورە کاکە

مردم ئەمە چییە ئەم ئەشکەنجەیە منیش وتم ئێ باشە بچۆ ئەو زەوییە هەڵکەنە، منیش ئەها هەر بەهەوەس وتم قورِ ناکێشی برِۆ زەوی هەڵکەنە؟ فەقیرە بە کلکی پاچ هەموو دەستی تلۆقی کردبوو، دەستی پیشاندام وتی کورِە کاکە ویژدانتان هەبێ کاکە وەڵاهی پیاوی چاکم روم خۆشە ئێوە بەوسمێڵەم تێکەوتوون برا من وانیم کە ئێوە لێم تێگەیشتوون.

کەواتە تۆ هەر لەچونتەوە بۆ پێشمەرگایەتیش سوکە بەرپرسیارێتییەکت وەرگرت، وەک باس دەکەیت بوویت بەسەرکار؟

بەڵێ بەڵام شتێک ماوە با ئەویش باس بکەم، کە خانووی پێشمەرگەو ناوەندی کۆمەڵەمان دروست کرد، شوێنێکیشمان دیاری کرد بۆ ئەوەی تەندوری بۆ نانەوا لێدروست بکەین کە ویستمان تەندوور دروست بکەین، بەسۆندە ئاومان راکێشا خستبومانە سەر شوێنەکە بۆ ئەوەی بۆ سبەینێ نەرم بێتەوەو بتوانین بەئاسانی هەڵیبکەنین، بەیانی کەدەستمان بەهەڵکەندن کرد، سەرمان سورِما ئاومان خستووەتە سەر زەوییەکە پرسیارێکمان لادروست بوو ئێی ئەمشەو هەتا بەیانی ئاومان خستووەتە سەر ئەم زەوییە ئەم ئاوە بۆکوێ چوو؟ کە دەستمان بەهەڵکەندن کرد لەو شاخە توشی کۆپەیەک بووین، وتم بەوریایی هەڵیبکەنن نابێت ئەم کوپەیە بشکێت، وتم مەکەن ئێوە ئەوە بۆمن بەجێبهێڵن، دەستمان پێکرد چەندە گڵمان لە چواردەوری دەردەدا، ئەوەندەش لە ناوەوەی. ئیتر بەسەلامەتی کۆپەمان دەرهێنا، چوین (رِەشکە)[17] مان هێنا خستمانە ناو رِەشکەکەوەو بەشەش حەوت کەس هەڵمانگرت و بردمان لەبەردەم هۆڵی شەهید شەهاب دامانا.

**کوپەکە قەبارەی چەند دەبوو؟**

گەورە بوو بیست ٢٠ تەنەکە گەنمی دەگرت. دانەیەکی تری بچوکتریش بوو، ئەوەیان تەنها یەک چەکوشی مسی تێدابوو، وابزانم چەکوشە مسەکەیان برد بۆلای کاک نەوشیروان، بە هەرحاڵ نازانم چی بەسەرهات. بەڵام کە کوپە

١٧. رِەشکە تۆرِێکی گەورەیە لە مووی بزن دروست دەکریت، لەشێوەی تۆرِی ماسیدایە و چاوەکانی کەمێک گەورەترە، بەڵام بەشێوەیەکی لولەیی دروستدەکرێت و دەمەکەی نیمچە کراوەیە گوندنشینەکان بۆ گوستنەوەی کابەکاریان هێناوە دوای ئەوەی پرِیان دەکرد لەکا دەیانخستە سەرپشتی کەرو هێشترو دەیانبردەوە بۆ ماڵەکانیان و لەسەربانی ماڵەکانیانەوە لەرێگەی کونێکەوە هەڵیاندەرِشتە ژورێکەوە بەو ژورەیان دەگوت کادێن.

گەورەکەمان لەبەردەم هۆڵی شەهید شەهاب دانا (بە پێکەنینەوە) بەگەورەیی لێمان نوسی بژی ئاڵای سوری مارکسیزم لینینیزم.

**وەڵا کاک سەید من هەر بیرم لەلای ئەو کوپەیە، ئەی دوایی چی بەسەرهات؟**

ئەی ئێمە دوایی سەرکردایەتیمان گواستەوەو بۆ ناوچەی سەرگەڵو بەرگەڵو خانوەکانمان لەوێ بەجێهێشت و کوپەکەش لەوێ بەجێما نازانم چیی بەسەرهات.

**ئەی ئێستا دوایی لێتان نەپرسی؟**

جا خانوو داروبەردی ماوە هەتا لە کوپە بپرسین؟ لەکوپەی چی بپرسین. با شتێکی تریش باس بکەم کاتێک خانووەکانی ناوەندی کۆمەڵەمان دروست دەکرد، من پرسیم باشە ئێمە هۆڵی ١٢ بە١١ مەتر دروست دەکەین (نیرگە)[١٨] لەکوێ بێنین؟ وتیان لەشێنێ چوین لەوێ دوو دارمان بڕی نیرگەمان لێدروست کرد ١٣ مەتر درێژ بوو، دوو دار سیانزمەتر درێژ بێت ئەی دەبێت چەند ئەستوربێت؟

**بێگومان زۆریش ئەستورە؟.**

(باوەشی کردەوە) وتی ئەوەندە ئەستور بوو، بەدوانزە کەس هەڵمانگرت، جاوەرە لەوێوە بیهێنە بە هەرحاڵ دوانزە کەس چوینە ژێری و هاتین، لە زەڵێوە بۆ لای ئێمە کە لەتوژەڵە بووین هەورازە، ئێمە کەناوەندی کۆمەڵەبووین لەسەرەوە بووین شۆڕشگێڕانیش لەخورمانەوە بوون، ئەوبارەگایەی شۆڕشگێران جەمال ئاغاو ئەوانی لێبوون، لالۆ ڕەنجەمان لەگەڵ بوو ئەوەی سرود دەڵیت ئەویش کۆمەڵەبوو لەگەڵماندا بوو، لالۆ ڕەنجە گەنجێکی حەماسی بوو دەنگێکی خۆش و زولاڵی هەبوو، وتی من لەم هەورازە سرودی ئەنتەرناسیوناڵ دەڵێم ئێوە کۆرس بن، بەو هەورازە سەختەدا ئێمە لە شێنێوە لەبن نیرگەیدا شەکەت ببووین ئارەقی شین و مۆرمان دەردابوو، دەیگوت بۆ ئەوەی شۆرشگێران بترسێنین بڵێن ئەها کۆمەڵە چۆنن ئەها چینی کرێکار و زەحمەتکێشان چۆنن؟

**کەواتە ئەوکاتە لالۆ ڕەنجە لەگەڵ ئێوە پێشمەرگە بوو؟**

بەڵێ هەرلەگەڵماندا بوو، بەڵام کەدوایی دەورەی کادێران کرایەوە من سێ

---

١٨. نیرگە بەو دارە ئەستورو درێژە دەڵێن کە دەخرێتە سەقفی خانووەوە بەتایبەتی بۆ ژوری گەورە وەک هۆڵی مزگەوتەکان، بەزۆری نیرگە لەداری بەڕو یان توو چنار پەیدادەبێت دەخریتە ناوەراستی سەقفەوەو دارەرای هولەکە دێنەوە سەر ئەونیرگەیە.

دەورەم بینی، دەورەیەکیان چل شەو بوو بۆ چەک و تەقەمەنی و تەقینەوەکان بوو، دەورەکە بۆ راهێنانی ئەوکەسانە بوو کە دەبێت ئەوەی خەریکی ئەوکارە بێت کەسایەتییەکی هێمن و لەسەرەخۆ بێت و نابێت هەڵەشە بێت. بەڕەحمەت بێت مامۆستا ئەنوەر دەورەکەی پێدەگوتینەوە.

**ئەنوەر حەسەن بوو؟**

نازانم.

**ئەنوەر حەسەن لە شەڕەکەی گوندی قازان رۆژی ٥ی ئازاری ١٩٨٢ شەهید بوو.[١٩]**

نا ئەو نەبوو چونکە ئەوەی من دەیڵێم کۆچی دوایی کرد. پیاوێکی زیرەک بوو دەیگوت مامەڵەکردن لەگەڵ (متفجرات) یەکەم هەڵە واتە دواهەمین هەڵەیە. من هەرسێک دەورەکەم بینی دوای ئەوەی دەورەکانمان تەواو کرد، من بەکادر هاتمە خوارێ، ئیتر لەگەڵ ئەو برادەرانەش لێکدابڕاین.

**ناوچەکە دور لەئاوەدانی بوو؟ توژەڵە دوربوو لە ئاوەدانییەوە؟**

توژەڵە و نۆکان و زەڵێ بەدامێنی چیای مامەندەوە بوون، بەرانبەر کوردستانی ڕۆژهەڵات، چەمی قاسمەڕەش ببووە مەرزی نێوان عێراق و ئێران، ناوچەکە چۆڵ بوو تەنها بارەگای سەرکردایەتی یەکێتی و حزبەکانی دیکەی لێبوو (پاسۆک، شیوعی، سۆشیالیست، لیژنەی تەحزیری پارتی گەل، حزبە عێراقیەکان ئۆپزسینی رژێمی عێراق، تەنها گوندی ئاوەدانی کوردستانی باشور کە لێمانەوە نزیک بوو شێنێ بوو، خەڵکێکی قارەمان و خۆڕاگری تێدابوو، لە دیوی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش گوندی زەردەکانی لێوە نزیک بوو. بەڵام بازاڕی قاچاغچیان لە قاسمە ڕەش و نۆکان هەبوون. بارەگاکان کەلوپەلی پێداویست و خۆراکیان لێ دەکڕین.

---

١٩. ئەنوەر حەسەن تازە وەک فەرماندەی هەرێمی دووی کەرکوک، هاتبووە ناوچەکە، لەرۆژی ٥ی ئازاری ساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ ١٥ پێشمەرگەی تر لەگوندی قازانی ناوچەی سورداش بوون، بەیانیەک کاتژمیر ٩ جاش چوونە سەر گوندی قازان و شەرێکی سەختی دەستەو یەخە دامەزرا و پێشمەرگە شەڕی مان ونەمانیان کرد، لەماوەیەکی زۆر کەمدا جاشەکان ژمارەیەکی زۆریان لێکوژراو پێشمەرگەکان توانیان لەگوندەکە دەرچن بەڵام هێزێکی فریا کەوتنی سوپاو جاش گەیشتنە بەخێرایی بەهانای جاشەکانەوە هاتن و کۆپتەریش لە ئاسمانەوە بۆردومانی دەکردن، پیشمەرگەکان جگەلە چەکی سوک هیچ جەکێکی دژە ئاسمانیان پێ نەبوو، هەتا ئێوارەیەکی درەنگ شەر بەردەوام بوو، ١١ پێشمەرگە شەهید بوون لەناویاندا رزگاری جەلال قەسابی خەڵکی چەمچەماڵ —کادری سیاسی و ئەنوەر حەسەنی فەرماندەی هەرێمی دوو شەهید بوون . . من بۆخۆم هەتا کۆتایی شەرەکە بینەری شانۆی خوێناوی ئەو شەرەبووم و دوای شەرەکەش چوومە شوێنی شەرو شەهید بوونی پێشمەرگەکان .

کاک فەرەیدون نامەیەکی دابومێ کە ئەندام کەرتی رێکخستنی دوکان بم، خولە کۆمەڵە بەرپرسی بێت، بەڵام دوایی بۆڵەبۆڵێک دروست بوو کاک کامەران و کاک نەبەز و یەک دوو کەسی تر وتیان بۆ بەهەڵبژاردن نەبێت، من وتم باشە با بە هەڵبژاردن بێت، بەڵام من دەنگم بەخۆم نەدا دوو دەنگم هێنا بەسێ دەنگ دەبوومە ئەندامی کەرت ئیتر لەو هەڵبژاردنەدا نەبوومە ئەندامی کەرت، لە ساڵی ١٩٨٢ گوازرامەوە بۆ کەرتی رێکخستنی شارباژێرو لێپرسراوی پۆلی ماوەت بووم، ئەوەی پێشتر باسم کرد هەر بەناوی کەرتی رێکخستنی شەهید ئاشتی بوو، کاک ئەسکەندەر بەرپرسی بوو، سەرپەرشتی دەکرد، ئەسکەندەر کوڕی هاوڕێ عەلی بوو هاوڕێ عەلی پێشمەرگەیەکی ئەفسانەیی یەکێتی بوو، تەنانەت لە هەرەسیشدا تەسلیم نەببوەوە، لەکارێزە رێکخستنم دروست کرد، لەسورەقەڵات هەر دروستم کرد، لە گوندەکانی ئالانی رۆژهەڵاتیشدا هەندێک سەربازی هەڵاتووی تێدابوون لە ناو ئەوانەشدا رێکم خستبوون، بەڵام دوایی گواسترامەوە بۆ کەرتی رێکخستنی چوارتا، لەوێ کە کۆنفرانسی دووەمی محەلی کۆمەڵە ساڵی ١٩٨٣ بەسترا من بوومە ئەندامی کەرتی رێکخستنی چوارتا هەتا ساڵی ١٩٨٥. لەو ساڵەدا بووم بە رابەری سیاسی تیپی ٣٧ی شارباژێر لەوێ بووم هەتا ساڵی ١٩٨٩ پاشئەوەی تیپەکانیان تەشکیلکردەوە بووم بە جێگری غەریب هەڵەدنی کەتیپەکانیان تێکەڵ کردەوە بەتالیۆنی حەوتیان بۆ سلێمانی و بەتالیۆنی شەشیان بۆ کەرکوک دروستکردەوە ئەوسا بووم بە فەرماندەی تیپی ٧١ی بەتالیۆنی سلێمانی.

**کەواتە پێش ئەنفال و کیمیاباران لە رۆژە سەختەکانی پێش ئەنفال کە پێشمەرگە لە شەڕی سەختدا بوون هێشتا ئەنفال دەستی پێنەکرد بوو بەڵام کیمیاباران هەبوو لەو رۆژانەدا تۆ کادری سیاسی بوویت؟**

من کادری سیاسی بووم هەموو جارێک جەنابی مام جەلال دەیگووت: کادری سیاسی نابێت شەڕ بکات و هەموو فەرماندەیەکی تیپیش نابێت شەڕ بکات، دەیگوت ئەگەر شەڕ بکەن ترسنۆکن، دەیگووت هەموو ئەفسەرێک لەسوپادا لەهەموو دنیادا تەنها دەمانچەیەک و دار حەیزەرانێکی پێیە، بۆ کادر شەڕ وەک کفر وایە. بەڵام لە ناو پێشمەرگەدا قسەیەک دروست ببوو بەکادریان دەگووت مریشک خۆر، من لەو بارەیەوە شتێکت بۆ باس دەکەم، قوربانییەکم دا، بۆیە هەمیشە کادرەکان لە ناوشەڕدا بوون بۆ ئەوەی پێیان نەوترێت ترسنۆک، لەهەر کوێیەک

شەڕ بوایە کادر دەچوو شەڕی دەکرد، بەڵام هەموو جارێک جەنابی مام جەلال دەیگووت کادیرەکان نابێت شەڕ بکەن دەبێت پارێزراوبن، چونکە دروستکردنی کادرو فەرماندە کاتێکی زۆری پێویستە، پێشمەرگە بەئاسانی دروست دەبێتەوە بەڵام کادرو فەرماندە بەئاسانی دروست نابنەوە.

کەواتە هەر ئەو تێگەیشتنە خراپەش بوو کە وای کرد زۆربەی کادیرە سیاسیەکانی یەکێتی بوون بەفەرماندەی دیارو بەرچاوی سەربازی؟

بەڵێ بێگومان لەهەموو شەڕەکان بەشداریم کردووە، نەک هەر من هەموو کادرێکی سیاسی وابوو[٢٠].

**ویستم ئەوەت بیر بخەمەوە کە وتت شتێکت بۆ دەگێڕمەوە؟**ویستم ئەوەت بیر بخەمەوە کە وتت شتێکت بۆ دەگێڕمەوە؟

بەڵێ ئەوە شەڕێک بوو لە کوڕەداوێ. بەڵام شتێکم بیرکەوتەوە، کەبووم بەئەندامی کەرتی ڕێکخستنی چوارتا ئەوسا ئەندام کەرتەکان من بووم کاك بەکر بوو مام سۆران بوو ئێستا لەژیاندا ماوە و یاسای تەواوکردوەو کاری پارێزەری دەکات ماوەیەکیش بەڕێوەبەری گشتی بوو، سۆرانێکی ترمان هەبوو ئەو دوای ئەوەی کە هات تەسلیم بۆوە بە هەڵە کوژرا، ئەو لە ئێراقیەکان بوو، سەید تایەری برازام بوو لێپسراوی کەرتەکەمان (کەرتی ڕێکخستنی چوارتا) سەردەمێك مامۆستا کاکە ڕەش بوو سەردەمێکیش کاك سەیوان بوو.

لەدوای ئەوەی زیاتر شەڕەکان خەست بۆوە بەتایبەتی لەدوای هەڵوەشانەوەی ئەو گفتوگۆیەی لەنێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و حکومەتی عێڕاقیدا هەبوو ڕێکخستنەکان تەقریبەن هەڵوەشێنرایەوەو کادیرەکان دابەشکران بەسەر

---

٢٠. بۆ پشتراستکردەنەوەو پشتیوانی قسەکانی کاك سەید ئەحمەد من چیرۆکی چەندین کادری سیاسیم لەلایە کە هەریەکەیان بە جۆرێک لەجۆرەکان بوون بەقوربانی ئەو تێگەیشتنە خراپەی ناو هێزی پێشمەرگە، بۆ نمونە کادرێکی سیاسی هەبوو لە تیپی ٢٣ی سورداش سەرباری ئەوەی پیاوێکی دامەزراو ڕۆشنبیر و لە کاری سیاسی خۆیدا سەرکەوتوو بوو بەڵام پێشمەرگەکانی تیپ زۆر جار لاقرتێیان لێدەگرت و قسەی بە توێکڵیان پێدەگوت، زۆر جار بۆ پشتیوانی قسەکانیان سوێندیان دەخواردو دەیانگوت بەوکوردستانەی کاك (...) فلان تەقەی تێدا نەکردووە .هەروەها شەهید رزگار جەلال کادرێکی بەرێزو خۆشەویستی ناو خەڵک وپێشمەرگە بوو، کورێکی روح سوک و کادرێکی سیاسی خەمخۆر بوو، کە شەڕی قازان ڕویدا ئەو لە شەڕەکەوە چەند کیلۆمەترێک دوربوو، بەکاری ڕێکخستن لە گوندی کانی چناری دراوسێیان بوو، بەڵام نەیتوانی ئارام بگرێت و نەگەرێتەوە بۆ ناو جەرگەی شەرەکە، بەڵکو گەرایەوە بۆ شەڕو هەرئەو رۆژە لەچیاکەی پشتی گوندی قازان دوای شەڕێکی قورس شەهید بوو.

هێزەکاندا کاك بەکر بوو بەلێپسراوی ڕێکخستنی تیپی ٣٧ شارباژێڕ من بووم بەرابەر سیاسی تیپی ٣٧ شارباژێڕ کاك جوامێر سەرتیپ بوو ئەویان نەقلکردو مامۆستا جەمال یان هێنا کردیان بە جێگری تیپ کاك سەلیم ئاغا کەخەڵکی قەڵادزێ بوو هێنان کردیان بەسەرتیپ، کادرەکانی تریشیان دابەشکرد بەسەر کەرتەکانی تردا هەرکەرتەوە کادرێکیان بۆ دانا کە ڕێکخستنی پێشمەرگەو ڕێکخستنی جەماوەریش بکەن چونکە لەپێشدا ڕێکخستنی پێشمەرگە جیاوازبوو لەرێکخستنی جەماوەر، لەسەر کاك سەلیم هەڵایەك دروست بوو لەبەر ئەوەی گوایە کاك سەلیم ئاغایەو نابێت لە ناو یەکێتی دا ئاغا هەبێت هەندێك خزمی خۆشی لەگەڵ بوون لەوانیش کاك حەمە هەژار و ملازم مەحمود کەبەداخەوە شەهیدبوو، سەلیم سەلیمێك هەموو ئەوانی لەگەڵدابوو، تەنها من دژی ئەو نەبووم لەبەرئەوەی ئەو دێت خۆی فیدادەکات و شەڕ دەکات پیاوێکی زۆرئازا و لەسەرخۆ بوو بەداخەوە بە نەخۆشی لەدوای ڕاپەرینەکە کۆچی کرد.

دەمەوێت شتێك باس بکەم لەسەر کادر، لەزەمانی شۆڕشی ئەیلولەوە پێشمەرگە بە کادری دەگوت مریشکخۆر دەیانگوت کادر دەزانێت مریشك چەند ئێسقانی تێدایە.

ئێمە ئەوسا بەپێی هەلومەرجەکان لەکاتی پێویست کادرەکان بەشداری شەڕەکانمان دەکرد، کەبووم بەڕابەر سیاسی، حکومەتی عێراقی هات پێشتر بەرنامەی پێشوەختی هەبوو بۆ شەڕی قەیوان ماوەت و دەرپەڕاندنی سەرکردایەتی یەکێتی لەحەوزی سەرگەڵو هات ویستی ناوچەی کوڕەداوێ، شاناخسێ و مەروێ و ئەو ناوچانە بگرێت ئەوکات تیپی ئێمەی لێبوو من هەفتەیەك دەبوو ببوم بەڕابەر سیاسی پێنج شەش ڕۆژ تۆپبارانی بەردەوام هەبوو یەك ماڵی تێدا نەما هەمووی لەبەر تۆپبارارن ڕۆیشتن هەموو ڕۆژێك ئێمە لەرێکخستنەوە زانیاریمان بۆ دەهات کەچەند جەیش و جاش ئامادەکراوە بۆ هێرشکردن و لەکوێ دەدەن ئێمەش کەرتەکانمان دابەشکردبوو کەرتێك لە ئامادین بوو کەمالی حەبێ فەرماندەی بوو کەرتێکمان لە میراوا بوو کەرتێکیش (لەخوارێ لەسەر کەند بوو) سەڵاحی کونجرینی فەرماندەی بوو کاك مەجیدی حاجی عەلی فەرماندەی کەرتێك بوو کاك حەمە هەژار فەرماندەی کەرتی تیپ بوو ڕەحمان سیتەکی فەرماندەی کەرتی یەك بوو هەندێکیان لەمیراوا بوون وە مەفرەزەیەکیان کە شەهید محەمەدی حاجی

سەعید کورێکی گەنج بوو جێگری کەرتبوو بە نۆ پێشمەرگەوە لە ناو کونجرین دابوون من ئەو شەوە چوم بۆلای ئەوان تۆپبارانێکی زۆر چڕ بوو هەموو تۆپەکان ناو کونجرینی دەگرت ئەگەر بڵێم هەمووی دوکەڵ بوو زیادەرۆیی نیە ئەو ڕۆژە من و شەهید محەمەد تاوڵەمان دەکرد من ڕابەر سیاسیم ئەو جێگری کەرتە من لەبەر ئەو هەڵنەدەستام بۆیە نەڵێت سەید ئەحمەد دەترسێت و تاوڵەکە بەجێ دێڵێت ئەویش لەبەر من هەڵنەدەستا بۆیە نەڵێن فەرماندە سەربازیەکە دەترسێت پێشمەرگەکانیش دەهاتن و خۆیان بن ئەم (سیلە) دەدا و بن ئەو (سیلە) دەدا خۆ لەگەڵ تۆپبارانیش هیچت پێناکرێت! منیش گوتم محەمەد گوتی بەڵێ گوتم ئەم پێشمەرگانە توشی وورە ڕوخان دەبن بالەم گوندە دەریان بکەین تاوڵەکەمان پێچایەوەو وتم تۆ پێشیان کەوە بۆسەر یاڵی کونجرین نەوەك هێرشەکە لەوێوە بێت کەرتەکەی کاك سەڵاحیش لەوێیە ئەو گوتی نا تۆ بچۆ منیش وتم نا کاکە تۆ بچۆ ئەوەی کە بمێنێتەوەو زیاتر مەترسی لەسەرە شەهد محەمەد دەیویست من بڕۆم و شەهید نەبم منیش دەمویست ئەو شەهید نەبێت و بڕوات. وتمان چی بکەین باشە بۆ پێشمەرگەکان تا بو بەشەو چوینە بەشی سەرەوەی کونجرین شەوەکەشی خەریکی دەرهێنانی چینی ژێرەوەی دیواری مزگەوتەکە بووین بۆ ئەوەی وەك ژێرزەمین بۆ پێشمەرگەکان بەکاری بهێنینن نیوە شەو بوو خەریکی ئەوە بوین کە بروسکەیەکمان بۆهات لە تیپەوە دەڵێت ئێوە بچنە بازەگیر کە دەکەوتە بەینی کوڕەداوێ و گۆڕانگا، دەشتێکە لەبناری شاخی گمۆیە بۆ کاتژمێر چواری بەیانی گەیشتینە ئەوێ سارد بوو، شاخەکە بەفری پێوە بوو مانگی دوو بوو ئەوندەمان زانی کاتژمێر ٧,٣٠ جاش و عەسکەر هاتنە خوارەوە ئێمە نەوەستاین یەکێکمان ئاربیجی پێبوو مانای ئەوەیە کە ئاربیچیەکە گولەی پێنەما ئیتر تەواو بێ تفەنگ دەبێت کاکە حەمە خۆی بە ئاربیجیەکە تەقەی دەکرد، ئەوەندە هێزەکە زۆر بوو دەبوایە دوو دوو و یەك یەك هێرش بکەین کە دەهاتن ئێمە لە شەخسێکدا دامەزرابوین فڕۆکەش دەهات بە ساروخی (موجە) لێی دەداین بەڵام ئێمە چونکە کەمبوین یەکێکیشمان ناردەوە بۆ فیشەك و ئەوەی ئاربیچیەکەی پێبوو ئەویش ڕۆیشتەوە ماینەوە حەوت کەس دوو دوو پێشمەرگەکان هێرشیان دەکرد منیش ووتم با هێرشێك بکەم بۆئەوەی نەڵێن سەید ئەحمەد ترسنۆکە هێرش ناکات بەتەنیا هێرشم کرد لەبەر فیشەك گوێچکەم دەزرینگایەوە ترسانەکەم لەحەد

بەدەربوو ئەوەندە ئەو ڕۆحە نەداهاتە دەرەوە لەهەر هەنگاوێکدا منداڵێکم دەهاتە بەرچاو نیاز دەهاتە بەچاوم نیان دەهاتە بەچاوم ڤیان دەهاتە بەرچاوم لەهەر هەنگاوێکدا یەکێك لەمنداڵەکان دەهاتە بەرچاوم کەخۆم بەعەرزا دەدا دەیانگوت ئاە کوشتمان هەڵدەستامەوە فیشەك دەهات تاگەیشتمە ئەو شوێنەی کەمەبەست بوو لەوێ بەنیشان هەندێك فیشەکم تەقاند ئەوندەم زانی پێشمەرگەیەکی بچوك گەیشتە لام کە کاکە حەمە ناردبوی و بەدوامدا هاتبوو منیش ماوەیەکم پێچوو تاگەیشتم پێشمەرگەکە ناوی بەکرە بچکۆل بوو بەداخەوە ئەویش دواتر شەهید بوو بەیەکەوە ئەو قۆڵەمان شکاندوو هاتینەوە حەمەی حاجی سەعید گوتی بەقوربانت بم هەچیم هەیە بەقوربانت بێت لەوەوە سەید ئەحمەد بوو بەمامە سەید ئیتر شەڕی بکردایە و شەڕی نەکردایە لەمریشك خواردن دەرچوبوین و چەند ئێسقانی تێدایە، ئەوەم تەنها بۆ ئەوە بوو کەئەوە ڕون بکەمەوە نەك باسی ئازایەتی بکەم (بەپێکەنینەوە).

**ئێوە وەك ڕابەری سیاسی جگە لەکاری خۆتان کاروباری کۆمەڵایەتیتان لەسەر شان بوو؟**

نەخێر کاروباری کۆمەڵایەتی پێکهاتەیەکی تری هەبوو زیاتر ئەگەر هەڵەم نەکردبێ لە مەڵبەندی دوو ڕوبەڕوی حاکم قادر دەکرایەوە، سنوری هەر تیپێک یەکەیەکی کۆمەڵایەتی خۆی هەبوو، کە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی چارەسەر دەکرد، بەرپرسی کۆمەڵایەتی سنوری تیپەکەی ئێمە سەردەمێک، عەلی حاجی سەعید بوو تەسلیم بۆوەو بە نەخۆشی کۆچی کرد. دوای ئەو شەهید خالید بوو ئەویش بەکارەساتی سەیارە هەر لەوێ کۆچی کرد، پاشان وەستا جەمال بوو ئەوان زیاتر ئیش و کاری کۆمەڵایەتیان دەکرد ئێمە زیاتر کارەکانمان کۆبونەوە کردن بەڕێکخستنەکان و تەوجیهاتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و سەرپەرشتی ئەو چەك و تەقەمەنیانەی کە دەست پێشمەرگە دەکەوت یان کە دەهات بۆ پاراستن و ڕیکخستنی.

**ئەوکاتەی کەجەنابت کادری سیاسی بوویت و جەولەت دەکرد ماڵ و منداڵەکەت لەکوێ بوون ؟**

ماڵەکەم وەك پشیلەی چاونەپشکوتو هاوینێك لەگاپیلۆن بوو زستانان دەچوونەوە بۆ سلێمانی لەبەرئەوەی منالەکان دەیان خوێند هاوینێك لە دۆڵبێشکی

شێخان بوو کە هەندێك خزمم لەوێ بوون ماڵی ئێمەو ماڵی شێخ تایەری برازام و ئەو سەربازانەی کە هەڵاتبوون ماڵەکانیان دەهێنایە ئەوێ ڕەبایەکیش لەپشتی ماڵەکان هەبوو، هاوینێکیش لە کوڕەداوێ دوای شەڕگەی قەیوان ماوەت کەدێهات نەما من منالەکان ژیلوان و شوان و ژینۆم لەگەڵ خۆم هێنا ماوەیەك لە شاناخسێ بووین هاوینێك هاتینە گەڵاڵەو سەفرە لەگەرمەی شەڕی قەیوان ماوەت بوو دوای ئەوە منداڵەکانم ناردەوە بۆ سلێمانی هەتا شەڕی قەیوان ماوەت کۆتای هات ئەویش ئامۆزایەکم هەیە بەناوی حەمە ماوەتی کە بەدرێژایی تەمەن لەگەڵماندابوو یەکێکە لەپێشمەرگە دانەبڕاوەکان ئەو گوتی من تۆ دەکوژم ئەگەر ئەم منداڵانە نەنێرمەوە بۆسلێمانی ئیتر ئێسترێکمان هێنا و هەندێك باتانی عەسکەریمان تێپێچا و من و مەلیح منالەکانمان ژیلوان و ژینۆ بەباوەشەوە بوو لە بەردبەرد خانویەکی لێبوو لەوێوە بەرەبانی زوو نارد من بۆ شار، ملکێکمان هەیە لەخوار ماوەتەوە بردمن بۆ ئەوێ و لەوێوشەوە بۆ شار. بەکورتی بارەگای تیپەکەمان لەکوێ بوایە ماڵی ئێمەو پێشمەرگە خێزاندارەکانیس لەوێ بوو، بەڵام پاشەکشێی تیپەکەی ئێمە لە گەڵاڵەو سەفرە بارەگامان بردەوە بۆ شاناخسێ، ئیدی شەوێک لە ساڵی ١٩٨٦ دا شەوێکی زستانی مانگی دوو کە بەفر بەگمۆوە بوو لەگەڵ ئامۆزاو هاوڕێی پێشمەرگایەتیم محەمەد ماوەتی چوینە سورە قەڵات شەوی دوایی ژن و منداڵی هەردوکمان بەسواری هێستر هێنایە شاناخسێ، ئەوسا تەنها شوان و ژینۆ و ژیلوانم هێنا ئەوانی ترم لە بەر خوێندن لەسلێمانی لەلای دایکم و براکانم و ماڵی خەزورم بەجێمان. ئامۆزا محەمەدیش هاوسەرەکەی و پێشەواو سەنگەری کوڕی لەگەڵ خۆی هێنا هەتا وەستانی شەڕی ئێران عێراق لەساڵی ١٩٨٨ لە شاناخسێماینەوە دواتر چوینە شاری بانەی کوردستانی ڕۆژهەڵات.

**ئەوەیان کاتێکی تر دێینەوە سەری، هەموو منداڵەکانت لەشاخ لەدایك بوون؟**

هیچیان لەشاخ لەدایك نەبوون هەمویان لەشار لەدایك بوون.

**مەبەستم کەبویت بە پێشمەرگە چەند منالت هەبوو ؟**

نیازو نیان و ڤیان و ژیان و شوان لەدایك ببون کەبوم بەپێشمەرگە ژیلوان و ژینۆ لەدایکبون پاشان هێژا لەبانە لەدایکبوو، هۆنیاش لە سلێمانی دوای ڕاپەڕین.

**ئەگەر بکرێت ناوی هەموو منداڵەکانت بڵێت ؟**

لە گەورەوە نیاز موالیدی ١٩٧٣ وە نیان موالیدی ١٩٧٤ ڤیان ١٩٧٦ ژیان ١٩٧٩ شوان ١٩٨٠ ژینۆ ١٩٨٤ وە ژیلوان ١٩٨٥ هێژا ١٩٩٠ هۆنیا ١٩٩٢.

**من دەزانم کە تۆ برینداری چەکی کیمیاویت بەڵام پێش ئەوە هیچ جارێکی تر بریندار بوویت ؟**

نەخێر.

**ئەگەر بێینە سەر ئەوکاتەی کەحکومەتی عێراقی ویستی کۆتایی بەجوڵانەوەی سیاسی کورد بێنێت و عەلی حەسەن مەجیدی کردە بەرپرسی ئەوەی کێشەی کورد چارەسەر بکات بەهەرشێوەیەك بێت، ئەوکاتەی کەهێرش کرایە سەر دۆڵی جافایەتی یەکەم قۆناغی ئەنفال جەنابت بەرپرسیاریت چی بوو؟**

ئەوکات من ڕابەر سیاسی تیپی ٣٧ شارباژێڕبووم تا ساڵی ١٩٨٩.

**من دوو ڕۆمانی جەنابتم خوێنوەتەوە دۆزەخ و باڵندەکانی زەردەشت**

سێەمیش فریشتەکانی بەفر ئامادەیە بۆ چاپ.

**بەهیوام زوو چاپ بکرێت ، بەو ڕۆمانانەدا من هەستم کرد ئەم نوسەرە زۆر شارەزای دابونەریتی کۆمەڵایەتی و کاری سیاسی و لەهەمانکاتدا کاروباری سەربازیشە لەوکاتەدا من نەتۆم بینیبو وەنە لەنزیکەوە دەمناسیت، بەدڵنیاییەوە پێشمەرگایەتی کارێکی سەخت بووەو ڕوبەڕووی حکومەتێکی دڕندە بوونەتەوە لەهەمان کاتدا ڕۆمان نوسین پێویستی بە بیرکردنەوە و خەیاڵ وکات هەیە ئایا تۆ چۆن توانیوتە پێشمەرگایەتی و کاری نوسین بەیەکەوە بگونجێنیت ؟**

ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ سەرەتا ئێمە لەبنەماڵەیەکی چاوکراوەو ئەدەب دۆست بوین، ئێستاش لەبنەماڵەکەماندا شێخ تەهای برام شعری جوانی هەیەو شێخ تایەری برازام نوسەرەو اسماعیل حمەمینی برازام ڕەخنەگرو ڕۆماننوسە و ئاودێری برازام شاعیرەو هێژای کوڕیشم دەستی نوسینی هەیە، من هەر لەخوێندنگاوە هەوڵی نوسینی شعرم داوە، بەڵام سەرکەوتو نەبووم پاشان هەوڵی نوسینی

یەکەم ڕۆمانم دا بەناوی کراسێکی سور لەسەر کرێکارێکی کۆمپانیای نەوت لەکەرکوك دەدوا، بەڵام بەداخەوە لەگەڵ هەموو کتێبخانەکەمدا لە ناوچوو.

**لەکوێ لە ناوچوو؟**

لەبەینی کۆچی شارو لادێ بونی ماڵ بەکۆڵەوە لە ناوچوو. یەکەم چیرۆکم لە ساڵی١٩٧٤ لەپاشکۆی برایەتی دا بڵاوکردەوە، بەناوی خوێنی سێ ژنەکە، دووەم چیرۆکم لەشاخ بڵاوکردەوە لە گۆڤاری ژمارە ١٧ی نوسەری شاخدا پاشان چەند کورتە چیرۆکێکم بەناوی خاك بڵاوکردەوە، بۆیە من وەك هیوایەت و حەز ئارەزوی نوسینم دەکرد لەگەڵ ئەوەش دا ئارەزوم دەکرد لەگەڵ خەڵك و کۆمەڵگاو دەوروبەر دانەبڕێم، چونکە دنیایی شاخ دنیایەکی چەپەکە و دابڕاوە بۆیە حەزم نەکرد لەسەرکردایەتی بمێنمەوەو چومە ناو پێشمەرگەو خەڵکەوە. من خەیاڵم بوو بۆ کەمبۆدیاو ڤێتنام و هەموو ئەو وڵاتانە مێژووی خۆیان کردوە بەڕۆمان و فلیمی سینەمایی، بەڵام کورد شتێکی وایی نەبێت، بامن شتێك بکەم ئەوەندەی بتوانم. بڕیارم دا هەموو قارەمانیەتەکانی قەیوان ماوەت بکەم بەڕۆمان بەناوی دۆزەخ، بۆ ئەمە لەگەڵ کۆڵەپشتەکەم دایم کاخەزو قەڵەمم پێبوو لەهەرشوێنێك پشویەکم بدایە لەبات خەو و خۆمەشغوڵکردن شتم دەنوسی تەنانەت بیرەوەریەکانم ڕۆژ بەڕۆژ هەمووی دەنوسی.

**لەکاخەزدا یان دەفتەر؟**

لەدەفتەردا، بەشی یەکەمی ڕۆمانی دۆزەخم نوسی، چوم بۆ بانە ویستم چاپی بکەم لەکتێبخانەی ناجی خاوەنەکەشی هەر ناوی ناجی بوو کاریشی تێداکرد، بەڵام ئیتلاعاتی ئێرانی ڕێگەیان نەدا چاپ بکرێ مایەوە تا دوای ڕاپەرین و بەشی یەکەم و دووەمم چاپکرد.

**پاش چاپکردنی ڕۆمانەکە هیچ یەکێك لەو دیمەنانە نەهاتۆتەوە خەیاڵت بڵێیت خۆزگە ئەمەشم بنوسیایە ؟**

بەڵێ زۆریش، چونکە من لەئەدەبیاتەکەدا تۆزێك حەزم لەدرێژدادڕیە کەبەو لایەنەدا دەڕۆم هەندێك شتم لەبیردەچێت.

**نابەپێچەوانەوە ئەوکارەکتەرانەی ناوڕۆمانەکەت لەلای خوێنەریش جێگا**

**دەگرن وە من نەمزانیەو ئەوانە هەموی کارەکتەری ڕاستین وەك مام عەلی و حەمەی حاجی سەعید**

هەموو کارەکتەرەکان کارەکتەری ڕاستەقینەن بەپێچەوانەی نوسەرەکانی تر کە کەسایەتیەکی خەیاڵی و دەرەکی دێنێت، چونکە پاش مێژویەکی تر ئەوانەش دەبنە کەسایەتی خەیاڵی.

**بۆ وەسفی جەنگاوەرەکانی بەعس کە پەلاماری پێشمەرگەیانداوەو شەریان لەگەڵکردون تۆ وێنەیەك لای خوێنەر بەجێدێڵیت ئەو وێنە ناشرینەیە کەتۆ چۆن لەگەڵ پێشمەرگە تێکەڵیت دەڵێیت بەهەمان شێوە لەگەڵ بەعسەکانیش تێکەڵبوویت بۆنمونە بەعسیەکان بەشێوەیکی گشتی سمێڵیان زل و قەوی و درێژ بوو تۆ هاتویت بەکەڵەشاخ وەسف کردوە ئایا ئەمانەت لەمەیدانی شەڕدا بینوەو گواستوتەوە بۆناو ڕۆمانەکەت یان هەر خەیاڵی خۆت بووە ؟ دەتوانم بزانم چۆن بوە؟**

لەمەیدانی شەڕدا ئەو دیمەنانەم نەگواستۆتەوە، بەڵام لەژیانی ڕۆژانەی پێش بونم بە پێشمەرگە دەمووچاوی ئەو عەرەبانەم بینیوە بەتایبەتی ئەوانەی سەربازو ئەفسەرو پلەداربوون لە حکومەتی بەعس دا ئەوانەم جارێکی تر هێناوەتەوە بەرچاوم و لە ڕۆمانەکەمدا نوسیومەتەوە.

**نزیکبویتەوە لەوەڵامی پرسیارەکەم بۆ نمونە تۆ لەمەیدانی شەڕدا هیچ کەسێکت بینیوە بەودڵڕەقیە لەسەر ڕەشاشێك تەقە بکات ؟**

نا نەمبینیوە، بەڵام باسکراوە.

**باس لەکەسێك دەکەیت لەڕۆمانەکەتدا کەسێك لەوبەرەوە بەبیکەیسی تەقە لەپێشمەرگەکان دەکات و هەراسانی کردوون، باس لەوە دەکەیت کە حەمەی حاجی سەعید دوربنەکە دەنێت بەچاویەوەو تەقەی لێدەکات دەڵێت وازی لێبێنە کردت بەسیپاڵ. ئەمە دیمەنێکی ڕاستیە؟**

بەڵێ، دیمەنێکی ڕاستە ئەوە ئەو شەڕەبوو کە باسم کرد وتم هجومەکەم کردوە بۆئەوەی ئەو چاوە لەسەر کادر لابچێت لەلای پێشمەرگە، کەئێمە قۆڵی خۆمان تێکشکاند قۆڵی مامۆستا جەمال و مەجیدی حاجی عەلی کەقۆڵی

ئەوبەربوو پشتی ماڵی کوڕەداوێ  ئەوان پاشەکشەیەکی تاکتییان کرد، جاش و عەسکەر هاتنەخوارەوە گردەکەی لای ماڵەکانیان گرت و شەهیدێکیشیان دابوو، بەجێ مابوو ئەوانیش تفەنگەکەیان بردبوو چەندین حەربەشیان لە شەهیدەکە دابوو. لەوێوە یەکێك بەڕەشاش تەقەی دەکرد لە خوارێش هەندێك لە خانوی گوندەکانیش گڕیگرتبوو ئیتر لەوەوە ئەو دیمەنە دروست بوو ڕاستی بوو.

**بەڵێ دەزانم لەڕێگەی مام عەلیەوە دابونەریتی کوردەواری بەگشتی و ناوچەی شارباژێڕبەتایبەتی دەگوازیتەوە بەڵام نامەوێت زۆر بچمە ئەوباسەوە، ئەوەی من دەمەوێت بیزانم ئەمەیە پێشمەرگەیەك لەشەڕو لەژێر تۆپباراندا بێت  چۆن توانیوتە کاتێك بدۆزیتەوە ئەمە بنوسیتەوە؟**

وەك ئەوەی باسم کرد هیچ کاتێکی پشودانم لەدەست نەداوە، ماندو بوم پێشمەرگە نوستوە من شتم نوسیوە، جگە لەمەش رقێك و توڕەییەك لەناخی خۆت بەرامبەر دوژمن وات لێئەکات دەموچاوەکەی بەرامبەرت قێزەون بکەیت، بۆ نمونە هەرلەوشەڕەدا کەباسمکردو جەنابت ئاماژت پێکرد، ئێمە لای خۆمان مەیتێکمان بەدوژمن بەجێ هێشتوەو شکاندومانن و پێنج شەش پارچە چەك و هاوەنمان پێ بەجێ هێشتون بەیانی چوین بەرێزەوە مەیتەکەمان هێناوە بەبێ ئەوەی یەك پێشمەرگە دەستی بۆ بەرێت دارمان داناوە پشتێنەکەمان لێکردۆتەوەو مەیتەکەمان خستۆتە سەر پشتێنەکە بەچوار پێشمەرگە لەو شاخەوە هێناومانەتە مقەڕەکەو ناردومانە کەسوکاری بێن بیبەنەوە، بەڵام ئەوان گەیشتونەتە سەر پێشمەرگەیەکی گەنج و جوان شەهید بووە پەنجا حەربەیان لێداوە لەم کاتەدا ئەوە پاڵبەتۆوە دەنێت کەدەموچاوێکی قێزەون بەیت بە نەیارەکانت.

ئەوەشم بەبیرهاتەوە کەهاورێ پێشمەرگەکانم کە هاورێی خوێندکاری بون بۆئەوەی حەقیان بەمێ کاك جەلال و محەمەدی مام سمایل کە پێشمەرگەی دانەبڕاوەو دکتۆر عبدوڵا، ماوەیەك پێشمەرگەبوو ئەوانە بۆیە باس دەکەم جەنابت پرسیارت کرد دەربارەی ئەو هاوڕێیانەی کاتی خوێندن و کاتی پێشمەرگایەتی لەگەڵم بوون.

**دەست خۆش پرسیارێکی کەم ئەوەیە کەتۆ کادری کۆمەڵە بوویت بەڵام لەڕۆمانەکانت دا وادەردەکەوێت کەباوەڕت بەمارکسیەت نیە؟**

من لەسەرەتای گەنجیمەوە کەچومە ناو کۆمەڵەوە لەسەر دەستی شەهید حەمەئەمین پۆڵا بوو، ئەو کەسێك بوو زۆر پێی دادەگرت لەسەر بەرنامەو پرۆگرامی مارکسیەت وەك بوژانەوەیەك و ئاوڕدانەوەیەك لەگوزەرانی زۆرینەی خەڵکی چەوساوە پێموابوو بەرنامەیەکی باشە ئێمەش لەدورەوە ئەم مارکسیزمەمان وەرگرتبوو ئیتر بەتەواوی ببوومە مارکسی ئەوەی پێی دەڵێن زێڕی هەژدە عەیار، بەڵام لەوەودوا وردە وردە باوەڕم بە مارکسیەت نەما، تەنانەت پاش ماوەیەك لەسەر شتێك نامەیەکم بۆ کاك نەوشیروان نوسی و پێم گووت من لەمەودوا کۆمەڵە نامێنم ئەگەر قایلن وەک پێشمەرگەیەکی یەکێتی ئەگەرنا، نایکەم داوای ئەوەم کرد کە بێتاقەت بوم لە کاری حزبی حەزم لە ئیشی عەسکەریە. هەردوای سێ ڕۆژ کاك نەوشیروان بروسکەی نارد گوتی سەید ئەحمەد فەرماندەی تیپی حەفتاویەکی بەتالیۆنی حەوتی سلێمانیە لەکاتێکدا خەڵکیان بۆدانابوو. ووردە ووردە باوەڕم بەمارکسیەت نەما پێموابوو داتدەبڕێت لەکۆمەڵگا بەتایبەتی کۆمەڵگای خۆمان، کادرمان هەبوو کەدایکی نوێژی دەکرد بەرماڵەکەی فرێدەداو قسەی بەخودا دەگوت، تۆ چۆن ئەم ئەقڵیەتە دەگۆڕیت کۆمەڵگاکەی خۆت دەکەیتە دوژمن!! ئایا گەلی روسیا چەند بە مارکسیزم خەنیبوون ئایا جوڵانەوەی شوعییەت لەچین توانی ئەو مەهامە بەدیبهێنێت، ئایا ستالین لە روسیا چی بەخڵك کرد بۆ چەسپاندنی شتێکی تیۆری هەزاران جوتیاری کوشت، ئایا ئەو کوردانەی کەوتونەتە ژێر دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤێت لەسەردەمی لینین و ستالین لە بچوکترین مافی خۆیان بێبەش نەبوون!! کەواتە بۆمن دوای ئایدیایەك بکەوم کە بە وڵاتەکەی من لەڕوی دابونەریتەوە نامۆیە، بەڵام لەو وڵاتەی کە دەسەڵاتیان پێ بەدەست گرتوە خەڵکە هەژارەکەی کە خەباتیان کردوە هەرزەحمەتکێش و چەوساوە بێت.

**پاشان کەهێرش کرا بۆ دۆڵی جافایەتی و قۆناغی ئەنفالی یەك دەستی پێکرد تۆ لە شانخسێ برینداربویت؟**

کەهاتن کوڕەداوێیان گرت و ئێمە ئەو شەڕەمان کرد ڕۆژی دوای مام جەلال بروسکەیەکی بۆ ناردین گوتی ئەو شاخانە بڕۆن ئێوە ناڕۆن زۆر پێیدا هەڵدابوین چونکە ئێمە شەڕێکی گەورەمان کرد هێزێکی زۆرمان تێکشکاندبوو تەنها یەك شەهیدمان هەبوو لەگەڵ دوو بریندارردا، بۆ رۆژی دوایی جەنابی مام جەلال دوو

تیپی بەهاناوە ناردین یەکێکیان بەفەرماندەیی مەحمود سەنگاوی بوو، تیپەکەی تریشیان بە فەرماندەیی تیپەکەی شەهید (عەبدالرحمن)ی حەمەی فەرەج بوو، لەگەڵ دکتۆرێك بەناوی کاك حسن هەڵەبجەی هەر ئەو شەوە ئەو هێزە گەیشتە لای ئێمە دوو رۆژ لەوێ بوون بەڵام ئەوانمان ناردوە چونکە شوێنەکە تەنگەبەر بوو ڕۆژی دوایی شەڕێکی کەمان کرد هێزەکەمان شکاند بۆ ئێوارە بەماوەتدا پاشەکشەمان کرد بۆ سەفرە بریندارێکمان هەبوو، لەوێ بارەگای کەرتمان دانا بەفەرماندەیی شەهید حەمەی حاجی سەعید و ناردمانە وڵاغلو یەکێکی تریشمان نارده گردە ڕەش و کەرتێکی تریش بۆ گوندی کەماڵانی سەروو، ئەمە تا سەفرە گیرا لەدوای ئەوە مام جەلال گوتی ئێوە بچن بۆ شاناخسێ لەوێ بارەگایەك بکەنەوە بۆ ئەوەی ببنە هۆکاری پەیوەندی لەگەڵ وڵاتی ئێراندا و پارێزگاری ئەوگومرگە بکەین وەك داهاتێك ئیتر ئێمە تیپەکەمان بردەوە بۆ شاناخسێ لەوێ جێگیر بوین لەوێوە هەر شوێنێك هێزی پێویست بوایە ئێمە بۆ مان دەنارد بۆ مەڵبەندی سێ و بۆ قەرەداخ، بەڵام من وەك ڕابەری سیاسی کەمتر دەڕۆیشتم ئەو ماوەیە لەوێ مامەوە بۆ من دەرفەتێکی باش بوو بۆ تەواوکردنی بەشی یەکەم و بەشی دووەمی ڕۆمانەکەم .

**ئەوماوەیە چەندمانەوە لەوێ؟**

لە ساڵی ١٩٨٦ تا ساڵی ١٩٨٨ نزیکەی دوو ساڵ و چەند مانگێك بوو.

**لە کوێ بریندار بویت ؟**

من دووجار بریندار بووم بە چەکی کیمیایی جاری یەکەم لە ١٩٨٨/٢/٢٦ کە هاتم بەدوای منداڵەکان مەبەستم نیازو نیان و ڤیان و ژیانە کە بۆ خوێندن لە سلێمانی لەلای کەس و کارم بەجێمان هێشتبوون، بۆ ئەوەی بیان بەم کەزانیم بۆم دەرناچین هاتم بۆ قەراخ شار و هاتمە قزلەر لەوێ گەڕامەوە بۆ شەو چومە یاخسەمەر ئەو شەوە تۆپبارانی یاخسەمەریان کرد بە ساروخ و هاوەن و تۆپی کیمیاوی بارەگای مام جەلالی لێبوو ئەو شەوە ئێمە لەوێ بووین کۆمەڵێك پێشمەرگەم لەگەڵ بوو لەوانە حەمە قەڵاچوالانی بوو حەمە ماوەتی بوو ئازاد عەرەب بوو عبدالرەحمانی حاجی فەقێ لەوێ بریندار بوو، من ماوەیەك بوو دڵم ئێشابوو لێیان و دانیشتبووم بەڵام هەر لەشاناخسێ بووم یەك دووجار بروسکەیان بۆ کردبووم کاك نەوشیروان

و کاك شێخ دارا کە بچم بۆسەرکردایەتی داخۆ بۆ دڵمئێشاوە، بەڵام نەچوم، بەڵام کە چوم بەدوای منداڵەکاندا لەوێ چوم سەری کاك نەوشیروانم دا. کە چوم بە برینداری چوم بۆلای ئەوەش نا کە خوێنم لێبێت بەڵکوبرینداری کیمیاوی بووین، کاك نەوشیروان گوتی بۆ دڵت ئێشاوە ووتم لەبەر ئەوە.

**هۆیەکەی چی بوو ؟**

سەرتیپەکەمان ڕۆیشتبوو بۆ مەڵبەندی سێ، من لەوێ ڕابەر سیاسی بووم بەپێی ئسوڵ و قانون ڕابەر سیاسی کاری سەربازی دەکات، بەڵام برادەرێکیان دانابوو بە بەرپرسی سەربازی تا ئەو دێتەوە منیش ووتم نایکەم ئەگەر ترسنۆکم ئەگەر شیاونیم، ئەوا قەینا دەبێت من سەرپەرشتی ئەم تیپە بکەم، قانون وایە لە نەبونی فەرماندەی تیپ و جێگرەکەی دەبێت ڕابەری سیاسی سەرپەرشتی تیپ بکات لەبەر ئەوە دانیشتبوم پێشمەرگە زۆریان پێناخۆش بوو هەموو کەرتەکان دەهاتن بۆلام. کە لەوێ چوم بۆلای کاك نەوشیروان گوتی هەموو شتێکی تیپی ٣٧ تۆیت و ئێمە هەموشتێك لە تۆوە دەبینین. هەر لەوێ کاك جەبار فەرمان گوتی بابچین بۆ ماڵی خۆمان لەگەڵ ئەودا بەینمان زۆر خۆشبوو یادی بەخێر جارێکیش لە مردن رزگارم کرد، دوایی ئەوەشتان بۆباس دەکەم، گوتی بۆ گەنت لێدێت گوتم بریندارم، گوتی بڕۆ خۆت بشۆو جلەکانی سوتاندم پێنج دینار لەگیرفانی جلەکانمدا بوو ئەوەشی سوتاند بوو پاشان جلی پاکی دامێ لەگەڵ کڵاوێکی خوری گەرم، ووتم کاکە من پێنج دینارم پێبوە گوتی بزانە چەندی تێدایە؟ سەیرم کرد پەنجا دیناری تێکردبوو لەوێ گوتی مەڕۆن بەهەلیکۆپتەر دەتان نێرمەوە ئەو کاتە لە ئێرانەوە هەلیکۆپتەر دەهاتن. لەوێ کویستانی دۆڵی شێخ محەمەد و پشتی گەڵاڵە هەمووی لێوان لێوبوو لەبەفر ئەو ڕێگا دورو درێژە ڕۆژانە پێشمەرگەو کاروانچی پاکیان دەکردەوە، بەفر بەقەد باڵای زەلام بەرز بوو هەر بەینی دوو سەد مەترێك تۆزێك فراوانیان کردبوو بۆئەوەی ئێسترو وڵاخ لەیەك نەگیرێن ، ئێمە بەهەلیکۆپتەر ڕۆشتین تا گەڵاڵە لەوێ دایبەزاندین شەو لەوێ ماینەوە.

ئەوەی کاك جەبار فەرمان هاتەوە یادم لەشەڕی قەیوان ماوەتدابوو ئەوە باسی خەستی و قورسی شەڕەکە ناکرێت من لە گوڵێوە چوم بۆلای کاك جەبار

تەقەمەنی و پارە بهێنم کەچووم لەقامیش دانیشتبوو لەدەشتێکدا بەتانیەکی ڕاخستبوو هاوەنیش دەهات شوێنەکە پشتەوەبوو (خلفی) تۆپ و هاوەن بۆ ئەویٚ دەهات گوتم تۆ بۆ لێرە دانیشتویت ئەو بەتانیە هەڵبگرەو بچۆرە ئەو پاڵەوە گوتی بۆ ئەوەنیە ئێوە لەوشاخە شەڕ دەکەن کوڕی خەڵك لەویٚ شەهید دەبێت بامنیش لێرە شەهیدببم، وتم تۆ سەرکردەیت تۆ نابیتەوە بەتانیەکەم هەڵگرت وتم کاکە هەڵنەسیت هەڵت دەڕێژم خەمی تۆم نییە خەمی خۆمە من هەشت نۆ منداڵم هەیە بۆ لێرە شەهیدبم هەستاو سەد مەتر دورکەوتینەوە یەك هاوەن دای لە ناوەڕاستی باتانیەکە لەوکاتەوە هەموو جارێك دەیگوت سەید ئەحمەد ڕزگاری کردووم، بەڵام کەنەخۆش کەوت دەچوم بۆلای دەیگوت قەرزاری دنیاو قیامەتم بیت، ئەگەر تۆ نەبویتایە من شەهید دەبووم وتم ئاخر منیش شەهید دەبووم. نازانم لەکویٚدابووم؟

**لەگەڵاڵیٚ مانەوە**

بەڵی لەویٚ لەلای کاك شێخ محمدماینەوە هاوڕێی خوێندن بوین بەیەکەوە ئەو ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بوو لەویٚ نوێنەری یەکێتی بوو لەگەڵاڵە ئەم گەڵاڵەی لای ماوەت، ئەویٚ ئێران گرتبووی، ئەوکاتە ئێرانی لێبوو ناوچەکە. من لەگەڵ پێشمەرگەکان دانیشتبوم نەمزانی کە ئەوی لێیە بانگی کردم وتی وەرە ئەمدیو خێمەکە ئەمدیو ئەودییو بوو، گوتی بەیانی لەگەڵ من وەرە بە سەیارە لەگەڵ ئەو ڕۆیشتین شەو لە ماڵی ئێمە ماینەوە لە شاناخسیٚ، لە ترێی سور شەرابێکم دروست کردبوو کەس نەیدەزانی ئەمە ویسکیە یان شەرابە مریشکیشم هەبوو مانگاو بزنیشم هەبوو بەڵام مانگاو بزنەکە دوای بۆت باسدەکەم کەچۆن هەمبوو، پێم گوت ئەمشەو لای من بمێنەوە لەم کونەدا دەخەوین خۆمان ژورو هەیوانێکمان هەبوو لەگەڵ کونە تەیارەیەك ئێمە لەویٚ نوستین، شەو شەرابم دایە گوتی ئەوە چیە؟ ووتم (ویسکی) یە گوتی ئەم ویسکیەت لە کویٚ بوو؟ وتم خۆ مام جەلال ئاگای لێمان نییە لەم ناو جەرگەی شەڕو ئاگربارانەی ئێران و عێراقدا بڵێت مەشروب خواردنەوە قەدەغەیە، ئیٚ لەم کونە تەیارەیەدا بە قوربانی خوابم قابیلە ئێمە بدۆزێتەوە بڵێت گوناهبارن ئەویش حەزی لە مەشروب بوو، ئێستاش هەر بەویسکی خواردویەتیەوە، ئیتر بەیانی لەوێوە ناردیانم بۆ نەخۆشخانەی ٢٩

بەهمەن لەتەبرێز، لە ٣ی ئازارەوە لەوێ بووم تا ٩ی مانگی ئازار، دوایی هاتمەوە شاناخسێ. شتێکی باجی مەلیح باس بکەم؟

**بەڵێ ئەی بۆنا، فەرموو**

من هەر لەخۆشەویستیدا پێی دەڵێم (باجی مەلیح)، بێگومان زۆرقەرزداری ئەوم هەموو ئەوهێزو توانایەی کەهەمبوەو توانیومە لەپێشمەرگایەتیدا بمێنمەوە هەموو نوسینەکانیشم بەپشتیوانی ئەو ژنە گەورەیە بوە، ئەمە جگەلەوەی منداڵەکانیشی زۆر بەجوانی پەروەردەو گەورەکردوە. کە ئێران هات لەقوڵی ئێمەوە هێرش بکات قەرار بوو حەوزی ماوەت بگیرێت هەتا سورە قەڵات و کارێزەو بەچیای قەیوانیشەوە، بڕیاربوو لەهێرشێکی هاوبەشدا ئەو ناوچەیە بگیرێت، بروسکەیەکمان بۆهات لە مام جەلالەوە دەڵێت ئەو شوێنەی هێزی زۆری ئێمەی لێیە ئێمە خاوەن بڕیارین ئەو شوێنەی هێزی زۆری پاسداری لێیە ئەوان خاوەنی بڕیارن کەواتە تیپی ٣٧ ئیوە هەماهەنگی و گوێڕایەڵی ئەوان بکەن. کەئەوان هاتن پاسدارێکی زۆریان هێنا فەرماندەی لەشکری ٥٧ سوپای پاسداران هات ووتیان ئەو ژن و منداڵانە بۆ لێرەبن بۆ نەیان نێرین بۆ شوێنێك هەموو ژنەکانمان نارد بۆ سەردەشت لەوێ ئوتێلێکیان بۆگرتن هەمویان لەوێ مانەوە وابزانم مانگێکی پێچوو بەڵام لەوماوەیەدا هەر تۆپێك دەهات و پێشمەرگەیەکی خێزانداری شەهید دەکردین سێ چوار پێشمەرگەی خێزاندارمان شەهیدبو کەماڵ و منداڵەکەی لەوێ بوون لەبەر ئەوە قەدەغەمانکرد هیچ پێشمەرگەیەك سەردانیان بکات و نامەیان بۆ بنوسێت تەنانەت بۆ هەواڵپرسینیش بۆ ئەوەی ئەو خێزانانەی کەمێردەکانیان شەهید بوە نەزانن، بەڵام باجی مەلیح گوتبوی من هەر دەڕۆمەوە بۆ لای سەید ئەحمەد، ئەو لەکوێ بێت منیش لەوێ دەبم، کاتێکم زانی باجی مەلیح و ژیلوان و ژینۆ و شوان هاتنەوە.

**واتا بەمناڵەکانەوە هاتەوە**

بەڵێ، ووتم ئەوە بۆ هاتیتەوە؟ گوتی: ئەی بۆ من لەگەڵ تۆ نەمرم، ڕۆژی ٢٣ی ئازاری ١٩٨٨ ئەوە من هێشتا عیلاجی برینداری کیمیاییەکەمم تەواو نەکردوە شەهید محمدی حاجی سەعید لە هاوار شەهید ببو، لە هەڵەبجە هەندێك گوللە ساروخی فاسیان دەست کەوتبوو تاقیانکردبۆوە کە ساروخێکی فاسی تەقاندبو

له دارگوێزێکی دابوو پارچەکەی بەرکەوتبوو بەوە شەهید بوو. ئامۆزایەکی ناوی بەرزانی حاجی قادرە لە شوێی بانە بوو ووتمان ئەچین بۆ ئەویٚ بۆ ئەوەی بەشداری پرسەکەی بکەین، بارەگایەکمان هەبوو لە پشتی ماڵەکانی خۆمانەوە لە تەنیشت ئەوەشەوە بارەگایەکی پەیوەندیەکان بوو، سالاری حاجی دەروێشی چوارتایی سەرپەرشتی دەکرد نەخۆشخانەیەکی لیٚ بوو ناویان نابوو نەخۆشخانەی فاتمەی زەهرا، ئێرانیەکان کردبویان سەیارەیەکمان هەبوو ئێرانیەکان دابویان بە ئێمە سەیارەکەش تایەکەی تەقیبوو دانیشتبووین پێنج شەش تەیارە هاتن ئەوناوەیان بۆردومان کرد ٤٨ ماڵی پێشمەرگەو خەڵکی شاناخسێی لیٚ بوو شەهیدو برینداریٚکی زۆری لێکەوتەوە.

**رۆژی کیمیابارانی شاناخسیٚ؟**

دوا نیوەڕۆی ٢٣ی ئازاری ١٩٨٨ بوو.

من بۆخۆشم لەبریندارەکان بووم کە هاتمەوە ماڵەوە، مەلیح دەستی کرد بەگریان گوتی تەواو تۆ ئەمریت تۆ هێشتا چاك نەبویتەوە ئەوە جارێکی تریش برینداربویتەوە ئەوکاتە دکتۆرێکیان بۆ هێنام دکتۆری تیپ بوو، ناوی دکتۆر کاوە بوو خۆی یاریدەدەری دکتۆر بوو لەڕێگا تورەیان کردبوو وتبویان تۆ ترسنۆکیت ڕاتکردوە ئەویش مشتێك گڵی لای ساروخێك هەڵگرتبوو بۆنی پێوەکردبوو، وتبوی خۆ سەرباز نەهاتوە تا من ترسابم ڕامکردبێت.

کە هاتە لای من دەرزیەکەم لەودا ئەو توشی تەشەنوجی مل و شێتی بوو. پاشان من خۆم شت  و جلەکانم شت ئامادەکاریم بۆ ئەوانە کردبوو مۆری تیپم دا بە مەلیح ووتم هەتا نەگەڕێمەوە ئەم مۆرە نەدەیت بەکەس لیستێکی چەك و سیلاحمان هەبوو ئەوەشم دایە.

کە هاتە لای من دەرزیەکەم لەودا ئەو توشی تەشەنوجی مل و شێتی بوو. پاشان من خۆم شت  و جلەکانم شت ئامادەکاریم بۆ ئەوانە کردبوو مۆری تیپم دابە مەلێح ووتم هەتا نەگەڕێمەوە ئەم مۆرە نەدەیت بەکەس لیستێکی چەك و سیلاحمان هەبوو ئەوەشم دایە.

**واتا حاڵەتەکەت ئەوەندە خراپ بوو تا وەسێت بکەیت؟**

نەخێر بەس تا دەهات هەستم دەکرد نەوعێك شت بەسەرمادێت هاتن بمبەن بۆ خەستەخانەی فاتمەی زەهرا، وتم کەس نەمگرێت خۆم ئەڕۆم لەوێ ئیتر نازانم بورابومەوە لەهۆشخۆم چووم کاتێك دەزانم لە ئەسفەهانم.

**ئەو فەترەیەت هیچ بیرنایات؟**

نازانم چۆن و کەی گەیشتومەتە ئەسفەهان، لەوێ لە دولاوە مغەزیم پێوەیە و هەمووگیانم سوتاوە لەلوتم ئیفرازات دێتە دەرەوە کوێر بووم، ئەوەی من دەمکرد ئەوە بوو هەموو ڕۆژێك سێ جار خۆم دەشت دوای پانزە ڕۆژ چاوێکم کرایەوەو پاش ماوەیەك چاوەکەی ترم کرایەوە بەهەمووی چل ڕۆژ لە نەخۆشخانە بووم نەخۆشخانەی (بیمارستانی خورشیدی)یان پێدەگوت زۆربەی بریندارەکانی ئەوێ هەڵەبجەییەکان بوون ژن و منداڵ پیرو گەنج دەگریان و هاواریان دەکرد، چونکە ئازارێکی هێند بەسوێی هەیە بەتایبەت ئەوجۆرە خەردەلەی کە دەتسوتێنێت منیش لەوێ لەگەڵ ئەوبریندارییەی خۆم دا شعرێکم بۆ هەڵەبجە نوسی هەرلەوێ کەنوسیم و پاکسازم کرد ئیتر لە بەرم کرد دوایی خستمە سەر کاغەزو ئێستاش هەرماوە.

**دوایی پێویستە بۆمان بخوێنیتەوە؟**

زۆر باشە. باسی ئاژەڵم کرد، کەوتم مانگاو بزنم هەیە، ئێستا بۆت دەگێڕمەوە چۆن هەمبوو، لەسەرتا کەلەوێ بوین دکتۆرەکان مانیانگرت، گوتیان کەس چارە ناکەین چونکە کیمیایی وەك نەخۆشی ساری وایە دەیگریتەوە، بەڵام من بەپاکی چوبوم لەبەر ئەوەی زوزو خۆم دەشت سوتاوییەکانم چاك ببونەوەو پاك و خاوێنتر بووم، دوای مانگێك منیان دەرکرد، بەڵام دکتۆرەیەکی لێبوو تایبەتمەندیەکەی چاو بوو خاڵێك بە ڕومەتیەوە بوو، منی لەگەڵ خۆی دەبرد بۆ وەرگێڕان، من بەهۆی ئەوەی دەمخوێنەوە و کتێب و ڕۆژنامەی فارسیم بۆدەهات فێری جۆرێك لە فارسی قسەکردن و تێگەیشتن ببوم، پاکو خاوێنیش بوم هەموڕۆژێك خۆم دەشت. کەدەرچوم پرسیاری لێکردم گوتی تۆ بۆکوێ دەچیت؟ ووتم ئەچمەوە بۆ ئەو شوێنەی لێی بریندار بووم، گوتی بۆ ئەچیتەوە تۆ وەزعت زۆر خراپە؟ وتم ئاخر من ماڵ و منداڵەکانم لەوێن، گوتی ئەوان لەوێن؟! گوتی با پشکنینت

بۆبکەم بزانم هیچ برینێکت بەلەشەوە نەماوە، وتم ئاخر تۆ دکتۆری چاویت گوتی کێشە نیە حەزدەکەم تۆ بەباشی بڕۆیتەوە ناشهێڵم بڕۆیتەوە ئەبێت ١٠ ڕۆژی تر لێرەبیت، گوتی دەچم ئەو دەرکردنەی تۆ هەڵئەوەشێنەمەوە، کە هات فەحسی کردم بڵقێکی سوتاوی بە قاچمەوە بوو دکتۆرەکان نەیان تەقاندبوو گوتی ئەو برینەت بۆ پاك دەکەمەوە ئەگەر جەراعەتی کرد بێت دەبێت قاچت ببڕینەوە لەبەرئەوەی توشی شێرپەنجە دەبیت، دوایی هات هەموو لەشم بپشکنێت من دەرپێی کورتم لەپێ بوو نەمهێشت وتی دایکەنە شتێکت لە بیر بێت دکتۆرە فریشتەیە، ئێوەش ئامانەتن لە ئەستۆی ئێمە ئاوا هەموو گیانمی جوان پشکنی دەرۆژیشی بۆتازە کردمەوە برینەکەم بەو ماوەیە چاك بوو. گوتی مادام ئەچیتەوە دەبێت شیرو بەرهەمەکانی شیر بخۆیت، باشە من بچمەوە بۆ شاناخسێ لەکوێ شیرو بەرهەمەکانی پەیداکەم؟ گوتی ئەگەر وانەکەیت دەتکوژێت. کەهاتمەوە وام گوت لەتیپ ئێسترێکمان هەبوو بۆیان فرۆشتم بۆیان دام بەمانگایەك، مەلیح نەیدەزانی مانگاکە بدۆشێت لەژیانیدا ئاژەڵی بەخێونەکردوە، بەڵام ماڵی ئامۆزایەکم لەگەڵمان بوون ژنەکەشی پورزام بوو ئەو مەلیحی فێر کرد، دوای دوو بزنیشم کڕی بەدوو کارەوە لەو ئاگربارانە ئیتر لەوێ دۆو شیرو ماستمان هەبوو.

**دوای لە شاناخسێ مانەوە؟**

بەڵێ ئێمە هەتا وەستانی شەڕی ئێران و عێراق لەوێ ماینەوەو ئێران لە ناوچەکان دەکشایەوەو پردەکانی دەتەقاندەوەو ناوچەکانی کانیان مینرێژ دەکرد، منیش بروسکەیەکم بۆ کاك نەوشیروان کرد گوتم شتێکی ئاوایە، ئەویش وەڵامی بروسکەکەی دایەوەو نوسیبووی ماڵ و منداڵتان بەرن بۆ ئێران و خۆتان لەوێ بمێنەوە. ماڵ و منداڵەکانمان نارد، بەڵام من ماڵەکەی خۆم نەنارد مەلیح گوتی لەگەڵ خۆت نەبێت ناڕۆم دوای دوو سێ ڕۆژی تر بروسکەیەکی ترم کرد پێم گوتن ئێران پردوو ڕێگاکان دەتەقێننەوە ئێمە بەتەنیا دەمێنینەوەو عێراقیش دێت و ڕێگا نامێنێت گوتی بچن بۆ شلێرو ناوخوان، ئەوێ سنوری پێنجوێنە ئێمەش لەوێ گواستمانەوە بۆ عەواڵ لەپشتی ئەو زاوییەی کەلە پێنجوێنەوە دەچێتە ئێرانەوە بارەگامان بردە ئەوێ و ماڵەکانمان بردە بانە تا ڕاپەڕینەکە. بارەگامان بردە ئەوێ لەوێش حکومەتی ئێراقی هات بارەگاکەمان گواستەوە بۆ مەڵبەندی سێ لەبناری قەندیل بۆ سورەدێ تا ئەخیر شەڕی کونە کۆترو مۆڵی گەورەو مۆڵی

بچوك لەویٚ شەهید ئازاد شەهید بوو تا دوایی کشانەوەکە بارەگامان بردە بلەکێ.

تۆ بەو برینداریەوە توانای جەولەو شەڕت هەبوو؟

بەو برینداریەوە بەگۆچان و عەینەك بەسواری ئێستر دەڕۆیشتم لەشم برینیش بوو.

من چاوپێکەوتنم لەگەڵ پیاوێکی ترکردوە بەناوی عومەر ئەویش برینداری چەکی کیمیایەو

بەڵێ عومەر دڕیی ئەو لەگەڵ من بریندار‌بوو من باسی بریدارو شەهیدەکانم نەکرد چونکە زۆر بوون، ناوەکانم هەمووی لەلایە شەهیدەکان حەمە ئەمینی خەجێ و مامۆستا حەمە ڕەوف و شێخ عەزیزی شەدەڵە و کاك ئاسۆی شێخ مارف ئەو فەرماندەی کەرتمان بوو هەژار گەڵاڵی و ئامانج و خاڵە کەمال بوون.

**ئەمان شەهیدی کیمابارانا بوون؟**

بەڵێ کۆمەڵێکی تر کە لە نەخۆشخانە شەهید بوون من ناویان نازانم و بریندارەکانیش زۆر زۆر بوون.

.بەڵام عومەر دڕەیی دەڵێت ئێمە لە نەخۆشخانەی (لباقی نەژاد) بووین لەسەروی تارانەوە سەید ئەحمەد هات بۆلام.

راست دەکات چووم بۆلای، بەڵام من بەبێ هۆشی برابوومە خەستەخانەیەکی ئەسفەهان، لەبیمارستانی خورشیدی چارەسەر دەکرام هەتا دەرچووم هەرلەوێ بووم، کاك عومەر دڕەییش هەرلەوێ بوو لە ژورەکەی تەنیشت منەوە بوو، کە من چوومە لای وەزعی زۆرخراپ بوو، برینداریيەکەی ئەو لەهی من زۆرترو خراپتر بوو، دیارە کاك عومەر لەبیری نەماوە وابزانم بۆ چارەسەری باشتر ئەویان لە ئەسفەهانەوە گواستەوە بۆ تاران، لەگەڵ ڕێزێکی زۆرمدا ئەو لەونێوەدا لێی تێکچووە، بەداخەوە ئەو ئێستاش تەندروستی هەرباش نییە.

**باسی ئەو نەخۆشخانەیەت کرد فاتمە زەهرا، ئەوە لە شاناخسێ بوو؟**

بەڵێ، مەبەست نەخۆشخانەی شاناخسێ بوو.

**دکتۆرەکە ناوی چی بوو؟**

دکتۆرەکە نازانم ناوی چی بوو کۆمەڵێکی لێ بوو ئەوان زیاتر فریاگوزاری بوون لە بەری شەر کەیەکێك بریندار دەبوو چارەسەرێکی خێرایان بۆ دەکردو لەوێوە بەهەلیکۆپتەر ڕەوانەیان دەکرد.

**پێم وایە ئەو دکتۆرە ناوی سەحەرە بەڵام دڵنیا نیم.**

نازانم، چونکە من کەبرینداربووم شەهید شێخ عەزیز و شەهید ئاسۆ لەبەردەم منەوە بوون، من گڵی ساروخەکەم بەسەرداهات، من پاڵ کەوتم ئەگەر منیش بڕۆیشتمایە پارچەی ساروخەکەم بەردەکەوت وەك ئەوان شەهید دەبووم کە تەیارەکە هات زۆر نزم بوو من لەکەندەڵانێکدا بووم خۆم بەزەوی دادا کەساروخەکە هات من نەمزانی ساروخی کیمیاییە، هەستام ڕاکەم کەوتم دوبارە هەستامەوە کەوتمەوە شایەتمانێکم هێناو گوتم تازە بۆڕاکەم کەناتوانم دوای گوتم کە ئەو پێشمەرگانە دێن من هەڵدەگرنەوە بۆ برینداربن با دور بکەومەوە کێشام بەسنگی خۆمدا تەماشام کرد دەتوانم تەوازنی خۆم ڕابگرم ڕامکرد، خۆمکرد بەنەخۆشخانەکە کەسی تێدانەبوو چونکە شوێنەکەی لەچاڵیدا بوو هەمووی هەڵاتبوون باشترین بەرەنگاری چەکی کیمیایی چونە شوێنی بەرزوو ڕاکردنە، بە دژی ئاراستەی هەواوە پاشان چومە ماڵ و لەوێ خۆمشت و ئیتر لەوێوە من بەبێ هۆشی چوم بۆ ئەسفەهان، پێشتریش هیچ پێویستیەکم بەنەخۆشخانە نەبووە تا بزانم کێی لێیە.

**وەك بزانیت ئەوشەهیدانەی کەباست کردن وەك شەهیدی کیمیاباران تۆمار کراون؟**

دەبێت تۆمار کرابن من بەتەواوەتی ئاگادار نیم.

**هیچ مامەڵەیەکت کردوە بۆ تۆمارکردنت وەك برینداری چەکی کیمیایی؟**

بەڵێ مامەڵەیەکم کردوە تەنها بۆئەوەی ناوم هەبێت نەك بۆموچە.

**ئەگەر ڕێت کەوتە ئێران دەتوانیت ئەو فایلەت بێنیتەوە لەنەخۆشخانەکان وەك دۆکۆمێنت؟**

چاوم تەواو نیە تۆزێك لاواز بوون، بەنیازم بچم بۆ ئێران بۆ چارەسەر لەو سەفەرەمدا هەوڵ دەدەم بیهێنمەوە ئەگەر دەست بکەوێت.

**دەست دەکەوێت خەڵك هەیە هێناویەتەوە، کاك سەید ئێستا هەست دەکەیت کاریگەری چەکی کیمیایت لەسەر مابێت؟**

من کەسێکی زۆر هێمن و لەسەرخۆبووم یەکێك بووم لەوانەی کەدەیانگوت قەت تورە نابێت، بەڵام لەبرینداری کیمیاییەکەمەوە دەزانم جۆرە تورەبونێکم هەیە و زوو دەمگرێ و بەحەماسەت قسە دەکەم، لەو حاڵەتە زیاترم نییەو هەست دەکەم من کیمیایم تێکشکاندووە. زاڵبووم بەسەریدا، نەمهێشت زەفەرم پێبەرێت.

ئەو ئیرادەیە زۆر گرنگەو بەراستی شایانی ئەوەیە بەچاوی ریزەوە تەماشا بکرێت، ئێستا دەتوانین بەتۆ بلێین بەرکەوتووی چەکی کیمیایی، نەک بریندارو نەخۆشی چەکی کیمیایی، بەشێوەیەکی تر بلێم دەبێت بەریزت وەک بەرکەوتووی چەکی کیمیایی حسابت بۆ بکرێت بەڵام وەک بریندارونەخۆشێکی چەکی کیمیایی حسابت بۆنەکرێت.

نەخێر بەهیچ جۆرێک هەست بەو حاڵەتە ناخۆشانە ناکەم، ئەوحاڵەتە دەرونییە نەبیت، وردە وردە وا خەریکە بەسەر ئەوەشدا زاڵ دەبم.

**بەهیوام بەسەرئەوەشدا زاڵ بیت.**

**باسی دیمەنێکت کرد، کە زۆر ژن ومنداڵی هەڵەبجەیت لە خەستەخانەکانی ئێراندا بینیوە؟**

بەڵێ ئەوە لە نەخۆشخانە (بیمارستان خورشیدی)ە سێ قات بوو، هەرچی برینداری کیمیاییە هی هەڵەبجەو شوێنەکانی تر لەوێ بوو، ئەو دیمەنە زۆر کاری تێکردم بەدەم ئەو ئازارەی خۆمەوە شیعرێکم بۆ هەڵەبجە ووت.

بە مەزندەی عەقڵی خۆت ئەوکاتە ئەو خەڵکە بریندارە چەندێک دەبوون،

وەڵا زۆربوون رەنگە خۆیان لە پێنج سەد شەش سەدکەس بدایە، تەنها بریندار بوون.

**بێجگە لەو خەستەخانەیەش زۆربەخەستەخانەکانی تری ئێران بریندارانی چەکی کیمیاییان تێدابوو؟**

بەلێ بێگومان بەڵام من هەر باسی ژوورەکەی خۆم بکەم ئەمبەر هەشت و ئەوبەر هەشت کەسی تێدابوو.

**کەواتە هەر ژورێک شانزە کەسی تێدابووە.**

بەڵێ ئینجا باشتێکت بۆ خۆشی بۆ بگێرمەوە، کابرایەکی فارس هات پیریش بوو، من حەوسەڵەم نەبوو بریندار بووم، ئەویش حەزی لەقسان بوو، وتی: بەچەیە کوجا هەستی، منیش وەڵامم نەدایەوە، ئینجا وتی وێن ئەهلەک هەر وەڵامم نەدایەوە، خەڵکی کوێی، ئینجا بەتورکی دەستی پێکرد، جنێوێکی پێدام (پدر سختە مادر سوختە). بەزمانی فارسی جنێوی پێدەدام و نەیدەزانی تێدەگەم ودەیگوت (نمیدونم اون پدر سختە بچەای کوجا است– واتە ئەم سەگبابە خەڵکی کوێیە).

**ئەویش سەرباز بوو؟**

بەلێ ئەویش لەشاناخسێ بریندار ببوو، لە خۆبەشەکانی شەهیدانی نەجەف و کەربەلا بوو، بەڵام ئەو وەزعی باشتر بوو.

**یەعنی ئێرانی نەبوو؟**

با با، ئێرانی بوو. ئەویش پاسدار بوو.

**چیتر ماوە کە ئێمە باسمان نەکردبێت؟**

باسی پارتیزانیمان نەکرد.

**بەلێ ڕاست دەفەرمووی، دوای ئەوەی جەنگی ئێران عیراق وەستا و ئەنفال سەری گرت و عێراق کۆنترۆڵی ناوچەکانی کردوە، کەی سەرکردایەتی بیری لە مەفرەزە پارتیزانەکان کردەوە؟**

سەرکردایەتی کە هێزەکانی تەشکیل کردەوە دەنگۆیەک بەناوی سەرکردایەتی بڵاو بووەوە کێ دەمێنێتەوە ئازادە، کێ دەڕوات بۆ دەرەوە بابڕوات، کێ دەڕواتەوە تەسلیم دەبێتەوە ئێمە بەتەسلیم بوونەوە بۆی ئەژمار ناکەین.

**ئەوکاتە ئەوەیان گووت ئەوەی تەسلیم بێتەوە بە چۆڵکردنی ریزی خەبات بۆی ئەژمار ناکەین؟**

بەڵێ دەنگۆکە وابوو لەبەرئەوەی کەوتووینەتە بارێکی نائاساییەوەو ئەم هەموو هێزەمان پێ ئیدارە ناکرێت. ئەوانەشی کەماینەوە بەسەر دوو لایەندا

دابەشیان کردین، ئەوانەی دەبن بەپارتیزان و ئەوانەی وەک پێشمەرگە دەمێننەوە لەبارەگاکاندا، من ئەوکاتە وەک پارتیزان خۆم نەنوسی لەبەرئەوەی ماڵ و منداڵم هەبوو. ئەوکاتە دەورەیەکیان بۆ ئەوکەسانە کردەوە کە خۆیان بۆ پارتیزان نوسیبوو، لەوەدا زوڵمێک لەپارتیزانەکان کرا، چونکە ئەوەی دەورەکەی بینیبوو پێیان دەگووت پارتیزان نەشچوایەتە خوارەوە هەر پێیان دەگوت پارتیزان، دوای راپەرینیش مام جەلال مەدالیای پارتیزانی پێبەخشین هەمووی گرتەوە. بەڵام ئەوانەی لە بەتالیونەکاندا بوون و بە پارتیزانی دابەزین مەدالیایان پێنەدرا وەک پارتیزانەکانی تیپی ٧١ کە بەندە فەرماندەی بووم. ئەوکاتەی کەبەتالیونەکانیان دروستکرد، بەتالیونی حەوتیان بۆ سلێمانی دانا کە مامۆستا جەمال بەرپرسی بوو، من فەرماندەی تیپی ٧١ی ئەو بەتالیونە بووم، منیش ووتم مادام وایە بۆ دانەبەزین ؟ چوم لەگەڵ کاک نەوشیروان قسەم کرد، ئەویش وتی پێمباشە. ئیتر هاتین لە پێشەوە ڕێگاکانمان کردەوە، دوو ڕێگا هەبوون یەکێکیان لە بلەکێوە دەهات، یەکێکیشیان لە شاناخسێوە دەهات،

**لە بلەکێوە بۆ کوێ دەهات؟**

ڕێگایەکیان لە بلەکێوە دەچوین بۆ پردی جەلال و لەوێشەوە بۆ چوارتاو مامە خەلان، لەوێشەوە لە تەنکە بوارەوە دەهاتینە سیتەک و لەوێشەوە بۆ گۆیژەو ئینجا دەهاتینە سلێمانی. ڕێگاکەی تریشیان لە شاناخسێوە دێتە سەراو میراو، لەوێشەوە بۆ کورەداوێ و بەوێشدا دەهاتیتە دۆڵی جەهەننەم و لەوێشەوە بۆ شاخی ئەزمڕو گۆیژەو لەوێشەوە بۆ سلێمانی. ئەو ڕێگایەمان لەئەڵغام پاککردەوە، کاک حمە هەژارو کاک فاروق و کاک مەجیدو ئەوان هەندێکیان هەڵگرتەوەو من و حاجی سەراوی[٢١] بەڕەحمەت بێ شەهید بوو، وەستا فاروقیش ڕێگای پردی جەلالی بۆ هەورازی مامە خەلان هەمویمان هەڵگرتەوە بێگومان بەس راستە ڕێگاکانمان پاککردەوە. بەهەرسێک ڕیگادا دووسێ جار دابەزین و سێجاریش بە نهێنی هاتوومەتە ناو شاری سلێمانی.

---

٢١ .حاجی سەراوی ناوی راستەقینەی محەمەد عەلی مستەفایە خەڵکی گوندی سەراوی شارباژێڕ بوو، فەرماندەی کەرت بووە لە تیپی ٣٧ ی شارباژێڕی یەکێتی نیشتمانی کوردستان یەکێک بووە لەپارتیزانەکانی دوای ئەنفال، لە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٠/٢٢ لە چیایی خواکوڕک لە شەڕێ نێوان یەکێتی وپارتی پەکەکەدا شەهید بوو باوکی دووکچ و کوڕێک بوو.

لەپێشەوە مەفرەزەیەکمان دابەزاندو دواتر کردم بە دوو مەفرەزەو کردم بەسێ لەگەڵ خۆم. مەفرەزەیەکیان شەهید حاجی سەراوی فەرماندەی بوو، مەفرەزەیەکیان وەستا فاروق بوو ئەوەی ئێستا لێپرسراوی پێشمەرگە دێرینە دانەبڕاوەکانی یەکێتیە، ئەوسا فەرماندەی کەرت بوو، من بۆخۆشم سەرپەرشتی هەردوک مەفرەزەکەو مەفرەزەیەکیشم لەگەڵ بوو، مەفرەزەی ناوچەی (دێگەڵ وگۆڕانگاو وەرازو کەنارو) وەستا فاروق سەرپەرشتی دەکرد. مەفرەزی حاجی سەراویش ناوچەی سەراو و میراو ئەوناوە، خۆشم لە حەوزی ماوەت. لەوێشەوە دراسەیەکی وردی رەبایەکانی ئەو ناوچەیەم کرد چەند رەبایەی لێیەو چەند فەسیلەو سرییەو فەوجی لێیە، چەند سەربازیان تێدایەو جۆری چەکەکانیان چیەو چۆنە، لەسەر ئەوە نامەیەکم نوسی و ناردم بۆ کاک نەوشیروان، ئەوەی کە بۆی گێڕامەوە کاک نەوشیروان وتبووی  یەکەم جارە من نامەیەکم بەو وردەکارییەوە بۆ بێت. بارەگایەکمان لەسەراو دانا هەتا کاتی ڕاپەڕین.

**سەراو لەکوێیە؟**

سەراو لەپشتی ماوەتەوەیە بەو گوندانە واتە سەراو، میراواو دارەبەن دەگوترێ سەرشیو.

**بێگومان بارەگاکانی ئێوە جۆرێک کراوەترو ئازادتر بوون لەجاو ئەوانەی گەرمیان.**

بەڵێ بارەگاکانی ئێمە زۆر فشاری سەربازیمان لەسەر نەبوو، تەنیا زنجیرە چیای گمۆ هەمووی ڕەبایە بوو، پشتمان کەوتبوو، جادەی چوارتاش کە دەچێت بۆ کەناروێ و باسنێ ئەو جادەیە هەتا دێتەوە بۆ ماوەت لەهەندێک جێگا رەبایەی لێبوو، بەردەمیشمان لەماوەتەوە هەتا سلێمانی لەجادەی قیر ڕەبایەی لێبوو، ئیتر ئەوەی تر هەمووی بۆشایی بوو.

**گەرمیانیەکان هەم خواردنیان دەست نەدەکەوت هەم ئەوەندە لەژێر فشاردابوون کەدەجولان و دەڕۆیشتن دەبوو شوێن پێکانی خۆیان بسڕنەوە.**

ئێمەش هەروابووین، شوێنی چەپەکمان کردبوو بەڕێگا، چونکە (تمشیط) کێوماڵ هەبوو بەردمان دانابوو دەبوو بەسەر بەردەکاندا برۆین بۆ ئەوەی شوێن پێکانمان دیار نەبن و هیچ ئاسەوارێک بەجێ نەمێنێ. ئێمەش بارەگاکانمان لەو

شوێنانە کردبوو کە چواردەورمان هەمووی ئەڵغام بوو، پێشمەرگەیەکیشمان شەهید بوو شەهید حەسەن ئامۆزای خۆم بوو، دەستکاری ئەڵغامی کرد بەدەستیەوە تەقییەوە شەهید بوو.

**ئەی تەرمەکەی هەر لەوێ ناشتتان؟**

نەخێر تەرمەکەیمان لەسەراوەوە بردە دەڤەری نۆکان لەوێ بەخاکمان سپاردو دوای ڕاپەڕین گواستمانەوە بۆ ماوەت.

**دوایش گەڕانەوە شوێنی خۆتان؟**

بەڵێ هەتا ڕاپەڕین لەوێ ماینەوە، بەڵام ئێمە گرفتی خواردنمان نەبوو. هەرکە هاتین خواردنێکی زۆرمان هێناو زەخیرەشمان داگرت، نزیکەی ٥ تا شەش تەن زەخیرەمان هێنا، بەوڵاخ و هەندێکی بەکۆڵ گواستمانەوە لەسەراو دامانناو هەندێکیشمان هێنا لە خەمزە دامانانا. چونکە پێشبینیمان بۆ ڕاپەڕین هەبوو، جگەلەو شوێنانە لە پێنج شەش شوێنی ترخواردنمان دانا. بۆئەوەی کەهاتینە خوارێ خواردنمان لێ نەبرێت. لەبەرئەوەی خەڵکی ناوچەکەش بووین لەوێ گوێزمان کۆکردبووەوەو مێوژمان دروست کردبوو، هەنگوینمان بڕی و ئیتر ئێمە وەزعمان باش بوو، ڕاوچیشمان لەگەڵ بوو ڕاوی بۆ دەکردین.

**واتا دەتانتوانی ڕاویش بکەن؟**

بەڵێ بەڵێ، من لەوێ ڕاوە ئاژەڵی کێویم کردووە.

**لەسەرەتای دیدارەکەمانەوە وتت من دوو هیوایەتم هەبوو پێشمەرگایەتی و ڕاوکردن؟**

لەسەراوەوە هاتین بۆ ماوەت بۆ ڕاوکردن، من بووم حاجی سەراوی و حەمە ماوەتی و خاڵە سەراوی هەروا بێتەوە مامە تەهای ماوەت و جەلال ماوەتی و کاک ئالان و خالد گەڵاڵی (جەلال و ئالان تازە هاتبوونە لامان) هاتین چوین بۆ ئەو شاخەی بەرانبەر بەماوەت.

**ئەمە لەسەروەختی پارتیزانی؟**

بەڵێ سەردەمی پارتیزانی، لەساڵی ١٩٩١ پێش ڕاپەڕین، تۆ ماوەتت بینیوە ئەوەی کە ئێستا ماڵەکەی ئێمەی لێیە لە ماوەت ئەو شوێنە سەربازگە بوو، لە

سەراوەوە بە چوار سەعات و نیو بەپێ ئینجا دەگەیتە ئەوێ، کە گەیشتین تەها ماوەتی شارەزابوو چوینە ئەشکەوتێکی ئەوێ، وتم حاجی، ووتی: بەڵێ، وتم وەرە بائەمشەو ڕاوە سیخوڕێک بکەین، ئەوە دوای چوار سەعات و نێو ڕۆیشتن بەپێ، حاجی فەرماندەی کەرت بوو ئەویش ڕاوچی بوو، بردمە بەردەم کونە سیخوڕێک ووتم ئەم کونە سیخوڕێکی تێدایە، ئەمە یەک کونێکی تریش لەولایەوە بوو وتم ئەوەش دوو سیخوڕ ئەگەر تەقەت کردو نەتکوشت، ئەوە بڕۆرەوە بۆسەراو، نابێت لێرەبیت، منیش دەچمە ئەولاتر ئەگەر منیش تەقەم کردوو نەمکوشت دەڕۆمەوە بۆسەراو لێرەنابم. منیش چوومە ئەشکەوتێکەوە کونە سیخوڕێکی تێدابوو، هێندەی پێنەچوو حاجی تەقەی کرد، گوتم ئاە وەڵاهی حاجی کوشتی، پێم ناخۆش بوو سروشتی ڕاوچی وایە، نەخێر دوای دوسێ دەقەی تر تەقەیەکی تریشی کرد، وتم ئۆخەیش نەیکوشتووە، هانام هاتەوەبەر، چونکە بیکوشتایە یەکەم تەقە دەیکوشت، زۆری نەبرد سیخوڕێک بەمشەمش خۆی بە ئەشکەوتەکەدا کرد، منیش وا لەدەمی ئەشکەوتەکە دانیشتووم، تفەنگم ئامادەیە وتم بۆکوێ دەچیت؟ وردەوردە هاتە پێشەوە هەر لەتاریکی شەودا فیشەکێکم پێوەنا کوشتم، سیخوڕێکی گەورە بوو بەپلەیەکدا بردمەخوارێ چومەوە لای حاجی سەراوی وتم گوناحە بانەڕواتەوە وتم حاجی وەرە مەڕۆرەوە بۆسەراو ئەو سیخورەی بەرەوە بۆلای برادەران، وتی هەڵیناگرم، ئەی سیخوڕەکەی من کێ هەڵیگرێت؟ وتم بۆتۆش کوشتووتە؟ وتی بەڵێ منیش بە پێکەنینەوە گوتم ئەک دەستم شکێ. مەبەستم لە هیوایەتەکانی ڕاوچییە، دوای چوار سەعات و نیو ڕۆیشتن دانەنیشتین چوین بۆڕاو، ڕۆژی دوایش چووین سپی دارمان هێناو لەو چەمەی ماوەت پردمان پێدروستکردو لەوشاخە دوو ئاژەڵی کێویمان کوشت و دەستمان کرد بەگۆشت برژاندن، ئەوە مانگی ئازاربوو، لەکۆڵە پشتەکەمدا گۆشتی برژاوی راوم هێنایەوە بۆسلێمانی لەراپەریندا لەسلێمانی خواردوومە.

**گۆشتی برژاوی ڕاوت لە سلێمانی خواردووە؟**

بەڵێ رۆژی ٥ی ئازار کە راپەرین بوو لەرانیە ئێمە لە ئەشکەوتەکەی ماوەتدا بووین. کاک ملازم عومەر بروسکەیەکی ناردبووم، وتبووی لەسلێمانی راپەڕین دەبێت ئێمەش دێینەوە بەجێمان مەهێڵن، دەبوو بەپەلە بگەینەوە سەراو، کەگەیشتینەوە بۆ ڕۆژی دوایی خەڵکم نارد کە هاتن (شەوکەتی حاجی موشیرو

«بەداخەوە تیرۆرستان شەهیدیان کرد» حامیدی حاجی غالی جەبار یاوەر و ملازم عومەر مام رۆستەم و بەتالیونی شەشی کەرکوک) ئەوانە گەیشتن بێین بۆ سلێمانی.

**کەواتە کەهاتن هیچ لەرێگاتاندا نەمابوو؟**

نەخێر ئەو رێگایانەی ڕیگای ماوەت هەمووی گیرابوون. کە هاتین بە پارێز و بەماتە مات، وتمان بەشەو دەڕۆین دەچینە سەرشاخی ئەزمڕ، بەڵام سەیارەمان بینی و بینیمان ڕەبایە دەسوتێ، سەیارەیەکمان بینی تەماشام کرد هەموو خزمی خۆم بوون، یەکێکیان کوڕی کوێخا کەریم بوو کاک ئالان، بەڵام من نەمدەناسییەوە هەرپێی دەگوتم ئامۆزا وەرە سوار بە، وەڵا کاک ملازم عومەرو کاک شەوکەت سواری قەمەرەکە بوون ڕۆیشتن، دوایی هەموو هێزەکەمان بەجادەی قیردا ڕەوانەکردو ڕێک هاتینە ناو سلێمانییەوە. ئیتر هاتین بەشداری ئەمنە سورەکەمان کرد.

**دوای راپەڕین ئیتر تۆ بەرپرسیارێتی ترت وەرگرت؟**

بەڵێ ئیتر من بووم بە فەرماندەی بەتالیونی حەوت، شەڕی کەرکوکیشم کرد، بەشداری داستانی ئەزمڕیشم کرد لەکاتی کۆڕەوەکەدا، ئیتر تاقەتم لەکاروباری سەربازی نەماو بەفەرمی دەستم لە کارکێشایەوەو دەستم کرد بە کاسبی خۆم. سەیارەیەکم پێبوو هاتوچۆی چۆمانم دەکرد بۆئەوەی ئیش بکەم ڕۆژێک چووم خوێم کڕی، هێنام بۆ بن پردەکە بیفرۆشم، کابرایەک هاتە پێشەوە وتی تۆمن دەناسیت؟ وتم نا، تۆکێیت؟ وتی من هاوڕێی قوتابخانەت بووم، ئینجا وتی چیت هێناوە بۆ فرۆشتن؟ وتم خوێم پێیە، پێکەنی وتی ئینجا خۆ هەمووشی بفرۆشی نیوەی کرێ سەیارەکەشت دەرناهێنێتەوە، وتم جاچیبکەم وەڵا ساخوێم پێیە، وتی سەیارەت هەیە وتم بەڵێ وتی وەرە لەگەڵ خۆم، وەڵا ئیتر لەگەڵیدا ڕۆیشتم بڕوابکە ماوەیەکی زۆر کەم لەگەڵیدا بووم بیست هەزار دیناری سویسری قازانجم لێی دەستکەوت، پارەشم پێنەبوو، بەڵام ئەو برادەرەم وتی تۆ هەقی هیچت نەبێ بەس ئەم سەیارەمان باپێبێت بێخەمبە، لەوەوە فیری هونەری مامەڵەکردنیش بووم، چونکە ئەویش هونەری تایبەتی خۆی هەیە، ئەگەر نەیزانی ناتوانیت هیچت دەست بکەوێت. بەڵام کە دوایی ئیدارەیان پێکهێنایەوە

قایمقایمی چوارتا بەر یەکێتی کەوت، بەڕێوەبەری ئاسایشی چوارتا بەر پارتی کەوت یەکێتی بانگیان کردمەوە وتیان دەبێت تۆ ببیتە جێگری ئاسایشی چوارتا لەبەرئەوەی بەرپرسەکەی پارتییە من وتم هەر نایکەم، بەڵام دوایی وتیان کاک نەوشیروان وتوویەتی دەزانم شوێنەکەی باش نیەو غەدرە، بەڵام دەبێت بیکات، ئیتر تێهەڵچوومەوەو نزیکەی حەوت ساڵ بەڕێوەبەری ئاسایش بووم، ئیتر بوومە قایمقایم هەتا خانەنشین بووم.

**کەواتە ئێستا تۆ خانەنشین نیت وەک پێشمەرگە یان وەک قایمقام؟**

ئێستا خانەنشینم بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی چونکە قایمقام هەمان پلەی بەڕێوەبەری گشتی هەیە.

**لەگەڵ شەڕی ناوخۆو ململانێکانی ناوحزبەکەت چ هەڵوێستێکت هەبوو؟**

من هەمیشە کەسایەتیەکانی خۆمم داوە بە (مام عەلی)[٢٢]. مام عەلی لە شەڕەکانی ناوخۆ چەکی دادەنا، هەمیشە دژی شەڕی ناوخۆبوو، منیش هەمیشە دژی شەڕی ناوخۆبووم، کاتی خۆشی لەململانێی نێوان کۆمەڵەو شۆڕشگێڕاندا من دژی هەموو تەکەتولاتێک بووم، کە گۆڕانیش جیا بووەوە زۆرم پێناخۆش بوو، چەندین تەکتولات لە ناویەکێتی هەبوون و هەن من لایەنگری هیچ کەسێکیان نەبووم، تەنها وەک وەفادارییەک بۆ ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵمدا بوون و شەهیدبوون وەک وەفایەک بۆ ئەوان پێمخۆشە وەک سەید ئەحمەد لە ناو یەکێتی ئامادەییەکم بمێنێ. وەک کاک نەوشیروانیش زۆر پێی سەرسامم، زۆرم خۆشدەوێت بەڕاستیش پێشەوایەو یەکێکە لەپێشەوا خاوێنەکان، بەڵام وەک بزوتنەوەی گۆڕان پێموایە غەدرێک بوو لە یەکێتی کرد. ئەگەر کاک نەوشیروان لە ناویەکێتی بمایە کە ئێستا شەڕە تفەنگە لە ناو یەکێتی ئەو کێشەیەی ناو یەکێتیش نەدەبوو.

**واتا تۆ پێت وایە ئەگەر نەوشیروان لە ناویەکێتی بمایەتەوە یەکیتی وای لێنەدەهات؟**

بەڵێ لەو بڕوایەدام وای لێنەدەهات . چونکە کاک نەوشیروان کەسایەتییەکی

---

٢٢. مام عەلی، پاڵەوانی ڕۆمانی دۆزەخە کە کاک سەید ئەحمەد نوسەرێتی .

گەورەیە ئێستاش زۆرێک لەکادرەکانی یەکێتی خۆشیان دەوێت. کاک نەوشیروان خاوەنی مێژوویەکی گەورەیە پیاوێکە دەتوانم بڵێم لە کورددا نمونەی کەمە.

**دەبێت بمبوریت چونکە ئێمە کەمتر دەچینە ناوئەو بابەتانەوە کەپەیوەندییان بەحزبەوە هەیە.**

ڕاست دەکەی بەڵام منیش لە یەکێتی ڕازینیم زۆریش نارازیم، ئەم ماوەیەش لەمەکتەبی سیاسی کۆبونەوەیەک کرا، زۆر بەتوندی رەخنەی خۆمم گرت پێموایە بۆ یەکەمجارە لە ناومەکتەبی سیاسی بەو شێوەیە مەکتەبی سیاسی سەرزەنشت کرابێت، من بووم.

**من دواپرسیاردەکەم.**

فەرموو

**من دواپرسیارم ئەوەیە تۆکەسێکی خەباتگێڕبوویت، من باس لە حزبایەتی و یەکێتی وپارتی، وەک کوردێکی تێکۆشەر کە دەستی نوسینت هەبووە بەڵام لە دۆسیی جینۆساید کەمتەرخەم بوویت بۆنمونە ئەو دیمەنەی هەڵەبجە کەباست کرد؟ دەکرا هەرلەدوای ڕاپەڕینەوە یەکێک لەوبابەتانەی دەبوو دەستت بۆببردایەو بتنوسیبایە ئەو دیمەنە بوایە؟ ئەمە بۆچی لەلای زۆربەی پارتیزانەکان و پێشمەرگە دێرینەکان ئەم کەم تەرخەمییە هەیە؟ تەنانەت لەلای حکومەتیش ڕەنگی داوەتەوە ؟**

جینۆساید لەدوو حاڵەتدا دەردەکەوێ، یەکێکیان تەماشاکارەو یەکێکیشیان دەبێت خۆت کارەکتەرێکی چالاک بیت تیایدا، کاتێک کەتۆ تەماشاکاری لەدەرەوە دەبینیت چیرۆک و روداوەکان دەبیستیت، قسەی خەڵک وەردەگریت ناتوانی وەک پێویست ڕۆڵی خۆت ببینیت و هەر دەبێت جۆرێک کەموکوڕی پێوەبێت. کاتێک کەخۆشت تیایدا کارەکتەری لەشوێنێکی سنوردارو دیاریکراودا شتەکان دەبینیت ناتوانیت هەقی خۆی بدەیتێ بەڵام من دەمەوێت لەبەشی سێهەمی ڕۆمانی دۆزەخدا ئەو هەقەی بۆ بکەمەوەو ئەو قەرزەبدەمەوە. بەڵام وەک هەڵەبجە وەک پێشتریش باسم کرد، من لەکاتی برینداربوونی خۆمدا شیعرم بۆ هەڵەبجە نوسیوە

بەو هیوایەی دەرخستەیەکی لایەنێکی جینۆسایدی پرکردبێتەوە کەبەناوی (شاڵاوە مەرگ)ەوە نوسیومە.

**دەستخۆش پێشم کەوتیت، ویستم پێت بڵێم لەبەشی سێهەمدا ئەنفال و کیمیاباران چ پانتاییەکیان دەبێت. بێگومان جێدەستت دیار دەبێت، چونکە لە رۆمانی دۆزەخدا وێنەکێشێکی بەتوانایت ئەوە هەربۆ زانیاریت با ئەوەش دۆکیۆمێنت بێت من کۆمەڵێک چیرۆکم بەدەستەوەیە، بۆ یەکێک لە چیرۆکەکان دەمەوێت نەک هەر سود لە ڕۆمانەکەی تۆ وەربگرم بەڵکو یەک دوو دیمەنی بەتەواوی لێ بگوازمەوە، هەرچەندە لەشوێنی خۆشی ئاماژە دەکەم بەوەی کە ئەم دیمەنە لە رۆمانی دۆزەخی سەید ئەحمەد وەرگیراوە.**

لەخزمەتی تۆو هەر کەسێکدایە کە دەیانەوێ خزمەتێک بکەن، بەڵام با ئەوەش بڵێم من بە واقعی و بەگیان لەگەڵ روداوەکان و لەگەڵ ئازاری خەڵک و بریندارانی چەکی کیمیایدا بووم هەربەو بۆنەیەوە هۆنراوەیەکم بۆ هەڵەبجە نوسیووە ئێستا پێشکەشتانی دەکەم .

بێگومان سوپاست دەکەین و پێمانخۆشە گوێمان لێی بێت.

دەقی هونراوەکەی سەید ئەحمەد بۆ گازبارانی هەڵەبجە

شاڵاوە مەرگ

ڕەشەبای خەم
شادەمارەکانی دڵمی دەسکەنە کرد
سێڵاوی چاو
لەناو بینایی لێڵما، سەر ڕێژی کرد
کاتێك شەپۆلە بۆگەناوێکی نامۆ
مەلە ئەرخەوانیەکانی
لەتاریکایی بێ دەنگا
پەڕوباڵکرد

لەترۆپکی ئازارمدا
دیرەگەی بازو ومەچەکم
بە لەرزە.... لەرزە
سەری کاسم، لەنگەر دەگرێ
لەناو چڕەدوکەڵی وەیشومەی بەعسا
نیگای چاوم، بەئاستەمێ
چەپکە تابلۆی
بەسۆز، بەسوێ، وێنە دەگرێ
.................
باڕێزەو شنگ
کوزەڵەوپنگ
بن بەردەقی قڵشت و شگێڕ
کاردوی وەردو کاوی هەڵدێر
گوڵاڵەی ناو مێرگ و دۆند دوور
گوڵینکە ماستەی شین، مۆر، سپی، سوور
سمۆرەی جرپن
کەروێشکە کێوی گورجۆڵە
کەوی خرپن
کۆترو چۆلەکەو ڕیشۆڵە
پۆڕی شەرمن
قژاوکەو سوێسکەی سرکۆڵە
بەرەو نسێ و ڕنوی لاپاڵ
بەپۆل دەچوون،
تا بخوازن
دڵخوازە سپی پۆشەکەی

ئاڵە کۆکەی قژنەو پرچن،
نەگەیشتن
لەبەرنەوای بلوێری شوان
تێر.... تێر، بەزمی
ڕەشبەڵەك و چۆپی بکێشن
کەبەچنگی وەیشومەی ئەنگوستە چاوێ
مۆڵەت نەدران، بتریقێنەوە بۆتاوێ
گەورەم زەردەشت
لەبەرچاوی ئاهومەزدا
کەژەهراویان کردە خۆراکی هەڵەبجە
قیژەو هاواری زاڕۆڵان
تیسك ڕنین و سنگ کوتان
جێم مەهێڵن ئەی باوەگیان
لەرزاندنی عەرشی کردگار
بەرد هاتە دەنگ، دار هاتە دەنگ
ئاو هاتە دەنگ
بەڵام عوجەیەش، وەك مۆسیقا
بەزمی شەوی پێ جۆش دەدا
................
بەڵێ مەسح
لەبەرچاوی باوك خۆیدا
کەهەڵەبجە بوو بەسوتماك
بووکە سورەکەی شارەزوور
فاشێتیەتی
وەبیر گەلان هێنایەوە

لەنەنگیا جەنراڵ هیتلەر
جواناوی لێ دەتکایەوە
بەرد هاتە دەنگ، دار هاتە دەنگ
ئاو هاتە دەنگ
بەڵام سەدامەکەی عەرەب
دەستی بردو
کەلەی مرۆڤێکی دیکە
خستە ژێر پێچکەی کورسیەکەی
.................
سەروەرەکەم
ئەی محەمەد
لەبەرچاوی خودا خۆیدا
بەفەرمانی ئەبو لەهەبەکەی تکریت
هەرچی قورئان و حەدیس بوو
لەئاوەڕۆی هەڵەبجەدا،
کردیان بەتریت
بەرد هاتە دەنگ، دارهاتە دەنگ
ئاو هاتە دەنگ
بەڵام عودەیش
دەستی بردو
پێکی تاونێکی دیکەی
کردە شەوچەرەی مێزەکەی
...............
گەورەم نالی، سەر هەڵبڕە
چامەیەکی بەسۆز بەکوڵ

بۆ هەڵەبجە بەدڵ بچڕە
ئێستا هەڵەبجە هەنگێکی قانگ دراوەو
بەرەو زریانێکی سامناك
ڕێی بەستەڵەکی گرتووە
کێ دەزانێ کام نسرم
جێ کورەی بۆ خۆش کردوە؟
ڕەوە پەپولەی ژێر لافاو
ڕێچکەی گرتووە و جمەی دێ
مەنزڵگاکەی ڕێی نەهاتەو
خوا دەزانێ، سبەی شەوێ
لەژێر دەوارە ئاسمانی چ شوێنێکدا
مێشکی، جنجاڵ، ڕۆژەکانی
هەفتەو  مانگ و ساڵ دەژمێرێ
ڕێچکەی ڕەوی بەرەو قافە
لەوێندەریش، خانەخوێکەی
پیرە دێوێکی زۆر مەستە
تەنانەت مزرە مەزەی مەی
هەر گۆشت و خوێنی ئینسانە


................

ڕەوی ماندوو، هەنگاوی شل ڕادەکێشێ
جۆلانەی دڵم داخستوەو دەمەوێ
پەپولە ڕەو، سەرخەوێکی لێ بشکێنێ.
تخوا وەرە با ڕاتژەنم
دەڕاژێ، دەڕاژێ، دەڕاژێ

لەناو جۆلانەی دڵمدا
ئازارەکانت هێندە بەسوێن
ئەگەر بۆ ساتێکیش بێ با
سوێی زامەکانت دامرکێن

سەید ئەحمەدی حەمەلاو
بیمارستانی خورشیدی ئەسفەهان
١٩٨٨/٤/٥





لای ڕاست سەید ئەحمەد لای چەپ شەهید مەجید حاجی عەبدوڵا ماوەتی،
کەلەداستانی ئەزمڕدا شەهید بوو. وێنەکە لە زستانی ساڵی ١٩٩٠ لە بناری گمۆ
گیراوە

دیمانەی ژمارە ٣

لەگەڵ خانەوادەی ئەنفالكراو ئاسكە كەریم عەلی



منداڵەكان، دەجوڵان و یاریان دەكرد،
كە حەجاج دەهاتە ژورەوە، دەیدانە بەرکێبڵ و دەمردن.

ناوی دیمانەكراو : ئاسكە كەریم عەلی هەیبەت
موالید: ١٩٦٥
ژمارە تەلەفۆن:
ناوی دیمانە ساز : عومەر محەمەد
ڕێكەوت: ٢٠١٤/١٢/٧
كات : ١٠ بەیانی
شوێن : ماڵی ئاسكە خان _ سلێمانی
وێنەگر : ئاوات عەلی شەریف
ژیلوان ئەحمەد سەید حەمەلاو

لە مەراسیمی بەخاکسپاردنەوەی روفاتی ٧٣٠ ئەنفالکراوی گەرمیاندا، کە لەمۆنۆمێنتی ئەنفال لەبانی مەقانی نزیک شاری چەمچەماڵ بەخاک دەسپێردرانەوە، من دەبوو ئامادەبم بەڵام لەبەرئەوەی گرفتی شکانی ئۆتۆمبیلم هەبوو، لەگەڵ ئۆتۆمبیلێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی سلێمانی جێگەی خۆمم کردەوە، کە بەڕێوەبەرێک و چەند فەرمانبەرێکی بەڕێوەبەرایەتیەکەی تێدابوو، لەناویاندا ژنێکی رەشپۆش و شیکپۆش هەبوو، لە نیوەی رێگادا بووین لەناو قەرەباڵغی ڕێگاکەدا کە بەهۆی مراسیمەکەوە دروست ببوو، زەنگێک بۆ بەڕێوەبەر هات لەمیانەی قسەکانیدا تێگەیشتم کە ناڕەزایەتی هەیە لەسەر رۆیشتنی فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتیان بۆ مەراسیمی بەخاکسپاردنەوەکە، داوایان ئەوەبوو کە دەبێت چەند فەرمانبەرێک بگەڕێنەوە بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان لەناو بەڕێوەبەرایەتی گشتی ، یەکێک لە داواکراوەکان ژنە ڕەشپۆشە شیک پۆشەکە بوو، بەڵام ئەو هەر زوو ناڕەزایەتی دەربڕی وتی من باوکم ئەنفالکراوەو کێ دەڵێت یەکێک لەو تەرمانە باوکی من نییە؟ ملی بەگەڕانەوە بۆ ناو بەڕێوەبەرایەتی نەداو لەناو قەرەباڵغی ئۆتۆمبیلەکان درێژەمان بە رۆیشتن دا، دوای ئەو تەلەفۆنە پرسیارم لێکرد کە باوکی ناوی چییە وخەڵکی چ گوندێک بوون، وتی ئێمە خەڵکی ناوچەی گەرمیانین و باوکی من ناوی عەلی خورشیدەو بەمامۆستا عەلی ناسراوە. ئیدی تێگەیشتم باسی کێ دەکات، چونکە گەرمیانیەکان زۆرجار باسی مامۆستاعەلی «باوکی ئەم ژنە ڕەشپۆشە»یان بۆ کردبووم، مامۆستا عەلی پیاوێکی وریا و پێشمەرگەیەکی ئازا و تێکۆشەر بووەو دوای ئەوەی حکومەت خوێندن و قوتابخانەی لەگوندەکان قەدەغەکرد ئەو بەدڵسۆزییەوە وانەی بە قوتابیانی گوندەکانی ناوچەی داوێی گەرمیان وتووەتەوە، هەر لەوێدا پێمگووت کەواتە تۆ خۆشکی (بەندی)ت و خۆشت لەگەڵ دایکت و خوشک و براکانت ئەنفالکراویت؟ وتی بەڵێ من خوشکی بەندینم و ئەوکاتە هەموومان ئەنفالکرابووین و براین بۆ نوگرەسەلمان، ئەوسا من زۆر منداڵ بووم.

بەڵام گرتوخانەکانی تۆپزاواو دوبزو نوگرەسەلمانم بینیوەو (بەندین)ی برام لە دوبز لەدایک بوو، ئیتر هەرلەوێ جارێکی تر بەڵێنەکەمم دوپاتکردەوە کە رۆژێک سەردانیان دەکەم و دیدار لەگەڵ بەندی و دایکیدا دەکەم، دەبێت ئەوەش

بڵێم کە ژنە ڕەشپۆشەکە پێنەدەچوو زۆر مەیلی قسەو باسی هەبێت دەربارەی تاوانی ئەنفال و بەسەرهاتی خۆیان، بۆیە وەک مافێکی ئەو خۆم لەناو هێنانیشی پاراستووە.

هەرچەندە دیدارەکەمان درەنگ کەوت و ئەو دەرفەتە وەک پێویست نەڕەخسا، بەڵام خۆشبەختانە رۆژی ٧ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٤ ئەم دیدارەمان لەگەڵ ئاسکە کەریم و شێرکۆی کوڕیدا سازکرد. رەنگە لەم دیمانەیەدا جۆرە تێکەڵبوونێک هەست پێبکەیت چونکە زۆرجار شێرکۆ لەبری دایکی وەڵام دەداتەوە، بەپاساوی ئەوەی دایکی نەخۆشەو یادەوەریەکانی وەک خۆی پێ یاداشت ناکرێت، هەرچەندە زۆر هەوڵمدا ئاسکە وەڵامی پرسیارەکانی خۆی بداتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی شێرکۆ زۆر بەجێ و ڕێ و لەکاتی پێویستدا دەهاتە ناو قسەو باسەکەمانەوەو قسەی بەسودی پێبوو، ناچاردەبووین دەرفەتی زیاتری بدەین، بۆیە جیاکردنەوەی قسەو باسەکان کاردەکاتە سەردیمانەکەو رێگەی ئەوە نادات هەریەکەیان بەشێوەیەکی سەربەخۆ یان وەک بابەتێکی تایبەت بڵاوبکەینەوە، ناچار وەک دیمانەیەک و بەشداری دوو کەس بڵاوی دەکەینەوە.

لەلایەکی تریشەوە لەبەرئەوەی کارەکەی ئێمە دۆکیۆمێنتارییە و پاراستنی چیرۆکی ئەم خانەوادەیەمان خستووەتە پێش ئاستی زانستی بوون و رێگا زانستیەکەی دیمانە سازییەوە، چاوپۆشیمان لە کەموکوڕییەکانی شێوازی دیمانە سازیش کردووە. لەسەرەتاوە لەگەڵ ئاسکە کەوتمە گفتوگۆو دواتر شێرکۆش هاتەناو قسەو باسەکەمانەوە، ئیدی باش و خراپ سەرئەنجام ئەم دیدارەی لێکەوتەوە.

**ناوی سیانیت؟**

ئاسکە کەریم عەلی

**ساڵی چەند لە دایکبوویت؟**

ساڵی ١٩٦٥.

**لە بنەڕەتدا خەڵکی چ گوندێکیت؟**

خەڵکی دێی وارانیم.

**وارانی چییە گوندە یان ناحیێیە؟**

گوندێکی گەرمیانە سەربەناحیێی تیلەکۆیە.

**خۆت لەوێ لەدایك بویت؟**

بەڵێ.

**باوکت بەکێ ناسراوە؟**

کەریم هەیبەت.

**ئەوساکە لەگوندی وارانی بوون ژیانتان بەچی دەگوزەراند؟**

بەئاژەڵداری و کشتوکاڵ.

**بەزۆری چیتان دەچاند؟**

شوتی و بامێی و تەماتەو خەلەودان (مەبەست لەخەلەو دان گەنم ودانەوێڵەیە)

**بەزۆری چ جۆرە ئاژەڵێکتان بەخێودەکرد؟**

بەزۆری مەڕ و بزنمان هەبوو.

**ئەو کاتە گوندەکەتان چەند ماڵ دەبوون؟**

نزیکەی سەد ماڵێک دەبوین ئەوە لەپێش ئەنفال.

**قوتابخانەوە مزگەوتی تێدابوو؟**

بەڵێ.

**ئەی نەخۆشخانە؟**

نەخێر.

**کام لە دەستە خوشکەکانت یان بابڵێین هاوڕێکانی کاتی منداڵیت بیرماوە؟**

دراوسێکانمان هەمویان ئەنفالکراون هاوڕێیەتیم لەگەڵ خەیریە هەبوو، ژنی مامۆستا حەسەنی کۆمیتەی دووزە ئەو زیاتر هاوڕێی منداڵیم بوو.

**خەیریە ئەنفالکراوە؟**

نەخێر ئەو لەژیاندا ماوە.

کێ لەوانەی هاوڕێی زۆر نزیکت بوون ئێستا ئەنفالکراون؟

ئەوکاتەی من شوم کرد زۆر منداڵ بووم هاوڕێی وام نەبوو، تەنها چەند ماڵێك هەبوون کە لە یەکترەوە نزیک بووین و بیرەوەریمان پێکەوە هەبێت و هاوسێمان بوون، ئەوانیش ماڵی حەسەن عەلی و مامۆستا قادر و حەمەی ئیسماعیل عەباس[٢٣]بوو، کە لەوارانی بەیەکەوە بووین و بیرەوەری منداڵیم لەگەڵیان بوە.

زۆر بیری کام لە هاوڕێکانت دەکەیت کەئەنفالکرابێت؟

تەنها باوکی بەندیە.

ساڵی چەند هاوسەرگیریتان کرد؟

بەبیرم نایات چونکە من زۆر منداڵبووم گەورە بەبچوکمان پێکرابوو، ئەوسا من منداڵ بووم لەسەر بێشکەبووم کە باوکم بۆ مامم داومی بەمامۆستا عەلی (باوکی بەندین).

پاش ئەوەی گەورەبوویت پێشئەوەی بچیتە ماڵ و مێردی خۆت ناڕەزایت دەرنەدەبڕی لەوەی کە بەمنداڵی دراویت بەشوو؟

نەخێر، سوپاس بۆخوا باش بووین، باوکی بەندین لە پۆلی شەشی دواناوەندی بوو کە شوم پێکرد بەهۆی کەم دەرامەتی و نەبوونییەوە نەیتوانی خوێندن تەواو بکات، بۆیە خوێندنەکەی خستە خوێندنی شەوان ئەوکات ماڵمان لە ئیمام محەمەد بوو.

بەپێی قسەی تۆبێ دەبێت مامۆستا عەلیش منداڵ بوبێت ئەوکاتەی هاوسەرگیریتان کرد؟

بەڵێ لەپۆلی شەشی ئامادەیی بوو موالیدی هەردوکمان ١٩٦٥ بوو.

پاش ئەوەی هاوسەرگیریتان کرد هەر لەوارانی مانەوە؟

نەخێر چوینە شاری کفری.

---

٢٣. حەمەی سمایل هەباس خەڵکی گوندی وارانی خواروەو، پیاوێکی خانە دان و خاوەنی دیوەخان بووەو هەمیشە میواندار بووە لەپەلاماری ئەنفالی سێدا خۆی و ٣٦ کەس لەخانەوادەکەی ئەنفالکراون، بەڵام بێجگەلەخۆی کەپاشگرتن و جیاکردنەوەی رەوانەی گرتووخانەی تۆپزاواو دواتر رەوانەی نوگرەسەلمان دەکرێت، هیچ کەسێک لەخانەوادەکەی رزگاریان نەبوو، بەڵام پاش راپەڕین کاتێک خزمەکانی سەرفترەی ئەوساڵە بۆ ئەو دەبەن یەکسەر جەڵدەی دەماخ لێی دەدات و دەستبەجێ گیانی دەردەچێت. چیرۆکی مردنی لە گۆڤاری ئەنفالستان ژمارە (٣) بڵاوکراوەتەوە.

تا ساڵی چەند لە کفری بوون؟

بەتەواوی نازانم بەس دەوری سێ بۆ چوار ساڵێک لەوێ ماینەوە هەتا خوێندنی تەواوکرد.

خوێندنی خانەی مامۆستایان (دار المعلمین)ی تەواو کرد؟

بەڵێ بوو بەمامۆستا بەڵام ناوی هاتەوە بۆ خزمەتی سەربازی ئەویش رۆیشت بۆ خزمەتی سەربازی، بەڵام ماوەیەك سەربازی کرد، کە مۆڵەتی وەرگرت و گەڕایەوە ئیتر نەچۆوە بۆ ریزی سوپا، ئێ کە نەچێت بۆ سەربازی ناچار دەبوو بچینە شوێنێک کەحکومەت دەستی پێی نەگات، ئیتر چوینە ناوزەنگنە.

بۆچی چونە ناو زەنگنە؟

چونکە خۆی زەنگنەیە.

واتا تۆ سەر بەعەشیرەتی داودەی و مامۆستا عەلیش زەنگنەیە؟

بەڵێ

هەرچەندە تۆ بە منداڵی دراویت بەشوو ئەگەر مامۆستا عەلی جاف بوایە تۆ شوت پێدەکرد؟

جیاوازی نیە جاف بێت و دەلۆ بێت ئەوە قسمەت و نسیبە ئیتر نازانم.

ئیتر لە ناوچەی زەنگنە چۆن دەژیان؟

دەبێت ژیانی هەڵاتوویەک چۆن بێت؟

دەمەوێت بۆم باس بکەیت رەنگە بەشێك لەخۆشیشی تێدابێت هەر چەندێک دەتوانیت و بۆتۆ گونجاوە خۆشی و ناخۆشیەکانم بۆ باس بکە؟

خۆشیەکانی لەوە دابوو پیاوەکان لە ماڵەوەبوون و دەستبەتاڵ بوون، مامۆستا عەلی ببوە مامۆستای شۆڕش و کادری کۆمەڵایەتی، لەگەڵ مامۆستا یوسف[٢٤] و مامۆستا حەسەن و مامۆستا ئیکرام و مەردان چاوشین و مەلا ئاوارە کە ئامۆزایەتی و لەگەڵ عوسمانی حاجی مەحمود خەریکی کاروباری کۆمەڵایەتی بوون.

---

٢٤. مامۆستا یوسف یونس لەژمارە (٣)ی گۆڤاری ئەنفالستاندا ساڵی ٢٠٠٦ دیدارم لەگەڵدا سازکردووە و باوکی بەناوی یونس جەوهەر لە نوگرەسەلمان گیانی لەدەستداوەو هێشتا تەرمەکەی نەهاتووەتەوە.

ئەو کاتەی چوون بۆ زەنگنە مامۆستا عەلی بەفەرمی پێشمەرگە بوو یان هەر هاوکاری  پێشمەرگەی دەکرد؟

هەر شەڕێك لەناوچەکەدا هەبوایە ئەویش چەکی هەڵدەگرت و دەچوو لەگەڵیاندا.

واتا وەك هێزی پشتیوانی بوو؟

بەڵێ

چەکی خۆتان بوو یان شۆڕش پێیدابوو؟

چەکی شۆڕش بوو، کە بوو بەمامۆستا ئەو چەکەیان پێیدا.

قوتابخانەکانیان کێشایەوە لەو ناوچەیەی کە مامۆستا عەلی بوو بە مامۆستای شۆڕش؟

بەڵێ وابوو

هیچکام لە خوێنکارەکانیت دەناسی یان هیچیانت بیرماوە؟

چوین بۆ باوەکر ئەو منداڵانەی ئەوێ کوڕەکانی جەبار حەسەن سلێمان هەیە، ئەحمەد و محەمەد لەگەڵ کوڕەکانی مەلا ئاوارە چۆمان و پشتیوان، ئەوان خوێندکاری بون، مامۆستا عەلی ئەوانی خۆش دەویست.

لەگەڵ مامۆستا عەلیدا نێوانتان چۆن بوو؟

نێوانمان زۆر باش بوو.

زیاترم بۆ باس بکە نەك لەبەر ئەوەی مامۆستا لە ژیاندا نەماوە هەرچی جوانیە بیدەیتە پاڵی، مەبەستمە دابونەریتی ژن و مێردی گەرمیان لەو بارودۆخە خراپ و گرانیەدا بزانم؟

خۆ ئێمە چاومان هەڵهێنا خۆشیمان نەدی هەر لەهەڵاتندا بووین، ماوەیەکی

زۆر لە توکن[٢٥] بوین پاشان بارمانکرد چوین بۆ بنەکە[٢٦] دوایی چوین بۆ گوندی باوەکر لەوێ ماینەوە تا کاتی ئەنفال. مامۆستا عەلیش وەك میوانیماڵی خۆی وابوو هەمیشە چەك بەشانیەوە بوو، لەگەڵ پێشمەرگەدا ئەم دێ بۆ ئەودێی دەگەڕان، من وەك میوان دەمبینی لە ماڵدا، بەڵام هەڵسوکەوتێکی زۆر جوان و شۆڕشگێڕانەی هەبوو.

ئەی لەگەڵ تۆدا چۆن بوو؟ ئەو بەو پێیەی مامۆستای شۆڕش و خوێندەوار بوو مافی ئافرەتی چۆن دەبینی؟

لەگەڵ منیشدا زۆرباش بوو، زۆر رێزی لەماڵ و منداڵەکانی خۆی دەگرت ئەو کوڕی پیاوێکی دیارو ناوداربوو باوکیشی زۆرباش بوو بۆ ژن و، منداڵەکانی، من تا ئەو ڕۆژەی لە ژیاندا بمێنم رەحمەتی بۆ دەنێرم.

باوکی بەکێ ناسرابوو وا کوڕی پیاوێکی ناودار بوو؟

حاجی خورشید نەجار بەوە بەناوبانگ بوو.

ئەوکاتەی ئێوە هەڵهاتووبوون و لە گوندبون لە پێش ئەنفال کە رێگەکان داخرا بوون، خۆراك و ئازوقە بەئاسانی دەست نەدەکەوت ئێوە ژیانتان چۆن دەگوزەراند؟

ژیانێکی سەخت بوو، بە زەحمەت پێداویستی دەگەیشتە دەستمان، بەحەزرەت دەنکێك تەماتەوە بوین، کە چوینە گوندی باوەکر لە خانویەکدا بووین خانوی پیاوێک بوو قالە شواربیان پێ دەگوت، خانوەکە لە پێشدا کادان بووە، ئەوکچێکم

٢٥. توکن گوندێکی قەرەباڵغی گەرمیان بوو، لەکاتی ئەنفالدا زۆر بەخراپی بەر پەلاماری ئەنفال کەوت و بەعسیەکان بەدڵرەقی لەگەڵ خەڵکەکەی جوڵانەوە بەپێی ئەو ئامارانەی لەبەردەستن گوندی توکن ٣٦٥ کەسیان ئەنفالکراوە. ئێستا ئاوەدان کراوەتەوە بەڵام ئەو قەرەباڵغییەی جارانی نەماوە. گوندی باوەکریش کە ئاسکە باسی دەکات خەڵکێکی زۆریان ئەنفالکراوە.

٢٦. گوندێکی ناحیەی (قادر کرم)ە..دەکەوێتە سنووری خۆرهەڵاتی قادرکەرەمەوە. ناوی دێیەکە لە (بنەوە) هاتووە واتا (بنە) ماڵێک بوون لە (دێی بنەکەی خەپە کوێر)ەوە هاتوون و لەوێ نیشتەجێ بوون. پێش پەلاماری ئەنفال (٢٥) ماڵی تیادا بووە. زیاتر لە هەزار (داروەن)ی تێدایە (بنێشتی کوردی)یان بەرهەمدەهێنا کە یەکێکە لە بەروبوومە بەناو بانگەکانی ناوچەکە ئەم گوندەش لە سێهەمین قۆناغی پەلاماری ئەنفالدا کە سەرتاپای گەرمیانی گرتەوە کەوتە بەرپەلاماری سوپاو بەهۆیەوە (٣٦) کەسی تێدا ئەنفالکراوە.

توکن و بنەکە دوو گوندی قەرەباڵغی گەرمیان بوون، هەردو گوندەکە زۆر بەخراپی بەر پەلاماری ئەنفال کەوتن و بەعسیەکان بەدڵرەقی لەگەڵ خەڵکەکەی جوڵانەوە بەپێی ئەو ئامارانەی لەبەردەستن گوندی توکن ٣٦٥ کەس و گوندی بنەکە ٢٦٣ کەسیان ئەنفالکراوە. هەرچەندە ئێستا هەندێکیان ماڵیان بردووەتەوەو ئاوەدان کراونەتەوە بەڵام ئەو قەرەباڵغییەی جارانیان نەماوە. گوندی باوەکریش کە ئاسکە باسی دەکات خەڵکێکی زۆریان ئەنفالکراوە.

بەناوی (سروە) لەو خانوەدا لەدایك بوو بەیانی هەستام بچم جلەكان بشۆم كە سەیردەكەم یەك ئەژدیها سەری ناوە بەقوماتەكەوە خەریكە پێوەی بدات.

ئەژدیها ! مەبەستت مارە؟

بەڵێ مار، هاوارم كرد دراوسێكان هاتن و مارەكەیان كوشت. زۆر داماوبوین هیچ نەبوو بیخۆین

چۆن زەخیرەتان پێدەگەیشت؟

ئەگەر خزمێك بهاتایە بەدزیەوە تۆزێك شتی بهێنایە زۆر بەلامانەوە سەیر بوو چونكە هیچ نەبوو بیخۆین.

هەموو منداڵەكانت لەوێ لەدایك بوون؟

نەخێر مەریوان لە كەلار لە دایك بوو لە دوای ئەوە هاتینەدەرەوە ئەوكات ماڵەكەمان لای لیواكە بوو جاشەكانی سەعەی حەمە غەریب ماڵەكەمانیان تالان كرد.

تۆ یەكەم كەسیت لەگەرمیان كە بە خراپی باسی سەعەی حەمە غەریب بكەیت! چیان لێكردن؟

ئەوكاتەی ماڵەكەمان جێهێلا جاشەكان هەمویان تالان كرد

سەعەی حەمە غەریب بوو؟

وتیان ئەوان تالانیان كردوە

بەڵام خەڵكێكی زۆر باسی دەكەن كە ئەو پیاوە خەڵكێكی زۆری ڕزگاركردوە كاتی ئەنفال لەوانەش هاوڕێكانی مامۆستا عەلی؟

من خۆم لەوێ نەبووم ماڵەكەم جێهێلابوو بەڵام دوای پێیان گوتم جاشەكانی ئەوبوە.

چەند منداڵت هەیە؟

شەش منداڵ چوار كوڕو دوو كچ

ئەتوانی ناوی منداڵەكانتم پێبڵێیت؟

شێركۆ لەدایكبووی ١٩٧٨و مەریوان ١٩٨٤و ئاسۆ ١٩٨٢و بەندین ١٩٨٨

کچەکانیش نیشتیمان ١٩٨٠ و سروە ١٩٨٢.

دوایی دێینە سەرئەوەی کە بەندین چۆن لە دایك بوو. ئێوە پێشتر دەتانزانی کەحکومەت هێرشتان بۆدەکات ئەوکاتەی کە مامۆستا عەلی مامۆستای شۆڕش بوو؟

پێش ئەوەی شاڵاوی ئەنفال دەست پێبکات ئێمە ساڵێکی ڕێك لەژێر تۆپباران بووین لە (مەلجە)دا ژیانمان بەسەر دەبرد لەترسی تەیارەو کۆپتەر نەمان دەهێشت منداڵەکان بێنە دەرەوە.

پێش ئەوەی کەسەرباز بگاتە ناوچەکەتان و ئەنفالتان بکەن ئێوە دەتانزانی هێرشێکی ئاواتان دەکرێتە سەر؟

نەوەڵا نەماندەزانی کەبەو شێوەیە هێرشدەکەن و گەورە و پچوك ژن و پیرو منداڵ هەمووی تیادەچێت پیاوەکانمان خۆیان دەبەست و دەچوون بۆ شەڕ شەڕیان لەگەڵ کۆپتەر دەکرد زۆر خۆڕاگربوون.

پاش ئەوەی جەیش هاتە سەر ناوچەکەتان و کار لەکار ترازا؟

لەدایۆوە دەستی پێکرد و هاتینە ناو زەنگنەوە و قەواڵی و لەك و ئەو ناوچانە تا گەیشتە لای ئێمە لەباوەکر.

یەکەم شوێن کەلە گوندەکەتان دەرچون چون بۆ کوێ؟

چوین بۆ قولیجان شەڕو تۆپباران بوو ئەبو فەلاح هەبوو لەوێ ئەو برینداربوو منیش لەچکێکم لەپشت بوو پێچام لەقاچیەوە، مامۆستا عەلی ماتۆڕێکی پێبوو بەماتۆڕەکە ئەبوفەلاحی برد بۆ ملەسورەو خۆی گەڕایەوە، ئێمە بەحاڵێکی زۆر ناخۆش گەیشتینە ئەوێ من دووگیان بووم بە بەندین و پێنج منداڵەکەی تریشم لەگەڵبوو، لێرە دەکەوتم لەوێ هەڵدەستامەوە قوڕ و باران بوو.

دوای ئەوەی گەیشتنە قولیجان بۆکوێ ڕۆیشتن؟

بەپێ چوین بۆ ملەسورە.[٢٧]

---

٢٧. ملە سورە هەمیشە لەباسوخواستی ئەنفالی گەرمیاندا ناوی دێت و لەسەر زاری خەڵک و ڕۆژنامەنوسانە، گوندێکی گەرمیانە لەنزیک ناحێی سەرقەڵایەو هەموو خەڵکی گەرمیانیان بۆ ماوەی یەک دوو ڕۆژێک لەوێ کۆکردووەتەوە.

نێوانیان چەندە یان بابڵێین ملەسورە چەند دورە لە قولیجانەوە؟

بەپێ نزیکەی دوو بۆ سێ کاتژمێر دەبێت.

لەرێ هیچ یەکەیەکی جەیش و جاشتان نەبوو بەتوشەوە؟

تا گەیشتینە ملەسورە نەخێر، بەڵام کەگەیشتینە ئەوێ جاشەکان هاتن بەرەو پیرمانەوە گوتیان وەرن خۆتان بدەن بەدەست جەیشەکەوەو چەکەکانتان دابنێن خانو و کۆمەڵگا (مجمع) تان بۆ دروست دەکەن، کەس ناتوانێت دەستان بۆ بەرێت. (بەگریانێکی زۆرەوە) مامۆستا عەلیش یادی بەخێر (مزەلی)[٢٨]یەکەی بەشانیەوە بوو دایناو دەستیکرد بەبانگ و سەڵاو گوتی لەبەرئەوەی چەکەکانمان لەشان داگیراوە تازە هەمووومان تیاچووین، چەکەکەی دانا ئیتر لەگەڵ ئەو خزمانەی لەگەڵمان بوون بردیانین بۆ ملەسورەو لەوێ کۆیانکردینەوە جاشەکان هەمومانیان کردە ناو زیلی عەسکەریەوە.

کێبوون ئەو جاشانە نایان ناسیت؟

نازانم بەڵام تەنها جاشەکان بوون، گوتیان ئێوە چەکەکانتان تەسلیمی ئێمە کەن و خۆتان بەدەست جەیشەکەوە بدەن کەس ناتوانێت دەستان بۆبەرێت.

ئەو ڕۆژەی کە گەڕانەوە بۆ ملەسورە کێ و کێتان لەگەڵ بوو؟

ماڵی ئەحمەدی مەلا ڕەشید و عەبدوڵای مەلا ڕەشید نەعیمە و نەزیرەو خوشکەکانی عەبدوڵاو منداڵەکانی خۆم.

کە چونە ملەسورە چیتان بینی؟

یاخوا ئەوی لە ملەسورە بینیمان کەس نەیبینێت ژیانێکی زۆر تاڵ و ناخۆش بوو

---

٢٨. مزەلی جۆرە چەکێکی کلاشینکۆفە قۆناغەکەی لەبری تەختە کە بەچەکەکەوە چەسپاوە، دوو پارچە ئاسنی جوڵاوەو کەی پێویست نەبوو دەتوانی بینوشتێنیتەوە بەهۆیەوە درێژی چەکەکە کورتبکەیتەوە، ئەو جۆرە کلاشینکۆفە لەسوپادا تەنها دەدرایە هێزی تایبەت و ئەوانەی بە پەڕەشوت خۆیان دەخستە خوارەوە، یان دەدرایە ئەو هێزە تایبەتانەی لە ناوشارەکاندا ئەرکیان پێسپێردرابوو، لەناو کورددا بەمزەلییان دەگوت کلاشینکۆفی بێقۆناغ و بەوەش کەتەختەکەی پێوە چەسپ بوو دەیانگوت قۆناغدار، بە زمانی عەرەبی بەو چەکە دەڵێن (مضلي) مضليش بەواتای پەرەشوت دیت، لەبەرئەوەی تەنها ئەو پەرەشوت وانان ئەو چەکەیان پێبوو. بەچەکەکەشیان گوتووە (مضلي) بەڵام لە کوردیدا پیتی (ض) نیە و لەبری ئەوە پیتی (ز) بەکاردەهێنن بۆیە بە چەکی کلاشینکۆفی جۆری مضلییان دەگووت مزەلی. ئەو سەروەختەی ئاسکە باسی دەکات هەرکەسێک لەناو گوندەکان چەکێکی کلاشینکۆفی مزەلی پێبوایە وەک ئەوە وابوو کاڵایەکی بەنرخ و گرنگی پێبێت.

چاوەڕوانی چیتان دەکرد لە ملەسورە ببینن؟

چاوەڕوانی کەسوکارمان بووین لەشارەوە بێن بەرەو پیرمانەو و پێیان شادبینەوە بەڵام جاشەکان دایانین بەدەست حکومەتی بەعسەوە.

ملەسورە تەنها گوندێك بوو خەڵکی چەند گوندی تری تێدا کۆکرابۆوە؟

خەڵکی زەنگنەو دایۆو زۆر ناوچەی تر.

کەواتە خەڵکێکی زۆری لێبوو، جەیش چی دەکرد لەو خەڵکە؟

دەگەیشتنە هەر خێزانێك فڕێیان دەدایە ناو زیلی عەسکەری، من و منداڵەکان لەگەڵ کۆمەڵێك میمزاو میمك و کوڕەکانی خاڵۆم ئەحمەد کەمال و جەماڵ و عەلی و گولیلك هەمومان کراینە ناو زیلی عەسکەری و براین لە بان جادەکە ڕزگاری (صمود) باوکم بینی و هاوارم کرد باوکە بردیانین باوکیشم دەیدا بەسەری خۆیدا، پاشان بردیانین بۆ زیندانەکەی ئەوبەر سیروان.

ناوی چی بوو زیندانەکە؟

زیندانی قۆرەتوو.

زیندانێکی چۆن بوو؟

بیناکەی بینای زیندان بوو حەوشەیەکی گەورەی هەبوو.

لەپێشتردا بینیوتە؟

نەخێر ئەوکاتەی بەئەنفالی برام بۆ قۆرەتوو بینیم.

دوایی ئەوەی کە کوردستان ڕزگاری بوو، لەهیچ شوێنێك لەو شێوە بینایانەت بینی؟

بەڵێ دەیبینم ، بەڵام کەدەیانبینم هەموو گیانم موچورکەی پێدادێت

لەکوێ بینیوتە؟

کەچوم بۆ خانەقین بینیومە و لە هەندێ شوێنی تریش وەك ئەوەی قەڵای سوسێ.

هەتا کوێ مامۆستا عەلی و پیاوەکانی ترتان لەگەڵدا بوو؟

لە قۆرەتوو بەیەکەوە بوین تا سێ شەو سێ ڕۆژ بەبێ نان و ئاو، بەڵام خەڵکی

کەلار نان و ئاویان بۆ دەهێنایین ئیتر سەیارەیان هێنا بردیانین بۆ کەرکوک لەوێوە بردمانیان بۆ تۆپزاوا[٢٩]. لەوێ پیاوەکانیان لێ جیاکردینەوە.

بەچی بردیانن؟

بەسەیارەی قەپات.

نزیکەی چەند سەیارە دەبوون؟

زۆر بوون وەك (قافڵە)کاروانی سەربازی وابوو پاسەوانیشمان لەگەڵدا بوو.

سەیارەکان چۆن بوون؟

هەموویان سەربازی بوون، وەك ئیڤا وابوون دواکەی چادریان لێدابوو هەموو سەیارەکانیان پڕدەکرد لەخەڵك.

کە ئێوەیان برد لە قۆرەتوو کەسی تری لێ بوو؟

بەڵێ لێی بوو.

ئەی کەبردنیان بۆ تۆپزاوا کەسی تری تێدامابوو؟

هەمومانیان بردو خەڵکی تریان بۆ دەهێنا. لەوێوە ئێمەیان برد بۆ تۆپزاوا، تۆپزاواش چی وەک ڕۆژی حەشر وابوو.

چ کاتێک بوو کە لە قۆرەتووەوە بردیانن بۆ تۆپزاوا؟

بەیانی زووبوو.

کەی گەیشتنە تۆپزاوا؟

دەوری سەعات ١٠ ی بەیانی بوو گەیشتینە تۆپزاوا.

لەوێ چیت بینی چی ڕویدا؟

من وەزعم زۆر خراپ بوو، ئەوکاتە دوگیان بووم، بە بەندینی کوڕمەوە لەوێ جیایان کردینەوەو بە زەبری کێبڵ کردیانینە ژورەوە.

٢٩. تۆپزاوا لەبنەڕەتدا ناوی گوندێکە بەتەنیشتیەوە سەربازگەیەک هەیە ، پشتر بارەگای سەرەکی پێشەوایەتی سوپای میلی بوو، ئەو سەروەختە کرابووە شوێنی سەرەکی کۆکردنەوەو پۆلێنکردنی ئەنفالکراوەکان، بەڵام خەڵکی بەو سەربازگەیەشیان دەگووت تۆپزاوا. ترکەو تۆپزاوا دوو گوندی بەرانبەری یەکترین تەنها جادەی سەرەکی حەویجە نێوانیانە، ترکە بەزۆری تورکمان نشینن و تۆپزاواش کوردنشینن. شایانی باسە لە زۆر شوینی تر گوندی ترهەن بەو ناوەوە بۆ نمونە لە بناری چیای قەرەسرد بەتەنیشت هۆتێل ئاشوری ناو گەشتوگوزاری دوکانەوە دوو گوند هەن بەناوی تۆپزاوا و ڕکاوا.

بەکێبڵ کردیاننە ژورەوە؟

بەڵێ

ژورەکە چۆن بوو مەبەستم ئەوەیە گەورە بوو یان بچوک بوو؟

هۆڵی عەسکەری بوو بەکێبڵ لێیان دەداین منیش هەر پێنج منداڵەکەم بە لەچکێك بەستبوو بەخۆمەوە بەدوای خۆمدا ڕامدەکێشان، مامۆستا عەلیان بەلێدان لێ جیاکردینەوەو ئەویش هاواری دەکردو پێی دەگوتم ئامانەتی تۆو منداڵەکان (ئاسکەخان بەگریانێکی زۆرەوە دەیگوت....ئایی لەو ڕۆژە سەختە کە بەسەرماندا‌هات) منیش هاوارم کرد توخوا مەیبەن من ناتوانم من دوگیانم. کە ئەوانیان جیاکردەوەو بردیانن، لەئێمەوە دیاربوون ڕوتیان کردنەوە تەنیا شەرواڵەکەو فانیلەیەکیان لەبەردا هێشتبوونەوە، بەکێبڵ لێیان دەدان ، دووایی بەکێبڵ لە ئێمەشیانداو ئەوانیان کردە هۆڵێکەوەو ئێمەشیان کردە هۆڵێکەوە.

تۆ چاوت لێبوو کەجلەکانیان داکەندن؟

بەڵێ جلەکانیان و تەسکەرەو شانەو ئاوێنەو تەسبێح و هەرچیان پێبوو لێیان سەندن.

شێوەی تۆپزاوات بیرماوە چۆن بوو؟

دیاربوو کە شوێنی سەربازگەبوو، شوێنەکە شوێنێکی سەربازی بوو.

خەڵکی تری زۆرلێبوو؟

بەڵێ خەڵکی دایۆو زەنگنەی زۆر لێ بوو.

بێجگە لەخەڵکی دایۆو زەنگنە هەستت دەکرد خەڵکی تری لێبێت ناوچەکانی تری کوردستان کە شێوە زمانیان جیاوازبێت لەخەڵکی گەرمیان؟

من هەستم نەدەکرد خەڵکی تری لێبێت.

دوایی کە کردیاننە ناو هۆڵەکان چیان لێکردن؟

ئێمە خۆمان هیچمان پێنەبوو کردیانینە ناو هۆڵەکان و خواردنیان داینێ.

چێیان پێدان؟ خواردنەکەتان چی بوو؟

هەر سەموون بوو، ئەویش ڕەق و بچوک بوون.

که کردیاننه ناو هۆڵەکانەوە ناویان دەنوسین؟

بەڵێ لەپێشەوە ناوی خۆمان و منداڵەکانیان دەنوسی ئینجا کردیانینە هۆڵەکانەوە.

(شێرکۆی کوڕە گەورەکەی ئاسکە) وەڵام دەداتەوەو دەڵێت : دایکم بیرەوەری باش نیەو توشی نەخۆشی شێرپەنجە بووە، من ئەوکاتە گەورە بووم تەمەنم ١٠ ساڵان بوو هەمویم بە بیردێت ژنی گەنجیان جیاکردەوە لەو ژنانەی منداڵیان پێبوو وەك دایکم.

ئاسکە لەوێ توشی نەخۆشی شێرپەنجە بویت یان لێرە؟

لێرە توش بووم بۆ سێ ساڵ دەچێت من بەهۆی ئەو هەموو داماوی و خەفەتەوە توشبووم ئێستاش بەهۆی چارەسەری کیمیاییەوە یادەوەریم باشنیە، پاش ٢٦ ساڵیش زۆرە بۆ بیرکەوتنەوەی هەموو شتەکان.

بەداخەوە هیوادارم تەندروستیت باش بێت. باجارێ هەر لەسەر تۆپزاوا قسەبکەین.

بەڵێ فەرموو.

کە جیایان کردنەوە لەتۆپزاوا منداڵەکان لەگەڵ خۆتدا بوون؟

بەڵێ هەمویانم بەلەچك بەستبوو بەخۆمەوەو خۆشم دوگیان بووم، هەمو گیانم ئاوسابوو لە زەنگنەوە بەپێ و بەناو قوڕدا هاتبووم بۆ ملەسورە.

لەتۆپزاوا بەموالید جیایان دەکردنەوە یان بەدەموچاو؟

(شێرکۆ وەڵامی دایەوە) جیاکردنەوەمان بە موالید نەبوو، هەروا بەڕوخسار و دەمووچاو بوو تەمەنی گەنج و پیرەکانیان جیا دەکردەوە، ژنی گەنجیان جیادەکردەوە لە پیرەکان و پیاوی گەنجیشیان لە پیرەکان جیادەکردەوەو هەر کۆمەڵێکیشیان لەلایەك دادەنا پاشان بردیانینە هۆڵێکەوە نزیکەی دوو سەد کەسیان تێدەکرد.

کاك شێرکۆ سوپاست دەکەم دڵنیام زانیاریت لەلایە باشترە دایکت وەڵام بداتەوە بێگومان من دوایی پرسیار لە تۆش دەکەم، چونکە پرسیارم بۆتۆش هەیە؟

بەڵێ بەڵام هەندێك شتی دایكم هەیە ئەبێت ڕاستی بكەمەوە، چونكە ئەو زۆربەی شتەكانی بەووردی بیرنەماوە.

ماوەی چەند لە تۆپزاوا مانەوە؟

دوو شەو لەوێ ماینەوە.

دوای تۆپزاوا بردیانن بۆكوێ؟

بردیانین بۆ دوبز.

بەچی بردیانن؟

بەسەیارەوەی كەبس بردینیانین هەر وەك سەیارەی (ئیسعاف) وابوو، .بەڵام پەنجەرەی نەبوو.

پێشتر باسی ئەوەت بۆ كردم لە تۆپزاوا حاڵتان خراپبووە، بەڵام كە چونە دوبز لەوێ حاڵتان باشتربووە، چۆن باشتربوون جیاوازی دوبزو تۆپزاوا چی بوو؟

لەوێ تۆزێك خواردن هەبوو، سەربازەكانیش هەڵسوكەوتیان لەگەڵمان باشتر بوو.

ئەو خواردنانەی لەوێ پێیان دەدان چی بوو؟

تۆزێك پیازیان دەكردە ناو دۆشاوی تەماتەوەو هەندێكجاریش نیسك بوو.

خواردنەكەتان هێندە دەبوو پێی تێربخۆن؟

هەر چۆنێک بێت لەتۆپزاوا باشتر بوو، نەخێر هەرگیز ئەوەندە نەبووە تێری پێبخۆین بەڵام ئێمە لەسەر برسێتی راهاتبووین. دەبوو قەناعەتمان بكردایە.

ماوەی چەند لەدوبز هێڵدرانەوە؟

دوو مانگ و نیو بۆ سێ مانگ لەوێ بووین.

ئەی دوای ئەو سێ مانگە بردیانن بۆكوێ؟

بردمانیان بۆ نوگرەسەلمان، ئەوێ وەک دۆزەخ وابوو.

باسی ئەوەت كرد كە دوگیان بوویت لەكوێ منداڵەكەت لێ بووەوە؟

بەڵێ هەر لە دوبز منداڵەكەم بوو.

(شێرکۆ هاتەوە ناو قسەکانمان) وتی : من باشتر لەبیرمە، کەلە دوبز بووین ئێوارەیەك سەرباز هاتن و ناویان نوسین، گوتیان ئەم ناونوسینە بۆ بەردانمانە، ئەو کاتە دایکم هەر لەئێوارەوە ژان گرتبووی، ئێمە هەمووومان پێکەوە بووین و سوچێکی هۆڵەکەمان گرتبوو، لەو هۆڵەی کە ئێمەی تێدا بوین نزیکەی ٥٠٠ کەسێک دەبووین. لەسەر بەتانیەك دانیشتبووین دایکم تا نیوەشەو هەر بە ژانەوە بوو، کە بوو بەسەعات پێنجی بەیانی سەربازەکان هاتن کردیان بەهەڵاو دەنگە دەنگ گوتیان: کۆببنەوەو ڕیز ببەستن بەو پاسە دەتانبەین بۆ بەردان لیستێکیان پێبوو ناوی سەرۆکی خێزانیان دەخوێندەوە لەگەڵ منداڵەکانی، ناوەکەی دەخوێندەوەو دەیانگوت دەی یاڵا برۆ، ئەوکاتە بۆ ئێمە زۆر سەخت بوو لەبەرئەوەی دایکم تا دەهات حاڵی خراپ دەبوو من و نیشتیمانی خوشکم یەکی سوچێکی بەتانیەکەمان گرتبوو پەنامان بۆ دایکمان کردبوو بۆ ئەوەی بەپێش چاوی خەڵکەوە منداڵەکەی نەبێت، لە سوچی هۆڵەکەدا بۆئەوەی دایکم لەوێدا لەپەنای ئەو باتانییەدا منداڵەکەی ببێت، ئیتر بەهەر وەزعێك بوو لەو دۆخە سەختەدا منداڵەکەی لێ بووەوەو، میم شەوکەتێك هەبوو ئەومان بانگکرد، هاوکاریمان بکات گوتمان دایکمان وەزعی زۆرخراپە، خەڵك هەموی چوونە دەرەوەو سواری پاسەکان بوون، کەس ئاوڕی لێنەدانیەوەو بەزەیی پێماندا نەدەهاتەوە، چونکە گوتیان بۆ بەردانە هەمووی هەر دەڕۆیشتن و ئاوڕییان لە ئێمە نەدەدایەوە. کە بەندین لە دایکبوو بە (تەرانجك) ناوکیان بڕی و تاڵە دەزویان لە چکێک کردەوەو ناوکیان بەست، هێچ پەڕۆپاتاڵێکیش نەبوو تێوەیپێچن، هۆڵەکان پەنجەرەی زۆرتێدا بوو، لە نزیکمانەوە پەنجەرەیەکی لێبوو لەویێ لەسەر تاقی ئەو پەنجەرەیە منداڵەکەمان بە ڕوتی دانا ویستمان جێیبهێڵین، ئیتر دایکمان برد بۆناو پاسەکان، بەمن و نیشتیمان وئەو پورە شەوکەتەوە دایکمدان ڕادەکێشا خوێن بەو هۆڵەدا بڵاو ببۆوە بردمان و بەزۆر سەرمانخستە ناو پاسەکەوە لە ڕاستیدا منداڵەکە (بەندین)مان بیرنەمابوو ڕاستیەکەی وازمان لێهێناو بەجێمان هێشت، دوایی بۆیان هێنایەوە، ناهەقیشمان نەبوو وەزعەکەمان زۆر خراپ بوو، نان نەبوو بیخۆین ئێمەش زیاتر خەمی دایکمان بوو. ئاخیر کەس بووین، کە سەرکەوتین و سواری پاسەکە بووین، چۆن بڵێیت پاسەکە چاوەڕێی ئێمە بوو ئەوەندە دواکەوتین نەمان دەزانی چاوەڕێکردنەکە بۆبەردان نیەو بۆ شوێنێکی خراپترە کە گەیشتینە نوگرەسەلمان

دەمانگوت سەد خۆزگە بەدوبز ئەوێ باشتر بوو، خواردن هەبوو حەوشەیەکی بچوکی هەبوو دەردەچوینە دەرەوە، بەڵام لەنوگرەسەلمان هیچ نەبوو دۆزەخێک بوو بۆ خۆی.

گوتت بەندینمان بە جێهێشت و بۆیان هێناینەوە کێ بۆی هێنانەوە؟

کاتێك کە سەرکەوتین بۆ ناو پاسەکە نزیکەی چارەکە سەعاتێك وەستاین، لەوکاتەدا عەرەبێك هات پیاوێکی بەتەمەن بوو، بیرمدێت ئەو پیاوە حەرەسمان بوو، قاتێکی سەوزی عەسکەری لەبەردابوو شتێکی لەسەری خۆی پێچابوو وەك جامانەی کوردی وابوو بەڵام وەک جامانە گوڵ گوڵ و رەش و سپی نەبوو، ئەوەی ئەو سپی بوو، ئەوەی لەسەری ئاڵاندبوو، کەهات بۆ ناو پاسەکە منداڵەکە (بەندین) ی پێبوو، گوتی ئەمە منداڵی کێیە فڕێیی داوە؟ گوتم هی ئێمەیە منداڵەکە هەر روت و قوت بوو، ئەو سەربازە چوو دیسداشەیەکی خۆی هێناو تێوەی پێچاو دایە دەستمەوە. قەدری خانێکمان لەگەڵدا بوو ئەو عەرەبی باش دەزانی وەرگێڕانی بۆ دەکردین، کابرا گوتی: ئەو منداڵەتان بۆ فڕێداوە گوتم چی لێبکەین؟ گوتی بیبەن خوا حەقی دەستێنێت، ئاگام لێبوو ئەو قسەیەی کرد. ئینجا دوای ئەوە پاسەکان کەوتنە رێگا.

ناوی ئەو سەربازە عەرەبە نازانیت؟

نەخێر بەداخەوە.

چەند سەربازی تری ئاوا دڵنەرمی تێدابوو؟ ئەوانەی دوبز بەگشتی باشتر بوون لەوانەی تۆپزاواو نوگرەسەلمان؟

ئێمە لەوێ ئەشکەنجەیان نەدەداین و تەعداکردن نەبوو، لەوێ بەس یەك شتم بینی کە زۆر ناخۆش بوو، ئەو مەنجەڵە گەورەیەی کە برنجی تێدابوو سەربازەکە قاچی دەکردە مەنجەڵەکەوەو بە پۆستاڵەکەی برنجەکەی کۆدەکردەوە یەك دووجار ئەوەم بینی زۆر ناخۆش بوو.

ئاسکەخان تۆ وەك دایکێك کەبەندینت بەجێهێشت هەستت چۆن بوو؟

ئەگەر دایکێك جگەرگۆشەکەی خۆی جێبهێڵێت ئەبێت چەند ناخۆشبێت.

ئەوکاتەی بەڕاکێشان تۆیان برد بۆناو پاسەکە هیچ هەوڵت نەدا بۆئەوەی

منداڵەکەت بەریت؟

ئەو کاتە لەتاو ئازار هیچ ئاگام لەخۆم نەبووە، کاتێکم زانی هێنایان و منداڵەکەیان کردە باوەشمەوە، ئەوە لەئاخیر لەحزەدابوو هەر کە منداڵەکەیان خستە باوەشمەوە زۆری نەبرد پاسەکەش کەوتە جوڵەو بردیانین ڕێگاکەش زۆر دورە شەو ڕۆژێکمان پێچوو تاگەیشتینە نوگرەسەلمان ئەوەی لەوێ بینیمان یاخوا کەس نەیبینێت.

لە نوگرەسەلمان چیتان بینی؟

هەر کە گەیشتینە ناو حەوشەی نوگرەسەلمان، بەشەق و شلاق و کێبڵ وەک هار تێمان کەوتن و لێیان داین و کردینیانە دوو ژورەوە و دەرگایان لەسەر داخستین، ئێمە سجنی ناو سجنیش بوین، ملازم حەجاجێك هەبوو زۆر دڕندەو خراپەکار بوو، هەموو ڕۆژێك سێ جار ئەشکەنجەیان دەداین، کە ملازم حەجاج دەهات دەبوایە هەستاینایەتە سەرپێ، ئەویش بەکێبڵ لە دەست و قاچی دەداین، رۆژی وابوو سێ سەعات بەتەلبەندەوە دەیان بەستینەوە. ئەوەی گەنج بوو لێدان و ئەشکەنجەی دەخوارد، ڕۆژی سێ جار دەگەڕا ئەوەی خۆی ئارەزوی لێبوایە ئەشکەنجەی دەدا.

تۆ چەندجار لێدانت بەدەستی حەجاج خواردووە؟

ڕۆژێکیان من شیرم دەدا بە منداڵەکەم، مەمکم لەدەمیدا بوو ئەو ملازم حەجاجە هات، کە چاوی کەوت بەمن، کە هاتە ژورەوەو بینی من شیر دەدەم بەمنداڵەکەم هەتا هێزی تێدا بوو کێبڵەکەی چەقاندە مەمکم و دوایی چەقاندیە گۆنای منداڵەکەمەوە سێ چوار ساڵ دوای ئەوەی کەهاتینەوە لەنوگرەسەلمان ئەو شوێن کێبڵە ببو بەبرین لەسەر ڕومەتی، ئاوا ئەشکەنجەیان دەداین و دەبوایە لەسەر یەك قاچ بوەستیت و پێیان دەگوتین پیاوی عەرەبتان دەوێت ئەوان باشن؟!!! ئێمەش سەرمان دادەخست.

جارێکیشیان منیان بەتەلبەندەکەوە بەستەوە شێرکۆ هات بۆ لام بۆ من دەگریا شێرکۆی بردە دەرەوە عەمودێك هەبوو لەبەردەم سجنەکەماندابوو بەعەمودەکەوەی بەستیەوەو بەکێبڵ کەوتە لێدانی تا لەهۆش خۆی چوو ئینجا وازی لێهێنا، بەو گەرمایە بۆماوەی سێ سەعات بەو عەموودەوە بوو.

وتت شیرم دەدا بە منداڵەکەم ئێوە کە خواردنتان نەبوو شیرت تێدا بوو؟

نەخێر مەمکم هیچ شیری تێدا نەبوو، خۆمان برسیمان بوو ڕۆژی یەك سەموونی ڕەقیان دەداینێ لەگەڵ یەك سەتڵی بچوکی ماست ئاویان دەداینێ ئاوێکی سوێرو تاڵ و کوڵاوی بەردەم ئەو گەرمایە. بەخوا ژنێکمان لەگەڵدا بوو ناوی (بەهێ) بوو خەڵکی گوندی تەپەسپی بوو، پێیان دەگوت پورەبەهێ، هەر لە ئێوارەوە ناڵاندی دەیگوت ئەگەر یەك دەنکە برنج هەبێت ئیتر نامرم ئەوەبوو بۆ بەیانی بەئاواتی دەنکێک برنجەوە مرد. هیچ خواردنێك نەبوو تەنها ئەو سەمونە بچوکە هەبوو کەباسم کرد کە بەندینم هێنایەوە تەنها پەیکری ئێسقانەکەی بوو، گۆشت بەلەشییەوە نەبوو، ڕێک وەك منداڵە ئەفریقیەکان وابوو.

ئەی ئەو منداڵە چۆن ژیا؟

سەمونە رەقەکەم دەکردە دەستمەوەو ئاوم پێدا دەکرد و دەمکرد بە هەویرو دەمدا بە منداڵەکەم بەوجۆرە ئەو کوڕەم بەخێوکرد.

کەست بینیوە بەدەست کێبڵی حەجاجەوە بمرێت؟

بەڵێ حەمە خولەیەك هەبووماڵیان لە عەزیز قایەر[٣٠] بوو پێنج دانە منداڵی بەدەم لێدانی کێبڵەوە گیانیان دەرچوو، حەجاج کەئەهاتە ژورەوە منداڵەکان نەیان دەزانی دەجوڵان و یاریان دەکرد ئەویش دەیدانە بەرکێبڵ و دەمردن.

گوتت پرسیاری دەکرد دەیگوت پیاوی عەرەبتان دەوێت! ئەمەی وەك گاڵتەپێکردن دەگوت یان بەڕاست پرسیاری دەکرد؟

ئەوەی دەگوت زیاتر گاڵتەیان پێدەکردین و دەیان پرسی پیاوەکانتان لە کوێیە (مخریب)ە؟ ئاوا ئیهانەیان دەکردین.

چۆن بیرت لەوە کردەوە (بەندی) بەو ناوەوە ناوبنێیت نەدەترسای؟

لەوێ ناومان نەنا، ئەو ماوەیە هیچ ناوێکی نەبوو، هەتا هاتینەوە بۆ (صمود) رزگاری لەوێ (حاجی عومەر) مامی منداڵەکانە ئەو ناوی لێنا (بەندین) بەڵام ئەو کابرایەی کە لەسجنەکەی دوبز بۆی هێناینەوەو دایەوە دەستمان وتی: ناوی بنێن حەمودی.

---

٣٠. (عەزیز قایەر)مەبەستی گوندی عەزیز قادری دراوسێ گوندی توکنە، گوندەکانی گەرمیان زۆریان بەناوی یەکەم کەسەوە ناونراوە کە ئاوەدانیان کردووەتەوە. گوندی عەزیز قادریش ٢١٥ کەسیان ئەنفالکراوە و ١٨ کەسیان لەنوگرە سەلمان مردووە، یەکێک لەوانە حەمەخولەیە کە ئاسکە باسی دەکات. دەبێت ئەوەش بڵێم کە پێش ئاسکەش زۆر کەسی تر کە لەئەنفال گەڕاونەتەوە باسی ئەشکەنجەدانی ئەم پیاوە ستەملێکراوەیان بۆ کردووم.

بڵێی مەبەستی چی بووبێت؟

نازانم مەبەستی چی بوو.

ئەو خۆی ناوی حەمودی نەبوو؟

نازانم بەڵام ئێمە ئێستا لەخۆشەویستیدا بەحەمەو بە حەمودیش بانگی دەکەین.

ژنێک بەناوی بەسێ خەڵکی گوندی میلقاسمە وەک تۆ دیمانەم لەگەڵ ئەویشدا کردووە ئەو دەڵێت: کابرایەکی باش هەبوو، پێیان دەگووت مامە نوری، مامە محمودێکیشیان تێدابوو، ئەوان باش بوون یەکدووجاریش بردیانم بۆ خەستەخانەکەی دبس. بەسێ دەڵێت عەسکەرەکان نا بەڵکو جەیش شەعبی و عەشایەری ناو دبس لەگەڵمان باش بوون، وەك ئەوانەی تۆپزاوا بەعسی نەبوون.

بەڵێ تێیاندابوو.

ئەوکاتەی کەبەربوون بەندین تەمەنی چەندبوو؟

شەش مانگ و دە رۆژ دەبوو.

کەواتە ئەو ماوەی شەش مانگە ئەو منداڵە هیچ ناوێکی نەبوو؟

نەخێر هیچ ناوێکی نەبوو، چونکە ناونوسین نەبوو تەنها لەدوبز ناویان نوسین لەوێش بەندین لە دایك نەبوو، کاتێك بردیانینە نوگرەسەلمان لەوێ تەنها ناوی سەرۆکی خێزانیان دەخوێندەوە ئیتر لەوێ ناو ئەوندە گرنگ نەبوو.

تۆ هاوڕێت هەبوو لە نوگرەسەلمان؟

هاوڕێکانم هەر ئەوانەبوون کە لەپێشدا باسم کردن، ئەوانەی لە دوبز لەگەڵمانبوون لە نوگرەسەلمانیش هەر ئەوانەبوون، چونکە ئێمە قاعەیەك بووین لە نوگرەسەلمان ناومان زۆر بە خراپی هاتبوو لەبەرئەوەی کاتێك لە دوبز براین ئێمە زۆر بووین نزیکەی شەش بۆ حەوت قاعە دەبووین هەر قاعەیەك نزیکەی سەدو بیست بۆ سەدو چل کەسی تێدابوو بەمنداڵ و ژنەوە، بەڵام هیچی نەهات بۆ نوگرەسەلمان تەنها قاعەکەی ئێمەیان بردە نوگرەسەلمان.

بۆچی ناوتان بەخراپی هاتبوو مەبەستت چیە؟

لەبەرئەوەی وەک کەسوکاری پێشمەرگە ناومان رۆیشتبوو.

کە پرسیاری هاورێکانت لێدەکەم مەبەستم ئەوەیە کەچەند کەس لەگەڵ ئێوە ئەنفال کراون و تا ئێستا نەگەڕاونەتەوە؟

جگە لەوانەی لە قاعەکەی خۆمان بوون ئەوانی تر نەگەڕاونەتەوە.

واتا قاعەکەی ئێوە هەموتان بران بۆ نوگرەسەلمان و ئازادکران و گەڕانەوە بۆ ئێرە؟

بەڵێ، بەڵام خەڵکەکانی تر کە لەدوبز بوون بردیانن و هەتا ئێستاش دیارنین و نازانرێت بۆ کوێیان بردوون، بە پێچەوانەشەوە ئێمەیان برد بۆ نوگرەسەلمان بەپێی ئەوەی ئێمە ناومان خراپ هاتبوو ژن و منداڵی پێشمەرگەبووین ئێمەیان بۆخراپترین شوێن برد وەك ئەوەی ئەمە ئاخیر شوێنی ژیانمانبێت.

ئێوە چۆن زانیتان کە ئێوە ناوتان خراپ رۆیشتوە؟

بەوەی کەزۆربەی ئەوانەی لەگەڵ ئێمەبوون ژنی گەنج بوون زۆربەشیان خێزان و کەسوکاری پێشمەرگە بوون، کۆکرابونەوە بۆ نمونە شتێکی سەیر هەبوو بۆ دەبێت ژنی کاك عەبدوڵا لەگەڵ ئێمەدا بێت ئەو مێردەکەی پێشمەرگەیە، باوکی من پێشمەرگەیە، کوڕەکەی پورە بەهێ پێشمەرگەیە، گوڵاڵە خانێك هەبوو لەوێ لەگەڵ حەجاجدا بوو ئەویش مێردەکەی پێشمەرگە بوو، هەموو ئەمانە کرابووین بەیەك قاعەدا پێیان دەگوت قاعەی پەنجاو پێنج لە دوبز.

ئەو گوڵاڵە خانە چۆنی لەگەڵ ملازم حەجاجدا بوو؟

ئەو گوڵاڵە خانە کچی ئافرەتێك بوو تۆزێك تەمەنی هەبوو خوشکێکی تریشی لەگەڵدا بوو.

دایکی ناوی چی بوو؟

دایکی ناوی بەهێ خان بوو، خەڵکی بازیان یان تەکێ بوو دەیانگوت خەڵکی ئەولای سلێمانیە.

خەڵکی سەنگاو بوو؟

بەڵێ وابوو، ئەو هیچ کێشەیەکی نەبوو ملازم حەجاج خۆی دەیبرد دەیگوت بابێ ژورەکەم پاك بکاتەوە، من شایەتی ئەوەی بۆ دەدەم کە ئەخلاقیەن هیچ کێشەکی نەبوو، من ئێستا نازانم ئەو ماوە یان مردووە، بەڵام دایکی لە نوگرەسەلمان مرد، هەر خۆی و خوشکەکەی مانەوە دوایی ئەوان لە ئێمە جیاکرانەوە ئیتر نازانم چی لێبەسەرهات، ئێمە دوو قاعەی تر هەڵەبجەییمان لەگەڵدا بوو. باس لەوە دەکرا کە چۆن ملازم حەجاج دەیبرد. ئەو چیبکات کچێکی جوان بوو حەجاج دەهات دەیبرد دەیگوت وەرە ژورەکەم بۆ پاکبکەرەوە، کەبەیانی سەعات نۆ دەیبرد هەتا حەوتی ئێوارە ئینجا دەیهێنایەوە جاری وابوو ئێوارە دەیبرد بەیانی دەیهێنایەوە ئیتر نازانم بۆچی بوو ئەو دەیگوت دەیبەم ژورەکەمی پێ پاك دەکەمەوە.

بەڵام لەگەڵ ئەوانەدا ئەو ئافرەتێکی بێدەسەڵات بوە؟

بەڵێ منیش باسی ئەوە دەکەم نەیدەتوانی هیچ بکات، کە دەهاتەوە سەمون و خواردنی لەگەڵ خۆی دەهێنا.

کەست بینی بەدەستی حەجاج بەلێدان بمرێت؟ مەبەستم ئەوەیە ناوی ئەو کەسە بزانیت بێجگەلەوەی کە باستکرد؟

بەبیرمدا نایەت ئێستا، کاتێك کەبەربوین وتیان سەیری دەرگاکە بکە، ئەمبەری سقرە نوسرا بوو ئەو بەریشی جەهەندەم، هەر کەسێکیش بمردایە تا سێ شەو و سێ رۆژ لەوسجنەدا بەتەنیشتمانەوە دەمایەوە هەموو گیانی دەئاوسا نەیان دەبردە دەرەوە، دوای ئەوەش کە دەریان دەکرد دەیان کردە سەر بەتانیەك و ڕایان دەکێشا تەقەی سەری دەهات هەتا دەرەوە لە دەرەوەش سەگێکی ڕەش هەبوو ئەو تەرمەکەی دەخوارد، ئیتر منداڵ بوایە یان گەورە بوایە ئەوان فرێیان دەدایە دەرەوەو قەبریشیان نەبوو.

من دەزانم نوگرەسەلمان خۆی ناخۆشترین شوێن بوە هیچ خۆشیەکی تێدا نەبوە بەڵام ناخۆشترین دیمەن بەلاتەوە چیە کە هەرگیز لەبیرت ناچێتەوە؟

هەتا ئەو ڕۆژەی دەمرم هەرگیز برسێتیەکەی و تەعداو کێبڵەکەی نوگرەسەلمان و کێبڵەکەی لە تۆپزاوا لەکەرکوك کەدایان لە عەلی هەرگیز لەبیرم ناچێت.

که لەتۆپزاوا بردیانن بۆ دوبز ئێوە ئاگاتان لەمامۆستا عەلی نەما؟

بەڵێ ئاگامان لێی نەما کە ئێمەیان برد بۆ نوگرەسەلمان خۆشی خۆشی گوتم ئێستا ئەو بەربوە بەڵام کە هاتمەوە ماڵەوەو ئێمە بەربوین سەیردەکەم کەلاوە وێران و ڕەنج بێ وەرم و پیاوم نیە

هیچ سۆراخێکی نییە بۆ نمونە کەسێك هاتبێتەوە و بڵێت تا ئەوێ لەگەڵمان بوە؟

نا نەخێر ئەوەی لەگەڵیدابوە نەماوە.

دە کەس لەکۆمەڵکوژی ئەنفال دەربازبوون حەوتیان گەرمیانین هیچ یەکێك لەوان ناوی مامۆستا عەلیان نەهێناوە؟ یان ئەوان هیچیان دەناسن؟

نا نەخێر نەمان بیستوە ناوی بهێنن. وەکو ناسینی ئاواش نایانناسین، تەنها لەڕاگەیاندنەوە ناومان بیستوون.

بۆ نمونە کاك واحیدی گوندی کانی قادر کە لەگۆڕی بەکۆمەڵ ڕزگاری بووەو من سێ جار چاوپێکەوتنم لەگەڵ کردوە، ناوی هەندێك کەس دەهێنێت کە لەگەڵیدا بوون، بەڵام ئەو گوتی لەبەر هەستی کەسوکاریان قایل نیم ناویان بڵاوبکرێتەوە، ئەگەر کەسوکارەکان خۆیان بچن ئەو پێیان دەڵێت.

نا کەسیان لە نزیکەوە ناناسین.

باسی کچێکت کرد ناوی (گولیلك)ە گوتت ئەویش خەڵکی وارانیە؟

بەڵێ ئەو خەڵکی وارانیەو میمزامەو دایکیشی خوشکی باوکمە.

کەواتە خزمن، گولیلك خۆی ناوی پیرۆزە وایە؟

ناوی پیرۆز نییە هەر گولیلکی ناوە ئەو ئەنفال بوو، ڕۆیشت بەس دەڵێن ناوی لەبەڵگەکانی میصر هاتۆتەوە ئیتر نازانم. براکانیشی لەم دواییەدا سۆراخێکیان کرد تا ئێستاش هیچیان دەست نەکەوتوە ئیتر نازانین.

چۆن ناوی پیرۆز نیە من تەسکەرە نفوسەکەیم لایە (گولیلک) نازناوە لەبنەڕەتەوە ناوی پیرۆزەو هەر بەگولیلکیش لەبەڵگەنامەکەدا ناوی هاتووە. ئێوە تاچەند باوەڕتان بەوە هەیە ژنی کورد برابێت بۆ میسر؟

ئەو حکومەتە هەموشتێکی لە دەست دێت، چونکە ئەوەی ئێمە بینیمان لەوە خراپتریشی لەدەست دێت ئەوە هەر هیچ نییە.

کە لەنوگرەسەلمان بەربون بۆ کوێیان ناردن؟

بردیانین بۆ سەماوە هەمو گیانمان ئەسپێ بوو، چڵکن و پیس و برسی و تونی بوین لەوێ وتیان خۆتان بشۆن و خواردنی باشیان پێداین و بۆماوەی هەفتەیەك لەوێ ماینەوە تۆزێك زیندوو بوینەوە دوایی پاسیان بۆ هێناین و بەرێگای سلێمانیەوە بردیانین بۆ صمود.

لەو ماوەیەی لەسەماوە بوون، بەندینت پیشانی دکتۆرنەدا؟

لە خۆشی ئەوەی کە دەیان گوت بەرتان دەدەین بیری دکتۆر و شتمان نەبوو، پاشان ئێمە ئەوەندە برسی و پیس بووین، هەرباس ناکرێت جلێك شەش مانگ لەبەرتدابێت دەبێت چۆن بێت دکتۆر هەر لە خەیاڵماندا نەبوو.

کاك شێرکۆ لەسەماوەوە بۆ کوێیان بردن؟

لەنوگرەسەلمانەوە بردیانین بۆ سەماوە لەوێ هەفتەیەك ماینەوە لەوماوەیەدا سێ ژەمە خواردنی باشیان دەداینێ جگەلەوە هەموو ڕۆژێك لای بەیانی دەرزیەکی باریکیان لێمان دەدا لە قۆڵمانەوە دەرزی چی بوو، نازانم بیناکەش بینایەکی نەخۆشخانەبوو کە ئێمەی تێدابوین، لەگەڵ خواردنەکەدا زەڵاتەشیان دەداینێ دوای هەفتەیەك هێنایانین بۆ کەرکوك دوایی لەوێوە بەچەمچەماڵدا هێنایانین بۆ سلێمانی.

ئەی بۆ تۆپزاوا نەیانبردنەوە بو ئەوێ؟

نەخێر یەکسەرە هێنایانین بۆ سلێمانی بۆ یاریگاکەی چوارباخ، ئێستاش بیرمدێت خەڵك پارەی دەکردە ناو سەمونەوە فڕێیان دەدا بۆمان، خەڵکی سلێمانی خەڵکێکی کورد پەروەربوون دەیان زانی ئێمە ئەنفالکراوەکانین باوەڕیان نەدەکرد کەبەرمان بدەن، ئەوکات بیست و پێنج دیناری و دەیی و پێنجی هەبوو دەیانکردە ناو سەمون و هەڵیان دەدا بۆمان. دوایی پاسیان هێنا بۆمان هەر کەس خەڵکی کوێ بوایە بۆ ئەوێیان دەبردەوە، ئێمەیان بردەوە بۆ ڕزگاری ئەوسا پێیان دەگوت (صمود) ئێمە نزیکەی بیست پاسی بیست و یەك نەفەریەکان دەبووین

هەمووmانیان سوارکردوو لە صمود دایانبەزاندین. کاتێك لەرزگاری دایان گرتین باپیری منداڵەکان لە خۆشیدا هات بەرەو ڕومان فەقیرە لەسەر جادەکە کەوتە ناو مەنهۆڵێکەوەو قاچێکی شکا، بەهۆی ئەوەوە لەجێدا کەوت و پاش ماوەیەك ئەویش مرد.

لەوێ هیچ مامەڵەیەکیان بۆ کردن بۆ پێدانی زەوی؟

نەخێر هەرخۆیان نەکرد بەساحێبمان و کەس لێی نەپرسینەوە، ماڵی باپیرم لەوێ بوو ئەو ئێمەی بردەلای خۆی.

باپیری منداڵەکان مەبەستت باوکی مامۆستا عەلییە؟

بەڵێ باوکی مامۆستا عەلی.

شێرکۆ هاتە نێوقسەکانمانەوەو گوتی : ئێمە لەگەڵ ماڵی مامم بوین لە ماڵی باپیرم نزیکەی دوو ساڵ لەگەڵ ئەواندا بوین، پاشان چوین بۆ کفری لەگەڵ ماڵی باپیرەم (باوکی دایکم) دەژیاین لەوێش نزیکەی دووساڵ ماینەوە، پاشان لە وان جیابوینەوەو چوینە خانویەکی (ئیدارە محلی) ەوە چونکە دایکم ببو بەکارگوزار لەنەخۆشخانەکە، ئەوسا بە سەد دینار کاری دەکرد، لەوێ بەڕێوەبەرەکە بەدایکمی گوتبوو ئەو خانوانە بەتاڵە ئەتوانی خۆت و منداڵەکانت بچنە ناو ئەو خانوانەوە ئێمەش چوینە ئەو خانوەوە.

ئاسکەخان تۆ هیچ ئیشێکی ترت نەدەکرد تەنها بەو سەد دینارە منداڵەکانت بەخێو دەکرد؟

بەداماوی لەگەڵ ئەوەشدا دەچوم جلم بۆ ماڵە دەوڵەمەندەکان دەشت بە تۆزێك ئارد یان تۆزێك برنج، نانیشم بۆ بارەگایەکی پێشمەرگە دەکرد، ڕۆژی وابوو فەردەیەك ئاردم بۆ دەکردن بەنان، لەو نانەش نانم لێدەدا بەمنداڵەکان ئاوا گەورەم کردن.

کە جلت دەشت بۆ ماڵان تەنها ئاردیان دەدایتێ یان پارەشیان دەدایتێ؟

نەخێر تەنها نیو کیلۆ ئارد یان برنج یان شەکر ئەوەی دەدامێ دەیگوت خوات لەگەڵ.

ماڵی دەوڵەمەند وەکو کێ؟

من کارم بۆ مودیری نەخۆشخانەکە دەکرد، ناوی بورهانی حەمەرەشید بوو دوای دەوام، کە لە ولادە بوین لەگەڵ ڕەیحان و سویبە پاشماوەی منداڵبونی ژنانمان پاکدەکردەوە لەگەڵ ئیشی ناو نەخۆشخانەکە تا دەوری سەعات سێ موچەکەمان تەنها سەد دیناری سویسری بوو، پاشان بەڕێوەبەرەکە دەیبردینە ماڵەوە، ماڵەکەمان بۆ پاکدەکردەوەو جلمان بۆ دەشت بە نیو کیلۆ ئارد یان شەکر.

ئێستا ئەو کەسە هەر بەڕێوەبەری نەخۆشخانەیە؟

نازانم ئێستا ئەوبێت یان نا ئەو لەکفری بوو ئەو کات.

تۆ نانت بۆ کۆمیتە دەکرد یان بۆ بارەگای پێشمەرگە؟

بۆ کۆمیتەو بۆ بارەگای پێشمەرگە.

ئەوانیش کرێی کارەکەتیان نەدەداو لەبەرانبەردا هەر نانیان پێدەدایت؟

بەڵێ، نانم بۆیان دەکرد ئەوانیش نانیان پێدەدام چی بکەم لەبەرخاتری منداڵەکانم بۆ ئەوەی نەمرن لەبرسا.

من لەوە تێدەگەم کە تۆ لەبەرخاتری منداڵەکانت شانت داوەتە بەر هەموو کارێکی گران. بەڵام هەقدەستت وەرنەدەگرت هەرنانیان پێدەدایت یان پارەشیان پێدەدایت؟

راستی هەقدەستیشیان پێدەدام، بەڵام کەم بوو. دەیانگوت نانیش گلدەرەوە بۆ منداڵەکانت.

ساڵی چەند هاتن بۆسلێمانی؟

ئیتر بەو نەگبەتی و داماوییە لە خانوویەکی خراپدا بووین دەرگای پێوە نەبوو، بەتانی بەدەمییەوە بوو، داماوبووین.

ئەی ئێستا چۆن دەگوزەرێن؟

ئێستا باشین، بەڵام کەس لێمان ناپرسێتەوە، ئەوە کوڕەکەم بەندین ژنی هاوردووە هەتا ئێستا یەک بەرپرس نەهاتووەتە ماڵمان پرسیار لەحاڵمان بکات و بزانێت وەزعمان چۆنە، بۆخۆشم سێ دانە ساڵە نەخۆشم و بەدەم دەردی

شێرپەنجەوە دەناڵێنم، جاری وا هەبوو لە خەستەخانەی هیوا د. هاژە داوای دوو بتڵی کیمیایی دەکرد، پارەمان نەبوو کوڕەکانم قەرزیان دەکردو دەچوون بۆ هەولیر کیمیاییان بە (١٠٠٠ هەتا ١٥٠٠$) دۆلار دەکڕی و دەیانهێناو دەیانکردە گیانمدا، ئێستاش یەک بەرپرس نەهاتووەتە لامان بڵێت بابزانین ئەم ژنی شەهیدە چ دەردێکێتی و چی پێویستە.

هیچ بەرپرسێک نەهاتووە؟

هیچ، هیچ بەرپرسێک. زۆر نیگەرانم تەنها مامۆستا ئیکرامی بەپرسی مەڵبەندی حەمرین و مامۆستا محەمەد قایمقایمی کۆنی خورماتوو مامۆستا تالیب ئەوەی لەڕەگەزنامەیە نەبێت. کەس لێی نەپرسیوین. لەدوای ئەم هەموو نەهامەتیەی وا بەسەرمان هات هەموویان هاوڕێی پیاوەکەم بوون کە مامۆستای شۆڕش بوو تێداچوو، خۆم و منداڵم ئەنفالکراین و بردمانیان بۆ نوگرەسەلمان، نیگەرانم لە هەمووی لە یەکێتی و لە گۆڕان و لەهەمووی.

دەتەوێ یەکێتی و گۆڕان چیت بۆ بکەن؟

هەموو شتێکیان پێدەکرێت، هەیە دوو رۆژ زیندانی بووە ئێستا موچەیەکی باشیان بۆ بڕیووەتەوە.

ئەی ئێوە زەویتان وەرنەگرتووە؟

بەڵێ پارچەیەک زەوییان پێمدا لە کفری فرۆشتم بە ٢٠٠٠ دوو هەزار دۆلار، دام بە ئاردو خواردن بۆ منداڵەکانم. ئەوە حاڵی ئێمە بوو. ئەوە هەموو یارمەتیەکەی حکومەت بووە بۆ ئێمە. (دەنگی شێرکۆ دێتە بەرگوێ و دەڵێت کاتی خۆی کاک مەحمود بەرپرسی مەڵبەندی گەرمیان بوو، فشاری خستە سەر کاک دڵشادی بەڕێوەبەری شارەوانی کفری پارچەیەک زەوی پێداین نابێت ئەوە لەبەرچاونەگرین)

ئەی موچەی مامۆستا عەلی وەرناگرن؟

بەڵێ مانگی ٥٠٠٠٠٠ پێنج سەد هەزار دینارە.

بۆچی مامۆستا بەشەهیدی سەنگەر تۆمارکراوە وا موچەکەی (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینارە؟

بەڵێ بەشەهیدی سەنگەر تۆمارکراوە.

بەڵام تۆ وتت مامۆستا عەلی ئەنفالکراوە؟

راست دەکەی، بەڵام مامۆستا عەلی پێشمەرگە بوو، ئەو کاتە کاک عوسمانی حاجی مەحمود بەشەهید تۆماری کرد، راستە پیاوەکەم ئەنفالکراوە بەڵام ئەو پێشمەرگە بوو، ئەوکاتە ئەنفال موچەی نەبوو، کاک عوسمانی حاجی مەحمود وەزیری ناوخۆبوو، هاوکاری کردین، بە شەهیدی سەنگەر تۆمارمان کرد.

هەتا ئێستا تۆ گلەیی لە بەرپرسان دەکەیت، من رێز لەگلەییەکانت دەگرم، بەڵام هەموو ئەوگللەییانەت لەبەرپرسانی حزب بوو لەبەرئەوەی دەتانناسن و هاورێی خەباتی هاوسەرەکەت بوون، من هیچ پەیوەندییەکم بەحزبەکانەوە نیە، ئەی ئەوەنیە حکومەت موچەی بۆ بڕیویتەوەو زەویشی پێداوان؟

ئەوانیش هیچیان بۆم نەکردووە ئەشهەدو کە نەخۆش بووم وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراون بڕی ٧٠٠٠٠٠ حەوت سەد هەزار دیناریان وەک ژنی شەهیدێک بۆم خەرج کردووەتەوە، مەمنونیانم.

بەڵام ئەوە ڕاست نییە بڵێیت هیچم بۆ نەکراوە، وەک خۆت دەڵێی پارچەیەک زەویت وەرگرتووە، موچەی شەهیدانەی هاوژینەکەشت وەردەگریت کەواتە تۆشتێکت بۆ کراوە من لێرە پارێزەری حکومەت نیم، بەڵام دەبینم کەم و زۆر شتێکت بۆ کراوە دەتوانیت بڵێیت زۆر کەمم بۆکراوە بەڵام راست نیە بڵێیت هیچم بۆ نەکراوە !

ئەوەی بۆم کراوە دەبێت بکرێت ئەوە خوێنی پیاوەکەمە.

تکایە من دەمەوێت تەنها هەڵەیەک راست بکەمەوە، کە دەڵێیت هیچم بۆ نەکراوە واتای ئەوەیە کە نە موچەت بۆ براوەتەوە، نە زەویت وەرگرتووە، بەڵام دەتوانیت بڵێیت شتێکی کەمم بۆکراوە. ئەوەی وەریدەگرم کەمە لەچاو سامانی گشتی وڵات و ئەو قوربانییەی داومانە؟

بەپێی رەنج و ماندوبون و ئەوەی بەسەرمان هاتووەو مێردم شەهید بووە، هیچمان بۆ نەکراوە.

ئەی مامەڵەی زیندانی سیاسیتان کردووە؟

بەڵێ کردوومانە. چوینەتە لای حاکم و سوێندمان خواردووە. بەڵام ئیتر ئەوەش روون نییە چۆن دەبێت و کەی دەبێت.

ئەی بۆ مامۆستا عەلی ئەو مامەڵەیەی زیندانی سیاسیتان کردووە؟

نا ئەو شەهیدی سەنگەرە.

بەڵێ راستە ئەو پیاوە شەهیدبووە، بەڵام ئەو زیندانیش کراوە، بەرلەوەی شەهید ببێت ئایا زیندانی نەبووە پێش شەهید بوونی؟

بەڵێ زیندانی بووە.

کەواتە وەک هەر زیندانیەک دەتوانن مامەڵەی یاسایی بۆ بکەن.

بەڵێ سوپاس راستی ئەوەمان نەزانیبوو.

ئاسکەخان من دەزانم ئەگەر سەد کاسێتی ڤیدیۆ بۆ تۆ تەرخان بکەم گێڕانەوەی مەینەتیەکانتان تەواو نابێت، ئەگەر بەڕێزتان شتێکی ترتان هەبێت باسی بکەن و ئێمە بیرمان نەبووبێت بپرسین؟

نەهامەتیەکەمان زۆر زۆرەو وەک خۆت وتت تەواو نابێت، دەستتان خۆش بێت، بەڵام بریا زووتر بهاتنایە.

بێگومان دەبوو زوتر بهاتباینایە.

دوای ٢٦ ساڵ لەوتاوانە من چی بڵێم؟

قسەکەت زۆر راستە ئەم قسەیە بەرۆکی هەموو میدیاکارو نوسەرانی کورد دەگرێتەوە هەمووومان لێی بەرپرسین.

ئەی من ژنە مامۆستایەکم ژنە شەهیدێکم ، زۆر دڵخۆش دەبین بەهاتنتان، پێمانخۆشە بێن سەردانمان بکەن، چایەکمان لەگەڵدا بخۆنەوە، منیش پێی دڵخۆش دەبم، منیش ئومێدێکم بۆ دەگەڕێتەوە، ئێستا کە ئەم قسانە دەکەم دڵم غەسب ئەکا لەسەرم کە پێتانی بڵێم، هەقی خۆشمە ئەم قسانە دەکەم و ئەم گللەییانە بکەم. ئەو هەموو قوربانی و هیلاکەتیە هەتا ئێستا کەسێک نەهاتووە بەلاماندا، ئەوەش بڵێم ئەمڕۆ تۆ لەسەر مێزێک دانیشتوویت دەبێت بەواسیتە بێم بۆلای تۆ.

ئێمە نە بەرپرسین  و نەهاتنیشت بۆلامان پێویستی بەواسیتەیە، ئێوە زۆر بەڕێزن لەلای ئێمە.

سوپاست دەکەم مەبەستم مەسئولەکانە

هەموو قسەکانت راست و جوانن، بەڵام خاڵێک هەیە دەمەوێت بۆم ڕون ببێتەوە تۆ بۆچی بەخۆت دەڵێیت پاشماوەی ئەنفال؟

ئەی ئێمە پاشماوەی ئەنفال نین؟

نەخێر ئێوە پاشماوە نین، ئێوە مرۆڤن، مرۆڤی بەڕێزیشن.

بەخوا پاشماوەین ئەی ئەگەر پاشماوە نەبین ئاوا پشتگوێمان ناخەن.

ئاخر ئێوە پاشماوەنین ، (پاشماوە، بەرماوە، پاشەرۆ) ئەو دەستەواژە نزمانە شایانی مرۆڤ نین. هەموو مرۆڤێک ڕێزی تایبەتی خۆی هەیەو پێویستە بەزمانێکی بەرزو شکۆدارانە مامەڵەی لەتەکدا بکرێت چ جای ئەوەی مرۆڤێکی وەک ئێوە ئەوهەموو قوربانییەی دابێت! چۆن دەبێت بە پاشماوە بیناسین؟

قسەکەی تۆش ڕاستە وایە.

مادام ڕاستە ئەگەر منیش یان هەر کەسێکی تریش واتان پێبڵێت دەبێت ئیوە ڕێگەی پێنەدەن  بەو شێوەیە بێحورمەتیتان پێبکرێت. چ جای ئەوەی ئەو وشە نزمە لە خودی کەسوکاری ئەنفالکراوانەوە بێت بۆ خۆیان؟

وایە راستە.

با پرسیارێکی تر لەهەموتان بکەم تۆ و منداڵەکانت و هەموو ئەنفالکراوان مەینەتی و برسێتی زیندانی دوبزو نوگرەسەلمانتان بینیوە، خەڵکێکی زۆر کۆمەڵکوژکراوە یەکێک لەو سەدان هەزار کەسەی کوژران مێردەکەی تۆو باوکی منداڵەکانتە، پێتان چۆنە لە یادی ئەنفالدا تەنها ڕۆژێک خۆ ئەگەر بکرێت چەند رۆژێک هیچ پەلەوەرو ئاژەڵێک سەر نەبڕدرێت، تەنانەت لە ماڵان و لە چێشتخانەکانیشدا ئەو ڕۆژە گۆشت لێنەنرێت و نەخورێت، ئەمە وەک رێزگرتن لە هەموو زیندەوەرێک وەک پەرچەکرداری ئەو هەموو خوێنەی لەبەر کورد ڕۆیی وەک یادکردنەوەی ئەو برسێتیەی ئەنفالکراوەکان بینیان؟

(هەموویان پێکەوە) زۆر زۆر جوانە.

ئەی کەجوانە فەرموون بادەست پێبکەین؟

هەموویان بەپێکەنینەوە ئامادەین.

ئاسکە خان تۆ دەتوانیت بەڵێنی ئەوەم بدەیتێ کە لە رۆژی ٤/١٤ ئەگەر میوانیشت هات گۆشتی بۆ نەکەیت؟

بەڵێن بێت.

سوپاس بۆ بەڵێنەکەت.

بەڵێ زۆرم بەدڵە من رۆژی چواردەی چوار هەرنیم، من ئەو رۆژە پرسەمە، ئێمە بۆ خۆمان لە یادی ئەنفالدا ئەو ڕۆژانە ئاڵای رەش بەسەر ماڵماندا هەڵدەکەین، بەڵێ ئەو رۆژانە گۆشت ناخۆین هیچ سەرنابڕین چۆنت بەدڵە وادەکەین، بەڵێن بێت ئەو رۆژە خۆشەویسترین میوانیشم هەبێت گۆشتی بۆ ئامادە نەکەین.

دواپرسیارم ئەوەیە راستە ئێمە ئەم دیدارە بۆ تەلەفزیون و رۆژنامە ئەنجام نادەین تەنها بۆ دۆکیۆمێنت کردنە، بەڵام ئەگەر وا پێویست بوو بڵاوبکرێتەوە یان کەناڵیک داوای کرد چەند قسەیەک لەم دیدارە وەربگرێت؟ ئایا ئێوە قایلن بەوەی ئەم دیدارە یان گرتەیەک لەم دیدارەتان بڵاوببێتەوە؟

هەموویان (ئاسکە، بەندین شیرکۆ) بەڵێ قایلین و بگرە پێشمان خۆشە.

سوپاس بۆ ئێوە.

سوپاسی ئێمەش بۆتۆ و هاوکارەکانت.

کەمێکیش لەگەڵ شێرکۆی مامۆستا عەلی

کاک شێرکۆ ئەی بەڕێزتان هیچتان هەیە باسی بکەن؟ جاربەجار قسەیەکتان کردووە لەم دیدارەدا چی ترت هەیە بۆ ئەوەی کاتێک بۆ تۆش تەرخان بکەم؟

دەستتان خۆش بێت راستیەکەی زۆرشتمان باسکرد، منیش هەمان ئەو باسەیە کەدایکم باسی کرد. بەڵام تۆ چی پرسیارێکت هەیە من لەخزمەتدام.

تۆ هەتا ئێستا سەردانی تۆپزاوات نەکردۆتەوە؟

بەڵێ سەردانمکردۆتەوە بەڵام نەمتوانیەوە بەتەواوی بچمە هەموو شوێنەکان، دەمەوێت سەردانی نوگرەسەلمانیش بکەم ئەگەر بارودۆخی ئەمنی باشبێت لەڕاستیدا دەمەوێت لەگەڵ کەناڵێك یان کامێرامانێکدا بچم بۆئەوەی شوێنەکان

وێنە بگرم.

هەرخۆت دەچیت یان دایکیشت دەبەیت؟

حەزدەکەم ئەویش بەرم لەگەڵ خۆم.

چەند ڕۆژ لەتۆپزاوا مانەوە دایکت وتی دوو شەو؟

بەڵێ هەر دووشەو لەوێماینەوە.

دوای تۆپزاوا بردیانن بۆکوێ؟

بردیانین بۆ دوبز.

بەچی بردیانن؟

بەسەیارەیەکی کەبس بردینیانین، هەر وەك سەیارەی (ئیسعاف)[31] فریاکەوتنی تەندروستی وابوو. بەڵام کەمێک پانترو درێژتربوو، کەمێکیش نزم بوو.

نەتزانی چ جۆرێک بوون؟ تۆیۆتا مارسیدس یان شۆفرۆلێت؟

نەخێر ئەوەیان نازانم.

رەنگیان چۆن بوو؟

زۆربەیان سپی و سەوز بوون.

لەدوای روخانی حکومەتی بەعس لەو جۆرە سەیارانەت بینیوەتەوە؟

لەو شێوەو ڕەنگەم بەرچاو نەکەوتۆتەوە.

زۆر لەو کەسانەی کەبەو سەیارانە براون دەڵێن نەمان بینیوەتەوە، ئەگەر بینیتەوە ئەتوانیت وێنەی بگریت؟

بەڵێ بەس ئەو سەیارانە مۆدێلیان کۆنە بڕواناکەم ئێستا مابن، وەك ئەو سەیارانەی مۆتاو ساردەمەنی دەگوازنەوەو سەلاجەن، ئاوا قەپات بوون تەنها دوو پەنجەرەی بچوکی هەبوو یەکێك لە دواوە یەکێك لە پێشەوە لەو کونانەوە دەتتوانی شۆفێرەکە ببینیت دڵنیام تایبەتبوو بەسجن جا بۆ ئێمە بێت یان بۆ سجنی تر ئەوەیان نازانم.

---

٣١. ژنێک بەناوی بەسێ حەمە ڕەوف فەرەج لە گوندی میلقاسم لە دیمانەیەکدا لەگەڵ گۆڤاری ئەنفالستان دەڵێت پاسەکان موقەپەت بوون رەنگیان سەوز بوو سایەقەکەی دەرگای جیابوو. هەربەو سەیارانەش لەتۆپزاواوە بردیانین بۆ دبس.

جێگەی چەند کەس دەبۆوە؟

خۆی جێگەی شەش بۆ حەوت کەس دەبۆوە، بەڵام ئەوان بیست کەسیان تێدەکرد، ئەوان دەرگای دواوەی سەیارەکەیان دەنا بەدرگایی هۆڵەکەوە پڕیان دەکرد لەخەڵك بەبێ گوێدانە ئەوەی منداڵ بەجێدەمێنێت یان دایك، پڕیان دەکردو دەڕۆیشت بۆیە دایکم بۆئەوەی لەیەك وون نەبین بە لەچکەکەی خۆی هەمومانی بەستبوو بەیەکەوە ڕایدەکێشاین.

کە لە تۆپزاوا گواستیانەوە پێیان گوتن دەتان بەن بۆ کوێ؟ گوتیان دەتانبەین بۆ دوبز؟

نەخێر ئەوان دەیان گوت بۆ بەردانتانە، هەرکاتێك بیان بردینایە بۆ جێگایەکی تر، دەیانگوت ئۆردوگا (مجمع)مان بۆ کردونەتەوە دەتانبەین بۆئەوێ.

چ دیمەنێکی تۆپزاوات قەت لەبیر ناچێتەوە؟

(بەگریانێکی زۆرەوە) ئەو کات تەمەنم دەساڵان بوو باوکم بیرناچێتەوە، ئێستاش هەر لە بەرچاومە کراسێکی شین و شەرواڵێکی خاکی لەبەردابوو کە هاتن سەربازەکان بیبەن پێیگوتن یەك دەقە بۆستن هات بۆلای دایکم ٣٧٠ دیناری سویسری لەگیرفاندا بوو ٧٠ دینارەکەی هەڵگرت بۆخۆی و ٣٠٠ دینارەکەی دابەدایکم گوتی: بائەوە بەتۆ بێت ئاگات لەمنداڵەکان بێت. ئەو دیمەنەم بەلاوە زۆرناخۆش بوو هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە، دوایی بردیان ئێستاش لەبەرچاومە خێرا خێرا ئاوڕی دەدایەوە بۆ ئێمە، هەموو گەنجەکانیان کۆکردەوەو بەچیچکانەوە دایاندەنیشاندن، هەرشتێکیان لەگیرفان بوایە دەریان دەکرد جگە لەپارەو تەسکەرەکە.

ئەو شتانەیان چی لێدەکرد؟ کەلوپەلی هەموو ئەو خەڵکانەیان لەیەك شوێن کۆدەکردەوە؟

بەڵێ ساحەیەکی زۆر گەورە بوو لەوێ کۆیان دەکردنەوە.

چەند گەورەبوو دەتوانیت بڵێیت وەك و چ شوێنێك دەبوو؟

بەقەدەر گەورەیی یاریگایی چوارباخ دەبوو بە (موکەبەرە) بڵندگۆی دەستی قسەیان دەکرد ئەو بڵند گۆیانە بەپیل[٣٢] کاردەکەن بەکوردیش قسەیان دەکرد

٣٢. پیل مەبەستی باترییە. لە زمانی گشتی خەڵکدا بە پاتری دەڵێن پیل.

چونکە دەیان زانی هەموی کوردەو زۆربەی عەرەبی نازانێت. بێگومان کوردیشیان لەگەڵدابوو، دەیانگوت پیاوەکان دەبەین دوو سەعاتێك لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکەین و دوای ئەوە ئازادیان دەکەین، دەیانگوت : حکومەت باوکی میللەتەو ئێمە ئۆردوگامان کردۆتەوە بۆتان، ئێمەش لەلایەکەوە زۆردەترساین کە دەمانبینی گەنجەکان جیا دەکەنەوەو لەلایەکی تریشەو دەمانگوت ناکرێت ئەو هەموو کەسە بکوژن دەمانگوت لەوانەیە ڕاست بکەن.

منداڵی هاوتەمەنی خۆت کێت لەگەڵدابوو؟

کاروانی کوڕی کاك عەبدوڵام لەگەڵ بوو ئامۆزای باوکم بوو، هاوتەمەنی خۆم بوو ماڵی مامە ئەحمەدی مەلاڕەشیدمان لەگەڵدا بوو، کوڕو کچەکانی ئەوانیش هاوتەمەنی من بوون.

کام لەمانە ئەنفالکراوەو نەهاتۆتەوە؟

ئەمانە هەمویان ئازادبوون و هاتونەتەوە بەڵام هەیشە نەهاتووەتەوە بەس من نایان ناسم.

کەس هەیە لەسجن بوبێت بەهاوڕێت و ئێستاش هەر پەیوەندیتان پێکەوە مابێت؟ مەبەستم هەر خزم و کەسە نزیکەکانی خۆت نییە، هەر کەسێکی تر جا گەرمیانی بوبێت یان خەڵکی شوێنێکی تر؟

ئێمە باسی تۆپزاوا بۆ دوبزمان کرد لەوێ هەر ئەو خێزانانەمان لەگەڵبوو.

نا مەبەستم نوگرەسەلمانیشە؟

نەخێر هەرئەوانەبووین کە پێکەوە بووین.

سوپاس پێدەچێت ماندووبیت ئەگەر قسەیەکت نەمابێ کۆتایی بەدیدارەکەمان دەهێنین؟

سوپاست دەکەم من هیچم نەماوە، ئەرکتان کێشاو خۆشحاڵتان کردین.

دەتوانین ئەم دیدارە بڵاوبکەینەوە؟

بێگومان، تۆ ئازادیت.

دیمانەی ژمارە ٤

لەگەڵ بەندین عەلی خورشید



کە دەڵێن دایک نەدەپەرژایە سەر کوڕی، خۆی ئەوە بەڕاستی لە من و دایکم ڕویدا.

ڕۆژی : ٢٠١٤/١٢/٧
کات : ١٠ی سەرلەبەیانی
دیدار: عومەر محەمەد
هاوکار : ژیلوان ئەحمەد سەید
وێنەگر: ئاوات عەلی شەریف.
شوێن: سلێمانی ماڵی دیمانە لەگەڵ کراو.

پێدەچێت بەندین چاوەڕوانی بەناوبانگترین سینەماکارو بەبڕشتترین قەڵەم بێت هەتا چیرۆکی لە دایکبوونی بنوسێتەوە، دەنا دەبوو وەک ڕۆژنامەنوسێک هەر هیچ نەبێت ستونێک لەبارەی خۆیەوە بنوسێ ! ئەوە پرسیارێکە  کە ڕۆژگار وەڵامی دەداتەوە نەک ئەم دیمانیە.

ئەنفالی کوردی باشور پڕە لە تاوان و ستەمکاری، پڕە لە تاوانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ و کۆمەڵکوژی، بەهۆیەوە سەدان هەزار کوژران و بێسەرشوێن کران، سەدانیش هەر لە گوندەکانیاندا بەگازی کیمیایی خنکان وبریندار بوون، بە سەدان هەزار ئینسانی کورد برانە بیابانێکی خواروی عێراق و بە کۆمەڵکوژران، دەیان هەژار ژن و منداڵ ڕاپێچی کەمپەکانی کۆکردنەوە کران و دوای پۆلێنکردن و جیاکردنەوەیان توشی چارەنوسی ڕەش بوون، زۆرێک لەوانە کوژران وجارێکی تر بە زیندویی نەبینرانەوە زۆریشیان لەبارودۆخێکی نامرۆڤانەدا لە زیندان هێڵدرانەوە، کەم نین ئەو منداڵانەی لەزیندانەکانی دوبزو نوگرەسەلمان  لەبرسان مردن، تەنانەت کەم نین ئەو منداڵانەی لە زیندان لە دایکبوون و ئێستا ناویان ڕەنگدانەوەی بارودۆخی لە دایکبونیانە، (ئیڤا، بێناز، بێکەس، بەندی) بێگومان هەموو ئەو لە دایکبوونانە بەئازارن، بەڵام چیرۆکی لە دایکبوونی هیچیان هێندەی چیرۆکی بەندین بەئازارو پرسیار هەڵگرنین.

دەمێک بوو باسی ئەم کوڕەیان بۆ دەکردم کە لە نوگرەسەلمان لە دایک بووە و لەوێ دایکی ناوی (بەندی) لێ ناوە، ساڵی ٢٠٠٩ یەکەمجار کاک پشکۆ محەمەد ڕۆستەم لە کەلار و جارێکی تریش ساڵی ٢٠١١ خەڵکی تر لە شاری کفری باسی ئەم کوڕەیان لەگەڵدا کردمەوە، یەکێک لەوانە پیاوێک بوو بەناوی عەلی کە هەموو ئەندامانی خێزانەکەیان لە پەلامارەکانی ئەنفالی گەرمیاندا گیرابوون و بێسەروشوێن ببوون، لەکۆی خێزانەکەیان هەر بەتەنها بۆ خۆی مابوو، ئەو ڕۆژە عەلی زیاتر لەهەموویان ناچاری کردم بەدوای چیرۆکی بەندیندا بچم، کاتێک بە خەمبارییەوە قسەی لەبارەی ئەنفالەوە بۆ دەکردم. بەئاهێکی ساردەوە وتی کوڕە مامۆستا باسی چیت بۆ بکەم هەتا دنیا دنیایە چیرۆکەکانی ئەنفالی گەرمیان لەبن نایەن، ئەویش باسی ئەم کوڕەی بۆ کردم و هەر لەوێ ژمارە تەلەفۆنەکەی پێدام.

چەند ڕۆژێک دوای ئەوە قسەم لەگەڵدا کردو داوام کرد پێکەوە دیمانەیەک دەربارەی چیرۆکی لەدایک بوونی و ئەنفال و ڕۆژگارەکانی دوای ئەنفال ساز بکەین،

هەرچەندە زۆر بە میهرەبانیەوە پێشوازی لە خواستەکەم کرد، بەڵام ئەفسوس نە ئەو هێندە بەخەمەوە بوو نەمنیش بەهۆی سەرقاڵی خۆمەوە دەپەرژام هەنگاو بنێم، بۆیە هەر لەناو دەفتەری رۆژانەمدا ریز بەندکرابوو، کەچی ئەو دەرفەتەم هەر بۆ نەرەخسا. هەتا رۆژی ٧ی دێسمبەری ساڵی ٢٠١٤. ئەم دیدارەمان سازکرد.

پێدەچێت بەندین چاوەڕوانی قەڵەمێکی بەبرشت و فیلم سازێکی ئەفسوناوی بێت هەتا چیرۆکی ژیانی بۆ بنوسێتەوە هەتا لەوێزەی تراژیدیای ئەنفال و خەمی خۆی و خانەوادەکەی و هەزارانی وەک ئەوان بێت دەنا بەندین خۆی نەک هەر خوێندەوارەو قۆناغەکانی خوێندنی برِیوە، بەڵکو بڕوانامەی لە بەشی ڕاگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی بەدەست هێناوەو لەڕوی پسپۆڕییەوە رۆژنامەنوسە، کەچی عەجایەب بەندین نەک هەر چیرۆکەکانی ئەنفال نانوسێتەوە بەڵکو دەستی بۆ نوسینەوەی چیرۆکی لەدایک بوونی خۆی و ئەنفالکردنی ناوچەکەشیان نەبردووە ! پرسیارێکە دەشێت لەدەیان رەهەندەوە وەڵام بدرێتەوە، یان دەبێت هۆکاری چی بێت رۆژنامەنوسێک هیچ لەبارەی چیرۆکی خۆی و هەزاران ئەنفال دیدەی وەک خۆیەوە نالێت؟! خەمساردو بێباکە؟ بێتوانایە؟ یان دنیایەک هۆکارو فاکتەری جەوهەری لەپشتی ئەم پرسیارەوە خۆیان مەڵاس داوە؟ هەر بەڕاست بۆچی بەندین چیرۆکی خۆی نەنوسیوەتەوە؟ بۆچی گەنجێک کەبەشی راگەیاندنی تەواو کردووە، نابێتە چالاکێکی ئەو بوارەو تراژیدیەی کوردو خانەوادەکەی بۆچی لەبری ئەوەی فەرمانبەرێکی بەڕێوەبەرایتی هاتووچۆبێت، فەرمانبەرێکی دیارو ناسراوی وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان نییە؟ وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە رەنگە لە ناواخنی دیمانەکەشماندا دەستنەکەون بەڵکو هێشتا پرسیاری گرنگتر هەن کە دەبێت کۆمەڵگای بێخەمی کوردو حکومەتەکەی وەڵامی بدەنەوە.

دەبێت ئەوەش بڵێم لەو دیدارەدا بۆم رون بووەوە کە ناوی ئەو کورەی وا ساڵانێکە بۆم باس دەکەن، (بەندی) نییە بەڵکو (بەندین)ە، لە نوگرەسەلمان لە دایک نەبووە بەڵکو لە سەربازگەی دوبز کە شوێنی دەستبەسەرکردنی ژن و منداڵانی گەرمیان بووە، لە هەلومەرجێکی زۆر سەخت و نەگونجاودا لە دایکبووەو هەر دوای ئەوەی ئاسکەی دایکی منداڵەکەی لێ بووەتەوە، سەرباز هاتوون بەزۆرداری و قسەی بەرزونزم زیندانەکانیان لە هۆڵەکە کردووەتە دەرەوەو ڕاپێچی ناو ئەو پاسانەیان کردوون، ئەم کۆرپەیەش بەبێ ئەوەی پارچە پەرۆیەکیان دەست

بکەوێت تێوەی بپێچن لە سەر تاقێکی هۆڵەکەدا بەجێیان هێشتووە. بەڵام لەوەدا بەخت یاوەری بووە کەوا بەرلەوەی کاروانی پاسەکان بجولێن و بەڕێ بکەون، سەربازێکی دڵنەرم بەناوی (مەحمود یاخود حمودی) غیرەتی دەجولێت و کۆرپە تازە لەدایکبووەکە هەڵدەگرێت و دەچێت بەناو ژنەکاندا دەگەڕێت و دایکی دەدۆزێتەوەو کۆرپەلەکەی دەداتەوە دەستی، هەر بەوەندەشەوە ناوەستێ دواتر دەچێت دشداشەیەکی کۆنی خۆی بۆ دەهێنێت بۆ ئەوەی منداڵە تازە لە دایک بووەکەی تێوە بپێچن. هەموو فریاگوزارییەکی تەندروستی بەندینی تازە لەدایک بوو تەنها ئەو دشداشە کۆنە بوو، کەماوەیەکی زۆر تیایدا مایەوە.

ئەو پاسانەی کە سەرنشینە مەینەتبارەکانی نەیاندەزانی بەرەو کوێیان دەبەن ماوەی ١٣ کاتژمێری تەواو بەرێگاوە بوو، هەتا لەدوا وێستگە وەستان کە ناوحەوشەی نوگرەسەلمان بوو، یان راستتر بڵێین دۆزەخی ئەنفالکراوەکان بوو.

بەندین هەتا لە نوگرەسەلمان بوو کە ماوەی چوار مانگیان پێچوو، تەنها مرۆڤ و تەنیا منداڵی بێ ناوی سەر گۆی ئەم زەوییە بوو کە هیچ ناوێکیان لێنەنابوو، دایکی دەڵێت لەبەرئەوەی هیچ نەبوو بیدەمێ بیخوات و نە لەو بڕوایەدا بووم ئێمە ڕۆژێک ئازاد ببین و نە لەو بڕوایەشدا بووم کۆرپەکەم بژی. شێرکۆی براشی دەڵێت لەوێ مرۆڤ هیچ بەهایەکی نەمابوو، ئێمەش کەناومان هەبوو هیچ بەهایەک بۆ ناو و ناونیشانمان نەمابوو هەتا ناچاربین ناوێک بۆ براکەمان بدۆزینەوە، چونکە جگەلەوەی ڕۆژانە خەڵک بەتایبەتیش پیرەکان و منداڵ دەمردن هەمیشە چاوەڕوانی مەرگێکی لەناکاومان دەکرد، لەنوگرەسەلمان هێندەی چاوەڕوانی مەرگ بووین هێندە چاوەڕوانی لێبوردن و دەرفەتی ژیان نەبووین. بەڵام هەر چۆنێک بوو کوڕە لەو دۆخە سەختەدا ژیاو دوای ٤ مانگ مانەوە لە نوگرەسەلمان کە گەڕانەوە لە کۆمەڵگای ڕزگاری مامی ناوی نا، (بەندین) هەر چەندێک بتەوێ قسە لەبارەی مێژوی خوێناوی ئەنفال و تەنانەت لەبارەی خودی بەندین و خانەوادەکەی و ئاسکەی دایکی تەواو نابێ، بەڵام من ئیتر واز لەقسەکردن دەهێنم و بانگهێشتتان دەکەمە ناو دەقی دیدارێکەوە کە رۆژی ٧ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٤ لەگەڵیدا سازم کردووە.

دەقی دیدارەکە:

زۆرخۆشحاڵم کە ئێستا پێکەوە دانیشتوین و دیدارێک لەبارەی چیرۆکی لە دایکبونت ساز دەکەین، یان پێکەوە گفتوگۆیەک دەربارەی تاوانی ئەنفال و ژیانی تۆ دەکەین.

بێگومان منیش خۆشحاڵم.

**کەواتە ئامادەی؟**

بەڵێ بێگومان بەخۆشحاڵییەوە.

**با لە ناوی سیانی خۆتەوە دەست پێبکەین؟**

من ناوم بەندین عەلی خورشیدە.

**بەندی عەلی خورشید؟**

ببورە من ناوم (بەندین)ە نەک بەندی ، بەو واتایەی کە هەموومان (بەندکراویین) هەمووومان بەندین نەک هەر من. ڕاستە دایکم هەر بەبەندی بانگم دەکات، بەڵام من ناوم بەندینە.

**دەستخۆش بۆ راستکردنەوەی ناوەکەت و ڕونکردنەوەکەت منیش هەر واتێگەیشتبووم کە ناوت بەندییە، نەک بەندین. دوبارە سوپاس بۆ ڕونکردنەوەکەت.**

سوپاس بۆ تۆش.

**ئەوە بۆمن ڕونە کە تۆ ساڵی ١٩٨٨ لەدایک بوویت، دایکیشت بەسەرهاتی خۆیانی بۆ گێڕامەوە کە چۆن گیراون و ئەنفالکراون و ماوەیەکی زۆر لە سەربازگەی دوبز دەستبەسەر بوون، لە میانەی چیرۆکی گرتن و ڕاگواستنیاندا ئەو دوگیان بووە بەتۆوە، ئەوەشی بۆ باس کردم کە تۆ لە چ بارودۆخێکی نەگونجاودا لەدایک بوویت، هەڵبەت خۆشت چیرۆکی لە دایک بوونی خۆت دەزانیت؟**

بەڵێ بێگومان.

**کەواتە ئەوەش دەزانی کە هۆکاری ناولێنانی تۆچییە؟**

بەڵێ دایکم بەدەیان جار باسی ئەوەی بۆ گێڕاومەتەوە.

**چی بۆ گێڕاویتەوە؟ بابڵێین چی بۆ باسکردوویت؟**

کاتێک ئەوان گیراون دایکم بە من دوگیان بووەو من لەسکیدا چوار مانگ بووم، کە ئەوان ئەنفالکراون، پێشتریش لەگەڵ باوکمدا گونداو گوند گەڕاوەو ژیانێکی زەحمەتیان هەبووە، باوکم پێشمەرگە بووەو لە حکومەت قاچاغ بووە، مامۆستای شۆڕش بووەو ئەو گوندانەی کە حکومەتی ئەوسای عێراق خوێندن و تەنانەت ژیانی تێدا قەدەغەکردوون باوکم لەوێدا وانەی بە قوتابیانی گوندەکان وتووەتەوەو منداڵانی فێری خوێندەواری کردووە. بەڵام ئیتر حکومەتی ئەوسای عێراق هێرشی کردووەتە سەریان و گرتوویانن.

**کاک بەندین بەرلەوەی بچینە سەر باسی ئەوەی ئەم ناوە بۆتۆ چی دەگەیەنێت و چەندە کاریگەری لەسەر تۆ هەیە، دەمەوێت بزانم تۆ چ کارەی؟ چی کارێک دەکەیت؟**

مەکتەبم تەواو کردووەو ئێستا لەبەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ فەرمانبەرم.

**خوێندنی چیت تەواوکردووە؟**

راگەیاندن.

**کۆلیژی ڕاگەیاندن؟**

نەخێر پەیمانگای تەکنیکی بەشی ڕۆژنامەنوسی ئەوەی سلیمانی لەگەرەکی بەختیاری.

**سالی چەند تەواوت کردووە؟**

سێ چوار ساڵ لەمەوپێش تەواوم کردووە.

**کەواتە نازانی چ ساڵیک تەواوت کردووە؟ ئێستاش لەبەرێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی هەر کاری راگەیاندن دەکەیت یان ئەرکێکی ترت گرتووەتە ئەستۆ؟**

پێشتر لەبەرێوەبەرایەتی هاتوچۆش هەرکاری ڕاگەیاندنم دەکرد، بەڵام ئێستا لەو بەشە نەماوم و ئەرکی ترم لەئەستۆیە.

تۆ بۆ خۆت وەک کەسێکی زانستی چۆن لەکاری راگەیاندن دەڕوانی؟ بۆچی دۆسێی ئەنفالت فەرمۆش کردووە، چونکە بۆ خۆت خاوەنی دۆسێیەکی زۆر گرنگیت چیرۆکێکی تایبەتت هەیە؟

راستیەکەی بەپێی مەجالەکەم و بەپێی ئیشەکەم زۆر دەرفەتم نەبووە. هەتا لایەنی ژیانم مسۆگەر نەکەم و پاڵپشتێکم نەبێت ناچارم هەستم کارێکی تر بکەم.

**کەواتە تۆ گرانی ژیان و بژێوی رێگرە لەبەردەمت بۆ ئەوەی وەک راگەیاندنکارێک لەوبوارەدا کاربکەیت؟**

بەڵێ بێگومان. من کە پۆلی شەشم تەواوکرد (مەبەست ئەوەیە قۆناغی ئامادەیی بڕی) دامەزرام، هێشتا ناوم نەهاتبووەوە هەتا بزانم لە کوێ دەخوێنم کە من دامەزرام. کەدامەزرام و وەک کارمەندێک دەستبەکار بووم، ناوم لەپەیمانگای تەکنیکی سلێمانی هاتەوە، دەبوو بەیانیان بخوێنم ئەوەش لەگەڵ کارەکەم نەدەگونجا، ئیتر ناچاربووم ئێواران بخوێنم ئیتر هەم لە فەرمانگە کارم دەکردو هەم لەپەیمانگەش دەمخوێند.

**ئینجا ئەوە بۆ تۆ گونجاو بوو؟**

دەبوو بیگونجێنم بەیانی کاتژمێر ٧ لەماڵەوە دەردەچوم کاتژمێر ٩ی شەو دەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە.

**لەبەڕێوەبەرایەتیەکەی خۆتان دەزانن کە چیرۆکی بەندی چییە؟ بۆچی ناوی بەندییە؟**

بەڵێ بەڕێوەبەریش دەیزانێت، بەشی هەرە زۆری بەڕێوەبەرایەتییەکەمان دەیزانێت مەگەر بەدەگمەن.

**تێڕوانینی هاوکارەکانت و بەڕێوەبەرەکانت چۆنن بۆ تۆ، هەڵبەت بۆ خودی خۆت نالێم وەک کەسایەتی، مەبەستم ئەوەیە ئەوانەی کاریان لەگەڵدا دەکەیت چۆن سەیری ئەنفال دەکەن و چۆن لێی تێگەیشتوون و چۆن سەیری هاوکارێکی خۆیان دەکەن کە لەزیندان لەدایکبووە؟**

بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر کەسێک خۆی قوربانی نەدابێت ڕەنگە ئەو کاریگەرییەی لەسەری نەبێت، ئەگەر کەسێک خۆی قوربانی دابێت و بزانێت

ئازارەکەی چۆنە رەنگە کاریگەری هەبێت لەسەری.

**بەڵام ئەوە مەرج نیە، هەیە قوربانی نەداوەو کەسی ئەنفال نەکراوەو کاریگەری زۆریشی بەسەرییەوە هەیە؟**

ڕاستە هەیە، بەڵام هەیشە زۆر ئاساییە بەلایەوە، بەتایبەتی ئەم (جیل)ەی ئێمە، ئەوانەی پێش ئێمە تاڕادەیەک کاریگەری هەیە بەسەریانەوە. دەزانن ئەنفال رویداوەو هەڵەبجە کیمیاباران کراوە.

بەڵام ئەوە زانیارییەکی گشتییە، ئێستا نەک کورد هەموو دنیا وێنەگشتیەکەی ئەنفال دەزانن بەڵام وردەکارییەکانی ناو وێنەکە نازانن، من نمونەی کوڕی موستەشارێکت بۆ باس دەکەم، کە خۆی منداڵ بووە کاتێک باوکی لەتاوانی ئەنفالەوە گلاوە، ئێستا زۆر ئازار دەچێژێت کە باوکی بەشداری تاوانێکی گەورەی کردووە، ئەم کوڕە بێدەسەڵاتە بەڵام زۆر کاریگەری ئەو بەشداری کردنەی باوکی بەسەرەوەیە. بەهەرحاڵ با لە بابەتەکەمان دورنەکەوینەوە.

منیش بەرێژەیی باس دەکەم هەمووی وەک یەکنین.

**ڕاستە بێگومان وایە، بەڵام ڕێگەم بدە پرسیارێکی ترت لێ بکەم، هاوکارەکانت هەتا چەند رێز لەبەندین دەگرن نەک وەک کارمەندێک یان وەک کەسایەتییەک بەڵکو بەندین وەک کوڕێک کە لەئەنفالدا لەدایکبووە؟**

هەتا ڕادەیەکی باش.

**بیرت لەوە نەکردووەتەوە لە بری ئەوەی کارمەندی بەڕێوەبەرایتی هاتوچۆبێت کارمەندێکی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بیت؟ ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەمە بەخەیاڵتدا نەهاتووە؟**

ناتوانیت.

**بۆ ناتوانیت کارمەندێکی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان بیت؟ من پرسیاری ئەوەم کرد بیرت لێنەکردووەتەوە؟**

بیریشی لێبکەمەوە بەڕاستی دەیڵێم ئەو کارەی ئێستام باشترە.

**بۆچی باشترە؟**

راستیەکەی ئەوەی کەلێرە یان لەم کارەی ئێستامدا دەتوانم گوزەرانی ژیانی

خۆمی پێ دابین بکەم لە وەزارەتی شەهیدان ناتوانم.

**بەدەر لە گوزەران بۆ نمونە لە پشتی ئەو کامێرایەوە لە بری کاک ئاوات یان کاک ژیلوان بەندین بوایە؟**

زۆر زۆریش زیاد لە پێویست بەڵێ وەک ئەو لایەنەیان راست دەکەیت زۆر زۆریشم پێخۆشە، بەڵام چیبکەم ژیان هەر ئەوەندە ڕێگەم پێدەدات، باش لەمەبەستەکەی تۆ تێدەگەم لە بری ئەوەی پۆلیسێکی هاتوچۆ بومایە کاری راگەیاندنم بکردایەو بەدوای چیرۆکەکانی ئەنفالەوە بوومایەو وێنەیانم بگرتایەو بەخەڵکم بناساندنایە. بەڵام چی بکەم لەگەڵ ڕۆژگاردا.

**قەت بەدوای ئەو کەسانەدا نەگەڕاویت کەوەک خۆت لە زیندان لەدایکبوون و لەزیندان ناو نراون؟**

نەخێر نەگەڕاوم بەڵام حەزدەکەم بزانم.

**بەلای کەمەوە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بیانکەیت بەهاوڕێی خۆت؟**

نەبووە بەڵام حەزدەکەم کە هەبێت.

**خەڵک هەیە نەک لە زیندان بەڵکو لەڕێگە لەناو ئیڤادا لە دایکبووەو ئێستاش ناوی ئیڤایە.**

بەڵێ دڵنیام کەهەیە مەبەستەکەی من ئەوەیە کە برادەرم نەبوون، من نەمناسیون.

(شێرکۆی برای هاتە ناو قسەکانمانەوەو وتی هەیە چەند کەسێکی خزمی خۆمانمان لەگەڵدا بوون لە نوگرەسەلمان و دوبز، بەندی وەڵامی دایەوە ئاخر خۆ ئەوانە لە زیندان لەدایک نەبوون ئەوان ئەنفال بوون بەڵام لێرەدا مەبەستەکە ئەوانەیە کە لەزیندان وەکو خۆم لە زیندان لە دایک بوون)

**کاک بەندین کەسێک دەناسیت بەناوی ئیڤا؟ مەبەستم ئەوەیە کەسێکت بیستووە بەو ناوەوە؟**

نەخێر.

**گەرمیانیەک هەیە لەکاتی پرۆسەکانی تاوانی ئەنفالدا لەناو (ئیڤا)دا لە دایک بووە، بێگومان دەزانیت کە ئیڤا جۆرە ئۆتۆمبیلێکی سەربازیی ئەوکاتە**

**بوو، ئۆتۆمبیلێکی ڕەزاگران و دزێوە.**

نایناسم نەمبیستووە.

**بێگومان کەسیش نایناسیت بەناوی (بێ ناز) من بۆیە ئەمانەت بۆ باس دەکەم کە بیزانیت کەسانی تریش هەن وەک تۆ لەزیندان لەدایک بوون، وەک تۆ ناوەکانیان گوزارشت لە چیرۆکی لە دایکبوونیان و تاوانێک دەکەن کە دەرهەق بەکورد ئەنجام دراون. کەسێک لە بالیسان ناوی (کیمیا)یە لەبەرئەوەی لە کاتێکدا لە دایکبووە کە بۆمبارانی گوندەکەیان بەچەکی کیمیایی دەکرا، بەداخەوە ئەویش نەژیاو گیانی لەدەستدا، کەسیش هەیە لە تۆپزاوا لەدایک بووە ناوی (بێنازە) کەواتە تۆ تەنیا نیت ، بەڵام ببورە هەست ناکەیت وەک ڕاگەیاندنکارێک وەک ئەنفالکراوێک جگەلە ئەرکی ڕۆژانەی خۆت ئەرکێکیشت فەرامۆش کردووە؟**

تۆ ڕاست دەکەیت لە مەبەستەکەت تێدەگەم بەڵام بۆ نمونە کچێک لەگەرمیان چیرۆکی ژیانی وەک هی منە، بەڵام لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆر ئاسایی نیە، کچ و کوڕێک لە تەمەنێکدا بڵێم وەرە با هاوڕێ بین و یەکتر بناسین ڕەنگە ئێستا تاڕادەیەک لە جاران باشتر بێت.

**بەڵام کوردستان تا ئەو ئاستە داخراو نییە کە تۆ مەترسیت هەیە لەسەری یان شەرمی تێدا بکەیت.**

ڕاستە بەڵام ناوچەکەی ئێمە لەگەڵ ئێرەدا (سلێمانی) جیاوازیان زۆرە. من لەوێش هەڵسوکەوتم لەگەڵ خەڵکدا کردووەو لێرەش هەڵسوکەوتم لەگەڵ خەڵکدا کردووە. بێگومان بۆ ئێرە تۆ ڕاست دەکەیت. بەڵام بۆ لەمەولا هەوڵدەدەم لەبەرئەوەی هاوسەرگیریم کردووە.

**کەواتە ئەوەشمان زانی کە هاوسەرگیریت کردووە پیرۆزتان بێت، بەڵام پێمبڵێ ساڵێ چەند هاوسەرگیریتان کرد؟**

ئەمساڵ، هێشتا ساڵێکمان پێکەوە تێنەپەڕاندووە.

**کورد وتەنی پێکەوە پیرو خەڕۆبن، هاوسەرەکەت گەرمیانیە یان بابڵێین ئەویش هەر کەسوکاری ئەنفالە؟**

بەڵێ ئەویش کچی شەهیدە، باوکی شەهیدەو دایکیشی کۆچی دوایی کردووە.

**بەندین واتا ناوەکەت هەتا چەند کاریگەری بەسەر ڕەفتارو باری دەرونیتەوە هەیە؟**

خۆت دەزانی من لەزیندان لەدایک بووم، ساڵی لەدایک بوون و ساتەوەختی لەدایک بوونم لەبیر نیە، بەڵام دایکم بۆی گێڕاومەتەوە کە چۆن لەدایک بووم، من هەرگیز ئەوەم لە بیرناچێتەوە، بەڵام لەلایەکی تریشەوە شتێکی ناخۆشە لە یادەوەریمدا.

**بامەبەستەکەم ڕونتر بکەمەوە، ئێمە هەموومان مرۆڤین ئەگەری ئەوە هەیە وەک چۆن کاری باش دەکەین کاری خراپیش بکەین، بۆ نمونە تۆ گەنجێکیت لەکۆمەڵگەدا هەڵسوکەوت دەکەیت، ڕۆژێک ویستووتە هەڵسوکەوتێک بکەیت، ڕەنگە بەهەڵەشی نەزانی یان گەندەڵییەک بکەیت، بەڵام کاتێک دەتەوێ ئەو کارە بکەیت شتێک ڕێگرە ئەویش ناوەکەتە کەدەتباتەوە بۆ رابوردوی خۆت بۆ شێوازی لەدایک بوونت بۆ ئەشکەنجەی دوبز یان نوگرەسەلمان کە دایکت و براکەت بۆیان گیراویتەوە؟**

بەڵێ من خۆم ناوم بەندینە، لەماڵەوەش پێم دەڵێن حەمە واتە محەمەد ئەویش ناوێکی پیرۆزە، بەندینەکە ناوی خۆمە تایبەتە بەخۆم، ناتوانم هیچ بکەم.

**بەڵام ئەوە بزانە ناوی تۆ گوزارشت لە ئازاری میللەتێک دەکات، ئەگەر ئەنفال نەبوایەو کۆمەڵکوژی و ئازاری دەستەجەمعی نەبوایە ڕەنگە ئێستا تۆ ناوت شادمان یان شادی بوایە بەڵام بەندین بە واتای ئێمە بەندکراوین یان بەندکرابووین؟**

وایە ئەوەش ڕاستە.

**بێگومان دایکت زۆری بۆ گێڕاویتەوە، بەتایبەت لەوڵاتێکدا کە کارەبا نەبووەو تەلەفزیۆن نەبووە، بەردەوام ئەو خانەوادانە چیرۆکی خۆیان بۆ خۆیان وبۆ میوانەکانیان و بۆ منداڵەکان گێڕاوەتەوە، شێرکۆ یان برایەکی ترت بۆی گێڕاویتەوە، ئایا شادمانی بەوەی ئەوکاتە تۆ منداڵێکی ساوابوویت و بێ ئاگابوویت لەو ئازارو ئەشکەنجەیە یان هیوات دەخواست تۆش تەمەنت ئەوەندە ببوایە کە ئەو ئازارەیان لەگەڵدا بەش بکەیت و بەشداریان بکەیت؟**

هەرچەندە بیری لێبکەیتەوە قورسە، زۆر سەختە زۆر نازانم چی بڵێم دایکم باسی دەکات من دەست دەکەم بەگریان.

**بەڵام پرسیاری من لەتۆ تەنها وەک ئەنفالکراوێک نییە، بەڵکو وەک ڕاگەیاندنکارێکیشە، مەبەستم ئەوەیە قەت ڕۆژێک بیرت لێکردووەتەوە بڵێیت باش بوو من لەو دۆخە مەترسیدارەدا منداڵێکی بێ ئاگابووم؟ باش بوو ئەوەندە گەورە نەبووم و ئازارو ئەشکەنجەی ئەو خەڵکەم بەچاوی خۆم نەبینی؟**

بەڕاستی بیرم لێنەکردووەتەوە بەڵام رەنگە ئەو ئازایەتی و خۆڕاگرییەی ئەوان بویانە من نەمبوایە.

دایکت وتی هەتا لە نوگرەسەلمان بووین و هاتینەوە بەندین هیچ ناوێکمان لێ نەنابوو، لە رزگاری مامت ناوی ناویت؟ ئەگەر خۆت ناوی خۆتت هەڵبژاردایە هەمان ناوت لەخۆت دەنایەوە؟ یان با بڵێین تۆ لە ناوەکەی خۆت رازیت؟

بەڵێ.

**ئەگەر دەرفەتت هەبێت سەرلەنوێ ناوێکی تر بۆخۆت هەڵبژێریتەوە هەر ئەو ناوە بۆخۆت دادەنێیتەوە؟**

بەڵێ.

**دایکت بۆی باس کردم کە تۆ لە چ بارودۆخێکی سەختدا لە دایک بوویت، هەڵبەت بۆ خۆشتی باسکردووە؟**

نەک جارێک دەیان جار بۆی گێڕاومەتەوە، لەو هەلومەرجە سەختەدا من لە دایک بووم هەروا کاتژمێرێک دوای ئەوەی چاوم بەدنیا هەڵهێناوە، زیندانیەکانیان ڕاپێچی ناو سەیارە کردووەو دایکم منی بەجێهێشتووە، بەبێ ئەوەی پەڕۆیەکیشم تێوە بپێچن، لەسەر تاقی پەنجەرەیەک بەجێیان هێشتووم ، دوایی سەربازێک هەڵیگرتوومەتەوەو بردومیی بۆ دایکم.

**بەڵێ ئەوەی دەمەوێت بپرسم ئەمەیە ئەو چیرۆکەو دواخستنی ناولێنانت چۆن لێک دەدەیتەوە؟ چۆن بیری لێدەکەیتەوە؟**

بیر لەوە دەکەمەوە ئەو خەڵکە لە چ دۆخێکی سەختدابوون، ئەنفال چ ڕەزالەتێک بووە، ئەگەر وا نەبوبێت دایکم و خوشک و براکانم چۆن بەجێم دەهێڵن؟ بۆ بەجێیانهێشتووم؟ دیارە ژیانیان زۆر زەحمەت و سەخت بووە.

کەواتە ئەوەی لەکوردەواریدا دەیڵێن دایک نەدەپەرژایە سەر کوڕی خۆی

بە ڕاستی لەنێوان تۆو دایکتدا رویداوە، لەنێوان (ئاسکە) دایک و (بەندین)ی مەلۆتکەدا ڕویداوە.

بەڵێ بەواقعی رویداوە. هەمیشە وەک فیلمێک دێتە پێش چاوم.

**قەت بیرت لەوە کردووەتەوە ئەگەر بەجێیان هێشتایتایە چی ڕوی دەدا؟**

ئەی چۆن بیری لێناکەمەوە ئەنفال تەنها من و دایکم خوشکەکانم نەبووین خەڵکێکی زۆر بوون بیر لەخۆمان و ئەوانی تریش دەکەمەوە.

**مەبەستەکەم رونتر دەکەمەوە، ئەگەر بەندین بەجێبهێڵدرایە، دایکت بڕۆیشتایە بۆ نوگرەسەلمان و منداڵێکی تازە لەدایکبووش لەسەر ئەو تاقی پەنجەرەیە بمایتایەتەوە، لەو کاتەدا دوو ئەگەر هەبوو یان لەبرسا دەمردو عەسکەر دەیانشاردەوە یان عەسکەرێک وەک چۆن رەحمی جوڵاو دشداشەکەی خۆی تێوەپێچا بوو دایەوە دەست دایکت بیدایە دەست خێرخوازێک یاخود بۆ خۆی بیبردایەو گەورەی بکردایە.؟ لەهەردوو حاڵەتەکەدا کەسێک ون دەبوو ئەگەر بمردایە مرۆڤێک ون دەبوو، ئەگەر بژیایە هەر رەچەڵک و رەنگە نەتەوەو تەنانەت ئاینیشی ون دەبوو، چونکە رەنگە ئەوەی هەڵیدەگرێتەوەو بەخێوی دەکات مەسیحیەک یان ئێزدییەک یاخود کلدۆ ئاشورییەک بێت؟**

زۆر زۆر ڕاستە بەڵام راستی من وا بیرم لێنەکردووەتەوە.

**بەڵام پێویستە هەموو کورد وابیری لێبکاتەوە، دەبێت چەند منداڵ لە قەراغی گۆڕی بەکۆمەڵ لەدایک بووبن، یان بە پێچەوانەوە بەخت دەرفەتی ژیانی داوە، بەڵام لەدایکی دابڕێندراوەو عەرەبێک لە ڕوی سۆزی ئینسانیەوە بەخێوی کردووەو هێشتا وەک نهێنیەک ماوەتەوە؟**

ڕاستە، بەڵام منیش زۆرجار بیرم لێکردووەتەوە دەبێت چەند کەس وەک من بوون یان بەهەمان شێوەی من بووبن.

**تۆ وەک راگەیاندنکارێک هەست ناکەیت کە کۆمەڵگەی کوردی و ڕاگەیاندنی کوردی تەنها وێنە گشتیەکەی ئەنفال دەبینێت و وردەکارییەکانی نازانێ؟**

بەڵێ وردەکارییەکان پیشان نادەن. ئەوانەی ئەمساڵ لە راگەیاندن دەیبینین ساڵێکی تریش هەمووی دوبارەیە.

**تۆ ڕاگەیاندنکارێکی هەر چیرۆکی خۆت فیلمێکە, ئەگەر کورد خاوەنی سینەما بێت هەر تۆ بۆ خۆت پاڵەوانی فیلمێکی سینەمایت، فیلمێکی گەورەو نەمر. تۆ وەک میدیاکارێک و وەک کارەکتەرێکی ناو ئەنفالیش ڕۆژێک لەڕۆژان میدیای کوردیت ڕوبەڕوی ڕەخنە کردووەتەوە کە بە کەناڵەکان بڵێیت ئەنفال هەر ئەوە نییە بڵێین سەدو هەشتاو دوو هەزار کەسمان لە دەستچوو، ئەنفال هەر گوندی نەڕوخاند و هەر کوردی کۆمەڵکوژ نەکرد، بەڵکو سەدان هەزار چیرۆکی تراژیدی و سەرسوڕهێنەری دروست کردووە؟**

بێدەنگی........................ بێدەنگی.

**بۆ بێدەنگیت؟ دایکت خاڵێکی زۆر گرنگی باس کرد؟ دوای ڕزگار بوونتان لە نوگرەسەلمان دایکت لە کوردستانی ئازاددا کاری بۆ ماڵی بەرپرسێک یان بەڕێوەبەرێک کردووە، بەڵام کرێی پێنەداوە بەڵکو لەبری ئەوە چنگێک ئاردی پێداوە دایکت بۆ قبوڵی کردووە بێگومان لە پێناوی ژیانی ئێوەدا؟ بەڵام لەسەروەختی ئەنفالدا سەربازێک دشداشەکەی خۆی پێداوە بۆ ئەوەی لە تۆیەوە بپێچن؟ ئەمە ناکۆکییەکی زۆر گرنگە.**

وایە

**پێت باشە ئەنفال بە چ ئاراستەو ئاقارێکدا بەرین؟ ئایا لەیادی بکەین و بەردێک بخەینەسەری؟**

ئەوەیان نەبووەو قەد ناکرێت ئەنفال هەمیشە دەبێت یادی بکرێتەوە.

**چۆن یادی قوربانیەکانی بکەینەوە؟**

پێویستە بەشێوەیەکی تر یادی ئەنفال بکەینەوە، ڕوداوەکە لە ڕوکەشی دور بخەینەوەو بەڕوکەشی پێشانی نەدەین، یادی ئەنفال ناکرێت تەنها لە ٤/١٤ دا بکرێتەوە، تەنها لەو ڕۆژەدا بۆچی؟ بۆچی ڕۆژی یادی ئەنفال نەبێت سرودەکەی دیاری قەرەداخی سەرناخەن؟ بۆچی چیرۆکێکی ئەنفال ناگێڕنەوە؟ بەداخەوە تەنها لەو ڕۆژەدا باسی ئەنفال دەکەن و تەواو.

**لەیادی ئەنفالدا لەبری ئەوەی تەرمێکی ناو گۆڕەبەکۆمەڵەکان پیشان دەدەن چیرۆکی تۆ یان هەر کەسێکی تر بگێڕنەوە باشترنیە؟ گوناه نیە منداڵەکەی تۆ**

**ئەوهەموو ئێسک و پروسکەی پیشان بدەن؟**

بەڵێ زۆر نارەوایە لە بری ئەوە سەردانی ماڵی ئەنفالکراوەکان بکەن زۆر باشترە، جیرۆکەکان پیشان بدەن زۆر باشترە، پرۆژەی خزمەتگوزاری بنیاتبنێن زۆر باشترە بەڵێ لەگەڵ تۆم. با ئەوانە قسە بکەن لە لەناو جەرگەی روداوەکاندا بوون ، نمونەی دەیانی وەک من پیشان بدەن.

**تۆ بۆچی وەک راگەیاندنکار هاوکار نابیت لەوەی دەزگاکانی میدیاو کۆمەڵگا بێنە ژێر ئەم بارە؟**

بەقسەی من نایەنە ژێر بار.

**ئەگەر کاربکەیت کاریگەریت دەبێت، ئەگەر فشار دروست بوو دێتە ژێر بار، پێتوایە بەبێ کارکردن هیچ پێداویستیەک دەستەبەربێت؟**

بەقسەی کۆمەڵگە دێت تەنها بەقسەی من نایەتە ژێربار.

**ئەی کۆمەڵگە کێیە من وتۆ نین کۆمەڵگە لەتاکەکان پێک نایات؟**

بەڵێ وایە بەڵام من بەتەنیا هیچم پێناکرێت کۆمەڵگە بەقسەی من نایاتە ژێربار.

**بەهەرحاڵ با پرسیارێکی تر بکەم، بێگومان پێش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ هەلومەرجی کەسوکاری ئەنفالکراوان زۆر سەخت بووە، دوای راپەڕین گۆڕانکارییەک هاتە ئاراوە ڕاپەڕین چی بەئێوە بەخشی چی لەژیانی ئێوە گۆڕی؟**

هەرگیز برینی ناخی ئێمە سارێژ نابێت، برینی دایکم بەچی سارێژ دەبێت؟ بەڵام بێگومان تاڕادەیەکی زۆر ئێستا زۆر لە پێش راپەڕین باشترە، بەلای کەمەوە ئەوسا نەمان دەوێرا بڵێین ئێمە کەسوکاری ئەنفالین بەڵام ئێستا بەسەربەرزییەوە دەڵێین باوکمان ئەنفالکراوە. خۆمان ئەنفالکراوین. ناڵێم زۆر باشین بەڵام هەر هیچ نەبێ لەڕوی گوزەرانیشەوە وەزعی ئەنفالکراوان باشتر بووە.

**راپەڕین تاچەند کاریگەری ئەنفالی لەسەر ئێوە لابرد؟**

کاریگەری بووە پێش راپەرین وەزعی کەسوکاری ئەنفال زۆرخراپ بوو.

**چی لەبارەی ئەنفال دەزانی لەمێژودا؟**

ئەوەی من لێی تێگەیشتووم بە کۆمەڵ بردن و بەکۆمەڵ کوشتن و زیندەبەچاڵکردنە.

**لەمێژوودا دەڵێم ئەنفالی کورد ناڵێم؟**

ناوی سورەتێکی قورئانە.

**ئەی نازانیت لەچییەوە هاتووە واتای چییە؟**

راستی لەباری مێژووییەوە هیچی لێ نازانم. یەک دو جاریش بۆیان وەرگێڕامە سەر زمانی کوردی بەڵام زۆر لێی تێنەگەیشتم.

**بەڕای تۆ حکومەتی بەعس بۆچی ئەو کۆمەڵکوژی و پەلامارەی ناونا ئەنفال؟**

نازانم بەڵام حکومەتی بەعس کارێکی زۆر ناڕەوای کردووە.

**بۆچی ناڕەوایە؟**

لەبەرئەوەی بەناوی قورئانی پیرۆزەوە یان بەناوی سورەتێکی قورئانی پیرۆزەوە زیندە بەچاڵ و کۆمەڵکوژی کردووە.

**بەڵام غەزاو تاڵانی پێش هاتنی ئاینی ئیسلامیش لەلایەن عەرەب و خێڵە عەرەبەکانەوە هەر لە دژی خودی عەرەبەکاندا کراوە؟ بۆچی حزبی بەعس سڵی لە قورئانی پیرۆز نەکردەوە کە ئەو کۆمەڵکوژییەی کرد؟ ئەگەر بەعس کارێکی ناڕەوای کردووە ئەو پەلامارە سەربازییانەی بەناوی ئەنفالەوە ناونا، ئەی بۆچی قورئانی پیرۆز هێزی ئەوەی نەبوو کە ڕێگە لە ئەنفال بگرێت؟**

نازانم.

**پێدەچێت ئەم بەشەت لەگفتوگۆکەمان پێخۆش نەبێت؟**

ئەوەیان لایەنێکی دینیەو زۆر پەیوەندی بەحزبی بەعسەوە نیە. ئەو بەهەڵە تەفسیری ئایەتەکەی کردووە بۆیە قەتلوعامی کوردی بەوەوە ناوناوە.

**بەڵام تەفسیریش ئینسان دەیکات و ئەوانەی تاوانی ئەنفالیان کرد هەر ئینسان بوون و ئەوانەشی ئەنفالکران هەر ئینسان بوون، هەردولاشیان هەر ئیسلام بوون.**

راستە وایە.

**یادەوەری خاڵێکی زۆر گرنگی هەر میللەت و نەتەوەیەکە، کورد چۆن یادەوەری**

**خۆی دەپارێزیت؟**

پێشتر باسمان کرد هەموو ساڵێک یادی ئەنفال دەکرێتەوە بەڵام ئامانجەکەیان نەپێکاوە. پڕاوپڕ بەباڵای ئەنفال نییە، هەر لەڕۆژێکدایە.

**تۆ لە شێوازی یادەکان ناڕازیت، بەڵام یادەوەری کورد هەر ئەنفال نیە، من باسی یادەوەری نەتەوەیەک دەکەم.**

ڕاستە، تۆ ناکرێت تۆ مێژووی خۆت لەیاد بکەیت یادنەکردنەوە هەرنابێت.

**بەدۆکیۆمێنت کردنی یادەوەری بۆ نمونە ئەم دیدارەی تۆ تۆمارکردنی بەڤیدیۆ یان کردنیان بەکتێب هەتاچەند بەگرنگ دەزانیت؟**

زۆر گرنگە و پێویستە بکرێت.

**کەواتە هەتا چەند ئامادەیت هەیە هاوکاری ئەو پڕۆژانە بکەیت؟**

هەتا ئەو ئاستەی لەدەستم بێت.

**وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان دروشمێکی بەرزکردەوە لە فرمێسکەوە بۆ هیوا تاچەندە لەلای بەندین پەسەندە؟**

تاڕادەیەکی باش .بەڵامەوە پەسەندە، ئیتر پێویستە هەوڵ بۆداهاتوو بدەین.

**پڕۆژەی بەندین چییە بۆ داهاتوو.**

ژیانێکی سادەو سکار، فەرمانبەرێکم خەریکی ژیانی خۆمم. بەختەوەری لەگەڵ دایکم وکاکم کە جێگەی باوکمیان گرتەوە بۆم.

**رازیت بەوەی ئەم دیدارە بڵاوبێتەوە؟**

بەڵێ بەخۆشحاڵییەوە.

دیمانەی ژمارە ٥

لەگەڵ سەبریە ئەحمەد محمەدئەمین



لە دوای ٣١ ساڵ هێشتا لە چاوەڕوانی کوڕو کچە ئەنفالکراوەکانیاندان

دیدار: عومەر محەمەد

هەڵەبجە: ٢ی ئابی ٢٠١٢ ماڵی سەبریە

کات: ١٠ی سەرلەبەیانی

کۆتا ڕۆژەکانی ساڵی ٢٠١٠ مامۆستا ئاوات نەسروڵا زەنگێکی بۆ کردم، باسی ژن و مێردێکی بۆ کردم کە لاچاوەڕوانیەکی کوشندەدا گیریان خواردەوە، بەلای کەمەوە لەوەهمێکی بێهودەدا دەژین. (حوسێن شا و سەبریە ئەحمەد)ی هاوژینی لەهەڵەبجە دەژین بەڵام چاوەڕوانی بڕستی لێبڕیون.

ڕۆژی ١ی ئابی ساڵی ٢٠١٢ ڕەزامەندی بەڕێوەبەری گشتیم وەرگرت و ڕۆژی دوایی بەیانیەکی زوو بەڕێکەوتین بۆ شاری هەڵەبجە، ئامانجی سەردانەکەمان گەڕان بوو بەدوای سەرەدەوای قسەو باسێکدا کە هێشتا رون نیە ئەوەی لەبارەیانەوە دەوترێ راستییە یان دروستکراوەو دەمەودەم گواستراوەتەوە، گوایە منداڵەکانی (حسێن شا) کە بەلێبوردنی گشتی هاتنەوەو ئەنفالکران ئێستا سۆراخیان هەیە، خەڵک هەبوو سوێندی خواردووە کە بۆ خۆی گوێی لەکوڕەکەی حسێن شابووە لە رادیۆیەکی وڵاتی سعودیە قسەی کردووە، هەر چۆنێک بێت ئەم باسە دایک و باوکی خستووەتە سەر خەیاڵێکی شیرین و چاوەڕوانیەکی تاڵ لەسەر بنەمای قسەی خەڵکانێك گوایە گوێبیستی ئەوە بوون کوڕەکەی و کچەکانی حوسێن لە رادێویەکی وڵاتی سعودیە قسەیان کردووە ئەگەرچی هەتا ئێستا ئەم دۆسێیە بۆ من ئاڵۆزەو لەتەموژدایە، بەڵام ئیدی ئەمە ژیان و ستەمکاری دەوڵەتەکان و دڵڕەقی ڕۆژگارەو ناکرێت بەبێ بەڵگەیەک بڵێین ئەم دایک و باوکە لەخۆڕایی چاوەڕوانن، هەر بۆ خۆم شایەتی دۆسێیەکم و دیدارم لەگەڵ کوڕێکدا ئەنجامداوە دوای وەرگرتنی ١٠ ساڵ موچەی شەهیدان بەپێی خۆی هات بۆ بەڕێوەبەرایەتی شەهیدان و موچەی شەهیدانەکەی بڕی دواتر هات بۆ لام و دیدارم لەگەڵدا سازکرد! ئەو کوڕە کەریم موشیرەو خەکی پردێیەو لەساڵی ١٩٨٨ ەوە بێسەروشێن بوو ساڵی ٢٠٠٧ هاتەوەو موچەی شەهیدانەکەی بڕی. بەهیوام ئەگەر کەمترین کەسانیش بن لەنمونەی کەریم دەربکەونەوەو بێن موچەی شەهیدەکانیان ببڕن و کۆتایی بە چاوەڕوانی دایک و باوک و ئازیزانیان بهێنن.

ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٨ بەسەرشاری هەڵەبجەدا هات تەنها ئەو چیرۆکە سامناکەی گازباران نەبوو، بەڵکو ئەنفالکردنی ئەو هەڵەبجەییانەش بوو، کە بە پڕوپاگەندەی لێبوردنی گشتی گەڕانەوە بۆ نیشتمان، بەڵام لێبوردن بووە تەڵەیەكو زۆر کەسی خەڵکی هەڵەبجە و ناوچەی دۆڵی جافایەتی و ئێزیدی و خەڵکی ناوچەی بادینانی پێوە بوو.

خانەوادەی حسێن شا نمونەی ئەو قوربانیانەن ئەوانی هەڵەبجەیی لە ساڵی ١٩٨٨ ەوە هەتا ئێستا لە چاوەڕوانیەکی ترسانکدا راوەستاون.

سەبری و حسێن ژن و مێردێکی ماندوون بەدەست ئەو چاوەڕوانییەوە، ئەوان لە گەڕەکی شافعی شاری هەڵەبجەی شەهید دەژین، (حسێن محمد ئەمین و سەبریە ئەحمەد) باوکو دایکی کوڕێكو سێ کچی ئەنفالکراون. کە هەتا ئێستا جارناجارێک تەلەفۆنم بۆ دەکات و هەواڵێکی تازەم پێرادەگەیەنێ بەبێ ئەوەی هیچ مژدەیەکی خۆشیان بەدوادابێت.

ئەم خانەوادەیە بەر لە کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە قەرەباڵغ بوون و تاڕادەیەك بە تێرو تەسەلی ژیاون، وەلێ ئێستا ئەو خانەوادەیە بەهۆی ئەو تاوانەوە ژمارەیان کەم بووەتەوە.

ڕۆژی ٣/١٦ کە بۆمباران دەستی پێکرد، ماڵی حسێن محمد ئەمین کە بە حسێن شا ناسراوە هەموو خانەوادەکەیان کۆبوونەوەو توانیان وەکو زۆربەی هەڵەبجەییەکان لە ژێر زەمینی ماڵەکەیاندا خۆیان قایم بکەن، تا ئەو کاتەی گازباران دەستی پێکرد، ئەمە ئیدی مەترسیداربوو لەژێر زەمینەکانیاندا هەڵیکەندن و دەرپەڕینە دەرەوە، ئەوانەی توانای دەرچونیان هەبوو بەناچاری لەماڵەکانیان دەرپەڕین و شاریان بەجێهێشت، ئیتر بەناو تەرم و تەمی کیمیایدا هەنگاویان دەنا چیاو دۆڵەکانیان بڕی و ئاوارەی ئێران بوون.

ماڵی حسێن شا، ماوەی مانگێك لە هاوار خۆیان گرتەوەو هەتا جەژنیش هەر لەوێ مانەوە، دواجار ناچار بوون بچنە یەکێك لە کەمپەکانی ئێران، دوای ماوەیەک کوڕو کچەکانی کەڵکەڵەی گەڕانەوەو تەواوکردنی خوێندنەکانیان کەوتە سەریان و بەبڕیاری لێبوردنێکی گشتی ماڵئاواییان لەدایک و باوکیان کردو گەڕانەوە، بەڵام ئیتر هەر ئەو ماڵئاواییە بوو جارێکی تر چاویان بەیەک نەکەوتەوە. حسێن و سەبریەی خێزانی سەرباری ئازاری چاوەڕوانی کورەکەی وسێ کچەکانیان هێشتا دوو مرۆڤی بەهەیبەتن، میواندۆستو قسەخۆشن، ئەمان جگە لەوەی چوار منداڵیان بێسەروشوێنە، کوڕێکیشیان بەناوی شێرزاد بە نیازی رۆیشتنە دەرەوەی وڵات ملی رێگای قاچاغ دەگرێ، بەڵام بەداخەوە لە وڵاتی تورکیا نەخۆش دەکەوێ و هەر لەوێ کۆچی دوایی دەکات، ئێستا حسێن و

سەبریە لەگەڵ کچ و کورێکی تریان هەر لە خانووە کۆنەکەی خۆیاندا لە گەڕەکی شافعی پێکەوە دەژین، کچێکی تریشیان بە ناوی بەخشین ماوەو ئێستا لەماڵ و مێردی خۆیدا دەژی.

حسێن شا، دەڵێت پێشتر باری ئابوریو بژێویمان زۆرباش بوو، لەهیچمان کەم نەبوو خانەوادەیەکی تێر و بەختەوەر بووین، بەڵام ئێستا چاوەڕوانی منداڵەکانمان ژیانی لێتاڵ کردوین هەمیشە لە دودڵیو داڵغەی ئەواندایین.

ئەو ڕۆژەی تیمێکی بەشی دۆکیۆمێنتاری (خێڵان مستەفا، ئاواز محمەد و من) چوینەماڵیان بەرەبەیانێکی مانگی رەمەزان بوو، کاك حسێن و سەبریە هەردوکیان بە زمانی بەرۆژووەوە لە چاوەڕوانیو پێشوازی ئێمەدا بوون، هەر بەگەیشتنمان خولقی نیوەڕۆیان کردینو وتیان رێبوار ڕۆژووی لە سەر نیەو نیوەڕۆ لێرە دەبن، بەڵام ئێمە بە داواکەیان قایل نەبووین و زۆر زوو کامێرامان دامەزراندو خۆمان ئامادەکرد بۆ دیدارو چاوپێکەوتنێکی ڤیدیۆیی.

کە زانی وەختی دەست پێکردنی کارەکەمانە کاك حسێن شا ڕوی کرد بەو دیوداو وتی: قسە لەو «واتە لە سەبریە وەربگرن» من قسە ناکەم با ئەو قسەتان بۆ بکات، بەڵام سەرئەنجام ئەویش خۆی پێنەگیراو هاتە قسە، ئێمەش داواکەیمان لەبەر چاوگرتوو لە پێشەوە پرسیارەکانمان ئاراستەی (سەبریە ئەحمەدی هاوسەری) کردو ئەم دیدارەی لێکەوتەوە.

**ئەگەر ناوی سیانیتم پێبڵێیت؟**

سەبریە ئەحمەد محمەدئەمین.

**تەمەنت چەندە؟**

ساڵی ١٩٤٠ لە دایکبووم.

**لە بیرتە ساڵی چەند بوو لەگەڵ کاك حسێن هاوسەر گیریت کردووە؟**

بەڵێ ساڵی ١٩٦٥ بوو.

**هەر لەکۆنەوە لە هەڵەبجە دائەنیشتیت؟**

بەڵی ئێمە لە بنەماڵەی ١٣ماڵەکەی هەڵەبجەین.

**چەند منداڵتان هەبوو؟ دەتوانی ناوەکانیانم پێبڵێی؟**

٨ مندالّم بووە. گەورەکەیان ناوی ئاوات ١٩٦٥، دوای ئەو ئاراس ئینجا بەناز ١٩٧١ دوای ئەویش بەهار ١٩٦٤. لانەشم لەدایک بووی ساڵی ١٩٨٢ ئەوەیان کچە بچوکەکەمە.

**کاتێك کیمیابارانی هەڵەبجە کرا ئێوە لەکوێ بوون؟**

هەر لەم ماڵەی خۆماندا بووین، بۆ یەکەمجار کە بۆمبارانکرا چوینە ژێرزەمینەکەی خۆمان بۆ دووەمجار رامانکردە ژێرزەمینی سینەماکە، لێرە ژێرزەمینێك هەیە پێیدەڵێن سینەماکە لەبەرئەوەی سینەمای لێبوو، بەحسابی خۆمان شوێنێکی قایم بوو، نەمانزانی کیمیایی بەکاردێنێ.

**ئێوە چەند کەس دەبوون لەو ژێرزەمینەدا؟**

نزیکەی سێ هەزار کەس ئەبووین، کاتێك تەیارەکان هاتن دەنگی هاوارو قیژەو دەنگی تەیارە تێکەڵاو بووبو.

**تاکەی لەوێ مانەوە؟**

تا بانگی مەغریب ماینەوە دواتر هاتینە دەرەوە

**لە ژێرزەمینە کەدا کەستان بینی بەکیمیایی بمرێ؟**

نەخێر کەسمان لێ نەمرد.

**کاتێك هاتنە دەرەوە لە سەرجادە لەکۆڵانەکان چتان بینی؟**

لەم گەڕەکانەدا هیچ نەبوو، بەڵام کە لەخەتی شەهیدانەوە دەرچووین (مانگا و سەگ و پشیلە بەسەر یەکدا کەوتبوون، ئەوەم بینی، خەڵك هاواریان دەکرد ئاو کەسێك ئەینالاندو ئەیووت بەجێم مەهێڵن، ئیتر رۆژی قیامەت بوو، نەت دەزانی ئاورِ بەلای کێدا بدەیتەوە، گوێم لە دەنگێك بوو وتم ئەرێ حسێن ئەوە دەنگی حەمەی دراوسێمان نیە؟ وتی برِۆ ژنەکە ماڵت وێران بێ چونکە ئەو دەیزانی کەکیمیایی رِژاوە، من نەمدەزانی.

کەوتینە رِێ و رِۆشتین بۆ عەبابەیلێ، لەوێش سەرکەوتین بۆ شنروێ دواتریش چوینە هاوار لەوێ رِۆژمان لێبوەوە تەیارەش هەروا بەشوێنمانەوەبوو هەروا کیمیایی دەرِێژێ بەڵام لەبەرئەوەی کەژوکێو بوو زۆر کاریگەر نەبوو وەک ناوشارەکە نەبوو، چوینە خوارەوە ئیسراحەتێکمان کرد لەو قەراغ ئاوانە ئیتر بەو

ڕێگەشدا تا گەشتینە ئەو کەژانە هەر تراکتۆر بوو دەهات و دەیانگوت لایتەکەت بکوژێنەوە تەیارە هات ئێمەش سەرکەوتین بە کەژێکی سەختی بێ ڕێگادا بۆ دەرەتوێ کە دێی هاوارییەکانە، کە گەشتینە ئەوێ هیچ کاممان هۆشمان بە خۆمانەوە نەمابوو، ئێمە سێ ماڵ پێکەوە بوین (ماڵی حاجی ڕەشیدی وەستا مستەفا و ماڵی ئەنوەری خاڵۆ ئەحمەد) مان لەگەڵ بوو، گەشتینە کۆمەڵە ماڵێک دەیانگووت ئەمانە دیموکراتن، هەمووی خانوی دیموکرات بوو پڕبوو لەئەشیا.

**دیموکرات؟ مەبەستت حیزبی دیموکراتی ئێرانە؟**

بەڵی ، ئەوان رایان کردبوو بۆ هەڵەبجە لە ترسی ئێران، ئێمەش رامانکردبوو بۆ دەرەتوێ لەترسی عێراق، کورە ئەم کوردە زۆر نەگبەتە، ئیتر کە گەیشتینە ئەوێ، لەوێ حسێن شقارتەی دۆزیەوەو چای بۆ لێناین ئێمەش دەرشاینەوەو چاومان دەکزایەوەو ئاوی دەکرد، ئەمانگووت هەوای سەرمای ڕێگەیە نەمان دەزانی کیمیاییە، ئیتر ئەو شەوە تا بەیانی هیلاك بووین و هەر دەرشاینەوە، کە ڕۆژ بویەوە حسێن و جاجی ڕەشید، چونە خوارەوە رزقی قاچاخ چی لێ بوو کە لەسەر سنوری ئێران و عیراق ئاڵوگۆڕیان پێ دەکرد، فەردە برنج و تەنەکەیەك ڕۆن‌و ئیتر فاصولیاو ڕزقیان کڕی و هاتنەوە، ئێمە هەر لەوێ ماینەوە هەتا ڕەمەزانیشمان گرت لەوێ بووین، لە دەرەتوێ ئیسراحەتمان کرد، ئیتر ئەو خەڵکەی کەوا ڕۆشتن ئاوارەی (کرمان) ببون لەوێ زۆر ناڕەحەتیان بینیبوو لەوێ چ لە مەکتەبەکاندا مابونەوە وەکو سجن، خواردنیان بەواستە دەستدەکەوت رەزاڵەتیان زۆر بینیبوو، ئیتر ئێمە کە ڕەمەزانمان گرت ئینجا ڕۆشتین بۆ ئێران ئەوەنە درەنگ ڕۆشتین ئۆردوگامان بەرنەکەوت ئینجا بردمانیانە جوانڕۆ لە شوێنی (جارەگەنم) پەرێز کە دوریبویان خێمەیان بۆ هەڵدایین.

**واتا ئێوە لە کیمیابارانی هەڵەبجە کەستان شەهید نەبوو؟**

نەخێر ماڵی خۆمان کەسمان شەهید نەبوو بەسەلامەتی دەرچوین.

**چەند مانگ لە ئێران مانەوە؟**

١٩٨٨/٣/١٦رامان کرد مانگی پێنجی ١٩٩٠ هاتینەوە. بەڵام منداڵەکان لەگەڵ ئێمە نەهاتنەوە لەگەڵ ماڵی ڕەفیقێکی باوکیان هاتنەوە.

**ئەی ئەوان ساڵی چەند هاتنەوە؟**

ئەوان زوتر ١٩٨٨/١٠/٢٥ گەڕابونەوە.

**بەڵام ئەو کاتە عەفواتی عام نەبوو؟**

ئەوان بەو عەفواتە گەڕابونەوە کە ئێران لە ئۆردوگاکاندا وەرەقەی داکوتا وتیان ئەوە عەفواتی سڕی هەیە کێ دەڕواتەوە با ماشێنی بۆ بهێنین، ئیتر نەك هەر منداڵەکانی من بەڵکو خەڵکێکی زۆر بەم عەفواتە درۆینە گەڕانەوە.

**ئەی کە هاتنەوە لە کوێ گیرابوون؟**

کە ئەوان هاتنەوە نەتەوە یەکگرتووەکان (امم المتحده– NU) لە بەینا نەمابوو، هەتا لە ئێرانیەکان وەریان بگرێ، بۆیە یەکسەر بەو سەیارەیەی کە هاتبون هەر سێ ماڵەکەیان چوبونە ناو معەسکەرەکەی تەوێڵە، بۆ ڕۆژی دواتر کە سایەقەکە هاتەوە پارچەیەك مقەبای هێنا بۆ ئێمە منداڵەکان لە سەر ئەو مقەبایە نوسیبویان: (دایکە گیان باوکە گیان وا ئێمە گەیشتینە تەوێڵە) بەهار گریابوو ئەفسەرەکە سەری ماچکردبوو وتبووی بۆ کوێ دەڵێن ئێمە ئەتانبەین بۆ ئەوێ وتبوویان ئێمە دایك و باوکمان نەماوە بۆ خوێندن هاتوینەتەوە بۆ ماڵی باوام دەچین بۆ سلێمانی، ئەو شەوە ژورێکیان دەدەنێ ئیسراحەت دەکەن و بەیانی زوو سواری سەیارەیان دەکەن و ئەیانهێنن بۆ عەربەت لەوێ ڕەفیقێکی باوکیان بەناوی ئەحمەد بەگ کە ئامۆزای دکتۆر فوئاد بابانە بەحاجی حەمە حسێن دەڵێ: مەڕۆن هەزار دینار بدەن بەم سایەقە با لە سلێمانی بتانکات بە کۆڵانێکدا تەڵاقم کەوتبێ ئەتانگرن، ئیتر لەگەڵ حاجی ئەکەونە سوعبەتکردن، بەڵام حاجی حەمە حسێن قەناعەت ناکات و ئەڵێ گرتنی چی؟ ئیتر دێن بۆ سلێمانی دەچنە فرقەی سلێمانی ئەوەی خوار حسیب صالح لەوێ ئاوات بێتاقەت ئەبێ بە ئەفسەرەکە ئەڵی باتەلەفون بکەم بۆ ماڵی خاڵم تابزانن هاتومەتەوە ئەفسەرەکە، ڕێگەی پێدابوو ئەویش تەلەفون ئەکات بۆ ماڵی خاڵۆی ئیتر ماڵی خاڵۆ عومەر و خاڵۆ عوسمانی بە دوو تەکسی بە ماڵ و منداڵەوە دێن بو فرقەی سلێمانی و دوای دەست لە ملکردنی یەکتری ئەمان ئەگرین و ئەوان ئەگرین، دوای ئەوە براکانم زۆر هەوڵ لەگەڵ ئەفسەرەکە دەدەن و تکاو رجای لێدەکەن دەڵێن: ئەو منداڵەمان بە پارە بدەنێ بەهەر چیەك بێ، مەبەستیان لانە بووە، چونکە ئەو منداڵ بوو تەمەنی شەش ساڵان بوو ئەو منداڵە

با بیبەین، بەڵام ئەفسەرەکە رازی نابێ ئەڵێ ئەشیانبەنە کەرکوك، ئیفادەیەکیان لێوەردەگرن و ئەیانهێننەوە، برا بچوکەکەم ناڕواتەوە بۆ ماڵەوە ئەچێ خواردنی حازریان لەبازاڕ بۆ بهێنێ کە دێتەوە تەماشا دەکات لەوێ نەماون، هەر ئەو ڕۆژە ئەبرێنە تۆپزاوا سێ مانگ و بیست و پێنج شەو لە تۆپزاوا مابوونەوە.

## کێ لە تۆپزاوا بینیبونی؟[1]

ماڵی سەلمای دایکی عیزەتی سەید محمود و دڵەی خوشکی و خوشکەزایەکیشی ناوی شیلانە، ئەوان کوڕیان لە عەسکەری کوژرابوو بۆیە بە وەرەقەی شەهیدی قادسیە کاك عیزەت بەری دابوون کە زانیبوی لەوێ بەو هویەیە خەڵک بەرئەدەن، کە دادە سەلمە بەربوو ئەو دەیگێرایەوە کە ئەوان لەوێ چ خزمەتێك کراون لەکاتێکدا خەڵك لەوێ لەڕەزالەتدابوو، ئەمان تۆمەتەکەیان (تجاوز حدود)بووە، دەیگوت ئەوەی لەوێ بەو خەڵکە کراوە لەباسکردن نایەت، بەڵام خزمەتێکی ئەمانیش کراوە دامودەزگای سجنەکەش سەریان سورماوە! عەسکەرەکان گۆشتیان ئەبرژاند بۆ لانەو شیلان، شیلانیش لەتەمەنی لانەی ئێمەدا بوو، دەیگوت تایت و صابون خێرو بەرەکەت موحتاجیمان نەبووە، ئیتر حەوت ڕۆژ پێش ئەوەی دادە سەلمە بەربدەن ئاوات کاغەزێك ئەدات بە دادە سەلمە ئەڵێ نەوەك ئێمە بەرنەبین دەینێرێ بۆ مەهدی (شوبرام)[2] ئەڵی مامە گیان بەوەرەقەی شەهید خەڵك بەرئەدەن بەشکم محاوەلەیەکمان بۆ بکەن، بەڵام مامی هیچی پێ ناکری، ئاوات عەریزەیەکیش ئەدا بەحکومەت کە دادە سەلمەو ئەوان بەرئەبن ئەڵێ ئێمەش باوك و دایکمان نەماوەو تەلەبەین بۆ خوێندن هاتوینەتەوە، لەوەدا ئەبێ کە معامەلەیان بۆ بکەن ئازادیان بکەن ئەحمەد بەگی تەرەپیازی لیرەش ئیشیان هەر ئەمن و جاسوسی بوو ئیتر نازانم خۆی ئەبێ یان کورەکەی ئەچن دەڵێن ئەم منداڵانە درۆ دەکەن دایك و باوکیان ماوەو لە ئێرانن، ئیتر زللەیەك لە ئاوات دەدەن و عەریزەکەی ئەدڕن، لە تۆپزاوە دەردەچن و ئەیانبەن بەرەو خوارتر، لەوێوە کوڕەکەم لەکاتی مەلا بانگدان تەلەفۆنێك ئەکات بۆ ماڵی (شێخ حەمە سعیدی شێخ کەمال) خەسوەکەی هەلی ئەگرێ پیرەژنێك بوو، کوڕێکی

١. لە٢٥ ی نیسانی ٢٠١٤ لە دیدارێکدا لەگەڵ مامۆستا عومەر محەمەد سوبحان باسی ئەوە دەکات کە ئێمەیان لە نوگرەسەلمانەوە هێنایەوە بۆ تۆپزاوا بەرێکەوت کورەکەی حسین شام بینی. بڕوانە دیمانەکەی عومەر محەمەد سوبحان. ئەنفالستان ژمارە ١٠ لاپەرە

٢. شوبرا مەبەستی برای مێردەکەیەتی.

شێخ کمالیش لەوێ ئەبێ لێی دەپرسێ: نەنە ئەوتەلەفۆنە کێ بوو..؟ ئەڵێ ئاوات بوو، داوای مامەی دەکرد، وتومە حەمە سعید نەخۆشە و لەبەغدایە و مامەت لای ئەوە، ئیتر کوڕەکە وتبووی ئەی بۆ قسەت نەکرد قسەم لەگەڵ بکردایە..

**ئەی نەیووتبوو لەکوێوە تەلەفۆن دەکەم؟ داوای هیچی نەکردبوو؟ بۆ هاوکاری کردنیان؟**

هەر ئەوەندەی وتبوو مامەم بۆ بانگ بکەن.. ئیتر نازانم لەکوێوە قسەی کردبووا! ئەمان ٢٥/١٠/١٩٨٨ هاتنەوە، وتیان ئەچینەوە خوێندنەکانمان تەواو دەکەین.. ئێمەش دوای ئەوان مانگی ٥ی ساڵی ١٩٩٠ هاتینەوە، ئیتر هەر کەس قسەیەکی دەکرد، ئەو وتی گوێم لە دەنگیان بووەو ئەم وتی: گوێم لە دەنگیان بووە.

**کێ بوون ئەوانەی گوێیان لە دەنگیانبووە؟**

مەسەلەن ئەم برایەم گوێی لەدەنگیان بووەو ئێمەی نەناسیوە، بەڵام بۆ تۆی باسکردووەو تۆش بۆ ئێمەت باسکردووە.

**دوای ئەوەی لە تۆپزاوا بردبویانن و ئاوات تەلەفۆنێکی تری کردووە ئینجا سۆراخیان چی بوو؟ نەبراونەتە نوگرە سەلمان؟**

نەخێر براونەتە عەرعەر، دەڵێن ئەفسەرێك گێڕاویەتەوە وتویەتی دوای ئەوەی عێراق لە کوەیتیدا سعودیە تەیارەی ناردووەو دوو تەیارە لەو خەڵکەی بردۆتە سعودیە.

**بەڵام ڕەنگە ئەم قسانە تەنها وتی وتی بێ، چونکە بەپێی زانیاری من کە زۆریش بەدوای ئەم دۆسیانەدا ئەچم، تەنها شوێن کە خەڵکی تێدا کۆکرابێتەوە نوگرەسەلمان بووە.**

بەڵێ ڕەنگە تەنها قسەی خەڵك و وتی وتی بێت

**ئەو کەسانە کێ بوون کە گوێیان لە منداڵەکانت بووە؟ لە کوێ گوێیان لێ بووە و چۆن گوێیان لێ بووە؟**

لە سلێمانی گوێیان لێبووە، بۆ نمونە تۆ گوێت لێی بووەو دراوسێکەت هەڵەبجەیی بووە، پێتوتوە کە ئەمشەو گوێت لە کۆمەڵێ منداڵ بووە قسەیان کردووە، یەکیان وتویەتی ناوم ئاواتە و کوڕی حاجی حەسەن شای هەڵەبجەییم و

خۆم و خوشکەکانم بەناوی بەنازو بەهارو لانە و کۆمەڵێ خەڵکی زۆر لە سعودیەین و تکا ئەکەم لەو کەسانەی کە دەنگمان ئەبیستێ ڕایگەیەنێ بە کەسوکارمان، ئەگەر کەسوکاریشمان ناناسێ بڵاوی بکاتەوە.

**ئەم قسانەی لەچ ڕادیۆیەك کردووە؟**

لە ڕادیۆی سعود، وتویەتی هەر خۆمان نین خەڵکێکی زۆرەو خەممان نیە هەرخەمی دوری ئەوان نەبێ.

**ئەو کەسانەی گوێیان لە دەنگیان بووە لە ژیاندا ماون؟**

خزمێکی سەردار پاڵەنیایی لە هەڵەبجەی تازە گوێی لێ بووە، بەیانی چووە بۆ لای ئامۆژنەکەی چونکە ئەویش ژن و منداڵی کوڕێکی لەگەڵ منداڵەکانی ئێمە بوون.

**چی پێگوتبوو؟**

وتویەتی ئامۆژن خەفەت مەخۆ ئینشاڵڵا سەردایش لەگەڵ ئەو خەڵکەیە ئەمشەو گوێم لە کوڕێك بوو قسەی کرد، وتی ناوم ئاواتەو کوری حاجی حسێن شای هەڵەبجەم. ئامۆژنیشی ئەڵێ ئەی ڕۆڵە نەتناسی کێ بوو ئەڵی وەڵا هەڵەبجەیی بوو، وتی خوشکە بچوکەکەم ناوی ئاوارەیە، بەڵام کوڕێکی شەش حەوتساڵی لەگەڵ ئەبێ ئەو ناو ئاواتەش وا لە کۆڵانەکەمان. دایکەکە بیری چویەوە منداڵەکە بۆی ڕاست ئەکاتەوە، ئیتر لە هەڵەبجەی تازەوە خێرا زاواکەی ئەنێرێ بۆ ماڵی ئێمە و حسێنیش خێرا لەگەڵی ڕۆیشت بۆ هەڵەبجەی تازە بۆلای ژنەکە.

**ئەو ژنە ئێستا ماوە لە ژیاندا؟**

وەڵا نازانم ئەبێت حسێن لەماڵی حەمە کەریم بپرسێ.

**ئیتر سۆراخی ئاوات و منداڵەکانت هەر ئەمە بوو؟ هەر ئەو ڕادیۆیە بوو؟**

بەڵێ بەڵام ئەمە زۆر کەس گوێی لێ بووە

**ئێمە دەتوانین ئەو کەسانە بدۆزینەوە کە گوێیان لە منداڵەکانت بووە تا چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەوانیش بکەین؟**

وەڵا نازانم دایکی سەردار مردووە، بەڵام لاموایە ئەو ژنەی خزمیان کە گوێی لێ بووە ماوە.

**ئەو ژنە ماوە؟ یان نا؟**

نەموت نازانم.

**من ئەمەوێ شتێکت بۆ رون بکەمەوە، ئێمە لەم بەشەدا کاردەکەین بۆ دۆکیۆمێنتکردن، بەڵام هێشتا سۆراخی منداڵەکانت پێویستیان بەبەڵگەیە بۆیە ئەگەر ئەم دۆسێیە بخرێتە بەردەم رێکخراوێکی وەك هیومانت رایتس وۆچ – چاودێری مافەکانی مرۆڤ کە سنوری بۆ نیەو لە هەموو شوێنێك کاردەکات پێویستە بەڵگەی بەدەستەوەبێت رەنگە بۆ ئەوان گران نەبێت بچێتەوە بۆ سعودیە و بگەڕێتەوە بۆ ئەرشیفی ئەو رادیۆیە لەو ساڵەدا، بەڵام بۆ من و تۆ قورسە، بۆیە ئەگەر تۆ بەڵگەیەکمان نەدەیتێ ناتوانین لەگەڵ ئەوانیش قسە بکەین، چونکە ئیش لە سەر بەڵگە دەکرێ ، ئێستا تۆ چی داوا لە حکومەت دەکەیت؟ لەرێکخراوەکان؟**

ئەمساڵ عەریزەم داوە بە پەرلەمان و لەوێشەوە تەلەفونیان بۆ کردم وئەندام پەرلەمانێك بەناوی (بەداخەوە ناوەکەیم بیرچووەوە) وتی ئەوە عەریزەکەت گەیشتووە

**نامەت داوە بە کێی تریش؟**

بە خانمی میتران، بەمالکی کەهاتووە، چومەتە لای مام جلال تاڵەبانی لە قەڵاچواڵان لە ساڵی نەوەدەکاندا کە وتویانە ئەچێ بۆ سعود، ئەوکاتە کەعەریزەکەم بۆ برد وتی لەژێر زەویدا بێت ئەیانخەمەوە سەر زەوی، بەڵام هەژدە ڕۆژ لەسعود بوو مەلیك فەهد خۆی پیشان نەدا.

**باشە ئاوات کە توانیبێتی لە رادیۆیەك قسە بکات لە سعودیە ئەی چۆن نەیتوانیوە تەلەفونێك بکات بۆ ئێرە؟**

بەڵام ئەو کاتە وەك ئێستا تەلەفون نەبوو ئەوانەشی کە هەبوو هی حکومەت بوو.

**بەڵام خەڵکێك هەبووە دە ساڵ لە بەڕێوبەرایەتی شەهیدان موچەی شەهیدانی وەرگرتوە دواتر خۆی لە لوبنانەوە هاتۆتەوە وتویەتی زۆر مەمنون ئەوە هەویەکەتان من ماوم ئەو کوڕە ناوی کەریم موشیرە خەڵکی ئاڵتون کۆپری (پردێ)یەو بۆ خۆم وەک تۆ دیدارم لەگەڵدا سازکردووە.**

دەی نوخشەبێت لەوانەی ئێمەش.

**بەهیوام ئەوانەی ئێوەش ڕۆژێك بگەڕێنەوە بەڵێ ئەوەی باسی دەكەم ئێستاش لە ئاڵتون كۆپری دەژی، ئەو كابرایە زۆر بە ئاسانی توانیویەتی پەیوەندی بە كەسوكاری و بە ئێمەشەوە بكات، یەكەم هەنگاو لەو وڵاتە چوە بۆخاچی سور (صلیب احمر) وتوویەتی ئەوە دۆسێكەم و من حاڵەتەكەم ئاوایە ئەوان لە كاتێكدا هێنایانەوە بۆ ئاڵتون كۆپری كە حكومەتی بەعس لەوێ مابوو وەزع مەترسیدار بوو. تۆ پێتوایە كە كاك ئاوات ئەوەندە بێ خەم بوبێ هەتا نەتوانێ بگەڕێ بەشوێن هەلێكدا هەتا بەوجۆرە دەنگی پێتان بگاتەوە؟**

بەڵێ باوەڕ بكە ئاوات زۆر زیرەك بوو، نازانم بڵێم چی، بەڵام شتێكت بۆ بگێرمەوە، كەڕەتێكیان لە تەلەفیزۆن بینیم ئاوارەكانی عێراق كە لە سعودیە بوون خۆیان ناونوس دەكرد بۆ گەڕانەوە، مامۆستا ئامینەیەك هەیە بوكی عومەری خەزانە خەڵكی بەغدایە، چوم بۆ لای وتم ماموستا ئامینە ئەم تەحتیلە (مەبەستی پشوی هاوینە) كە ئەگەڕێیتەوە بۆ نەجەف جا ماڵی باوكی ئامینە لە نەجەف بوو، بەهۆی شەڕەوە وتم بەڵكو هەواڵێكم بۆ بزانی لەرێی خزمێك یان ناسیاوێكتەوە وتی بەسەرچاو، دوایی كە هاتەوە سوێندی خوارد وتی چومەتە ماڵە خزمێك كە لە ١٩٩١ ەوە لە سعودیەن و تویانە چوار دەورمان تەلبەندبووە لە خانودا بوین ژیانێكی باشمان هەبووە ئەوەی ئەقل تەسەوری نەكردووە بۆیان هێناوین پێویستیمان بەهیچ نەبووە، بەڵام (بارەگاكەی نەتەوە یەكگرتوەكان) بەرامبەرمان بووە نەیانهێشتووە سەردانێكیان بكەین ئەمانە عەرەب بوون تەلەبەند كراون بۆیە ئەبێ كوردەكان شیشبەند كرابن خۆت ئەو وڵاتانە ئەناسیت چۆن ئەهێڵن بگەڕێی بەشوێن مافی مرۆڤدا.

**بەڵام رەنگە ئەو چیروكانەی بۆتۆ گێڕدراوەتەوە بەشێكی راست نەبن، رەنگە هەندێكیشی راست بن بۆیە پێویستە ئێمە ئیش لە سەر راستەكان بكەین بۆ نمونە ئەو كەسانە بدۆزینەوە كە ئەم قسانەیان بۆ تۆ گێڕاوەتەوە تا سەرەداوێكمان دەست بكەوێت؟**

بەڵێ وایە، شتێكی تریشت بۆ بگێرمەوە، جارێك چوم بۆ مافی مرۆڤ پێیانوتم ئێمە نوسینگەمان لە سعودیەو ئێراندا نییە، بەڵام لەرێی كوەیتەوە (محاوەلەت بۆ دەكەین) هەوڵت بۆ دەدەین، ئیتر ماوەیەكی پێچو ماڵمان هاتەوە بۆ ئێرە لە ساڵی ١٩٩١ ماڵی براكەم جوابیان نارد بە كەسێكدا وتیان وەرە داوای تۆ دەكەن، كە چوم

پێیان وتم ئێمە لە خەتی کوەیتەوە محاوەلەمان بۆ کردویت دەڵێن ئەمانە هەن و مەوجودن بۆیە مەوەستن لەگەڕان.[٣]

**کە واتە ئەمە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە لەساڵی ١٩٩١ یان دەبێت حکومەتی عێراق بووبێت پێش راپەڕینی دووهەم؟ ئەی خۆ وەزارەتی هاوکاری و مرۆڤایەتی حکومەتی هەرێم ئەوکاتە نەبووە؟**

باش نازانم کوێ بوو، بەڵام حکومەتی ئەو کات بوو، لەلای بینا شوشە رەشەکە[٤] خۆ هیشتا حکومەتی خومان نەبوو.

**بەڵام ئەو چیروکانەی پێش روخانی حکومەتی بەعس زۆر جێگەی بڕوانە بوون، چونکە من بەڵگەم لایە کە ئەڵێ لە چاوەڕوانیدا بیانهێڵنەوە جارێك پێیان بلێن ماون جارك بلێن مردون ئەمە نامەی مەکتەبی سەرۆکە بۆ ئەمن و موخابەرات ئەڵێ ئەوانەی لەپرۆسەی ئەنفالدا ون بون کەسوکاریان دڵنیا مەکەنەوە لەمان و مردنیان.**

(سەبریە تەماشامان دەکات و بێدەنگە)

**تۆ چیترت پێیە هاوکاریمان بکەیت؟ داواکاریت چیە؟**

داواکارم جارێ با ئەم دوو ژنو پیاوە بدۆزمەوە، ئەو کاتە تەلەفۆنت بۆ دەکەمەوە.

**بەس ئاوات قسەی کردووە لەو بەرنامەیەی رادیۆی سعودیە؟**

نا وەڵا کچەکانیش قسەیان کردووە.

**ئەم وێنانەی ئێستا بەدەستی تۆوەیە هی منداڵەکانتە؟ ئەم وێنانە ساڵی چەند گیراون؟**

ئەم وێنانە کە ئاوات و ئەوان کچەکان لە ئێران هاتبوونەوە کامێرایەك و هەندێك

---

٣. بەپێی قسەکانی سەبرییە ئەحمەدبێت هەر دەبێت رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو بێت دەنا لە ساڵی ١٩٩١ هێشتا کوردستان ناجێگیرو یەکەمین کابینەی حکومەتیش دروست نەببوو، بەڵام من نەمویست هیچ بەشێک لەقسەکانی فەرامۆش بکەم.

٤. مەبەستی لە باڵەخانەی ژوری بازرگانی سلێمانیە، ماوەیەکیش وەزارەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری و ماوەیەکیش رێکخراوی مافی مرۆڤ لەوێ بوو. پێناچیت حکومەتی عێراقیش لەسەروەختی سەدام حوسێندا گوێی بەوەها سکاڵایەک دابێت. لێرەدا تێکەڵێیەک هەیە لەبەرواری ناسینەوەی دامەزراوەکاندا. ئەمەش بۆ دایکێک ٢٥ ساڵ لە چاوەڕوانی منداڵەکانیدا چاوەڕوانکراوە

کەلوپەلی تریان پێبووە، جانتایەکو زنجیرێکی ملو ئەمانەیان دابوویەوە دەستی پوریان وتبوویان ئەوانەمان بدەنەوە دەستیماڵەوە.

**واتا ئەمانەتان بەدەست گەیشتەوە؟**

بەڵێ ئەی چۆن، بەدەستمان گەیشتنەوە.. ئەم وێنانەش لەو کامێرایەدا بوون.

**ئەی ئێستا ئەو کامێرایەتان ماوە؟**

بەڵێ ماومانە.

**ئەی بەنیازن چی لێبکەن؟**

وەڵا چی لێبکەین ئەوەتا هەرلە ماڵەوەیە..

**ئەی بۆچی لە شوێنێك مۆزەخانەیەك بۆ نمونە لە مۆنیۆمێنتی هەڵەبجە دای نانێن.. خۆ ئێمە هەمووومان ڕۆژێك دێت دەرۆینو ئەم دنیایە بەجێدەهێڵین ئەو بەڵگانە دەمێننەوە، ئەگەر لەمۆنیۆمێنتی هەڵەبجە بن باشتر نیە؟ یان هەر شوێنێکی تر؟**

(بەدڵی پڕ لەگریانەوە) بەرێوەڵا باشترە.

**وا باشتر نیە کە ئەو کامێرایە لە مۆنیۆمێنتێك یان مۆزەخانەیەك بێتو خەڵکی بزانن کە چیرۆکی ئەم کامیرایە چی بووە، یان بزانن ئەم کامیرایە هی ئاواتی حسێن شایەو خۆی ئەنفالکراوە؟**

(حسێنو سەبریە هەردووکیان پێکەوەو بە یەك نەغمە) بەڵی باشترە، سەبریە بە دڵی پڕ لە گریانەوە وتی: لەساڵیادی هەڵەبجە رەسامەکان وێنەی شەهیدەکانیان دروستکردبوو، لەوێ چووم سەیرم کردن.

**ئێمە ئامادەین ئەو کامێرایە لای خۆمان دابنێین، هەر کاتێك ویستت دەتوانی وەری بگریتەوە یان داوای بکەیتەوە. هەر چرکەساتێك تۆ بتەوێت ئێمە دەتوانین بۆت بگەڕێیننەوە.**

نانا ئێمە پێویستمان نییە هەر لەماڵەوە دامانناوە. دەیدەم بەئێوە دەتاندەمێ بەسەرچاو.

**کارەکەی ئێمە ئەوەیە کە بەدوای بەڵگەو دۆکیۆمینتەکاندا دەگەڕێین «کەلوپەلی بەجێماوی قوربانییەکان، وێنەو چیرۆکەکانیان» بۆ نمونە ئەو وێنانەی منداڵەکانی تۆ کە ئێستا ونبوون، با لەلای خۆت هەبێ و لەلای ئێمەش، بەڕاستی دەمانەوێ مێژووی خۆمان بنوسینەوە.**

سەبریە قسەکەی لەدەم وەرگرتمەوە وتی: بەخوا کە لەئێران گەڕانەوە لۆرییەك بەس ماڵیان پێبوو، ئەوان وتیان ئەڕۆینەوە ئەچین خوێندنەکانمان تەواو دەکەین کەچی ئاوایان لێ بەسەرهات. ئینجا کاك حسێن هەڵیداوەو قسەکەی سەبریەی پشتڕاستکردەوەو وتی: بەخوا بەخوا (١٠٠٠٠) دە هەزاردیناری سویسریم بۆ ژماردنو دامە دەستیان، (١٠) شەدە هەزار دیناری. دەوڵەمەند بووم باکم بە پارە نەبوو. هەمووی ڕۆیی.

**دوا قسەت چییە؟ ئەگەر تۆبتەوێت بۆمان بدوێیت؟**

ئەگەر شتێکتان دەربارەی ئەم چیرۆکەی بڵاوکردەوە لە رادیۆ و لەتەلەفزیون یان لە ڕۆژنامە، ئەو قسەیەم بۆ بڵاو بکەنەوە ئەگەر ئەو کچانەم مابوون، بە هەموو شیوەیەك قبوڵمن ئەگەر یەکی (١٠) منداڵیشیان هەبێ، هەر بێنەوە چاوێکمان پێیان بکەوێت، ئەو خەڵکەشم قبوڵە کە ئێستا کچەکانی منیان لەماڵدایە تکایە ئەوەشم بۆ بنوسن.

ئەوکچانە شەریفترین کچی کوردن، ئێمەش دەیانخەینە سەرچاومان.

**ئارەزوی ئەوە دەکەیت ئەم دیدارە لە شوێنێکدا بڵاو بکرێتەوە یان هەر وەك کارێکی دۆکیۆمێنتاریو وەك بەڵگەیە هەڵیبگرین بۆ مێژوو؟**

ئا ئا بەڵی حەزدەکەم بە عالەمدا بڵاو ببێتەوە. من گرفتەکەم ئەوەیە خویندەوەار نیم دەنا هەژار نیمو خۆم بە وت و وریا دەزانم، بەڵام چیبکەم نەخویندەواری وەکو کوێر وایە.

**نەخێر دڵنیام کە تۆ هەژار نیت، خوێندەواری باشە، بەڵام نەخوێندەواریش عەیب نیە، منیش بە وریاو ئازا دەتبینم هیوای تەمەندرێژی و بەدیهاتنی ئاواتەکانت دەخوازم بەهیوام چاوت بە دیداری کوڕو کچەکانت شادبێتەوە.**

سوپاستان دەکەم، بەهاتنتان گەورەو دڵخۆش بووین.

**دوباره سوپاس بەڵام ئەگەر تۆ قسەت نەماوە پرسیار لە کاک حوسێن شا دەکەین؟**

فەرموون.

**دواتر حسێن شا هاوسەری سەبریە ئەحمەد هاتە پێشەوەو خۆی پێنەگیرا کە قسە نەکات هەر چەندە لە پێشەوە داوامان لێکرد کە پێکەوە دیمانەکە سازبدەن بەڵام ئەو قایل نەوو.**

**بێئەوەی داوای خۆناساندنی لێبکەم ووتی:**

من (حسێن محمد ئەمین حسێن) پێم دەڵێن حسەشا. چوارم ئەنفالکراوە کوڕێك وسێ کچ (ئاوات) لە «کولیەی توب» بوو. کۆلێژی پزیشکی، بەناز تقدیمی کردوە بۆ قانوون. مامەڵەی پێشکەشی زانکۆ کردبوو بۆ ئەوەی لە یاسا بخوێنێت، بەهار لە ئامادەیی قۆناغی چوارەمی زانستی بوو، لانە لەپۆلی یەکەمی سەرەتای بوو.

**کاک حوسێن ساڵی چەند لەگەڵ سەبریە خانمدا هاوسەرگیریتان کردووە؟**

ساڵی (١٩٦٣) هاوسەرگیریمان کردووە.

**بەڵام سەبریە خان ووتی ١٩٦٥ !!**

کورە تۆ لەمن بپرسە، ئەو چوزانێ ئاوات کوڕە گەورەکەم ساڵی ١٩٦٥ لە دایکبووە.

**ئێوە هێشتا بەو ئاواتەوە دەژین کە کوڕو کچەکانتان بگەڕێنەوە؟**

بەڵێ هەتا دەمرین چاوەڕوانیانین.

**ئێوە هەموو هیواتان بۆ هاتنەوەیان هەر ئەو دیدارەی رادیۆی سعودییە؟**

بەڵی هەرئەوەیە.

**چ قسەیەکت هەیە بیکەیت بۆ ئەوەی بگەینە ئەنجامێک و هاوکارتان بین بە هیوای خۆتان بگەن؟**

تەنها هیوامان خودایە، دەرگا نەماوە لێی نەدەین.

**ببورن کە برینمان کولاندنەوە بەڵام پێویست بوو.**

زۆر زۆر بەخێربێن زۆرمان پێخۆش بوو.

**زۆر سوپاس تۆش قایلیت دیدارەکەتان بڵاو بکرێتەوە؟**

بەڵێ با هەموو دنیا بزانێت.

# ديمانەی ژمارە ٦
# لەگەڵ سەردار حاجی رەشید



## لە خانەوادەکەم (٦٨) کەس ئەنفالکراون
## باوکم لە نوگرەسەلمان گەڕایەوەو لێرە فیراق کوشتی

دیمانە : عومەر محەمەد

٢٠١١/١/١٩

شوێن : گوندی ئۆمەربل

لەکاتێکدا سەرقاڵی دیزاین و نەخشەسازی ئەم کتێبەبووین، هەواڵی کۆچی دوایی کاک سەرداری حاجی رەشید وەک بریسکەی ئاگر ناخی سمیم و تاساندمی، لە ناوەراستی مانگی یەکی ساڵی ٢٠١١ دا بۆیەکەمجار بەدیداری کاک سەردار شادبووم و هەر ئەو جارەش کامیراو ریکۆردەرم سازکردو دیدارێکی رۆژنامەوانیمان لەگەڵ کۆچکردودا ئەنجامدا، لەوساوە دۆست بووین و جار بەجار تەلەفۆنی بۆ دەکردم و بەپێکەنینەوە دەیگوت، تۆ دڵسۆزی بۆ کەسوکاری ئەنفال، بەڵام من دڵسۆزم بۆ تۆ و لەتۆ بەوەفاترم، هەتا تۆ جارێک هەواڵم دەپرسی من دەجار هەواڵت دەپرسم، وا ئەمجارەش من دەستپێشخەریم کردو هەواڵتم پرسی. بەداخەوە دواین دیدارمان ساڵێک پێشتر بوو لەشاری کەلار، کاتێک چاوم پێیکەوت باری تەندروستی ناجێگیربوو، چاوەکانی پڕبوون لەفرمێسک و پێیگوتم من تەواو بووم.. سەرداری حاجی رەشید لەدایکبووی ١٩٥٦ ماوەیەکی زۆربوو بەنەخۆشییەوە گیرۆدە بوو، بەداخەوە رێکەوتی ٢٠١٩/٢/٢٨ بەیەکجاری کۆچی دوایی کرد.

ئەم دیدارەی کاک سەرداری حاجی رەشید لە ژمارە (٨)ی گۆڤاری ئەنفالستاندا بڵاوکراوەتەوە، جارێکی تر بڵاوکردنەوەی لەم کتێبەدا وەک رێزلێنان لەمەرگی ئەو پیاوە بەمافی کۆچکردوو دەزانین، کە لەلایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی شەهیدانەوە چاپ و بڵاودەبێتەوە.

ئێوارەی ٢٠١١/١/١٩ عەسرێکی درەنگ گەیشتمە گوندی ئۆمەربل، ئامانج لە چونم بۆ ئەو گوندە دروستکردنی فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری بوو دەربارەی سەعید جاف کە موستەشارێکی جاش بووەو خەڵکێکی زۆری گەرمیانی لەچنگ بەعسیەکان رزگارکردبوو، لەلای خۆی داڵدەیدابوون، بەهۆیەوە رزگاریان ببوو.

بەرلەوەی بگەمە ناو دێ بەتەنیشت رێگەکەوە تیمی کامێرای فلیمسازی تەهای کەریمیو چەند گەنجێکی ئۆمەربل بە یاڵەکانی رۆژهەڵاتی گوندەکەوە گیرسابونەوەو کۆمەڵەیان بەستبوو، کە گەیشتمە لایان دوای بەخێرهاتنو هەواڵپرسین و خۆناساندنم یەکەم کەس کە لەکۆمەڵەکە بۆیان هەڵبژاردم دیداری لەگەڵ بکەم سەرداری حاجی رەشید بوو، کە تاکە دەربازبووی خانەوادەیەکی قەرەباڵغ بووە، سەردار هێشتا مردنی باوکیو دیمەنی تارای کچی کە لەترسی تەیارە گریاوەو لەترسا گوارەکەی گوێی لە بلوسەکەی گیراوەو خوێنی لێهێناوە

زۆر ئازاری دەدەن. من پرسیارم لەبارەی ئەنفالی ناوچەکەو گوندەکەیان لێدەکردو ئەویش وەڵامی دەدامەوە، هەر زوو لێمپرسی: با بەئارەزوی تۆبێت چۆنت پێخۆشە ئاوا قسەم بۆ بکە، سەردار رەشید، گوتی: نا پێمخۆشە تۆ پرسیارم لێبکەیت و منیش چیم زانی وەڵامت دەدەمەوە، ئەوەیشی نەمزانی خۆ نامکوژی؟

ئەو خودی خۆشی کەوتبووە دەست سوپا و گیرابوو، بەڵام بە ئازایەتی خۆیو هاوکاری فەرماندەیەکی جاش بەناوی عەباس جەیرانو دواتریش داڵدەدانی لەلایەن سەعید جاف موستەشارەکەی فەوجی ٢٥٩ دەربازکراوە. لەعەسرێکی درەنگ وەختی ئەو رۆژە، بەرامبەر گوندی ئۆمەربل دانیشتینو دیدارەکەمان ئەنجامماندا.

**ئەگەر خۆت بناسێنیت؟**

ناوم سەردار حاجی رەشیدە، خەڵکی ئەم گوندەم، ئۆمەربل، ئەم گوندە، هەر لەسەرەتای دروستبوونەوەی شۆرشو پەیدابوونەوەی پێشمەرگەوە دایم شەڕ و شۆڕی تێدابووە، لەبەرئەوەی قەت پێشمەرگەی لێنەبڕاوەو دوایش بارەگایان لێدانان، ئیتر ئەم گوندە مانگانە بۆی بڕابووەوە کە شەڕی تێدابێو تۆپبارانی لەسەر بێ، بەڵام هەتا پەلاماری ئەنفال هەروا مایەوەو هەرگیز نەگیرا، ئەویش کە هیچ گوندێك نەما ئینجا ئێرە کۆنترۆڵ کرا. ئەویش دوای شەڕێکی قورس گیراو پێشمەرگەش کەمو ماندووبوون.

**ئەو پێشمەرگانە لێرەبوون کێ بوون؟**

یەکێتی بوون، کاك عوسمانی حاجی محمود و ئەحمەدی حاجی رەشیدو مامە قالە بوون، ئەوان بەرپرس بوون، کاك ئەحمەد بەرپرسی یەکەمی ئەو هێزەی ئێرە بوو. کە شەڕیان دەکرد. باش بوو ئەو کاتە ئۆمەربل چۆڵ بوو لەبەر بۆمبارانو شەڕی بەردەوام هەر زوو خەڵکەکەی رۆیشتبوونو دابەش ببوون ٧ حەوت ماڵ چوبوونە ئەو جەوەڵانەی پشتەوەی ئاوایی، لەوێ بە شۆفڵ ژێر زەمینی گەورەو ژوری باشو قایمیان لێ دروستکردبوو، هەندێك چووبوونە چوار شاخو ئێمەش پێنج ماڵبووین چوبووینە گوندی جوامێرئاغا ئەوەی وا کەوتووەتە پشت ئۆمەربلەوە. ئیتر شەڕێکی زۆر سەختی تێدا کرا، جەیشو جاشێکی زۆر هێرشیان هێنا تۆپبارانێك بوو قەت وەدەم باس ناکرێت.

**خۆت لەشەڕەکەدابوویت..؟**

من ئێوارەکەی واتە ڕۆژێك پێش ئەنفال بەرواری ٤ی نیسانی ساڵی ١٩٨٨ هاتمەوە بۆ ئێرە کاك ئەحمەدی حاجی ڕەشید پێی گوتم بڕۆرەوە بۆ ماڵەوە، منیش کە ڕۆیشتم لەجەوەڵەکانی پشتەوە خوشکێکی خۆم توش بوو، ناوی نەجمە بوو بەداخەوە ئەویش ئەنفالکرا، ووتی: ئەڵێن بەیانی جەیش و جاش دێتە سەرمان، نازانم چۆن ئەو هەواڵەی بیستبوو، ئیتر منیش گەڕامەوە بۆ لای کاك ئەحمەدی حاجی ڕەشید، بەڵام ئەو وتی: شتێکی وانیە برۆرەوە بۆ ماڵەوە بەیانی وەرەوە.. ئیتر ئەوە بوو بۆ بەیانی شەڕەکەبوو، لەبەر قورسی شەڕەکە ئێوارەکەی ئەم کاتە توانیمان بگەینە ئێرەو عەسرێکی درەنگ گەیشتین ئیتر لەو یاڵانەی ئەوبەرمان جەیش ڕەبایەی داناو نەگەڕایەوە، ئەمە شتێکی تازەبوو، ئەمجارە وەکو شەڕەکانی پێشوو نەبوو، جاران تا ئێوارە شەڕیان دەکردو دەگەڕانەوە..!

ئەی پێشمەرگە بەنیازی چی بوون..؟ زانیاری ئەوەیان نەبوو کە ئەم شەرە بێهودەیەو بەو چەکانەی دەستیان پێش بەو جەیشە پرچەكو زەبەلاحەی ئەنفال ناگیرێ..؟

زانیاری هەبوو زۆر شوێنی تریش گیرابوو، لە زۆر شوێنی تریش پێشمەرگە شەڕیان کردبوو شکابوون، بەڵام ئیتر شەڕ هاتبووە بەر دەرگاو دەبوایە بکرایە، لێرەش فیشەك کەم ببۆوە، بەڵام کاك ئەحمەد مایەوەو شەویش کاك عوسمانی حاجی محمود هات بۆلایان.

هێزەکان جاش بوون یان جەیش؟

هەردوکی بوو، بەڵام بەزۆری جەیش بوو.[٥]

چەند ڕۆژ شەڕ بەردەوام بوو؟

واقسەت بۆ دەکەم، پەلەم لێ مەکە، بۆ ڕۆژی دوایی گیرا، واتا تەنها یەک ڕۆژ شەڕی تەواو بوو، چونکە پاش شەڕەکە جەیش ئاوایی ئۆمەربلی گرت، ڕۆژی پێشتریش دەوروبەری دێیەکەی گرتبوو، هەندێک ماڵی روخاندبوو، من

---

٥. لە دوای دیدارەکەمان و یەکتر ناسینمانەوە نێوانمان خۆش بوو، هەر جارێک کاک سەردارم دەبینی هەندێک زانیاری تری پێدەدام و دەیگوت بەخوا برێ شتی ترم بیرکەوتۆتەوە با پێتی بێژم، یەکێک لەوانەی باسی کرد، وتی: ئەو جەیشەی وا هێرشی کردەسەر ئۆمەربل، بارق بوو بەناوی (لیواء ذئب) لیوای گورگ بەڵام کاک سەردار ئەمەی لێ تێکەڵ ببوو، ئەو هێزەی بەو ناوەوە هێرشی کردبوو لیوای ٤٤٤ی قوات خاصە بوو، بارق حاج حنطە فەرماندەی بوو، ئەوەش ساڵی ١٩٨٧ بوو نەک ساڵی ١٩٨٨.

لەبەرئەوەی ماڵو منداڵم لە جوامێرئاغا بوون گەڕامەوە بۆ ئەوێ، چونکە وەزعەکە تەواو شێوابوو، ڕۆیشتم هەڵیانم گرتو ڕۆیشتین بەرەو هەوارە قوڵە (هەوارە قوڵە– گوندێکە سەربە تیلەکۆیە).

**بورە جارێ باسی ڕۆیشتنەکەتانم بۆمەکە باسی شەڕەکە تەوابکە**

ئیتر شەڕەکەش نەما، پێشمەرگەش ناچار پاشەکشەیان کرد.

**ئەی ئێوە چیتان کرد؟**

ئێمەش چەکەکانمان شاردەوە و ڕۆیشتین بەرەو مللەسورە.

**چەند کەس بوون؟**

ئێمە ٢٢ کەس بووین، کە ماڵو منداڵمان ڕەوانە کرد خۆشمان کەوتینەرێ بەرەبەیان گەیشتینە پردەکەی لای صمود، بەڵام بارانێك دایکرد تەواو شپرزەی کردینو هەموو گیانمان تەڕبوو، کە گەیشتینە ژێر پردەکە ئەوەندە ماندوو شەکەت بووم هەرلەویدا خەوم پیاکەوت، کاتێکم زانی بە دەنگی سەرباز خەبەرم بووەوە (گوم، گوم) دەیانگوت هەستن.

**کەواتە ئێوەش گیران؟**

بەڵێ ئێمەش بەو جۆرە گیراین، کورێکمان لەتەکا بوو ناوی عومەر بوو، خەڵکی فتاح هۆمەر بوو، تفەنگێکی ژێ سێی (G3)[٦] ئێرانی پێبوو، جوندی (سەرباز) لێیان دەداو دەیانگوت هەر دەبێ بەفارسی قسەمان بۆ بکەیت، دەیانگوت تۆ فارسیت، ئیتر بردیانین بۆلای ڕەبایەیەك لەوێ جیهازیان کرد سەیارەی سەربازییان هێنا بمانبەن، کەسوار بووین ئیڤاکە کارتۆنی بسکیتی زۆر تێدابوو سەربازێك حەرەسمان بوو دەستی کرد بەشکاندنی کارتۆنەکان یەکی دوو تۆپ بسکیتی دا پێمان، بەڵام سەربازەکە دەگریاو فرمێسك بەچاویدا دەهاتە خوارەوە، مامەم عەلی حاجی فەرەج، ناودارێکی ئۆمەربل بوو، لەگەڵمان بوو، ئەو پێیگوت: ئەوە بۆ دەگری؟ منیش ووتم: ئەوە بۆ ئێمە دەگری، بەخوا بەو پێیە بێت دەمانکوژن. هەر لەوێ بڕیارمدا، ئەگەر دەرفەت هەبێ رادەکەم دوای من ٨ کەسی تر لەوانەی کە لەتەك مندا بوون بڕیاریاندا ڕاکەین.

---

٦. ژێ سێ، دروستکراوی وڵاتی ئەڵمانیایەو ئیرانیش دروستیانکردۆتەوەو بەهەمان ناوەوە لەدوای دروستبوونەوەی مەفرەزە سەرەتاییەکان پێشمەرگەش بەکاریهێناوە، بەڵام لەبری ناوەکەی خۆی کە (G3) پێیاندەگوت (ژێر سێ).

**چۆن ئەوە بەخەیاڵتدا هات؟**

ووتمان خۆ هەر دەمانکوژن ئیتر بۆ رانەکەین. بەم خەیاڵانەوە بووین. بردیانین بۆ لای ئەفسەرێك پلەکەی مقدم بوو، لەوێ لیکۆلینەوەیەکی هاکەزایی لەگەڵداکردین، ئێوە چین‌و خەڵکی کوێن..؟ هەمووءمان ووتمان خەلکی فتاح هۆمەرین. ئەویش لیستێکی کردو دایە دەست ئەفسەریکی یەك نەجمەوەو سواری سەیارەیان کردین‌و بردیانین.

**بۆ کوێ دەتانزانی بۆ کوێتان دەبەن؟**

بۆ مەیدان (قۆرەتوو) ئا، بەڵێ ئەمانزانی. دوو ئیڤابوون ژن‌و منداڵەکانیان کردە سەیارەیەکی چادر بەسەرەوەو ئێمەش ئیڤایەکی بێ چادر، هەر چەمچەی پێوە بوو. مامەم لەرێگە دیسان باسی جوندیەکەی کردەوە وتی ئەو جوندیە بسکیتیشی داپێمان‌و ئەشگریا، ووتم مامە ئەوە بۆ ئێمە دەگری، ووتی: بۆ وتم بەخوا دەمانکوژن.. وتی: شوکور بۆخوا جا چیمانکردووە ئەمانکوژن؟ من وتم بەخوا من رائەکەم ئیتر لەرێگەدا بووین بۆ قۆرەتوو، فرسەتم هێنا و خۆم هەڵدایە خوارەوە ئەفسەرەکە چاوی لێمبوو، دەمانچەی هەڵکیشاو دوو فیشەکی دەمانچەی پێوەنام، بەڵام کەدام لەزەوی ئیتر ئاگام لەکەس نەما، سەیارەکەش نەوەستاو هەر دەرۆیشت، بەدوای مندا چوار کەسی تریان خۆیان هەڵدابووە خوارەوە. ئەوانیش ئێستا لە ژیاندا ماون، یەکێکیان مامە قالەی کانی مارانە، ئەو ئێستا ئەفسەرە رائیدە، ئەوی تریان حمەی سمایل بوو، ئێستا ئەویش ماوە هالە ئاوایی، ئەوی تریان کوڕی کویخا فەتاحی گوندی  فتاح هۆمەر بوو، ئەوانە لەژیاندا ماون.

**ئەی چۆن ئەو ئەفسەرە بۆتان نەگەڕایەوە؟.**

وەڵا نازانم بەڵام من بەختێکی باشم هەبوو لەوکاتەدا عەباس جەیران فریام کەوت هات وەستاو کردمیە ناو سەیارەکەیەوە.

**عەباس جەیران کێیە؟ چکارەبوو؟**

عەباس جەیران پیاوێکە خەڵکی کفریە، ئەوسا ئامر سریەی جاش بوو لەلای سەعید حەمە غریب جاف، ئەویش موستەشار بوو، زۆر هاوکاری خەڵکی کردو ئێمەی پەنادا ماڵی ئاوابێت.

**پێشتر سەعید جافت دەناسی؟**

نەوەڵا، کە عەباس بردمی بۆ لای فەوجەکەی کوڕێك منداڵکار هاتە لامەوەو کردیە قۆڵماو وتی: باوکە وەرە ئەمەیە منیش دەستم راپسکاند نەمدەزانی ئەوە کێیەو کوڕی موستەشارە، تومەس کوڕی سەعید جافی موستەشار بوو، بەڵام ماڵی ئاوابێت لێی تورە بو وتی: دەستی بەردە، ئەوەندەم زانی کوڕێ هات ئێستەش ماوە وا لە دائیرەی کارەبایە لە سلێمانی تاقمێك فیشەکی کردە پشتماو وتی: بیبەستە ئیتر سەعید جاف بەتەکلیفو ئەملاولا چەکی بۆ پەیداکردینو لای خۆی هێشتینیەوە ئەگەر چەکمان پێنەبوایە عەسکەرێکە پێیدەزانین و ئەیگرتین.

**ئەی ئەوانەی تر؟**

ئەوانیش هەر عەباس جەیران هێنانی بۆ لای سەعید جاف، بەهەمان حاڵی من پاراستینی، هەتا لێبوردنێکی (نادیمەن)یدا ئێمە لەلای سەعید جاف پەنادراین ماڵی ئاوابێت. ئەگینا ئێمەش فەوتابووین. هەواڵێکیش هات ووتیان ٢٣ کەستان لە ئەمنی عامەوە فەرمانی گرتنیان هەیە ئیتر سەعید جاف دوو دوو سێ سێ کردینیە سەیارەوەو بردینی شاردینیەوە هەریەکەمان لە شوێنێك ئێمە لە صمود بووین عەدنانو قاسمی برد بۆ قەرەتەپە (بەو لەونە) بەو شێوەیە رزگاری کردین.

**مەبەستم ئەوانەیە وا رۆیشتنو خۆیان هەڵنەدایە خوارەوە؟**

ئەوانە ئەنفالکران، رۆیشتن و کەس نەیزانی چییان پێهات.

**ئەی کەسوکارت گشتی ئەنفالکران؟**

بەڵێ، گشتی ئەنفالکرایاوە.

**واتە لەخانەوادەی خۆتان بەس خۆت بەتەنها مایتەوە؟**

بەلێ تەنیا خۆم ماومەتەوە.

**کەواتە تۆ بەژمارە چەندکەست ئەنفالکراوە؟**

ژنەکەمو دوو منداڵم ئەنفالکراون. ئەوان نەهاتنەوە دایکمو باوکم لە نوگرەسەلمان هاتنەوەو لێرە وەفاتیان کرد، براکەم و عائیلەکەی هەموویان ئەنفالکراون. مامە عەلی حاجی فەرەج تەنیا حەسەنی دەرباز بووە، ئەوانیش ١٠ سەر خێزان بوون مامەم عەلی دوو ژنی هەبوو. بەهەمووی لە بنەماڵەکەم ٦٨

کەس ئەنفالکریاوە. وەکو خێزانی خۆشمان ٥٣ کەسمان ئەنفالکراوە.

**ژنو منداڵیشیان تێدایە یان هەر گەنج؟**

منداڵو ژن کورو کچی گەنج هەموویان ئەنفالکراون.

**ئەی هەموو گوندی ئۆمەربل چەند کەسی ئەنفالکراوە؟**

٢٤٤ کەسی ئەنفالکراوە[٧]، ئەوە بێجگە لەو کەسانەی وا لە نوگرەسەلمان گەڕاونەتەوە. ئەوانەش بە زۆری پیرەکان بوون. نزیکەی ٤٠ شەهیدی سەنگەریشمان هەیە وا لەپشتی ئاواییەوە نێژراون.

**هاوسەرگیریت کردووەتەوە یان ئێستەش هەر بەتەنیا دەژیت؟**

بەڵێ ماڵم پێکەوە ناوەتەوەو ژن و مندڵم هەیە.

**ئێوە کە لەنادیمەنەکە تەسلیم بوونەوە چیان لێتانکرد، بوون بە سەرباز؟**

بەڵێ کتابیان بۆمان کرد سەوقیان کردین بۆ عەسکەری.

**کەس سۆراخی بۆ نەهێنانەوە لەوانەی لەنوگرەسەلمان گیرابوون؟**

با دایکمو باوکم وتی لەتۆپزاوای کەرکوك جێمانیان کردەوە ئیتر گەنجو پیریان جیاکردەوەو هەرئەوە بوو نەمانبینینەوە. خۆشیان کە هاتنەوە زۆر نەژیان مردن هەر فیراق کوشتنی.

**خێزانەکەتو کچەکەت ناویان چی بوو؟**

خێزانەکەم ناوی سەبریە محمودو کچەکەشم ناوی تارا تەمەنی هەروا سێ ساڵان بوو. قەت ئەو کچەم لەبیر ناچێتەوە کە جارێکیان تەیارە هاتە سەر گوندی جوامێراغا ئێمە لە یاڵەکان بووین تارا زریکەیەکی کرد زۆر ترسا کە چووم بەلایەوە، تەماشامکرد گوارەکەی لە بلوسەکەی گیرببوو خوێن لە گوێی دەهاتە خوارەوە.

٧. ئەو ژمارەیەی ئەنفالکراوان (٢٤٤) کەس قسەی شایەتحاڵەو مافی دەستکاری کردنیم بەخۆم نەدا، بەڵام لەراستیدا گوندی ئۆمەربل ٢٦٣ کەسیان ئەنفالکراون ئەمە جگەلەو پیرەمێردو پیرەژنانەی دوای ٤مانگ لەنوگرەسەلمان گەڕانەوە.

**ئەی دایکت ناوی چی بوو؟**

دایکیشم ناوی نێرگز ئەحمەد عەلی بوو.

**باوکت لێرە مرد مەبەستم ئۆمەربلە؟**

باوکم، (ماوەیەك بێدەنگی) مردنێ مرد، قەت لەبیرم ناچێتەوە. چووبوو بۆ دوکانێك دانیشتبوو خەڵك باسی مامەمیان بۆ کردبوو مامەم ناوی عەلی بوو، عەلی حاجی فەرەج پیاوی بەهەیبەت‌و ناسراوبوو، ئیتر وتبویان بەخوا حەیف بۆ عەلی و عەلی پیاوێ ئاواو ئاوا بوو، ئیتر جگەرەیەکیان دابویە دەست فریای داگیرساندنی نەکەوتبوو کە باوکم دابووی لەزەوی و جەڵدە لێیداو یەکسەر هەر لەوێ گیانی دەرچوو بوو.

**وتت شێخ حسێنی هەزارکانیان لەتۆپزاوا بینیوە کێ بینیبووی؟**

شێخ حسێن لەگەڵ مامەم عەلی حاجی فەرەج بینیبوویانن هەردوکیان پێکەوە بە پشتێنەکەی خۆیان دەستیان کەلەپچە کردبوون. جا شێخ حسێن پیاوێ رێکوپێك بوو، پیاوی سنورەکەبوو باسکردنی تەواو نابێت.

**هەست دەکەیت وەکو پێویست لە ناو کۆمەلگەی کوردستان رێزتان لێدەگیرێت؟**

والله حورمەتمان ئەگرن، بەڵام ئەنفال شتێك نیە تایبەت بێت بە ئێمە، حساب بکە میللەتێك تێداچووە.

**ئەی حکومەتی هەرێم‌و هەردوو حزبە دەسەڵاتدارەکە چۆنن لەگەڵتاندا؟**

وەڵاهی خراپ نین شەهیدانە وەردەگرین‌و خانومان بۆ کراوە ئەی چیتر؟

**ئەی چۆن سەیری موستەشارەکان دەکەیت؟**

وەڵا موستەشارەکان ئەم سەعید حەمە غەریبە زۆر زۆر هاوکاری کردووین، پیاو دەبێت حەق بڵێت، بەیانی دادگا بێت من وەکو خۆم ئەچم شاهیدی حەقی بۆ دەدەم، برا ئەو هەر بەکەڵکی ئۆمەربل نەهات، بەخوا گشت دەڤەرەکە خەڵکی لێی

ڕزگارکردووە. ئەو هەموو خەڵکەی رزگارکردووە لەکاتی ئەنفالدا ئەوە گاڵتە نیە.[٨]

**کەواتە ئەوەی ئەو دەیڵێت سەبارەت بە هاوکاری خەڵک و داڵدەدانیان ڕاست دەکات؟[٩]**

بەڵێ ڕاست دەکات، کەمی هەیە و زۆری نیە، سەعید جاف خەڵکێکی زۆری پەنادا.

**هەر ئەو نالێم، بەگشتی هەموو موستەشارەکان؟**

ئەوی لێدرچێت هەر موستەشارێك تاوانی کردووە هەقە خەڵك بچێت بەرامبەری لێبگرێتو داوای مافی خۆی لێبکات، ئێمە داوا لە حکومەت دەکەین ئەوە بکات، چونکە موستەشار هەیە دەستی لە خوێنی خەڵکدایە.

---

٨. لە دیدارێکی رۆژنامەوانیدا لەگەڵ موستەشارێکی سەردەمی ئەنفالدا بەناوی سەعید جاف لە بارەی سەرداراەوە لە ژمارە ٦ی گۆڤاری ئەنفالستاندا دەڵێت: ڕۆژێک بروسکەیەکم بۆهات وتیان هێزێک لەگەڵ خۆتدا بەرە بۆ (ئۆمەربل) پێشمەرگەی لێیە دەبێت برۆیتە گیانیانو بیانگریت. وتم باشە بەسەرچاو نزیکەی ١٠٠٠ تا ١٢٠٠ جاشم کۆکردەوەو رۆیشتمە سەریان لە گوندی ئۆمەربل، هەندێک لە پێشمەرگەکان ماون لەوانە کاک عوسمانی حاجی محمود، شەهید حەمەرەش، شەهید ئەحمەدی حاجی رەشید، قاسم ئەحمەد یارە، ئەمانە بە دەبابەکانی گەرمیان بەناو بانگ بوون. ئەوە سەرداری حاجی رەشید فرج ماوەو پیاوێکی ناسراوە و لە شاری کەلار دەژی، ئەویش پێشمەرگە بوو لەئەنفال خۆی رزگارکردبوو هاتبووەوە بۆلای من داڵدەم دابوو، بانگم کرد وتم: سەردار تۆ هەمووی دوو ڕۆژە گەڕاویتەوە، لەگەڵیاندا پێشمەرگەی یەکێتی بوویت، برۆ بزانە ئەم پێشمەرگانە چییان دەوێ؟ ئەمە کاتێک بوو تەوقمان کردبوون، مەجالی دەرچونیان نەبوو، وتم بزانە چی دەکەن تەسلیم دەبن یان هاوکارییان دەوێ، هەتا بۆیان بکەین. ئەوانەی ناویانم هێنا (عوسمانی حاجی محمود، حەمەرەش، ئەحمەدی حاجی رەشید) هەریەکەیان بەگرتنیان یان بەکوشتنیان خەڵاتی مەدالیایەکی ئازایەتیان پێ وەردەگیرا، ئەمەیان پێمان گوتبوو، ئەوانە دەبابەکانی گەرمیان بوون. هۆمەربل سەنتەری شۆرشو پێشمەرگە بوو. کە سەردارم نارد جاشێکی تریشم لەگەڵیدا نارد ئەویش پێشتر پێشمەرگە بوو هاتبوو لای من تسلیم ببوەوە. سەردار مەرد بوو ترسم لێی نەبوو، هەروا دوو سێ ڕۆژێک دەبوو خۆی تەسلیم کردبوو، ئەویش لە ناچاری هاتبووەوە. وەزعەکە زۆرخراپ بوو، کەسوکاری ئەنفالکرابوون دوو سێ برای ئەنفالکران.- عومەر

٩. ئۆمەربل گوندێکی گەرمیانە سەربە ناحیێی سەرقەڵای کفرییە، دانیشتوانی ئەوگوندە لەئەنفالدا خەڵکێکی زۆریان ئەنفال کراوە، بەپێی زانیارییەکانم ٢٦٣ کەسیان ئەنفالکراوە، لەناو ئەوگوندە ڕێزێکی تایبەت لەسەعید جاف دەگرن، چونکە زۆر خەڵکی ئەم گوندەی پەناداوەو نەیهێشتووە بەرپەلاماری ئەنفال بکەون. لەسەردانێکیشماندا بۆ دەرهێنانی فیلمێک بۆگوندی ئۆمەربل کە سەعیدجافمان لەگەڵدا بوو، خەڵکی گوندی ئۆمەربل زۆر ڕێزیان لە ئێمەو سەعیدجافیش گرت وخزمەتیان کردین، گەنجەکانی ئەو گوندە گوتیان سەعید جاف نەبێ هەر جاشێکی تربوایە نەماندەهێشت لەوملەی ئاوایی بێتە ئەمدیودا.- عومەر

## دیمانەی ژمارە ٧
## لەگەڵ صدیق محمود ئەلی مراد



ئەنفال ڕیشەی بڕیمەوە، ئەنفال فەوتاندمانی.

منیش ئاگری جگەرم وای پێکردم، من چووزانم ئەو کافرە ئاوامان پێئەکات.

عومەر محەمەد .

شوێن : گوندی ئۆمەربل .

ڕێکەوتی ٢٠/١/ساڵی ٢٠١١

فۆتۆکان : ئەنفالستان

لەگوندی ئۆمەربل،سەرقاڵی وێنەگرتنی فیلمی دۆکیۆمێنتەری «من بەکرێگیراوی سپیم» بووین، منیش راوێژکاری فیلمەکە بووم، شەوەکەی کەگەنجەکانی گوندلە دەورمان کۆبوونەوە پێشنیاری بینینی ئەم پیرەمێردە (سدیق محمود ئەلی موراد) یان بۆکردم، پێشنیارەکەم قبوڵکرد، بەڵام نەک هەر من، بەڵکو لەگەڵ تەها کەریمی جوانەمەرگ و دەرهێنەرو کامێرامان و بەرێوەبەری بەرهەم، هەموومان چوین بۆلای، بەڕاستی دیدەنیەکی بە ئازاربوو، مام سدیق ئەوسا پیرەمێردێکی تەمەن هەڵکشاوی دانیشتووی گوندی ئۆمەربل بوو، بەداخەوە ئێستا کۆچی دوایی کردووەو هەر لە گۆڕستانە دێرینەکەی گوندی ئۆمەربل بەخاک سپێردراوە.

مام سدیق و هەموو خەڵکی گوندەکەیان لە پەلاماری ئەنفالی گەرمیاندا گیرابوون ئەویان لە تۆپزاوا لەگەنجەکان جیاکردەوەو رەوانەی زیندانە نەفرەتیەکەی نوگرەسەلمانیان کردبوو، دوای چوار مانگ مەینەتی و رەزالەت ئازادکرابوو، بەڵام (٢٣) کەس لە خانەوادەکەی ئەنفالکراون‌و جارێکی تر نەبینرانەوە.

ئەم پیرەمێردە ئەنفالدیدەیە، زیندانەکانی قۆرەتوو تۆپزاواو نوگرەسەلمانی دیوە، بەڵام پاش ٦مانگو ١٢ ڕۆژ دەستبەسەرکردن لە نوگرەسەلمان، پیرەکانیان بەرداو بەسەر هەواری خاڵیدا گەڕاوەتەوە بۆ گەرمیان .

ئەو کاتەی سەر دانی مام سدیقمان کرد، لەگوندی ئۆمەربل لەخانوویەکدا بە تەنیا دەژیا، ئەگەر دەرو دراوسێ ژەمە خۆراکەکانیان بۆ نەبردایە، ئەوا دەمرد لەبرسان چونکە بۆ خۆی توانای دروستکردنی پیاڵە چایەکی نەمابوو، مەینەتی‌و خەمەکانی ئەم پیرەمێردە ئەوەندە زۆرن هەرگیز قەڵەمەکەی من‌و تەنانەت زومی کامێراش قودرەتایان نیە بتوانن پەی بەهەموو ئازارەکانی ئەم مرۆڤە شکستخواردووەی ئەنفال بەرن. بەڕاستی بینین و گوێ گرتن لەمام سدیق بە ئازاربوو. هەرچۆنێک بوو تەها کەریمی توانی سود لەروخساری و دەنگە لەرزۆکەکەی وەرگرێت و لە فیلمەکەیدا جیگەی بکاتەوە.

بۆ ڕۆژی دووەم جارێکی تر دەمەو عەسرێکی درەنگ چوومەوە دیدەنی لە بەر بەرۆژکەی ماڵی دراوسێکەیان بەتەنیا هەر خۆی و گۆچانەکەی و خەمەکانی بەکەساسی دانیشتبوو، کە زانی ئێمە چوین بۆ دیدەدەنی زۆری لەخۆی کرد، هەتا هەستێتەپێ منیش بۆ هاوکاری کردنی ویستم بچمە ژێر باڵی، بەڵام هەرئەوەندەی بەلۆژە لۆژ گەیشتە بەردەم هەیوانی ژورەکەی، ئیتر لەوە زیاتر نەیتوانی‌و قاچەکانی هێزی ڕۆیشتنیان تێدانەماو کەوتە سەردەستەکانی و بەگاگۆڵکی‌و

لەسەرچنگ پێشمان کەوتبوو بۆ ژوره تەنیاکەی.

کە ئەو پیرەمێردە ماندووە خوڵقوخۆی بەنەریت بۆ مابووەوە فەرمووی دەکردین‌و خوڵقوخۆی دەنواند، بەبێ ئەوەی بتوانێت ئاوی خواردنەوەی خۆی دابین بکات، هەرگیز دیمەنی مام سدیقم لەبیر ناچێتەوە دانی پیدا دەنێم چیرۆکەکانی ئەنفال زۆر ئازاریان داوم بەڵام مام سدیق لە هەموویان زیاتر ئازاری دام.

هەرچۆن بێت مام سدیق خۆی گەیاندە ژوورەکەی و پشتی بەلایەکی دیوارەکەوەداو کەوتە بەخێرهاتنمان، ئەوەندە بەگەرمی بەخێرهاتنی کردین ماوەیەکی زۆر دڵم توند بوو نەمدەتوانی قسە بکەم.

ڕاسترە بڵێم نەمدەزانی بگریم یان قسە بکەم! بەتایبەتی کە ئەو پیاوە لەدڵەوە دەیگووت: یاخوا بەخێربێن بان ئەم دوو دییەم، وەڵاهی وەکو ئەوە وایە حەجێکتان کردبێ. دەی برا خۆ من تەنیایی کوشتمی، من لەوکاتەدا هەستێکم لە لادروستبوو بۆیە لەخۆمم پرسی: تۆ بلێی هەر لەئەزلەوە کۆمەڵە خەڵکێك بۆ ستەملێکردن‌و کەمینەیەکیش بۆ ستەمکاری دروستبن؟

کەکەوتینە پرسیارکردن مەلا جەمیلی گوندی ئۆمەربل خۆی کرد، بەژورداو سەلامی کرد، ئیتر ئەویش چوو لە تەنیشت مام سدیقەوە دانیشت، هاتنی مەلا جەمیل بۆ ئەوە بوو ئەگەر کاربەدەستێك بین ئەو بتوانێ هاوکاری مام سدیق بکات‌و باشتر تێمان بگەیەنێ، کە ئەم پیاوە مافی بەسەر هەموومانەوە هەیەو باشتر هاوکاری بکەین، لەڕاستیدا هاتنی مەلا جەمیل بۆ ئێمە هاوکارییەکی باش بوو. چونکە مام سدیق گوێی زۆرگران بوو. کە پرسیارم لەبارەی ئەنفالکراوەکانیەوە لێکرد مام سدیق بەئاستەم دەیبیست و دەبوو چەند جارێک دوبارەی بکەمەوە سەرئەنجام تێگەیشت وتی: بەخوا لەو ئەنفالەدا کە بەسەرماندا هات ٢٢ نەفەرم ڕۆیشتوەو ئەوەتا هەر خۆم بەتەنها ماومەتەوە. لێرەدا مشتومڕێک لە نێوان مەلا جەمیل و مام سدیق پەیدا بوو. کاتێک ئەو وتی ٢٢ مەلاجەمیل هەڵیدایەو گوتی: ٢٣ بەڵام مام سدیق وتی: ٢٢ سەرئەنجامی مشتومڕی نێوانیان دەرکەوت کە مەلا جەمیل ڕاستی وتووە، چوونکە یەکێك لەمنداڵەکانی خانەوادەکەی بەپێی زانیاری مەلا جەمیل هەر لەگرتووخانەی تۆپزاوا لەدایکبووە، ئینجا مام سدیق سەری ڕەزامەندی بۆ راوەشاندو وتی: ڕاست دەکەی من فکرم باش نیە یەکێك لەبووکەکانم لەوێ منداڵی بووە، بەڵام بون‌و نەبوون بەمن چی؟ خۆ دنیایان نەدیتەوە؟!

هەر بەڕاستی پرسیارێکی بەجێ بوو، لە دایکبوون لە ساتەوەختی کۆمەڵکوژی ولە قەراغی چاڵەکانی مەرگ و کۆمەڵکوژی چ بەهایەکی هەیە؟ جگەلە تۆمارکردنی تاوانێکی ترچ مانایەکی هەیە؟! مەلا جەمیل هەناسەیەکی هەڵکێشاو لەپڕ ئاخێکی هەڵکێشا وتی: ئائاااااااااااااا خخخخ، دەبەو خوایە ئەم پیاوە خۆشی ئەنفالە ئەی برا ئەمە ئێستا ئەنفال نیە؟ تەنها بۆ خۆی ماوەو ئەوەش حاڵەکەیەتی کە دەیبینن.

مام سدیق دوای ئەوەی نەرمە کۆکەیەکی بۆ کرد وتی: یاخوا بەخێربێن بەخوا من بەڕۆژ باشترم، بەڵام بەخوا بەشەو حاڵم نیە، منداڵەکان دێنە خەونم‌و ناهێڵن ئیسراحەت بکەم، زۆر بیریان لێدەکەمەوە ئەی برا ئەو هەموو کوڕگەلە جوانە؟ ئەو هەموو کەنیشکە جوانە، ئەوانە چیان بەسەرهات؟ ئاو بردنی ئەرز قوتیانیدا؟ نازانم گوناهیان چی بوو؟

هەرکەسێك بۆیەکجار سەردانی ئۆمەربل بکات و مام سدیق ببینێ بونی خانەیەکی بەساڵدا چوان بۆ کەسوکاری ئەنفال و بەتایبەتیش بۆ تاقانە کەوتوویەتکی وەک مام سدیق بە پێویست دەزانێت کە لە خانەیەك یان لە خەڵوەتگایەکدا نیشتەجێ بکات کە شایستەی مرۆڤ بێت، مام سدیق لەناو ماڵەکەی خۆیدا بە گاگۆڵکێ هاتوچۆ دەکات، ئیتر موچەی ئەنفالکراوەکانی بەو چی‌و چۆن وەری گرێ‌و بەم هەموو رۆتینات‌و بێنەوبەرەیەوە چۆن بگاتە دەستی؟ ئەگەر بشگاتە دەستی چی لێبکاو چی پێبکا کە دەرو دراوسێ نان‌و چای ماڵی خۆیانی بۆ بەرن؟ ئەوە پرسێکە دەبێت وەزارەتی کاروباری شەهیدان و وەزارەتی کۆمەڵایەتی پلانیان بۆ چارەسەری هەبێت.

مەلا جەمیل وتی: ئەم پیاوە ئەنفال ڕیشەی دەرهێنا کوڕو کچ‌و ژن‌و کورەزاو کچەزا، ئەو کچانەشی لێرەو لە وێ شویانکردبوو هەر هەمووی تاکە یەك کەسیان دەرنەچووە لە ئەنفالدا، هەر چەندە برازاکانی دێن بۆ لای بۆی باشن، دێن ئەیبەن بۆ لای خۆیان بەڵام ئیدارە ناکات‌و دێتەوە بۆ ئەم خانووی خۆی. ئیتر مام سدیق قسەکەی لەدەم وەرگرتەوەو وتی: ئیدارە ناکەم برا ئیدارە ناکەم، شەوان کوڕەکان دێنە خەوم کەنیشکەکان دێنە خەوم، ناهێڵن ئیسراحەت بکەم. هەر ئێرەم باشترە.

**گرێی سەر دڵێ مام سدیق**

لەدوای ئەو مشتومڕە مام سدیق سەرێکی ڕاوەشاندو وتی: برێ خەتای خۆشمی تێدا بوو پیرەژنەکە (مەبەستی هاوسەرەکەی خۆیەتی) هاتەوە بۆ لام وتی: منیان دەرکردوە لەلای کەنیشکەکان ناردویانمیانەوە بۆ لای ئێوە (بۆلای پیرەکانیان ناردووەتەوە)، بەڵام من زۆرم لێکرد وتم کچێ چی دەکەی لای من،

برۆ بۆلای کەنیشکەکان بەجێیان مەهێڵە، ئەلهەق ئەوەیان خەتای من بوو، من ناردمەوە ئیتر ئەو رۆیشتەوە بۆ لای کچەکان ئەوانیش گشتیان ئەنفالکران و هەر نەمبینینەوە. ئەی برا من چووزانم ئەو کافرە ئاوامان پێئەکات؟ منیش ئاگری جگەرم وای پێکردم کێ ئەیوت ئەم حەمکە زەلامە سەرنگوم ئەکەن؟ بەخوا بەخوا ئەوەندە خەڵک گیرابوو وامانزانی هەموو کوردستانیان هێناوەتە تۆپزاوا، زۆرییەکەی لە عەقڵدا نەبوو، دەی چوار پیرو کەنەفتی وەك منیان بۆ نەگبەتی هێڵاوە.

مام سدیق بە ووتەی خۆی بەردەوام وێنەی کورێکیانی بەدەستەوەیەو چاویلەکەشی یاریدەی نادات بۆ ئەوەی باش ببینێت، بۆیە هەر ئەمدیوەودیوی پێدەکات هەتا تەواو شەکەت دەبێت..بەحەسرەتەوە دەڵێت: منداڵەکانم چواریان کوڕبوون (تەلعەت، بهجت، عوسمان، خەلیل، خاوەنی ژنو منداڵی خۆیان بوون، ١١ منداڵیان هەبوو، بێجگە لە ژنەکانیان، کەنیشکەکانیشم، یەکێکیان ناوی سەبریە بوو، یەکێکیان ئامینو حمدیەو ژنەکەشم ناوی ماهیدە بوو) مام سدیق خۆزگەیەکی هەیە وای بۆ دەچم خۆزگەی هەمووومان بێت ئەویش: دادگایی کردنی هەموو تۆمەتبارانی ئەنفالو سزادانی تاوانبارانە.

بەداخەوە هەروا ساڵێک دوای ئەم دیدارە رۆژی ٢٠١٢/١٠/٤ لە گوندی ئۆمەربلەوە زەنگیان بۆ لێدام و هەواڵی مەرگی مام سدیقیان پێڕاگەیاندم.

ژمارە (١٠)ی گۆڤاری ئەنفالستان هەواڵی مەرگی ئەوتاقانەیەو پرسەنامەیەکیشی بڵاوکردەوە و نوسیوێتی:


رێکەوتی ٢٠١٢/١٠/٤ مام سدیق محمود عەلی مراد لەتەمەنی ٨٠ سالیدا لەگوندی ئۆمەربل کۆچی دوایی کردو هەر لەوێش بەخاك سپێردرا.

بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەم پیاوە مەینەتبارەوە کە ٢٣ کەس لە خانەوادەکەی ئەنفالکراونو بۆ خۆی وەك «تاقانەیەکی ئەنفال» بەتەنیا مابوو، جگەلەوەی خەمی خۆمان رادەگەیەنین هاوکات سوپاسنامەی گۆڤاری ئەنفالستان بەو خەڵکە بەشەرەفەی گوندی ئۆمەربل ڕادەگەیەنین کەهەتا لەژیاندا بوو، خزمەتی مام سدیقیان کرد. بە پێویستی دەزانین جاریکی تر سەرنجتان بۆ هەمان ئەو دیمانەیە رابکیشینەوە کە بەرواری ٢٠١١/١/٢٠ لە گوندی ئۆمەربل لەگەڵیدا سازمان کردووەو لە بەرواری ١٧ی ئایاری هەمان ساڵدا لەژمارە ٨ی ساڵنامەی ئەنفالستاندا بڵاوکراوەتەوە.

# ئەلبومی وێنەکان





















2011/01/19


2011/01/19




2011/01/20


2011/01/20